# بابەڕووشە

ژمارە (٢) ٢٠٢٦
گۆڤارێکی ساڵانەی تایبەتە بە پرسی ئەنفال و جینۆساید

- چۆن لە بابەڕووشە، ئەنفال کراین.

- بەرپرسیارێتیمان بەرامبەر ئەنفال.

- مام نوری شایە تییە کی زیندوو لە نوگرە سە لمان و سە فە ری مە رگ.



الأنفال والجينوسايد: دراسة في جريمة الإبادة الجماعية ضد الكرد في العراق

# بابەڕووشە

ژمارە (٢) ٢٠٢٦
گۆڤارێکی ساڵانەی تایبەتە بە پرسی ئەنفال و جینۆساید

خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر:
کاروان احمد عبدالرحمن

karwanjalamordy@gmail.com
07736993173

سکرتاریەتی نوسین
هیوا محمد أمین جەلەمۆردی
هەژار هۆشیار بەرزنجی

هاوکاران
بڕوا ڕەزا جەباری
چۆمان علی جەلەمۆردی
شوانە ڕەسوڵ جەلەمۆردی

چاپکردن لەسەر ئەرکی
پەرلەمانتار خاتوو (شنیار ئەنوەر)

دیزاین: جەلیل حسێن
چاپ: چاپخانەی بینایی

## سەروتار

# بۆ پێشەوە پێشمان بکەوە...



کاروان ئەحمەد عبدالرحمن
سەرنوسەر

ژیانی مرۆڤایەتی سێ زەمەن لەخۆی دەگرێت،ڕابردوو ئێستا داهاتوو، ئەکرێت ڕۆڵی گەورەت هەبێت لە ڕابردوو ئێستا بەڵام داهاتوو غەیب و قەدرێکە ڕۆڵی خۆت تاڕادەیەک لاوازە، بەڵام ئامادەکاری پێویستە عەقڵ و لۆژیک و خودی کاریگەرترین ئامرازن بۆ داهاتوویەکی باشتر لەوەی چاوەڕێی دەکەیت ئەگەر بەوانە بڕیار بدەیت و کاری لەسەر بکەیت.

ئێمەی کورد وەک نەتەوەو تاکی کورد پێم غیابین لە زۆر لەوانە، بۆیە سەدان ساڵە لە ڕووی نەتەوەیی و سیاسی و جوگرافی و هەژموون و پێشکەوتنەوە، قۆناغێکی دەیەیی لەدوایی زۆر لە نەتەوەکانی جیهانین، لەکاتێکدا دەکرا زۆر لەپێش ئەوان بین لە زۆر ڕووی جیاواز و گشتکیر، حساب بۆ ڕابردوو مێژووی خۆمان ناکەین، ئێستا وەک دەرفەت وەرناگرین پێمان وایە یەشتا ماویەتی

زووه!خەریکی قتووه ژەنگنین لە جیاتی قەزیەیی ئەڵماس و ئاڵتون، حزب و شەخسمان پێش نەتەوەو خاک و مافەکان کردوە، لە کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی جیهان بینی بووینەتە کۆمەڵگایەکی ڕەگ و ڕیشەی بەحزبی کراوی زۆر ناشرین و نامۆ، لە تاکی خێزانەوە بیگرە تا سەرۆکی خێزان و زانکۆو سەربازی و میدیاو وەرزش و ئەدەب و هونەرو بازاڕو ئابوری و حکومەت، ئەمە بۆتە شێرپەنجەی میلەتەکەمان، کۆمەڵگا دەبێت هەمیشە قۆناغێک زیاتر بەرەو پێش بچێت بۆ لەدایکبوونی داهێنان ئێمە تادێت دەبینە بەکارهێنەرێکی حەز گەورەو مشەخۆر،

بەرپرسیاری یەکەم لەم دۆخە:

یەکەم/ حزبەکان

دووەم/ شەخسەکان

سێ یەم/ حکومەت

چوارەم/ تاک و کۆمەڵگا بەگشتی.

پێنجەم/ میدیا.

شەشەم/ پیاوانی ئاینی و ڕۆشنبیرو نوسەران و توێژەران.

باسی زەمەنی ڕابردوو بکەین بە گرێدراوی بە ئێستا ئەکرا زۆر کاری گەورە بۆ ئەم میلەتە بکەین، لە مێژوویەکی نزیکەی(٤٠) ساڵە گەورەترین تاوانت بەرامبەر کرا ئەوانیش تاوانی ( ئەنفال و کیمیاباران) دەیان هەزار ڕۆڵەی نەتەوەکەت بەبەرچاوی هەموو دنیاوە قەتلوعام کران بەبێ هیچ هۆکارو تاوانێک، کەچی نەک ئەولەویێتی کارەکانی حکومەتە خۆماڵیەکە نیە بەڵکو تەنها لە یادی ئەنفال بیریان دەکەوێتەوە و بەیاننامەیەکی دووبارە بڵاو دەکەنەوە!

واز لەوەش دەهێنین لەلایەن جەلادەکانی بەعسی عێراقەوە قەتلوعام کراین،تەبعەن بە هاوکاری خۆفرۆشانی خۆماڵی( جاش و مستەشارەکان) ئێمە یەکەم نەتەوە نین جینۆساید کرابین، بڕۆ بڕوانە جینۆسایدی جووەکان چیان کردووە بۆیان و چیان بۆ دەکەن، ئەوان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک جینۆساید ناسێنراون، بەڵام وشەی جینۆسایدی کە وشەیەکە بۆ هەموو جیهان بەکاردێت ،دەڵێن دەبێت وشەیەک بدۆزرێتەوە تایبەت بێت بە ئێمە لە جینۆساید گەورەتر بێت!!!

لەولاوە جینۆسایدی ئەرمەنەکان و ڕەواندا و هتد...،

دەسەڵات و تاک و کۆمەڵگای ئەم نەتەوانە مێژوویان لەیاد نەکرد ، شەوو ڕۆژیان خستە سەریەک لەناوخۆو دەرەوە بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەم بابەتەو تۆڵەکردنەوە لەوانەی تاوانبارن جا چی دەرەکی بێت یان ناوخۆیی هەموویان بەسزا گەیاند، ئەمەش پاداشتێکی مەعنەوی قوربانیان و کەسوکاریان بوو، ئەرمەنەکان زیاتر لە (١١٠) سەدو دەساڵە جینۆساید کراون ڕۆژ بەڕۆژ تیژتر دەبن لەسەر قەزیەکەیان، کەچی لای خۆمان حاڵی مستەشارو مەفرەزەخاسەو سەرۆک جاش و بەرپرسە بەعسیەکان شاهانە دەژین و کەسوکاری جینۆساید کراون نەک ناتوانن تۆڵەیان لێ بکەنەوە بەڵکو ئەوانە پارێزبەندی ناشەرعی حزبی و شەخسیان بۆ دابینکراوە،

ڕۆڵی پەروەردەو خوێندنی باڵا و ئەوقاف و لە زیندوکردنەوەی ئەم تاوانانە و ناساندنی بەدنیایی دەرەوەو ناساندنی بەنەوەکانی ئێستا نزیکە لە سفر!!!

(٣٤) ساڵە حکومەتی خۆماڵیمان هەیە و دەیان نوێنەرایەتی هەیە لە وڵاتانی جیهان،باشترین دەسپێک بوو کاری نێودەوڵەتی لەسەر کەیسی جینۆساید ی نەتەوەکەمان بکەین، پێویست بوو هەموو نوێنەرایەتیەکی هەرێم لە دەرەوە هۆبەیەکی گرنگی هەبوایە ئیشی لەسەر ئەم بابەتە بکردایەو هانی توێژەرانی جیهانی بدایە بۆ توێژینەوە لەسەر جینۆساید ی کورد لەگەڵ ناوەندەکانی سینەماو فلمی جیهانی پەیوەندی بگرتایە و هاوکاریان بوایە بێن فلم لەسەر جینۆساید کردنی کورد بکەن، دەیان ڕێگاو کەناڵ هەیە بۆ دروست کردنی لۆبی بۆ ئەم بابەتە.

لەکۆتایدا دەمەوێت بڵێم با هەستین لە غەفڵەت و هەست و بەرپرسیارێتی مرۆڤی و نەتەوەیی و ئازادی دروشمی کارو ژیانمان بێت، ڕونتربڵێم

بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بەرپرسیارێتی.

# چۆن لە بابەڕووشە، ئەنفال کراین...

(ئازاد محمد امین جەلەمۆردی )



لەڕێکەوتی ٣ /٥ /١٩٨٨ فڕۆکە جەنگیەکانی بەعسی عێراقی ڕووخاو بەسەر گوندەکانی (گۆپتەپە و عەسکەر) دەگەڕان دوایی ئەوەی بینیمان ئەوگوندانەی کیماباران کرد ، ژیان لای ئێمە هەر ئاسایی بوو خەریك بووین بە جوتیاری و کشتوکاڵەوە فڕۆکەکانمان بینی چۆن لەوگوندانەی ئەدا ئێمەش ڕامان کرد بۆ چەمی بابەڕووشە دووڕۆژ دوایی کیمابارانەکەی گۆپتەپە و عەسکەر بەتراکتۆر ٢٠٠ بریندار‌ی گوندی گۆپتەپەلەچەکی کیمایی ڕزگاریان ببوو .

لەچەمی بابەڕووشە ژیان زۆر ئاسایی بوو خواردن و خۆشۆرین و شت ئاسایی بوو بەرەبەیانی ٥/٥ لەچوار قۆڵەوە هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر چەمی بابەڕووشە ئەوکاتە خەڵکی گوندەکانی چوخلیجە تووتەقەڵ سەرچنار گردخەبەر

...هتد لەوێ بوون لەوچەمەدا دەژیان. هێزەکە دابەزینە ناو چەمەکەوە بە ئاڕ پیجی و کلاشینکۆف تەقەیان لەخەڵك دەکرد خۆتان دەزانن لەناوشاخێکی بەرز تەقەبکرێك دەنگ ئەداتەوە . خەڵکەکەیان هەموو گرت لای دارە بەنەکان تا کاتژمێر ١ کۆمانیان کردەوە .

ئینجا گشتمان ڕاپێچی گوندی جەلەمۆرد کراین من خۆم تراژیدیایەکم بینی زۆر ناخۆش بوو خانووەکەی ئێمە لەخوار ڕێگاکەوە بوو بینیم شۆفڵ لەسەر خانووەکەی ئێمە بوو تەختی ئەکرد ئاگریان تێبەر دابوو دەستوتا هەمیشە لەخەیاڵم دەرناچێت ئەو دیمەنە . ئێمەیان بردە پشتی ئاوایی جەلەمۆرد ڕیزێك داری لێبوو لای دارەکان دیسان کۆیان کردینەوە ئەوکات گەرمیش بوو . ئیڤای عەسکەریان هێنا بوو وەجبە وەجبە خەڵکیان سەردەخستە ناوئیڤا وە بۆ سەرچیای خاڵخالان لەویشەوە بۆ تەقتەق لەوێشەوە بۆ تۆپزاوا و نگرەسەلمان . ئێمە شەوێك لەوێ ماینەوە بۆ بەیانییەکەی کاتژمێر ١٢ ئیڤای عەسکەریان هێنا ئێمەشیان کردە ئیڤاوە نزیك ٣٠ بۆ ٤٠ کەس دەبووین . لەئامرێی قەڵاتە بووین بۆناونوسین ئێمە ناو ئیڤاکە ڕامانکرد بەرەوناو تەقتەق زۆر تەقەیان لێمانکرد ئێمە نەگەڕاینەوە بەو شێوەیە دەرباز بوین.

من هەم دەرباز بووی ئەنفالم هەم کەسوکاری ئەنفالم . لەتەقتەق ماینەوە کەسوکارەکەمان زۆری گیرا . باوکم و مامم نەگیرابوو ئاخری لەگەڵ خەڵکەکەی مابوونەوە تەسلیمی جاشەکانی قاسم ئاغاببوون وەعدی پێدابوون کەبیان پارێزێت نەیاندات بەدەسەوە بەداخەوە خیانەتی لێیان کرد و قاسم ئاغا تەسمیلی حکومەتی عێراقیانی کرد من ئاماژە بەوە دەکەم مۆنۆمێنتێکمان دروست کرد چەمی بابەڕووشە تراژیدیایەکی زۆر گەورەی هەیە بەتەنها خەڵکی جەلەمۆردی تێدانەبوو بگرە خەڵکی کۆمەڵێك گوندی تێدابوو گوندەکانی دەوروبەرمان چەمی بابەڕووشە سنوری گوندی چوخلیجەیە خەڵکی سەرجەم گوندەکانی توتەقەڵ سەرچنار گردخەبەر گەڵناغاج کانی هەنجیر هتد ......،، تێدابوو

بەتەنها جەلەمۆردی تێدانەبوو عیبارەتە لەکۆمەڵێك گوندی شێخبزێنی لەچەمی بابەڕووشە گیران بۆیە ناوی مۆنۆمێنتەکەمان ناوناوە بابەڕووشە نزیك ٩٠ کەس زیاتر لەچەمی بابەڕووشە گیرا لەکۆی ئەوژمارەیە ٤٥٠ کەسی خەڵکی گوندی جەلەمۆرد بوو .

لەپاش نەمانی باوکم خوشکێکم لەدایك بوو بەناوی چاوەڕوان لەچاوەڕوانی باوکم ئازیزامان .ناخۆشترین کاتمان بەبێ باوکی بەڕێکرد چونکە جێگا و ڕێگامان نەبوو نەنکم و باپیرم لەپاش ٦ مانگ لەنگرەسەلمان ئازادبوون هاتنەوە ماڵی ئێمە لەتەقتەق لەگەڵ ئێمە دەژیان . تاکو مردن نەنکم لەگەڵ ئێمەدەژیا هەمووکاتێکمان هەر ترس و دڵەڕاوکێ و ناخۆشی بوو

خۆشبەختانە ساڵی ١٩٩١ حکومەتی عێراق کویەتی داگیرکردوو .پێشمەرگە لەدەروازەی ڕاپەڕین ڕاپەڕینی کرد . ئێمەش ئازاد کراین لە ٣/١١ وامدەزانی تازە لەدایك بوومە . من هەر لەوساڵەوە تاکوو ئێستا بێ دابڕان بومەپێشمەرگە بەشداری سەرجەم شەڕەکانم کردوە . خەڵکی گوندی جەلەمۆرد ٩٠٪ پێشمەرگەیە .

من خۆشبەختانە توانیم بەو نەبوونیە خوێندن تەواو بکەم . پلەی عەسکەریم بڕیوە ئیستا پلەی عقیدم .

شتێکی زۆر ناخۆش لەزاری ئەو کەسانەی لەنگرەسەلمان گەڕابوونەوە بەتایبەتی نەنکی ڕەحمەتیم لەماڵی ئێمەدەژیا باسی ئەوەی دەکرد لەنگرەسەلمان چۆن لەبرسا لەتونیا خەڵك دەمردن تەنکەرێکی ژەنگاوی گەرم دەهات سافیرەی لێدا دەیگوت یاڵا ئاوبەرن من تاقەتم نەبوو خێرا بڕۆم حەجاج یەك قامچی لێمدا تامردن لەبیرم ناچێتەوە .

دەستخۆشیم بۆ کاك تاریق ڕەشید ساڵی ٢٠١٣ مۆنۆمێنتێکی بچوکی بۆمان دروست کرد بەناوی ئەو چەمەی خەڵکەکەی لێگرابوون خۆشبەختانە ساڵی پار کاك ئاسۆئەڵمانی هەستا بەدروستکردنی مۆنۆمێنتێکی شایستە دەستخۆشی تایبەتمان بۆی هەیە وەك ئاماژەم بۆکرد مۆنۆمێنتی بابەڕووشە موڵکی هیچ گوندێك نیە موڵکی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوانە داواکارم لەکەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ساڵانە هاوکارمان بن لەکردنەوەی یادی ئەنفال ئامادەبن بۆئەوەی لەئازارەکانمان کەم بێتەوە دڵنەوای بێت بۆێمە . ناسنامەی ئەنفال بدەین بەڕوی جیهاندا بۆئەوەی نەوەی داهاتوو بزانن ئێمە چۆن ئەنفالکراوین . من وەك شایەت حاڵێکی ئەنفال چوومە دادگای لاهای پێنج دەقە باسی کیمابارانی گۆپتەپە و ئەنفالم بۆیان کرد بەڕاستی حەڵکی ئەورووبا بەلانەوە گرنگ بوو ئاوەتەخواز بوون کەسکێك هەبێت وەك شایەت حاڵ ئەم چیرۆکانەیان بۆبگێڕێتەوە.

# بەرپرسیارێتیمان بەرامبەر ئەنفال

شنیار ئەنوەر

زۆرن نمونەی ئەو گەلانەی کە ئازار و کۆمەڵکوژی نەتەوەکەیان کردووەتە خاڵی وەرچەرخان بۆ زامنکردنی ئاسایش و پێشکەوتنی خۆیان و لەتەکیدا پەیامێکیان بە گوێی جیهاندا داوە کە چی دیکە بیر لە قڕکردنیان نەکەنەوە، بەڵام کورد تاوەکو ئێستا وەکو پێویست دەرفەتی لە کۆمەڵکوژییەکانی وەرنەگرتووە.

هەرچەند پرۆسەی ئەنفال گەلی کوردی لە قۆناغی سڕینەوەوە گەیاندە میلکەتێکی حساببۆکراو لە ئاستی جیهان و پاساوێکی بەهێزیشی دایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس، بەڵام ئەو پرۆسەیە هێشتا دەرفەتی ئەوەی تێداماوە بەهۆیەوە ئاسایشی نەتەوەییمان زامنتر بکەین و قەرەبووی ماددی و مەعنەوییش بۆ کەسوکاری قوربانیان و نەوەکەشمان وەربگرینەوە و بیکەینە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی.

هۆڵۆ کۆستی دژی جووەکان و جینۆسایدی کەمبۆدییەکان و ئەرمەنییەکان لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو نمونەی بەرچاوی ئەو کۆمەڵکوژیی و قڕکردنانە کە بە دڵسۆزیی و ئازایەتی سەرکردەکانیان کرانە پەرەیەکی نوێ بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی.

## من دەمەوێت چی بۆ پرۆسەی ئەنفال بکەم؟

من وەک نەوەی شەهید و پەرلەمانتارێک پلان و بەرنامەی تایبەتیم هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو کەیسە و پێشتریش وەک چالاکوان لە ئەمریکا یاداشتنامەی ئەنفالم بە چەند کۆنگرێسمانێک داوە و لە چەند مەحفەلێکی فەرمیشدا بەوردی باسی ئەو پرۆسەیەم کردووە کە ئامانجی سەرەکی قڕکردنی کورد و سڕینەوەی ناسنامەکەمان بووە.

راپۆرتی ورد و زانیاری زیاتر دەدەمە کۆنگرێسمان و کەسایەتییە کاریگەرەکانی ئەمریکا و هەوڵی دروستکردنی تۆڕێکی هاوخەمی دەدەم بۆئەوەی لە ساتەوەختی دەستپێکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال هاوخەم و هاوکاربن بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەکە.

جگە لەوە، ئەگەر پەرلەمان دەستی بەکار کردەوە، پێشنیازە



یاسای باشمان ئامادەکردووە کە خزمەت بەم هەنگاوە گرنگە نەتەوەیی و مرۆییە دەکات.

ماوەتەوە بڵێم، ئەرک و بەرپرسیارێتی هەموومانە لەم بابەتەدا هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە بۆ ئەوەی:

یەکەم/ گەلانی جیهان ناچاربکەین هەست بە ئازار و مەینەتی گەلەکەمان بکەن و ڕێز لە یاد و مێژووی قوربانیدانمان بگرن.

دووەم/ دڵنیایی ئەوە بە دەستبهێنین کە ئەم تاوانە مرۆییەبە فەرمی لە مێژوودا تۆمار دەکرێت و ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت.

سێیەم/ دادپەروەری و داوای مافی قوربانییان بکەین و ئازارەکانیان بناسێنین.

چوارەم/ جیهان لە مەترسی تاوانی جینۆساید و پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە ئاگاداربکەینەوە.

پێنجەم/ ئەم پرسە بکەینە دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی ناسنامە و یەکگرتوویی نەتەوەیی لەسەر بنەمای هاوبەشی لە ئازار و بەرگری لە ماف.



# جینۆسایدکردنی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٨٨

## (قۆناغی چواری ئەنفال بە نموونە)

پ.د. پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری

ئەنفالی چوار بۆ سنوری شارەدێی ئاغجەلەر و قەلاسێوکە بەگشتی و گوندەکانی ( گۆپتەپە و عەسکەر و جەلەمۆرد) بەتایبەتی لە ماوەی رۆژانی ( ٢٠-٤-١٩٨٨ بۆ ٥-٥-١٩٨٨)دا، بەشێك بوو لە پرۆسەیەکی پیلان بۆ دارێژراوی حکومەتی بەعسی عێراق دژ بە کوردی باشووری کە لە ژێر ناوی ( ئەنفال)دا جێبەجێکرا. کە بۆ خۆیی ( ئەنفال ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری چڕوپڕی سەربازی کە سەرجەم هەشت پەلامار بوو، لە شەش نێوچەی جوگرافی جیاوازی باشووری کوردستان بەرێوەچوو، فەرماندەی گشتی پرۆسەکەش لە دەستی نوسینگەی رێکخراوی بەعسدا بوو کە بنکەکەی لە شاری کەرکووك بوو لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە سەرۆکایەتی دەکرا).

ئەوەی جێیی تێرامانە ئەنفالی چوار زۆر پرگیری و لەگەڵ پرۆسەکەدا چەکی کیمیای و دەیان بۆمی مرۆڤکوژی دیکەش دژ بەو سنوورە بەکارهات، ئەمەش لێرەدا دەبێتە مایەیی دروستبوونی پرسیارێك(( بۆچی ئەنفالی چوار، واتە ئەنفالی شارەدێی ئاغجەلەر بەگشتی و گۆپتەپە و عەسکەر و جەلەمۆرد زۆر ورد پیلانرێژی بۆکرابوو لەلایەن حکومەتی بەعسەوە؟؟)). بێگومان بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە چەندین هۆکار هەن، کە گرنگترینیان بریتین لە:_

یەکەم: هۆکاری جوگرافی ، کاتێك سەیری جوگرافیایی نێوچەی سنووری ئەنفالی چوار دەکرێت ئەوە دەردەکەوێت هەلکەونە شوێنەکە گرنگە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی شوێن پێی هەیە لەسەر زێیی بچوك و نێوچەیەکە هەرسێ پارێزگای کەرکووك و سلێمانی و هەولێر پێکەوە دەبەستێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا سنوورێکە نزیکە لە یەکێك لەشادەماری ئابووری عێراق کە نەوتی کەرکووك.

دووەم: هۆکاری سیاسی و سەربازی، نێوچەی ئاغجەلەر و قەلاسێوکە بەگشتی و گوندەکانی گۆپتەپە و عەسکەر و جەلەمۆرد بەتایبەتی نێوەندێکی گرنگی سیاسی و سەربازی بوونە بۆ پێشمەرگەکانی شۆرشی نوێ و بزوتنەوەی چەکداری لەباشووری کوردستاندا. بۆ نموونە: لەگەل ئەوەی کەم خانەوادەی ئەو دەڤەرە هەبوو کەسێکیان پێشمەرگە نەبێت کە وەك هێزی چەکداری کارای شەرکەری لە بزوتنەوەی چەکداری رزگاریخوازی کوردیدا بەشدار بوون، لەلایەکی دیکەوە مالی گوندنشینەکان بۆ هێزی سیاسی و حەوانەوەی پێشمەرگە و چارەسەرکەری بریندارانی پێشمەرگە بەردەوام نێوەندێکی گرنگ بوونە.

سێیەم:هۆکاری ئابووری، نێوچەکانی ئەنفالی چوار نێوچەیەکی ئابووری گرنگ بوون بە حوکمی بوونی زەویەکی زۆری کشتوکالی دێمی و بەراوو هەروەها بوونی ئاژەلداریەکی زۆرفراوان لەو نێوچەیەدا، ئەمانەش بۆخۆی ببونە فاکتێك کە حکومەتی بەعس بیەوێت ئەو بناما ئابووریە بشێوێنێ کە دەیزانی بەهێزی ئابووری ئەونێوچەیە واتا بەهێزی ئابووری شۆرشی نوێی کورد.

چوارەم: هۆکاری کۆمەلایەتی و دەروونی، لێرەدا مەبەستمانە بوترێت پێکهاتەی کۆمەلایەتی ئەم نێوچەیە زۆر ئارام و پێوەندیەکانیان ئاسایی بوو، ئەم پێوەندی باشیەش فاکتەرێك بوو بۆ گەشەکردنی هێزی پێشمەرگە لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە بووە ناوەندێکی دەرونی باش بۆ هێزی پێشمەرگە بەتایبەت ئەو پێشمەرگانەی لە خانەوادەکانیان دوربوون و خەلکی شار و شارۆچکەکانی ژێردەسەلاتی بەعس بوون.

ئەم هۆکارانە و چەندین فاکتەری دیکە وایانکرد کە بەعس پیلان جێبەجێکردنی ئەنفال لە نێوچەی سنووری چوار خێراتر و چرتر بکاتەوە، بۆ تێکدانی جوگرافیا و لەناوبردنی شۆرشی نوێ و شێواندنی ئابوری و کۆمەلایەتی و کلتوری کوردی و کەمکردنەوەی رێژەی کورد ، کە هەمووئەوانەش دەچێتە نێوو ناساندنی قرکردن و جینۆسایدی نەتەوەی کوردەوە.

مێژووی لەناوبردن و جینۆسایدی نەتەوەی کورد دێرینەوەو





هەر لە رۆژگاری میدییەی و پێش ئەوانیشەوە بگرە تاوەکو ئەمرۆش بەردەوامەو، لەلایەن دوژمنەکانیەوە چەندین شێواز بۆ لەناوبردنی تەنەوەی نیوچەی نەتەوەی کورد جێبەجێکراوەو بێگومان نێوچەکانی سنووری شارەدێی ئاغجەلەر و قەلاسێوکە و گوندەکانیان بەر ئەو سیاسەتە ناجۆرانەی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بەگشتی و حکومەتی بەعس عێراق بەتایبەتی کەوتوە، چەندین جار هێرشکراوەتە سەرییان و وێران کراوەو سەدان هاولاتی و پێشمەرگەیان لێ شەهید کردون و بەهەزارانیشیان لێ زندانی کراوون. هەر بۆ وێنە لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفای چوار و ماوەیەك پێش دەستپێکردنی پرۆسەکەش شارەدێی ئاغجەلەر راگوێزاو دواتر خانو و خوێندنگە و نەخۆشخانە و مزگەوت و رەز و باخ و سەرچاوەی ئاو و کانیاوەکانی تەقێندرانەوەو لەگەڵ خاك سوتماك کران و لە کاتی پرۆسەکەشدا تەواوی گوندەکانی کە ٦٣ گوند دەبوون وێرانکران و خەلکەکەی بەشێکی زۆریان ئەنفال کران و بەشێکیشیان شەهیدکران بەچەکی کیمیای بەتایبەت گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر و ئەوانەی دیکەشیان سەرگەردان بوون.

کاتێک سەیری رووداوەکانی قۆناغی چواری ئەنفال دەکرێت و لەگەڵ جۆرەکانی جینۆساید بەراورد دەکرێت، بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا بەرجەستەدەبێت، لەوانە:

یەکەم جۆری جینۆساید کە ( جینۆسایدی فیزیکی ) کە بەکورتی واتای کوشت و لەنێوبردنی بەکۆمەڵی مرۆڤ دەدات، ئەوە لەم قۆناغەی ئەنفالدا بەسەدان و بگرە زیاتریش هەر لەکاتی شاڵاوەکانی بە چەکی کیمیای و فسفۆر لە گوندەکانی گۆبتەپە و عەسکەر شەهیدکران و لەگەڵ ئەوەشدا بە هەزاران مرۆڤی ئەو نێوچەیە دوای گواستنەوەیان بۆ نێوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بە زویندوێتی خرانە نێوو گۆری بەکۆمەڵ و رەمی کران و لەنێووبران.

دووەم جۆری جێنۆساید کە ( جینۆسایدی بایلۆجی) یە، کەمەبەست لێ جیاکردنەوەی رەگەزەکانی مرۆڤ و رێگریکردنە لە وەچەخستنەوە. ئەوا پرۆسەی ئەنفال بەگشتی و بە ئەنفالی قۆناغی چوارەمیشەوە، یەکێک لە کارەکانی حکومەتی بەعسی عێراق دوای گرتنی هاولاتیانی نێووچە ئەنفال کراوەکان، هەڵدەستان بەجیاکردنەوەی پیاوان و ژنان و بەگوێرەی تەمەن ئەوجا رەوانە شوێنی نادیار و گۆری نادیار دەکران. ئەو رێگریکردنە لە وەچەخستنەوە، بەئاسانی لە دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال بەجەستە دەبێت.

سێیەم جۆری جینۆساید کە ( جینۆسایدی کلتوری و مێژوویی).

# عەجاج لەناو هۆڵی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق

## "لە زاری شایەتحاڵەکانی نوگرەسەلمانەوە"

سالار مەحمود

تۆقینەرترین و بەدناوترین ناوی جەلاد، لای ئەو کەسانەی لەئەنفالدا برابوونە نوگرەسەلمان، ناوی ((عەجاج))ە.

ئەو ئەفسەری بەرپرسی گرتوخانەی قەڵای نوگرەسەلمان بووە، کەسێکی (سادی)و رەفتاری لەگەڵ خەڵکەکەدا لەو پەڕی دڕندەیی و بێ بەزەییدا بووە.

چەند کەسێک لە نوسەرانی بواری ئەنفال و جینۆساید، لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٦ وەک میوانی چاودێر بانگهێشت کراین بۆ ئامادەبون لە چەند دانیشتنێکی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لە بەغدا لەسەر دۆسیەی ئەنفال بەڕێوە ئەچوو، بریتی بوین لە ( لەتیف فاتیح فەرەج، تەها سلێمان، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، عومەر محەمەد، مەجید ساڵح و عەبدوڵا کەریم مەحمود، سالار مەحمود).

لەدانیشتنی یەکەمی رۆژی دووەمی ئامادەبوونی ئێمە



لەهۆڵی دادگادا کە رێکەوتی ١١/١٠/٢٠٠٦ بوو، یەکێک لە ژنە ئازاو پاکیزە شایەتحاڵەکان, ناڕەحەتی دۆخ و گوزەرانی خۆی و بەسەرهاتەکانی لەو ماوەیەی لەنوگرەسەلمان بوو بۆ دادگا دەگێڕایەوە. زیاتر لەجارێک ناوی عەجاجی هێنا، لەگەڵ ناوهێنانیشیا ئاهێکی قوڵیشی هەڵدەکێشا. بە هەستێکی پڕ لەخەمەوە کەوتە باسکردنی شێوازەکانی دەست درێژیی کردنە سەری، لەلایەن ئەو جەلادەی قەڵای نوگرەسەلمان. لە کاتی قسەکانیدا، دادوەر محمد العريبي دەستی خستە سەر سویچە سورەکەی بەردەستی؛ بۆ ئەوەی پەخشی دانیشتنەکە کە راستەوخۆ بوو نەگوازرێتەوە بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن.



کچەکە باسی ئەوەی کرد؛ کەچۆن عەجاج و یەک دوو کەس لەپاسەوانەکانی، شەو هاتوون و لە کچەکانیان هەڵبژاردوەو بردوویانە بۆ لای خۆیان، بەبیانوی جیاجیا، ئیتر خۆی پێڕانەگیراو بەدەم گریانەوە وتی: منیش بەو دەردە برام و زۆر دڕندانە سوکایەتیان پێکردووم و بێ شەرمانە دەستدرێژیان کردۆتە سەرم.

لەو گێڕانەوەیەدا هۆڵی دادگا پڕ بوو لەبێدەنگی .خودی محەمەد العریبی عارەق بەناو چاوانیدا دەهاتە خوارەوەو، سەری خۆی پێ ڕانەدەگیراو شۆڕی کردەوە بەسەر مێزەکەی بەردەمیداو، لەحەسرەت و شەرمدا بەدەستە راستی ئارەقی ناو چاوانی دەسڕی. ژنەکە لە قسەکانی بەردەوام بوو، دادوەر بەبێدەنگی و دوای چەند دەقیقەیەکی تر بەهەردوو دەست ئارەقەی سڕی. داوەرەکەی تری دەستەچەپی محەمەد العریبی لەژێر عەینەکەکەیەوە فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە



خوارەوەو ئەویش زوو زوو فرمێسکەکانی دەسڕی.

شێوازی گێڕانەوەی شایەتحاڵەکە زۆر کاریگەر بوو، بەتایبەتیش بەعەرەبی ئیفادەی دەداو، زمانەکەی زۆر پاراو بوو. بە جۆرێک عەرەبیەکەی ئەتوانم بڵێم لەباشترین عەرەبی زانەکان بوو. کچەکە جگە لەزانینی زمانی عەرەبی بەباشی، پێدەچوو ئاگایەکی باشیشی لەئەدەبیاندا هەبوو بێ، چونکە بەزمانێکی پاراوی ئەدەبیش گوزارشتی لەمەینەتیەکانی نوگرەسەلمان دەکرد.

ئەمە وای کرد لەرووی دەروونی و ویژدانیەوە زۆر کاریکاتە سەر سۆزی ئامادەبوانی هۆڵەکەو گریان خەمگینیەکی قوڵ هەمووانی داگرت، جگە لە سەدام حسێن و هاوقەفەسەکانی نەبێت.

لە یەکێک لەدانیشتنەکانی دواتردا، شایەتحاڵ عەبدوللا سەعید ئەحمەد خەڵکی گۆپتەپە بوو، باسی لەوەکرد لە نوگرەسەلمان لەبەر هەلاکەت و خراپی ژیان و گوزەرانیان، وتی: رۆیشوینەتە لای عەجاج ئەو (بەحەجاج ناوی دەهێنا) باسی ئەوەمان بۆی کردوە، کەژیانمان لەبەر نەخۆشی و نەبونی خواردن و پیسی بەتەواوی لەکولەمەرگی و مەترسیدایەو، وا بڕوا هەمووومان دەمرین. وتی: عەجاج لەوەڵامدا پێی وتین: ئێوە بۆ ئەوە هێنراونەتە ئێرە کەبمرن. ئێوە بۆ ژیان نەهێنراونەتە نوگرە سەلمان.



عەجاج ناوێکە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، چەندین سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە لەلایەن شایەتحاڵە سکاڵاکارەکانی زیندانی قەڵای نوگرەسەلمانەوە.

ئەو دوو سکاڵایەی لە عەجاج کرا تەنیا لە یەک دانیشتنی دادگادا بوو، دۆسیەی ئەنفال ٦١ دانیشتن بوە لە یەکەم دانیشتنەوە تا دوا دانیشتنی بڕیاردانی دادگاکە، بە دڵنیاییەوە چەندین سکاڵای تر لە دانیشتنەکاندا لەو تاوانبارە تۆمارو تەوسیق کراوە.

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عیراق لە راگەیەنراوێکی فەرمیدا بڵاوی کردوەوە کە عەجاج ئەحمەد حەردانیان دەستگیر کردوە، رۆژی ٢٩/٧/٢٠٢٥ لە شارۆچکەی ضلوعیە.

دوای ئەوەی چەند کەسێک لە قوربانیانی تاوانی ئەنفال سکاڵایان لەسەری تۆمارکردوە لە دادگای پارێزگای موسەنا.

جگە لە سکاڵی نوێ کە لەسەر ئاستی تاک و گروپی کەسی تۆمار کراون، پێویستە پشت ببەسترێت بەو سکاڵایانەش کە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لە کاتی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەنفال، شایەتحال و سکاڵاکارەکان تۆماریان کردوە، لەسەر ناوبراوو تاوانبارانی تر.

ئەو تۆمەتانەی رووبەڕووی عەجاج کراون لە دادگای باڵای تاوانەکان، کوشتن و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان و کچانی پاکیزەو مردوو خستنە بەر سەگی رەش و هی تریشن.

کاتی ئەوەیە رێکار بگیرێتە بەر بەپێی یاسای دادگاکە ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ و بڕیاری دەستەی دادوەرانی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق رێو شوێنی یاسایی ئەنجام بدرێت و یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی رووبەڕووی ئەو جەلادە کراونەتەوە بەپێی ئەحکامەکانی دادگاکە.

سکاڵاکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی بەعس و دەکەوێتە چوارچێوەی ویلایەتی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە.

گرتنی ئەو جەلادە دوای سی و حەوت ساڵ لەئەنجامدانی تاوانەکەو، بیست و سێ ساڵ لە روخانی رژێمی بەعس، گەرچی درەنگ وەختە، بەڵام سروشتی تاوانی نێودەوڵەتی کات و زەمەن هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێ.

عەجاجی بەعسی ئێستا لەبەردەم عەدالەتی یاسادایە، دەرفەتێکی گرنگە بۆ گێڕانەوەی نەختێک لە مافی قوربانیان و، بیرهێنانەوەی تاوانی ئەنفال.

# کارلێکی کۆمەڵایەتی و دەرونی کارەساتی ئەنفال

**پ.ی.د. ئەمیر خوداکەرەم زەند**



یەکێک لە کارە قێزەونەکانی رژێمی بەعس کارەساتی ئەنفال بوو ، دژ بە کورد و مرۆڤایەتی ، ساڵەکانی ئەم تاوانە دەگەرێتەوە بۆ هەشتاکان کە بە چڕی لە ساڵی ١٩٨٨ ، بە قۆناغی جیا جیا و بە پلان و بەرنامەی تۆکمەی بەعس ئەنجام درا ، زیاتر لە ١٨٢.٠٠٠ مرۆڤی بێ تاوانی لە خۆگرت، ئەمەو کۆمەڵگەی کوردستانی و خانەوادەکانیان لەژێر گوشارو فشارێکی کۆمەڵایەتی و دەرونیدا ژیان بەرێ دەکەن و ئەو زامە سارێژنەکراوە دەمێنێتەوە لە نێو هزرو هەستی مرۆڤدا ، هەموو چرکە ساتێک هۆش و بیری مرۆڤەکان ئەو پرۆسە تاوانکارییە لەبیر ناکەن و زەنگێک لێ دەدات رۆژانە و مانگانەو ساڵانە کە ئەوە ئەنفالەکەی کوردە ، ناخی مرۆڤایەتی هەژاندوە و نەوە دوای نەوە هەست بەو دڕندەیی سەدام و دەستەکەی دەکەن ، ئەم زامە برینێکی قوڵە و ئەبینرێت چ لەسەر ئاستی جیهان و نێو خۆی عێراق و کوردستان و سۆشیال میدیاکاندا و سەرجەم قوتابخانەو پارت و رێکخراوو بگرە دام و دەزگاکاندا ئەم یادە دەکرێتەوەو بەرزرادەگیرێ ، کارلێکی ئەم کارەساتە کۆمەڵکوژییەکی کورد بوو بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن و عەلی حەسەن مجید ،

کە بەسزای خۆیان گەشتن ، تارادەیەک دڵ و دەروونی کەس و کاری ئەنفالکراوان سارێژبوو ، ئەم جینۆسایدەی بەعس دژ بە کورد بەپێی ئاماری ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٩٣ دا ڕاپۆرتێکی وردی لەسەر هەڵمەتەکانی ئەنفال بڵاوکردەوە تێدا ژمارە و ڕێژەی قوربانییەکانی خستەروو وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێ داوەو ئەم جینۆسایدە پیاوی زیاتر گرتوەتەوەو ژن و مناڵ و گەنجیشی تێدا بووە بەرێژەیەکی کەمتر، شوێن گوم کران بەکۆمەڵ ، دەستگیرکران و گواسترانەوە بۆ شوێنی جیا جیای عێراق و کە تائێستا کورد لەگەراندایە بە دوای تەرم و ئێسک و جل و بەرگەکانیاندا ..

ررژێمی بەعس بەبەرنامەکانی خۆیەوە کاری دەکرد بۆ نەمان و روخان و فەوتانی کورد ، کە مەرامێکی سیاسی تۆکمەی لە پشتەوە بوو دژی نەتەوەی کورد ، بۆیە کارلێک و رەهەندەکانی تاوانی ئەنفال زۆرن ، لەروانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە دەیان شرۆڤەی بۆ دەکرێت و ئاوێتەی ژیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە کە کەلەدوای پرۆسەکەوە شیکاری دەوێ و ئاسەوارەکانی ماوەو دەمێنێ ، چۆن بتوانین مامەڵەی گونجاو شیاو بکەین لەگەڵ خاوەن پرۆسەکەدا کە کەس و کاری ئەنفالکراوەکانن بەتایبەت ، کوردیش وەک نەتەوەیەک بە گشتی ، ئەم تاوانە بووەتە ناسنامەیەکی نەتەوەیی و شوناسی کوردە کە ستەمێکی بێ وێنەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لە نێو وڵاتی خۆتدا ڕژێمێک ئەنجامی داوە دژی نەتەوەیەک کە کوردبوون بووە تاوانەکەی ..

کارلێکی کۆمەڵایەتی social interection بابەتێکی فرە رەهەندە لە پرۆسەی ئەنفالدا و کاریگەری قووڵی هەیەو هەبووە لەسەر پێکهاتەی خێزانی و پەیوەندییەکان و باری سایکۆلۆژی گشتی کۆمەڵگەی کوردی و خانەوادەکانیان جێهێشتوە..

یەکێک لەو خاڵانە دەکرێت تیشک بخەینەسەری هەڵوەشاندنەوەی سستمی خێزانی و گورزێکی کوشندەیە لەسەر یەکەی کۆمەڵگە بێ گومان ئەویش خێزانە . ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بە دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەگەڵ خۆیدا دروست دەکات لە نێو خێزان و دەرەوەی خێزان ،ئەم کارەساتە زۆربەی پیاوی گرتەوە و ئەمەو گۆرانی دروست کرد لە رۆڵی پیاو و ژندا ، واتا ژن ئەرکی زۆرتری کەوتە ئەستۆ جگە لە بەخێو کردن و پەروەردە و پێگەیاندن ، بەرپرسیارێتییەکی زیاتری کەوتەسەر و رۆڵی پیاو و ژنی وەرگرت ، ئەمەش راستەو خۆ و ناراستەخۆ پچرانێکی هێنایە ئاراوە لە نێو خێزاندا ، ئەویش پەیوەندییەکانە کە دابەشبونی خێزان و دیارنەمانی رۆڵی باوک و دابڕان و ونبوون ، کە ئەمەش کارلێکی سروشتی رۆژانەی خێزانی پەکخست ، هەروەها تێکچونی پەیوەندییەکان گەشتە گوند و شارو کۆچی زۆرەملێ و گواستەنەوەی گوندەکان بۆ ئۆردوگای تێکەڵاوی ، شێوازی کارلێکی لە هەرەوەزی و هاوکاری کشتوکاڵی گۆری بۆ شێوازی دابراو پڕ لە چاودێری رژێمی و ئەمنی بەعس ..

ئەمەو نامۆبونی هێناوە ئاراوە لە ژینگەیەکی نوێ کە جۆرێکی دیکەی لە دابران دروست کرد ، سۆزو هاوسۆزی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە، ئەنفال بوە هۆی دروست بونی جۆرێکی نوێ کە کارلێکی لەسەر بنەمای مەینەتی هاوبەش بونیاد نرابوو ، وەک پشتیوانی کۆمەڵایەتی لەکاتی پرۆسەکەو دوای ئەویش ، جۆرێکە لە هاوسۆزی قووڵ لە نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دروست بوو بۆ یارمەتی رزگاربووان . شوناسی قوربانی کارلێکەکان زیاتر رەنگی شوناسی نەتەوەیی برینداری پێوە دیار بوو کە تێدا تاکەکان لەدەوری چیرۆکە هاوبەشەکانی خەم و بەرگری کۆدەبوونەوە ، هەروەها کاریگەری دەروونییەکان لەسەر کارلێکی ترس و دڵەراوکێ بەردەوام لەسر پەیوەندییەکان و بێ متمانەیی و خەمۆکی و دەیان نەخۆشی تر ..

بۆ رێکخستنەوەی ئەم پرۆسەیەی دوای ئەنفال تەنها چاککردنەوەی ژێرخانی ئابووری نییە ، بەڵکو سارێژکردنەوەی ئەودرزانەیە کە کەوتونەتە نێوان تاکەکان و پێکهاتەکان ، ئەمەش ستراتیژیەتیەکی فرەرەهەندی پێویستە ، وەک دادپەروەری و گێرانەوەی ماف ، چونکە هیچ رێکخستنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەبێ دادپەروەری راگوزەر جێگیرنابێت ، ئەمەش بە ناساندنی تاوانەکەو قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوەی و سزادانی تاوانباران دەبێ ، تاوەکو تاکەکان هەست بە شکۆ و ئارامی بکەن ، هەروەها سارێژکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەرێگەی گۆرینی چیرۆکی قوربانیەوە نۆ چیرۆکی رزگاربویەکی بەهێز و دانان و دروستکردنی سەنتەری پاڵپشتی دەرونی کە تایبەت بێت بە ژینگەی کارەساتەکەی تێدا رویداوە و بوژانەوەی ئابووری و ژینگەیی دەوێت و ئاوادانکردنەوەی لادێکان و دابینکردنی هەلی کار و پاراستنی یادەوەریەکان و دروستکردنی مۆزەخانەی زیاتر ، ئەمەش بێ گومان تەنها بە گروپ و لایەنێک ناکرێت ، بەڵکو ئەرکی هەموانە بێ جیاوازی .

# لە ئارامیی جەلەمۆردەوە بۆ نوگرەسەلمان.. ٤٨٠ ئەنفالکراو

نووسینی: چۆمان علي خليل ڕەشيد

زۆر جار کە ڕەنگەکان لەسەر تابلۆکانم تێکەڵ دەکەم، خەیاڵم دەمباتەوە بۆ ناو ئەو خانووە قوڕەی دەم چەمەکەی جەلەمۆرد. دەچمەوە ناو ئەو ژوورەی سۆپای دارەکەی تێدا بوو، لە تەنیشت باپیرە حاجی ڕەشیدی نابینا و نەنە فاتمی کچە مەلا دادەنیشم. دەمەوێت ئەو وردەکارییانەی لە ناو جەرگەی کارەساتەکەوە بۆیان جێهێشتووم، وەک گفتوگۆیەکی خەیاڵی بگێرمەوە:

**چۆمان: باپیرە گیان، پێش ئەوەی مێژوو ڕەش بێت و ژیانمان لێ تێکبچێت، جەلەمۆرد چۆن بوو؟**

حاجی ڕەشید: کچە تاقانەکەم، جەلەمۆرد بەهەشتێکی ئاوەدان بوو لە داوێنی چیای خاڵخالان. ماڵەکەمان پڕ بوو لە میوان و پێکەنینی نۆ جگەرگۆشەکەم. من بە ماینە کەمیتەکەم و هەنگوچکە سپییەکەمەوە سوارچاکی ناوچەکە بووم. نەنکت بەیانیان بە دەنگی مەشکە و شەوانیش بە دەنگی تەشی ڕستن ژیانی بۆمان دەچنی. کەسمان نەماندەزانی ڕۆژێک دێت گوندەکەمان دەبێتە نیشانەی خەم و ٤٨٠ مرۆڤی لێ بێسەروشوێن دەکرێت.

**چۆمان: نەنە گیان، ئەو ڕۆژەی ئەنفال گەیشتە گوندەکەمان، چۆن لە چەمی بابەڕووشەدا خۆتان شاردبووەوە؟**

نەنە فاتمە: ڕۆڵە گیان، لە ١٠ی ٥ی ١٩٨٨دا مەرگ بەسەر گوندەکەدا باری. خەڵکەکە هەموو ڕوویان کردە چەمی بابەڕووشە بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە. ئەو چەمەی کە جاران شوێنی کایە و دەستنوێژگرتن بوو، بوو بە شاهیدی ترس و گریانمان. بەڵام دواجار لەوێوە هەموویان ڕاپێچ کردین بۆ تۆبزاوا و پاشان بۆ ناو بیابانی نوگرەسەلمان. لەوێ، هاشمی بچووکم بە لێدانی سۆندە لە باوەش ڕفێندرا. باپیرەت لەوێ لە

حەسرەت و گریانی بۆ منداڵەکانمان بینایی چاوەکانی لەدەست دا. ٦ مانگی پڕ لە مەرگمان چەشت، ڕۆژانە شاهیدی ناشتنی ئازیزانمان بووین کە دەبوونە خۆراکی سەگە ڕەشەکان.

**چۆمان: باپیرە، تۆ کە چاوت نەدەبینی، چۆن لە ناو ئەو خانووە قوڕەی دوای ئەنفال یارمەتیت دەدام؟**

حاجی ڕەشید: کچەکەم، من دەمویست تۆ ببی بە چاوی من. ئەو ڕۆژەی لە پۆلی یەک بووی و ناوی گوندەکانی دەوروبەرم پێ نووسیت، دەمویست ناسنامەمان ون نەکەیت. من و نەنکت حەوت جگەرگۆشەمان (خەلیل، عومەر، سەباح، نازدار، ئامین، تەها و هاشم) لە نوگرەسەلمان جێمان، بەڵام هەموو ئەو خۆشەویستییەی بۆ ئەوانمان هەبوو، بە ئێوەی نەوەکانمان بەخشی.

**چۆمان: نەنە گیان، وەسێتی کۆتاییت بۆ من چییە وەک مامۆستایەکی هونەر؟**

نەنە فاتمە: وەسێتم ئەوەیە هەموو ساڵێک بچیتە مۆنۆمێنتی بابەڕووشە. بیرت نەچێت کە جەلەمۆرد برینێکی قووڵی لەسەر جەستەیە؛ ٤٨٠ ئازیزمان لەو بیابانانەدا تیاچوون. کاتێک وێنەی من دەکێشیتەوە، ئەو ٤٨٠ ڕۆحە لە یاد مەکە، چونکە ئەوە تەنها ژمارە نییە، ئەوە مێژووی خوێن و خۆڕاگریی گوندەکەمانە.

**ئەم گفتوگۆیە لە خەیاڵمدا کۆتایی نایەت. هەرچەندە باپیرەم لە ٢٠٠٦ و نەنکم لە ٢٠١٥ ماڵئاواییان کرد، بەڵام ڕوحیان لە ناو تابلۆکانمدا زیندووە. من شانازی دەکەم کە نەوەی ئەو ڕزگاربووانەم کە لە ناو ٤٨٠ ئەنفالکراوی گوندەکەدا گەڕانەوە تا مێژوومان ون نەبێت**



# ناوەندی لاوانی دووز و زیندانەکانی تکریت بۆ کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان

عەلی مەحمود محەمەد



مەرکەز شەبابەکەی دووز دەکەوێتە گەڕەکی کۆماری قەزای دووز خورماتووەوە, لە ساڵی ١٩٧٩ دروستکراوە وەك بارەگانی یەکێتی گشتی لاوانی عێراق سەر بە پارتی بەعس بووە, کە ڕێکخستنی حیزبی بەعس بوو لە ناو لاوان, کە لە سەرتاسەری عێراق بە یەك دیزاین بەڵام قەبارەی جیاجیا بە پێی ژمارەی دانیشتوانی جێگاکە درووست کران, زۆربەی ئەم ناوەندانە لە دووای راپەڕینی گەلانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ کەوتنە بەر پەلاماری خەڵك, چونکە یەکێك بوون لە مۆڵگە رەشەکانی بەعس, ئەم تەلارانە هۆڵی گەورە بۆ کۆبونەوەو چەند هۆڵێك بچوکتر بۆ چالاکی جۆراو جۆرو ژمارەیەك زۆر ژوری ئۆفیسی تێدا بووە, لە گەڵ گۆڕەپان بۆ وەرزش, سەرچەم پێداویستی کانی وەرزشی و هونەری تێدا هەبووە, ئامانج لێی کۆکردنەوەی گەنجان بووە لە دەوری پارتی بەعس, ئەوەی دووز خورماتوو

له ساڵی ١٩٨٣له لایەن هێزی پێشمەرگەوە سوتێنراوەو دوواتر بەكار نەهاتۆتەوە تا كاتی ئەنفالەكان.

له ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی ٨-٤-١٩٨٨ ئەنفالكراوانی ناوچەی داوێی سەر بە قەزای دووز خورماتوو كە زیاتر له٣٦ دێ سنوری خورماتووە بۆی هێنراوە, پێی دەچێت دووای تەوارییەكەی شاری سلێمانی ئێرە دووەم وێستگە بێت بۆ كۆكردنەوەی ئەنفالكراوان, ئەم خەڵكە ٨ ڕۆژ لێرە كۆكراونەتەوە تا عەسرانی ڕێكەوتی ١٥-٤-١٩٨٨, بە گشتی نزیك ٣٠٠٠ ئەنفالكراو له قەزای دووز له دوو جێگا " مەركەز شەبابەكە, ناوەندی ڕەشید"زیندانی بوونە, لەوان سەدان كەسیان ڕزگاریان بووە.

ئەم خەڵكە له دوو ئاراستەوە هێنران بۆ ئەم دوو ناوەندە, له سەر ڕوباری ئاوە سپی و ناحیەی نەوجولەوە, دواتر نێردران بۆ بارەگای جەیشی شەعبی له تكریت" بەڵام یەكلا نەكراوەتەوە بارەگای جەیشی شەعبی بووە". شایەد حاڵێك دەڵێت: له نەوجولەوە ئیڤایان نارد, سوار بوین بۆ دووز, لەوێ جیاكراینەوە.

هەروەها ژمارەیەك ماڵی گوندەكانی حەیدەرە سورو وارانی, كە دوای بردنی ئەنفالكراوانی مەركەز شەبابەكە, دووا گروپ بوونە گەیشتونەتە دووز دوو سێ سەعات له مەركەز شورتەی دووز زیندانی كراون و دوواتر هەمان ڕۆژ برداون بۆ زیندانی شاری تكرێت.

بەڕێوەبردنی ئەم دوو ناوەندە له دەست ئەمنی قەزای دووز بووە, مەفرەزە خاسەكانی ئەمن و جەیشی شەعبیش حەرەسیاتیان گرتووە, هەر یەكەی چەند مەفرەزەیەكیان بۆ تەرخان كراوە, مەفرەزەكانی شامل دەروێش و حەمەی حەكیم له ئامادەیی ڕەشید ئەركی پاراستنیان بەر كەوتووە, جەبارە درێژیش له مەركەز شەبابەكە.

له پەرتووكی جینۆساید له عێراقدا ..پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد - هیومان ڕایتس ووچ/ میدڵ ئیست ووچ بەم شێوەیە باسی جێگای كۆكردنەوەی ئەنفالكراوان دەكات:(( ئەو كوردانەی كەوا له ناوچەی داوددا گیرابوون, لەگەڵ ئەو خەڵكانەش كەوا له تاو ئەو هێرشە كیمیاییەی كرایە سەر بنكەی (ی ن ك) له تازە شار هەڵاتبوون بۆ ئێرە, یەكەمجار بران بۆ مەڵبەندێكی چۆڵی لاوان له تووزخورماتوو (له سەر زاران بە مەركەز شەباب ناسرابوو – و). هەندێك لەمانە هەر لەو شوێنەی كە تێیدا گیرابوون ژن و پیاو له یەكتر جیاكرابوونەوە. ئەوانەش كە بە تێكەڵی هێنرابوون لێرە جیایانكردنەوە و خستنیانە دوو بینای جیاوازی مەڵبەندی لاوانەكە و ماوەی نزیكەی سێ ڕۆژ تا هەفتەیەك هێشتنیانەوە. ئەو بینایەی بۆ ئافرەت و منداڵ دانرابوو نزیكەی چوا هەزار كەسی تێدابوو بە گوێرەی قسەی دەربازبوویەك كە خەڵكی نزیكەی دە دوانزە گوندی داودەی ناسیبووەوە. ))، ئەگەر وردتر بین خەڵكەكە لانی زۆر ٨ ڕۆژ لێرە كۆكراونەتەوە, لێرەو له دوو جێگای دی كە لەم نووسینەدا ئاماژەمان پێیان داوە ئەوان كۆ كراونەتەوە, بۆ ژمارەی ئەنفالكراوانیش ژمارەی ورد تا ئێستا نەزانراوە, له درێژەدا ئاوا ئاماژە بە ژمارەی ئەنفالكراوان و و هەڵسوكەوتی ئەنفالچییەكان دەكات: (( مەڵبەندی لاوانی خورماتوو ، كە نزیكەی چوار هەزار كەسی تێدا بەندكرابوو، سەربازەكانیش زۆر نامرۆڤانە هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دەكردن، سەرەڕای ئەشكەنجەدان و برسیكردن و تینووكردن، هەرچی پارە و زێڕ و شتی بەنرخیان پێبوو له ئافرەتەكانیان دەستاند، پێیان دەوتن ئێوە یارمەتی (موخەڕیب)تان داوە)).

## له ئاوە سپی چۆن كۆكرانەوە؟

تاقانەی ئەنفال فەرهاد ڕەشید ئەمین له دایك بووی ساڵی


005256

2123
#3

١٩٧٧ گوندی زینانە بەم شێوەیە چیرۆکی ئەو ڕۆژانەی خۆی دەگێڕێتەوە: ڕێکەوتی ٨-٤-١٩٨٨ بڕیارمان دا بڕۆین بۆ دوز, کاتژمێر ١ی نیوەشەو گەیشتینە گوندی سەر شۆڕاو, هەموو ١٠٠ کەس دەبووین, چەند تراکتۆر و مەڕومالاتیشمان پێبوو, لە خوار گوندەکە جاش و جەیش ڕێیان پێ گرتین نەیان هێشت بڕۆین, شەو لێرە خەوتین, ڕۆژ بووەوە دیسان کەوتینەوە ڕێ کاتژمێر ٧:٣٠ بەیانی گەیشتینە سەر ئاوە سپی, بینیم خەڵکێکی زۆری گوندەکان لەوێن, دیاربوو پێش ئێمەش خەڵکیان گواستبووەوە بۆ مەرکەز شەبابەکە, لەوبەر ئاوەکە جەیش و جاش وەستابوون, بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازی ئێمەیان برد بۆ مەرکەز شەبابەکەی دووز, تا ئێوارە خەڵکیان هێنا هەموو ژن و مندالٚ بوون, ئەوەی تەمەنی لە ١٥ ساڵ زیاتر بوون پیاو بردیانیان بۆ قوتابخانەی ڕەشید لای پردەکە, پێنج شەش ڕۆژی پێچوو پڕ بوو, زۆر پیس بوو ئێرە, باری تەندرووستیمان تێك چوو. لە کۆتا جێی خەوتن نەما, سەرەتا وا نەبوو, بە گشتی حەوت ڕۆژ لێرە ماینەوە, خواردنیانیان نادا پێمان, کەسوکار خواردنیان بۆمان دێنا, سەردانی نەبوو, حەرەس بریتی بوون لە ( جاش, سەرباز, ئەمن و ئینزبات). لە پەنجەرەکانەوە جار جارە مۆتەیان بۆ منداڵەکان دەکردە ژورەوە, ڕێکەوتی ١٥-٤-١٩٨٨ کاتژمێر ٧ی ئێوارە, هەرجارەی ناوی گوندێکیان دەخوێندەوە, بە گوندی زینانە دەستی پێکرد, سەرمانیان خستە ناو پاس, من لە پەنجەرەوە ڕام کرد, ئینزباتەکە قسەی نەکرد, بەڵام جاشەکان لە سەربانی باڵەخانەکە بوون تەقەیان کرد. بە وتەی فەرهاد لەناو مەرکەز شەبابەکە ژنان هەبووە لە حاڵەتی منداڵ بوون , سوار مونشەئەی ڕیم کراون بۆ بردن.

## چیرۆکی هەمەن بەست مەلا حەمەمین دوڕاجی

ئەمە بەشێکە لە چاوپێکەوتنی دادە هەمەن بەست: سێ شەو بێنان و ئاو بووین لە دووز, خۆمان پەنجەرەکەمان شکاند و چومە سەربان, دوواتر چووم دەرگام لە دیو پشتەوە شکاند, کە هەڵاتین شەو چوینە ماڵێك ناسیاوێك نەمانی گرتە خۆ, بەڵام ماڵێك تورکمان گرتمانیە خۆ, لە تکریت ناسیارێکمان دایکم و چوار کچ و سێ کوڕمانی دایە دەستەوە, من هەر خۆم مامەوە.

## زیندانی ژن و منداڵەکان لە تکریت

ڕەفعەت ڕەشید هاووڵاتی گوندی حەیدەرە سور دەڵێت: ئێمە دووا گوند بووین لە داوێ ئەنفالکراین, لە حەیدەرە سور کە گرتراین بە دوو سەیارەی کۆستەر بەڕێکراین بۆ ناحیەی نەوجول, دوواتر لە ناحیەی نەوجولەوە دووای چەند کاتژمێرێك بە سەیارەی مقەپەت گواسترانەوە بۆ مەرکەز شورتەی قەزای دوز خورماتوو, لە گەڵ ئێمە زۆر توند بوون لەوێ, چونکە پێشتر خەڵك لە دووز ڕزگارکرابوو, سەیارە پەنچەر کرابوو, هەمان مەغریب براین بۆ تکریت, کە گەیشتینە زیندانی تکریت ئەوێ جمەی دەهات.

خواردنمان لە زیندانی تکریت تەنها ڕۆژانە یەك سەمون و ماستێك بچووك بوو, کەسیش پێی ناخورا لە خەفەتا, هەر گریان و لاوانەوە بوو.

سێ قاعەی ژنم لە پێش چاوە لەوێ, قاعەی گەورە, سەریان جەمەلۆن بوو هەر یەکەی دوو دەرگای قورسی بەهێزیان هەبوو, تەنها لە کاتی جەرد کردندا دەکرانەوە, پێی دەچوو پێش ئێمە وەك مەخزەن بەکار هاتبێت, هۆڵەکان گەورە بوون, ئەو جێگایە زیاتر بە سەربازگە دەچوو, سەربازگەکە لە ناو ئاوەدانی بوو, بە سیمی بەرز دەورە درابوو, ئێمە لەسەر یەك کەڵەك کرابووین, جێت نەبوو قاچ درێژ بکەیت, بە دانیشتنەوە لەسەر یەك بووین, ئاویان دەکردە ژێرمان بە تەنکەر. خۆشوشتن نەبوو, خواخوامان بوو قوتویەك ئاومان دەست بکەوێت بیخۆینەوە, بان و بنمان نەبوو, ژێرەوە زەوییە تەڕەکەو سەرەوش هەوا ساردەکە بوو, ئێمە لە بان عەباکەی دایکم لەسەر کاشیەکە دەخەوتین, دایکم دەستی کردبووە سەرین بۆ سێ بچوکەکە. لەوێ ئەوەی منالّی دەبوو وەزعی خراپ بوو, من خوشکەکەم لەوێ منالّی بوو, پیرێژنەکان مامانییان دەکرد, نموونە دایکم و میمکم خەرامان, منالّ کە دەبوو پەڕۆی لێ دەئاڵێنرا, بەرگ نەبوو بیکەنە بەریان. شیرو دکتۆرو چارەسەری پزیشکی نەبوو, دوایی بە داخەوە ئەو دایکانە زۆریان بە منالّەکانەوە ڕۆیشتن نەیانمان بینییەوە. عیلاج و چارەسەر کەس ناکرا لەو زیندانە ئەوەندەی لەوێ بووین لەو حەمکە خەڵکە , کەسیشمان ئەو ماوەیە لێ نەمرد.

تەنها لە کاتی جەردکردن خەڵك دەچوونە بن دارەکان بۆ دەست بە ئاو گەیاندن وەکی دیکە دەرگای هۆڵەکان ئەبەد ناکرایەوە, دەرگا لێدان و کردنەوە هەر قەتعیەن نەبوو, ئاودەست نەبوو, یان هەبووە نەیان هێشتووە ژن و منالّەکان بەکاری بهێنن, ژن وا هەبوو دەیکردە خۆیا لە شەرما ناچووە

بن ئەو دارانە ,  هەروەها وایەری کارەبا تەزوی تێدا بوو لە هۆڵەکان, بەڵام لە ئێمەیان بڕیبوو, شەوان تاریك بوو, منداڵ هەموو لە ترسا دەگریان.

ڕێك وەك پێشمەرگە دیلەکان حەویجەیان لێمان کرد, بەردەوام خەڵکی شارەکە چەپڵەو هەڵهەڵەیان بۆمان لێ دەدا ئەو کاتەی دەرەچوینە دەرێ بۆ جەردکردن, دەیانکردە فیکەو هەرایەك نەبێتەوە, وەك دیلێکی شکست خواردوو سەیرمانیان دەکرد, بۆیە ئەوکاتیش دەست بە ئاو گەیاندن زۆر زەحمەت بوو بە تایبەت بۆ ژنان , داری قەڵەمتۆز لە ساحەکە و چوار دەور بینایەکە بوو, لە بن ئەو دارانە سەرئاویمان دەکرد, بەڵام لێدان هیچ نەبوو, کەسمان نەبینی لە ژن و منداڵەکان لێی بدرێت, ئەوانەی لەوێ بوون بە ئیستخباراتیان دەکرد نەك جەیشی شەعبی. ئێمە دوو هەفتە  لە تکریت بووین.

ڕۆژانە جەرد دەکراین و ناو دەخوێنرایەوە , تەنها ناو دەنووسرا, هیچ پرسیارێکی تایبەتیمان لێ نەکرا جگە لە ناو, منداڵەکان کەس نەیەوێرا لە دایکی دوور بکەوێتەوە, بڕۆیشتیایە گەڕانەوەنت نەبوو, دەتیان برد, بۆیە دەترساین, دوورترین دورکەتنەوەمان باوەشی دایکمان بوو.

لەو زیندانە مەراسیمە ئاینییەکان نەبوو, ڕۆژو نوێژ نەبوو, لە مانگی ڕەمەزان هیچ خواردنێکیان نادا, ئاویش بۆ دەست نوێژو دەست بە ئاو گەیاندن نەبوو.

ئێمە ئەو دوو هەفتەیە خوشکەکانمان لە گەڵمان بوون, دایکمان پیربوو لەگەڵ ئەو جیامانیان کردەوە بۆ نگرە سەلمان, خوشك و براکانم ٥ براو ٤ خوشکم دوای ئێمە لەوێ مانەوە, ئیتر هەر ئەو مانەوەیە بوو نەیانمان بینییەوە, ئەو ڕۆژەی کە ئێمە گواسترانیەوە بۆ قەڵای نگرە سەلمان دووا دیدارمان بوو, نازانین ئەوان چییان بەسەر هات, چرکە ساتێك قەت لە بیر ناکرێت.

لەوێ ژنان نەپشکنێران بۆ پارەو زێڕو ناسنامە, بەڵام پیاوەکان بە توندی پشکنێران هەموو شتیان لێ سەندرا, لە فیقەو دوزەلەی شوانییەوە تا ئاوێنەو موکێش و جامانە و کوڵەباڵ....ئیتر نازانم دووای ئێمە ژنە گەنجەکانیان پشکنیوە یان نا؟, من باسی ئەو کاتانە دەکەم هەموو پێکەوە بووینە.

قاعەی پیاوەکان دوور نەبوون لێمانەوە, بەڵام ناگەیشتین بە یەك, ئەوانیان دەرناکردە دەرەوە, زەلامە گەنجەکانیشمان لە دورەوە دەبینی کەلەپچە بە دەست لە پشتەوە و چاویان بەسترابووەوە, بە رووتی باردەکران لە سەیارە, نایانمان ناسییەوە. ئێمەو پیاوەکان لە ساحە یەکترمان نابینی, ئەوان دەرناچوونە دەرێ, تەنها نەقڵ کردنمان لە گەڵ گروپێکیان لە یەك کاتدا بوو, لەوە بترازێ یەکترمان نابینی, بەڵام ئەوان سەیارەیان جیا بوو, مەبەستم پیاوە پیرەکانە, گەنجەکانیان بەلایەك تردا دەبرد, ئەوان بەردەوام لێیان دەبردرا.

ئەو ئێوارەیەی بارکراین, نەیانتوانی هەموو جیا بکەنەوە, چونکە فیزاح  و لە خۆدان دەستی پێکرد, بوو بە شیوەن و فیزاح, ژنە گەنجەکانیان هێشتەوە, هەندێك پیر هەر لەوێ مانەوە بەهۆی ئەو هات و هاوارەوە, ئیتر ئەوانیش نەبینرانەوە, حیسابیان لە گەڵ گەنجەکان کرا.

ژنێك بە دوو منداڵەوە گوایە ژنە فیرارە, وەك دەیانووت سیخوڕی بۆ ئیستخباراتەکان کردووە, بە رۆژ لە گەڵیان بوو, عەرەبی باش زانیووە, فۆتەی بە بان دەمووچاو ژنانەوە لاداوە بۆ ئەوەی گەنج و پیرەکان جیابکاتەوە لە یەکتر بۆ ئیستخبارات و ئەمنەکان لە کاتی گواستنەوەمان, ئەو زیندانە بێری سورو ئەمن و ئیستخباراتی زۆر زاڵم بەڕێوەیان دەبرد, زۆر توڕەو بە



زەبرو زەنگ بوون, من جەیشی شەعبیم تێدا نەبینی.
دوای رزگاربوون لە قەڵای نگرە سەلمان گەڕاونەتەوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, مردوویەك منداڵیان پێ بووە ویستویانە لەگەڵ خۆیانا بیبەن, بۆ ئەوەی لای خۆیان بینێژن, بەڵام لە تۆبزاوە مردووەکەیان لێیان سەندووەو بردویانە. لە کۆتا وێستگە دەیانهێننە مەرکز شورتەکەی چەمچەماڵ, لەوێ بە کەفالەت ئازادیان دەکەن.
بەڵام خەرامان احمد محمود یش یەکێکی ترە لە ئەوانەی که لە گوندی حەیدەرە سور سەر بە قەزای دوزخورماتوو دەگیرێن, گوندی حەیدەرە سور ١٠٣ ئەنفالکراویان نەگەڕاوەتەوە. مام مەجیدی هاوسەریشی لەگەڵ جەماڵی کوڕەزای لە دۆڵی خڕ وەلی "دۆڵی ساری چەم" جاشەکان دەستگیریان کردووە بە مێگەلە مەڕەوە, کە گەیشتونەتەوە سەربازگەی دووز کوڕە زاکەی دەبەن, مام مەجید تا نگرە سەلمان هاوسەرەکەی نابینێتەوە, هەرچەندە لە تکریت پێکەوە دەبن.
خەرامان لە دیدارێکدا دەڵێ گەیشتینە تکریت باران بوو , گەنجیان بە فێڵ برد کە ئافرەت و کوڕە منالەکانە ئیتر نەیانمان بینییەوە , پێنج کورو دوو کچمیان برد,"لە تکریت ژن و پیاوەکان تێکەڵ نەکراونەتەوە, ئیتر یەکتریان نەبینیوەتەوە", پیرەکانیان کردە کۆڵانەوە, زیندانەکە باخی لێ بوو, هەڵهەڵەیان بۆمان لێ دەدا, نەمان زانی گەنجەکان چیان لێ هات لەو باخیەلە, لە تکریت برسیمان بوو نان و ئاویان نادا پێمان, یەك قووم ئاویان نەدا پێمان, دوایی پێنج زیل بردمانی بۆ نگرە سەلمان" پێی دەچێت مونشەئە بووبێت", زۆری تێدا بوو, هەر سەیارەیەی چوار سەربازیشی تێدا بوو, تا گەیشتینە نگرە سەلمان ئاو و نانمان نەبینی, کە بەربووین, هێناوینیانەتەوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە" پێی دەچێت زیندانەکەی تکریتیش لە رووی کارگێڕییەوە هەر بەشێك بووبێت لە سەربازگەی تۆبزاوە, چونکە بۆ ئەوەی ئازاد بکرێن هێناویانەتەوە بۆ تۆبزاوا تا کۆتایی بە زیندانی کردنیان لە رووی کارگێڕییەوە بهێنرێت".
لێ نەعیمە ئیبراهیم عەبدالرەحمان هاووڵاتی گوندی گەرمك لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٨ دەڵێت: چووینە ناو ئیمامەکە لە تەپۆلکەیەك بەرز بوو لە نزیك گوندەکەمان, بە تەیارە هاتن هەموومانیان کۆکردەوە, بە تەیارە براین بۆ مەعەسکەرەکەی دووز ئەوجا بە سەیارەی گەورە براین بۆ تۆبزاوەی کەرکوك, لەوێ وتیان بیانبەن بۆ دووبز. پێش ئەوەی لە دووبز دابەزین, عەسکەرییەکان هاتنە بەردەم سەیارەکەو بە شۆفێرەکانیان وت " ئەمانە بۆ ئێرە نین دەبێت بیرێن بۆ تکریت", چوار شەو رۆژ دەبێت هەر لەناو سەیارەین بە برسێتی و هیلاکی و ئازار و ئەشکەنجە, کە براینە تکریت پێنج شەوماینەوە, باران بوو دنیا زۆر ساردبوو, ر زەوییە رووتە ساردەکەیە لە ناو ژورێك بووین ژێرەوەمان هەر زەوییە رووتە ساردەکە بوو, خەریك بوو لە سەرماو لەرزین گیانمان دەردەچو, ئەوە بوو گەنج و پیرو ژنیان جیاکردەوە, دوای بانگی عیشا بە سەیارە هەموومانیان برد, نەماندەزانی بۆ کوێ دەبرێین, قیژەو گریان و هاوار و بانگ سەلایەك بوو دەتوت رۆژی حەشرە.
بەڵام نەدیم عەزیز ئیبراهیم هاووڵاتی گوندی هەیەر سوور لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٠ دەڵێت: لە هەردەکە تەیارە ١٠ کەسی لێمان کوشت, گیراین براین بۆ نەوجوول, لەوێ بردمانیان بۆ تکریت, پێنج رۆژ لە تکریت ماینەوە, دوایی براین بۆ نگرە سەلمان.
هەرچی فەریدە زۆراب حەمە جانە دەڵێت لە گوندی بەلەگەی گەورەوە تاکو تکریت کوڕەکانمان لە تەکا هات, نەماندەوێرا سەیریان بکەین.
لێ خەرامان ساڵح محەمەد هاووڵاتی دێی زینانە لە دایك بووی ساڵی ١٩٢٧ دەڵێت: لە پشت نەوجول, هێزێکی عەسکەری و جاش هاتن و هەمومان گیراین, خراینە سەیارەیەك و براین بۆ تۆبزاوە"پێی دەچێت دووز بێت", دوو رۆژ لەوێ ماینەوە, دەستی کچەکەمم گرتبوو سارای ناو بوو, دەگریا لە ترسان عازەب بوو, بەڵام سەربازەکان هاتن و دەستیان لێسەندم ئەو دەگریا هاواریدەکرد بۆم, ئیتر هەر ئەوکاتە بوو بەچاوی خۆم بینیم , هیچکات نەمتوانی جارێکیتر بیانبینمەوە. دواتر بەرەو تکریت براین, لەوێ ١١ رۆژ ماینەوە, پاشان بە ١٢ سەیارەی زیلی گەورە برایین بۆ نوگرە سەلمان.
پەرتووکی جینۆساید لە عێراقدا ..پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد - هیومان ڕایتس ووچ/ میدڵ ئیست ووچ سەبارەت بە پێکهاتەی زیندانی تکریت دەنووسێت: (( لێرەش وەك تۆپزاوا پاسەوانەکان لە هێزی سوپای نیزامی بوون و ئەمن و ئیستیخباراتیش ئامادەبوون. بەڵام پیاوێك دەیوت گوایە چەند کەسێکی ناسیوەتەوە سەر بە سوپای میللی (الجیش الشعبی)* بوون. بارودۆخ لە تکریتدا ئەوپەڕی سەخت و نارەحەت بوو.)).

## لە تکریت چی لە زیندانییەکان کراوە؟

لە بارەگای جەیش شەعبییەکەی تکریت زیندانی ئەنفالکراوانی داوێی گەرمیان وەك دەڵێن, بەڵام تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە ئەو هۆڵانە بارەگای چی بووە پێشتر, ئەنفالکراوان سەرەتا چۆن لە دوزەوە براون بەو شێوەیە راگیراون, وەلێ لە کۆتا کاتدا کە جیاکراونەتەوە, ئەنفالکراوانیان وەك زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە دابەش بە سێ بەش کردووە, پیاوانی لە تەمەن ١٥ بۆ ٥٠ ساڵ ئەمانە زوو دەستە دەستە براون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان, پیری بانتر لە ٥٠ ساڵی ژن و پیاو بە رێکەوت ئەمانە هەندێك منداڵیان لە گەڵ دەرچووە وەك تۆبزاوە نێردراون بۆ قەڵای نگرە سەلمان, ژنانی گەنج و منالانی نێرینە کەمتر لە ١٥ ساڵ و تەواوی مێینە گەنجەکان, ئەوەی جیایە ئێرە لقێك نەبووە بۆ راگرتنی بەشێك لە زیندانیان وەك زیندانی ژن و منداڵانی دووبز, بەڵکە دووای جیاکردنەوە ئەوان بە پەلە تەسفییە کراون و نێردراون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە نێرو مێەوە, وەلێ بە دوو پرۆسەو کات و ئاراستەی جیا, نێرینەی ١٥ بۆ ٥٠ ساڵ بەجیا, ژن و منداڵی مێینەو و نێرینەی کومتر لە ١٥ ساڵ بەجیا. بە بۆچوونی من ئەو رۆژەی ئەمان نێردراون بۆ تکریت, لە تۆبزاوە جێگا نەبووە, رۆژی دوواتر ئیتر کاروانی ناردن بۆ نگرە سەلمان و دووبز دەست پێدەکات, بۆیە دوو رۆژ دوواتر زیندانیانی قۆڕەتوو دەهێنرێن بۆ تۆبزاوە چونکە جێگا بۆ ئەوان لە ماوەی ئەو دوو رۆژە کراوەتەوە, کە رۆژی پێشتر لە ١٦-٤ بڕیار بووە ئەوانیش بنێرن بۆ جێگایەکی دیکە, لە پڕ لە ئاستی ئاقاری جەلەولا دەیانگێڕنەوە بۆ سەربازگەی قۆڕەتوو, رۆژی دوواتر دەیان هێنن بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە.

لە تکریت مامەڵەی بەڕێوەبەران زۆر نامرۆڤانەو وەحشیانەو توند بووە لەگەڵ ئەنفالکراوانی پیاو لە برسی کردن و لێدان و ئەشکەنجە دان و کۆمەڵکوشتن.

بە وتەی مەجید مەحمود عەلی هاووڵاتی گوندی دەراجی لە تکریت لە زیندانەکانیان داوە, پارە, پشدێن,... هەموو شتێکیان لێیان سەندووە, سەرەتا گەنجەکانیان بردووە, دواتر پیرەکان بۆ نگرە سەلمان نێردراون.

نوری غێدان حەمەد لە دایك بووی رێکەوتی ١-٧-١٩٣٠, هاووڵاتی گوندی زەنانە گێڕاوێتییەوە, بە تراکتۆر هاتینە خورماتوو, پێنج سەد کەس دەبووین, شەوێ لە خورماتوو ماینەوە, بارمانیان کرد بۆ تکریت. لە تکریت خستمانیانە بینای جەیشی شەعبییەوە, جیامانیان کردەوە. ژن و منداڵ بە جیاو منداڵی خوار ١٠ ساڵ" خۆی ١٥ ساڵە", پیاویش بە جیا, رۆژی دوواتر نزیك ٢٠٠ گەنجیان دەرکرد لێیانیان دا. بە بەرچاومەوە ئەحمەد حەمید غێدان ٤ کەس لێیان دەدا, گشتمان لە بێدەسەڵاتیا دەستمان کرد بە گریان.

وتیان کێ تەتەوع دەکات بۆ قادسیە بەڵام تەمەنی ٥٠ ساڵ زیاتر نەبێت, هەموو لە ترسا ناوی خۆی نووسی, دوای ناونووسین بردیانیان نەمانزانی چییان لێهات.

هیومان رایت وۆچ لە پەرتوکەکەی لەسەر زمانی قوربانیانەوە دەنووسێت: (( لێرەش وەك تۆپزاوا پاسەوانەکان لە هێزی سوپای نیزامی بوون و ئەمن و ئیستیخباراتیش ئامادەبوون. بەڵام پیاوێك دەیوت گوایە چەند کەسێکی ناسیوەتەوە سەر بە سوپای میللی (الجیش الشعبی) بوون. بارودۆخ لە تکریتدا ئەوپەڕی سەخت و نارەحەت بوو. محەمەد، کە پیاوێکی خەڵکی گوندی تالاو بوو، لە کاتی ئەنفالدا تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، دەیگێڕایەوە:

"یەکەم بەیانی پیاوەکانیان کردە کۆمەڵی بچووك بچووکەوە و کەوتنە لێدانیان و چوار سەرباز بەندییەکیان فەلاقە دەکرد و دەبوو بەندییەکانی تر بەدیارەوەبن. هەر کۆمەڵە و پانزە یان بیست کەس دەبوو و بە زەحمەت کەسێك دەیتوانی لە دارکاری و تێهەڵدان و کێبڵی کارەبا پێداکێشان ڕزگاری بێت. ئەوان بەیانی زوو دەیانبردن و دوای نیوەڕۆ دەیانگێڕانەوە و سەرباز پیاوەکانیان بە ناوەکانیان بانگ نەدەکرد بەڵکو تەنها ئیشارەتیان بۆ دەکردن (تۆ و تۆ...) و ئا بەم شێوەیە، ئەمانە ئەمنی تکریت و کەرکووك بوون و ئێمە بە قەساب ناومان دەبردن و کە تاقمێك پیاوی دارکاریکراو دەگەڕانەوە، تاقمێکی تریان دەبرد بۆ فەلاقە کردن.

ئەو شەوە من لەگەڵ کۆمەڵێکی دە دوانزە کەسیدا بە دەست و چاو بەستراوی بردینیانە دەرەوە و بە سێ یان چوار ئۆتۆمبیل ڕەوانەی شوێنێکیان کردین لە تکریت، ئێمە بە درێژایی ئەو شەوە دەخولاینەوە و بەدەگمەن دەوەستاین و هیچ پرسیارێکیان لێنەکردم. خەڵکە گیراوەکە لەگەڵ یەکتر قسەیان نەدەکرد، چونکە هەر کەسە و بیری لە چارەنووسی خۆی دەکردەوە و لەو دە دوانزە کەسەی ئەو شەوە بردنیانە دەرەوە تەنها پێنج گەڕایەوە. بۆ شەوی دوایی کاتێ کە گەڕامەوە بۆ قاوشەکە ئەمن هاتن و پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە چەند

کەس خۆی دەبەخشێ بۆ شەڕ لە دژی ئێران، هەشتا پیاو خۆیان ناونووس کرد، بەڵام درۆ بوو هەموویان سەرنگومکردن. لیژنەیەك لە ئەمنەوە پێکهاتبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکاندا و فەرمانیان پێدرا بە چیچکانەوە دانیشن و لەو کاتەدا هەموو پارەکانیان لێسەندن و خستیانە توورەکەیەکی گەورەوە. هەروەها گشت ناسنامەکانیان لێسەندین و دەیانقیژاند بەسەرماندا بۆ ئەوەی بمانتۆقێنن، یەکێك دەیوت: "ئەو چەکانە بێنە بیانکوژین"، ئەویتر دەیوت: "نەکەن ئەمانە داماون، مەیانکوژن"، یەکێکیتر لەولاوە دەیوت: "خۆزگە هەموومان دەکوشتن". ئەو شەوە درەنگ ئەمن هاتنەوە و هەرچی گەنج هەبوو بردنیان و تەنها پیرەکان مانەوە. ئەوان گەنجەکانیان بە زیاتر لە دە پاسی نیسان کۆستەر برد، کە هەر یەکەیان چل و پێنج کەسی دەگرت و هەموو ناسنامەکانیان لێسەندن و لە جلەکانی بەریان زیاتر هیچیان پێنەهێشتن". .

لە نێو ئەو گەنجانەدا کە ئەو شەوە بێسەروشوێن کران سەڵاحی کوڕی محەمەد و برازاکەی و زۆر کەسی تریش لە خزمەکانی. "من ئیتر هەواڵم نەزانین و هیچ سەر و سۆراخێکیان نەما و جارێکیتر کەس نەیبینینەوە و تەنها سەددام حوسێن دەزانێ لە کوێن"، ئەمە دوا قسەی ئەو پیاوە بوو. )).

## رزگاربوونی بەشێك لە ئەنفالکراوان لە دووز

ئەگەر لە ناحیەی لەیلان و ناحیەی قادر کەرەم بە تاك زۆر کەس رزگاری بووە لە ئەنفالکراوە ژن و منداڵەکان, ئەوا لە مەرکەز شەبابەکەی قەزای دووز خورماتوو و ناو قەزاکە ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵ بە کۆمەڵ رزگاریان بووە, بە سەدان کەس دێنە ژماردن, چیرۆکی ئەم رزگار بووانە زۆرکەس گێڕاویەتیەوە, لێرە بێ دەستکاری دەیخەمە بەردەستان.

دەڵێن دەمەو مەغریب جەبارە درێژ دەچێتە ناو مەرکەز شەبابەکە و دەڵێت ئەمشەو ژمارەیەکتان ئازاد دەکەین, لای دیوارەکە رادەوەستێت, پێ دەنێنە بان شانی و ئاودیویان دەکات.

مەلا هاوار لە وتەی بۆ کەناڵی سەتەلایتی گەلی کوردستان دەڵێت: نۆ رۆژ لە دووز سجن بووم, ئاخر رۆژ کە دەبوایە سبەی  بارکرێن بۆ تکریت, ئەو شەوە ئەوان لە پەنجەرەکەوە دەردەچن, ئەو دەڵێت: هاشم خروەلی یان عەدنان تەمین یەکیان, دایکی دەچێتە سەر پشتیان و خۆی  رزگار دەکات, دایکی کە دەچێتە ئەو دیو دیوارەکە, داوا دەکات مناڵەکانیشی بۆ بەرن,  هەر نۆ خوشك و براکەی مەلا هاوار دەدەنە دەست دایکییەوە و رزگاریان دەبێت, وەلێ مەلا هاوار باوك و برایەکی لە قوتابخانەی رەشید بوونە بارکراون بۆ تکریت تا ئێستا بێ سەرو شوێنن.

مامۆستا دلێر کەریم لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەناو مرکەز شەباب دووزەوە بڵاوی کردۆتەوە لە گەڵ رزگاربوییەك ئەو دەڵێت لە قادڵمەوە دەچوونە سەرەوەو دەرچوون, خەڵکی دووزیش نانیان دەهێنا, لە گەڵ  خۆیانا عەبایان دێنا, خەڵکیان بە عەبا دەرە کرد, ئەنفالکراوەکان بە گوریس لە بانەوە خۆیان دەکردە خوارەوە.

لێ بەفراو کەیان حوسێن بۆ کەناڵی سەتەلایتی گەلی کوردستان دەڵێت: پەنجەرەکەمان شکاند, ژنێك وتی: بەیانی خێمەمان دەدەنێ ئەوان دەرنەچوون, ئێمە دەرچووین, جەبارە درێژ وتی وەرن عەسکەر عارەبی لێ نییە پەنجەرەکە بشکێنن دەرچن, ئەو رۆژە باران بوو. هاووڵاتییەکی دیکەی ناوچەی داوێ وتی: حەمە حەکیم  خۆم و هەر سێ مناڵەکەمی خستە سەر شانی لێرە رزگارمی کرد.

ئافرەتێکی دیکە دەگێڕێتەوە: لە چەوری هاتینە بان ئاوەکە, خێمەیان هەڵدا لە بان ئاوەکە, وتیان سبەی بەرەڵاتان دەکەین, سبەی زیل هات بردمانیان بۆ مەرکەز شەبابەکە, من رزگارم بوو لە مەرکەز شەبابەکە.

حاجی عەبدولا ئیبراهیم نەوجولی لە دیدارێکی لەگەڵ ئاکۆ تاڵاوی دەڵێت: خەلیل کوڕم و لە گەڵ چوار کەس تر چوونە مەرکەز شەبابەکە, لە مەرکەز شەبابەکە جەبارە درێژ و خەلیل کوڕم وتیان بڕۆن پەنجەرەکە بشکێنن, پەنجەرەکەیان لە پشتەوە شکاند, خەڵکەکە دەرچوون, ماڵمان پڕ بوو, حەوش پڕە, بان خانوو پڕە, ئەفسەرەکە هات وتم  کلهم اقربائی ......., زابتەکە هاوکاریمانی کرد وتی: کورسیەکم بۆ بێنە با کەس ماڵەکەتان نە پشکنێ, خواردنم بۆ هەموو یان هێنا  ........

بە وتەی رۆژنامەنووس هۆزان جاسم, جەبارە درێژ دوو رۆژ لەسەر یەکتر زیندانیانی ئازاد کردووە, لەو دوو رۆژە زیاتر لە ١٢٠٠ کەسی رزگار کردووە, رزگارکردنەکانیش سەر لە ئێواران ئەنجام دراوە, هەرچەندە بە پێی زانیارییەکان کەمتر لە نیوەی ئەو ژمارەیە رزگاریان بووە, وە کەسی دیکەش هاوکاری رزگارکردنی ئەنفالکراوانیان داوە.

حوسێن وەلی عەبدوالڕەحمان لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٤ گوندی وارانی دەڵێت: لە دوز مەجید قادر هەمزەو خەڵکی دیکە گیراون ئەنفال لەماڵیان بووە, ٤٥ ڕۆژ لە تکریت زیندان بووە, بە گشتی لە دووز ٧٠٠ کەس گیراین.

بەڵام عەزیمە ساڵح وەهاب ئەفەندی هاووڵاتی گوندی دوڕاجی لە دایك بووی ساڵی ١٩٦٩ سەبارەت بە ڕزگار بوونی دەڵێت: کەوتینە ڕێ بەرەو سەر ڕێگای سلێمان بەگ و بەلەگەو ئەو ناوە, دوو ڕۆژ لە قۆڕیجانماینەوە, لە سەر ڕێگای سلێمان بەگ جەیش و جاش هاتن و گشتمانیان گرت, پیاوەکانیان لێ جیاکردینەوە, هەرچی چەك و شتیان پێبوو لەسەر جادەکە لێیان سەنریا و دانران فەوجێکی جاش هاتبوون ( عەدنان دیسکۆ) , ئەوان پیاوەکانیان جیاکردەوەو خستیانە ناو زیلێکەوە و ئێمەش بە جیا بەرەو دووز براین. براین بۆ مەرکەزی دووز, لەوێ بینایەیەك بوو پیاوەکانیان بە بەرچاومانەوە خستە ناو ژورێك سجن بوو, من تازە مناڵەکەم پێی گرتبوو, پیاوەکەم هەر سەیر مناڵەکەی دەکرد, بانگمی کرد وتی بیهێنە بۆ لام, منیش بردم, ئاگام لە خۆم نەبوو عەسکەرەکە قۆناغە تفەنگێکی دا لێم و مندالەکەی فڕێدا وتی: نابێت , ئیتر پیاوەکەم نەیتوانی ماچ مندالەکەی بکات, هەر بەو خۆزگەوە ڕۆیشت. پیاوەکانیان برد نەمانزانی بۆ کوێیان دەبەن, ئێمەشیان خستە ناو سەیارەو براین بۆ مەرکەز شەباب, لەوێ خراینە ناو بیناکەوە ئێمە لە نهۆمی سەرەوە بووین, .....خەسووەکەم پەنجەرەکەی شکاندو ئێمەش چووینە ناو حەوشەکەوە, خەسوم پشتی چەمانەوە و وتی: تۆ سەرکەوە و منداڵەکان بووە, کوڕەکەی خۆم و یەکێك لە دشەکانم کەمئەندام بوو, تەمەنیشی مندالبوو, ئەوانم خستە سەر دیوارەکەو دوواتر چوومە ئەو دیوە, ..ماڵ سێخوشکم لە دووز بوو, لە گەڵ ماڵی مامەم, ماڵی خوشکانم ڕێگەیان نەدا تەنها یەك شەو لە ماڵ یەکێکیان مامەوە, دواتر چوومە ماڵ مامەم لەوێ هەشت شەو مامەوە.

وەلێ چیرۆکی فەیروز ئیسماعیل جەلال هاووڵاتی گوندی وارانی خواروو لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٥ جیایەو بەشێوەیەکی دیکە ڕزگار کراوە, ئەو دەڵێت: ڕامانکردە جەوەڵەکە, تەیارە هەڵسا بۆمان گیراین, جوندییەك هەردوو دەستمی کەلەپچە کرد و هەردوو دەستمی بەستەوە, بان چاوی گرتم, گشتمانیان بەستەوە و کۆیانکردینەوە , دامانیانە لە بەر, ئاوەسپی هاتووە هەڵهەڵەی دەکرد, خوا دەزانێت سەت ژن بووین, پیاوەکانیشیان ڕیز کرد, جوندییەکە پاڵی پێوەنام و خستمیە زەوی کەوتمە ئاوەکە, کوڕو کچەکەم لە سکم بوون, خوا دەزانێت ئاوەکە بردمی تاکو دوو جوندی هاتن و دەرمیانکرد, وتیان بۆ ئەوەتان خستە ئاوەکەوە گوناحە, وتی: کوڕە ئەمە موخەڕبینە,..لە ئاوەکە دەرمیان کرد گیانم شڵپەی دەهات لە ئاو و قوڕا, دامانیانە بەر بۆ بان قورتەواز. بەرز بوو موسەیتەر بوو, بۆ تەیارەکان باش بوو, خەڵکەکە زۆر بوو, ئیتر وتیان هەر جارەی بڕێك دەوەین.

لەوێ خراینە ناو تەیارە, دەموچاومان بەسترابوون, ئەم کوڕو کچەم لە سك بوون, براین بۆ مەعەسکەر, خەڵکەکە زۆر زۆربوو, بەڕێکردن لە زەوی و بە تەیارەش لە ئاسمان, تەیارەکە نیشتەوە, دەرمیان کرد سەت ژن بووین, دە پیاویش, ژن بە جیاو پیاوەکانیش بە جیا , ناوی پیاوەکانیان نووسی, بەڵام ئێمە نا, براینە ناو مەرکەزەکەوە ئێمەش سەیارەیەکی ئاساییان هاورد عەسکەری نەبوو, کۆستەرێك هات, گەیشتینە مەعەسکەر چاومان کرایەوە, ... دواتر ئێمەیان خستە ناو کۆستەرەکەوە, تۆزێك سەیارە چوو, دواتر هەر ئەونەمانزانی جاش پەلاماری سەیارەکەی دا, دەرمانیانکرد. من زەلامێك دامیە شانە, کوڕو کچێکیش لەناو سکمن, .... ڕفامی ڕفامی, بردمی , خستمییە بەرازیلییەك و وتی: خوا خراپتان بۆ بکات من خۆم جاشم, ....لە دەرگایەك وەستا, دای لە قاپی و قاپییان کردەوە, بارازیلییەکەی کردە حەوشە, دەرمیکرد لەناو بەرازیلییەکە, وتیە دایك و خوشکانی و وتی دەی نان بێرن, ئاو بێرن, پاك بیشۆرن, ئەم قوڕ بەسەرە داماوە بۆ خوا دەرمکردووە, بە گەورەیی خوا یەك تیکە نانم پێنەخورا. ١٥ ڕۆژ لەو دەشتە بەس گیام خواردبوو لەو جەوەڵە,....جاشەکە ناوی عەباس بوو خەڵکی نەوجول بوو.

هیومان ڕایت وۆچ سەبارەت بە ئازادکردنی ئەنفالکراوانی دووز خورماتوو دەنووسێت:(( لێرەش وەك لەیلان، خەڵکێکی کەم توانییان بە یارمەتیی ئەو جاشانە دەربازبن کە ئەرکی پاسکردنی ئەو شوێنەیان پێسپێردرابوو. تەنانەت، وەك باس دەکرێ، موستەشارێکی بەبەزەیی پەنجەرەیەکی بیناکەی شکاندبوو و شەو بواری زۆر ژن و منداڵی دابوو دەربازبن و ئەم کارەی ژیانی گەلێ کەسی سەندەوە. سەربازە نیزامییەکانیش، کە زۆربەیان عەرەب بوون، ڕەفتاریان زۆر ناشیرین بوو هەر پارە و نەختینەیەك بە ژنەکان بوو )).

## سیخوڕەکە کاری خۆی کرد

ئەمەی خوارەوە, بەڵگەنامەیەکە تایبەت به خەبەر لێدان لە جەبارە درێژ, تایبەت بە رزگارکردنی خێزانە ئەنفالکراوەکان ناو مەرکەز شەبابەکەی قەزای دووز خورماتوو, سیخوڕی سەردەمی رۆژە رەشەکانی ئەنفال جێی خۆیەتی سزای تاوانەکەی زۆر زیاتر بێت لەوانی دی, زیاتر شەرمەزار بکرێن و لە سزا رزگاریان نەبێت.

((بە پەلەو نهێنی ٢٤-٩

لە- م اس دووز

بۆ-م اس رۆژهەڵات-ش ٣

ژمارە ١١٨٦- لە هاوکارە متمانە پێکراوەکەمان، بەناوی ساڵەح سەعید، پلەی متمانەکردن باش, ئەمانەی خوارەوەمان زانی: دوای چوارەمین ئۆپەراسیۆنی ئەنفال، ژمارەیەك خێزان کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان نیشتەجێ بوون لە سەنتەری گەنجانی دووز دەستبەسەر کرابوون. شەڤان جەبار عەزیز حەسەن، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە ١٤٦، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی دووز، لە شەودا ژمارەیەك خێزانی بە قاچاخ بردە دەرەوە و لە ناو قەزاکەدا نیشتەجێیانی کرد. یەکێك لەو خێزانانەی کە پێشتر باسمان کرد هێشتا لە قەزاکەدا نیشتەجێیە، بە پێچەوانەی ئەو ڕێنماییانەی کە باس لە گواستنەوەی خێزانەکان بۆ کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون دەکەن. تکایە پێداچوونەوە بکەن.

نێرەر: کازم

وەرگر: عەبدوڵڵا

کات: ٢٢٠٠

جەنابی بەڕێوەبەر: تکایە پێداچوونەوە بە ئاگادارییەکەی ناوەند بکەن بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایشی دووز بۆ دەستگیرکردنی ئەو خێزانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە و گواستنەوەیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هەڵاتنیان و فەرمانی بەڕێزتان .

مقدەم ٢٥-٩-١٩٨٨)).

## نارەزایەتی کاتی بردنی ئەنفالکراوان

ئێوارەی رێکەوتی ١٥-٤-١٩٨٨ بە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمۆبێل و ریمی درێژ, ئەنفالکراوانیان لە مەرکەز شەبابەکەی قەزای دووز خورماتوو گواستەوە بۆ تکریت, رۆژی گواستنەوەی ئەنفالکراوان لە قەزای دوزەوە بۆ تکریت نارەزایەتی و بارگرژی لە شاری دووز پەیدا بوو, هاووڵاتییان بە تایبەت ئەوانەی ناوەکەیان دەستمان کەوتووەو دەشێت زۆریشی دیکە هەبن لەوانە عەبدول باست عەبدول کەریم ئەحمەد گۆمبی و غازی محەمەد موسا ناسراو بە غازی قەساب لە ئەنجامی بەرەورووبونەوەی رژێم بریندار بوون, لەم نارەزایەتیانە هاشم خدر وەلی, خەلیل حاجی برایم, فازل سعید رۆڵیان هەبووە, ئەوان بزماریان داکوتیوە لەسەر جادەکە بۆ ئەوەی سەیارەکان پەنجەر بن و ئەنفالکراوان نەبەن.

## زیندانەکان تکریت

تا ئێستا زانیاری پێویست لەسەر ئەو تەلارانە نییە لە شاری تکریت لە هەردوو قۆناغەکە, کە ئەنفالکراوانی دووز و دووبزی بۆ گواستراوەتەوە.

هەندێك دەڵێن سەربازگەی تکریت نزیك شاری تکریت بووە, ژن و منالی ناوچەی داوێ برانە ئەوێ, زۆرینەش بە بارەگای جەیشی شەعبی ناوی دەبەن, وەلێ زانیاری ورد سەبارەت بە پێشینەی ئەو جێگایانەو چۆنیەتی ژیان لەو زیندانانە نییە بە تایبەت ژیانی پیاوانی گەنج و ژن و منداڵەکان دووای جیاکردنەوەی پیرەکان و ناردنیان بۆ قەڵای سەربازی نگرە سەلمان, ئەمانە وەك نهێنی ماونەتەوە وێرای پێك هاتەی بەڕێوەبەری ئەو دوو زیندانە کە نزیك ٢٠٠٠ بۆ ٢٥٠٠ کەس تەنها ئەوانەی لە دووزەوە هێنرابوون, هەروەها زیاتر لە ٣٠٠٠ ژن و منداڵی سەربازگەی دووبز, تکریتیش قەسابخانەیەکی گەورە بووە بۆ ئەنفالکراوان, چونکە جگە لە پیرەکان نگرە سەلمان ئەوانی دی کە پێیان ناوەتە ناو تکریتەوە خرپان نەگەڕانەوە و هەموو لە گۆڕە بە کۆمەڵە نهێنییەکان بە کۆمەڵ کوژراون. ئەوەی زانراوە ئەوەندەیە کە ژیان لێرە سەخت بووە.

## ئەنفالکراوان دووبز لە تکریت

ئەو ئەنفالکراوەی پێی ناوەتە سەر خاکی تکریت, جگە لە پیرەکانی دووز, هەموو برداون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان, تەنها دوا گروپی دووبز نەبێت بە رێکەوت بەر لێبوردنی گشتی ٦-٩-١٩٨٨ واتا بەر لێبوردنی بریاری ٧٣٦ کەوتوونە.

ئەنفالکراوانی تکریت لە زیندانی دووبزەوە بە ئۆتۆمۆبیلی داخراو براون, میزو پیسایان لە ژورەوە کردووە. کە خەڵکیان

لە دووبزەوە بردووە بۆ تکریت, ئەوانی دیکەیان کردۆتە ژورەوە نەیان هێشتووە دەرەوە ببینن.

ئەو زیندانەی تکریت کە زیندانیکراوانی ژن و منداڵی دووبزیان بۆی بردووە ٦ هۆڵ بووە. ئەوەی لە هەردوو زیندانی تۆبزاوەو دووبز لێیان نەسەندراوە, لە تکریت لێیان سەنراوە. لە زیندانی تکریت بە زۆر ئاهەنگ و گۆرانییان بە زیندانەکان کردووە و بەهۆی دەرچوونی لێبوردنەکەوە.

سالار ئەمین ئاوا چیرۆکی خۆی لە زیندانی تکریت دەگێڕێتەوە: دوای پێنج مانگ گواسترانیەوە بۆ تکریت و نزیکەی ٢٠ ڕۆژ لەوێ ماینەوە و ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە تراژیدیامان بەسەر برد, کۆتا جار لەوێ لە گەڵ دایك و خوشکەکانم و مامەو میمك و ئامۆزاکانم لە سەیارەی تایبەت بارکراین بربردرێین بۆ زیندە بە چاڵکردن, پەیتا پەیتا خەڵك, ئێمە نزیك کۆتا وەجبەکان بووین, بەڵام بەهۆی هەڵەبوونی ناوی ژنێکەوە چارەکە سەعاتێك دواکەوتین و ئەوەش بووە هۆی رزگار بوونمان, چونکە لە کاتی گەڕان بە شوێن ناوی ژنەکەدا لە لایەن پاسەوانەکانی زیندانەکەوە, گومانیان کرد ژنەکە ناوی نەدابێت یان بە هەڵە ناوی وتبێت, لێی تورە بوون کە بۆ ناوی نییە؟, ئەویش وتی خۆتان شێرزەن و نازانن خەتای من چییە, ژنەکە زۆر وریاو زیرەك و چاونەترس بوو پێیانی وت: کاکە ئێوە خۆتان پەشۆکاون و تورەن و هیچ نابینن, ورد ببنەوەو بگەڕێن, ئەگەر ناوم لە سجلەکەدا نەبوو چیدەکەن بیکەن. ناوی ژنەکە" پەروین کەریم بوو", ئیتر هەموویان لە دەوری کۆبونەوەو لە لیستەکە بە وتنەوەی ناوی پەروین کەریم, پەروین کەریم بە دوای ناوەکەی دەگەڕان, چونکە بە تەنها ئەو مابووەوە, لەو لەحززەیەی بە دوای ناوەکەی پەروین دەگەڕان, سارد بونەوە سەیارەکان کەمێك جولان و وتیان یەلا دابەزن, ئەو خێزانانەی وا لە سەیارەی یەکەم و دووەم سەرکەوتبوون, لاشە لە بان لاشە, کارەساتێکی زۆ خراپیان بەسەر هاتبوو, گەرمایان بوو, منداڵە وردەکان تەنگە نەفەس ببوون, لەو کاتەدا سەیارەیەکی سەربازی خۆی کردە ناو زیندانەکەدا و فەرمانی لێبوردنەکەی بە کارگێرانی گرتووخانەکە دا و بەو هۆیەوە بەر لێبوردن کەوتین و لە لێواری مەرگ گەڕاینەوە. ئەوەی بەسەر ئێمەدا هات, یاخوا بەسەر دوژمنیشدا نەیەت. هێشتا شانسمان بوو, وەك قافڵەکان پێشوو, کە خزم و کەسوکارانمان بران بۆ زیندبە چاڵکردن , نەبراین بۆ مردن و گەڕاینەوە بۆ ژیان.

بەڵام رەحیم نەجم الدین مەجید ئاوا چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە: لە تکریت لە مەرکەزی ئەمن بووین, کراینە ژورێکەوە قفڵ بوو دەرگاکەی , ڕۆژانە سێ وەخت بۆ سەر ئاوکردن دەردەکراینە دەرەوە, هەر هۆڵەی ٢٠٠ کەسی تێدا بوو, لەوێ نزیك ٧٥٠ کەس بووین. نۆ ڕۆژ ماینەوە و خواردنەکەمان باش بوو. ئەمن مێزیان دانا, گوارەی گوێ منداڵیشیان بە راتەکان دادەنا, هەموو شتیان لێمان سەند.

وەلی رەسمیە نەجمەدین محێدین کە مامان و پەرستاری نافەرمی بووە لە زیندانی دووبز دەڵێت: ٧٥٠ کەس بوونە بردویانانە بۆ تکریت, هەر ٦٥ کەسێك کرایە پاسێکی بچوکەوە, تا گەیشتینە ئەێ نزیك ٣٠٠ کەسمان بورابووەوە.سجنەکەی تکریت هەر لە ناو ئەمنی تکریت بووە, بۆشاییك لە نێوانیان بوو.

کە بەرلێبوردن کەوتین, لە تکریتەوە هێنامانیان بۆ تۆبزاوە, ئەوانەی لە تۆبزاوا بوون لە گەڵ ئێمە بوون لە گەڵ ئێمە هێنایانیان بۆ کەرکوك, بۆ عەربەت, دوایی چەمچەماڵ.

## بۆ هیچ نەکرا

تا ئێستا هیچ زانیارییەك لەسەر شوێنی کۆکردنەەی ئەنفالکراوان لە تکریت کۆنەکراوەتەوە, لە کاتێك کورد بۆ تاڵانی لە ڕۆژانی دووای رووخانی بەعس گەیشتە تکریت وەلێ بۆ بەدواداچوونی جێگای هەزاران ئەنفالکراو هەنگاوێك نەنرا, ئەگەر چی هەمیشە کورد لە ئەنجومەنی پارێزگای تکریت نوێنەری هەبووە, نوێنەر گەلێك لە کاتێك گوایە نوێنەری کەسوکاری ئەم قوربانیانەن, لانی کەم جارێك وێنەیەکی لەو سەربازگایانەی نەهێنایەوە نەخوازەلا ناوی هەرەمی بەڕێوەبەری ئەم زیندانە نەگریسانە.

سەرچاوەکان:
- بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان , حەسەن بارام , کەرکوك ٢٠٠٧
- بێنەواکان لە چوارچێوەی تاوانی ئەنفالدا- زەمان عەبدە, چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠١٦- چاپخانەی رۆکسانا
- سالار ئەمین دلێر کەریم گۆڤاری تۆبزاوە
- لە ( کەریم باسام)ەوە تا تکریت, چیرۆکی بەشێك لەو ئەنفالکراوانەی لە دەروازەی مەرگ گەڕانەوە ٢٠١١
, شاڵاوی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان هێرۆ محەمەد ئەحمەد
-جینۆساید لە عێراقدا ..پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد - هیومان ڕایتس ووۆچ/ میدڵ ئیست ووۆچ
-سی دی دۆسیەی ئامادەکراوی ئەنفال لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە.
-محکمە الانفال اعداد ریکار مزوری بمساعدە محامی اياد کاکەیی
- نیشتمانی گولەگەنمەکان کردەرەهاتی ئەنفال لە زاری ژنانەوە ئامادەکردنی سەلام عەلی ٢٠٢٤.

# دیدی ڕۆژئاواییەکان بۆ دۆزی جینۆسایدی کورد (جۆناسان ڕاندڵ وەک نموونە)

## «لە دوای ئەو زانیارییە، چ لێخۆشبوونێک؟»

## ڕۆژئاوا و تاوانی ئەنفال لە تێڕوانینی جۆناسان ڕاندڵدا

پڕۆفیسۆر د.زریان حاجی / زانکۆی سلێمانی

### پێشەکی: بێدەنگییەکی گران و بەرژەوەندییەکی بێبەزەیی

مێژووی سەدەی بیستەم بۆ گەلی کورد پڕە لە کارەساتی خوێناوی، کە تێیدا جینۆساید و هەوڵەکانی سڕینەوەی ناسنامە بەشێکی گەورە و برینێکی قووڵ پێکدەهێنن. لەو ساتانەی کە کوردستان ڕووبەڕووی چەکی کیمیایی، خاپوورکردنی گوندەکان و شاڵاوەکانی ئەنفال دەبووەوە، تێڕوانینی زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی «ڕیال پۆلەتیک» (Realpolitik) و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکاندا قەتیس مابوو. ڕۆژئاوا زۆرجار وەک کارتێکی فشار یان کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە سەیری دۆزی کوردی دەکرد. بەڵام لە نێو ئەو بێدەنگییە نێودەوڵەتییە سامناکەدا، چەند دەنگێکی ئازا هەبوون کە لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییە دیپلۆماسییەکان، ویژدانی مرۆڤایەتییان هەژاند؛ یەکێک لەو دەنگە دیار و کاریگەرانە، ڕۆژنامەنووسی گەورەی ئەمریکی جۆناسان ڕاندڵ (Jonathan Randal) بوو.

### جۆناسان ڕاندڵ: شایەتحاڵێکی سەرڕاست لە سەردەمی بێدەنگیدا

جۆناسان ڕاندڵ، پەیامنێری دێرین و بەئەزموونی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)، یەکێک بوو لەو کەمینە ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییانەی کە بڕیاریدا لە پشت مێزەکانی واشنتۆنەوە سەیری ڕووداوەکان نەکات، بەڵکو بێتە ناو جەرگەی نەهامەتییەکانی گەلی کوردەوە. ئەزموونی ڕاندڵ لەگەڵ کورد تەنها ماوەیەکی



کورتخایەن نەبوو، بەڵکو دەیان ساڵ بەدواداچوون و گەشتی بەردەوامی بۆ شاخ و شارەکانی کوردستان لەخۆگرتبوو.
دیدی ڕاندڵ بۆ دۆزی کورد دیدێکی مرۆڤدۆستانە و لە هەمان کاتدا شیکارییەکی مێژوویی قووڵ بوو. ئەو زۆر بەخێرایی تێگەیشت کە ئەوەی بەرامبەر بە کورد دەکرێت، تەنها سەرکوتکردنی شۆڕشێک یان یاخیبوونێک نییە، بەڵکو هەوڵێکی سیستماتیکییە بۆ سڕینەوەی نەتەوەیەک (جینۆساید).
کتێبی «دوای ئەم زانیارییە، کام لێخۆشبوون؟»
دیارترین بەرهەمی جۆناسان ڕاندڵ لەسەر دۆزی کورد، پەڕتووکە بەناوبانگەکەیەتی بە ناوی «After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan» (لە دوای ئەو زانیارییە، چ لێخۆشبوونێک؟ گەشتەکانم بۆ کوردستان). ناونیشانی پەڕتووکەکە خۆی لە خۆیدا پرسیارێکی ویژدانیی گەورە ئاراستەی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات. مەبەستی ڕاندڵ ئەوەیە: کاتێک ئێمە (ڕۆژئاوا) زانیاریمان هەیە و دەزانین کە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان چۆن کورد قڕ دەکەن و چەکی کیمیایان پێدا دەکێشن، ئیتر چۆن دەتوانین لە خۆمان خۆش ببین کە بێدەنگیمان هەڵبژاردووە؟
لەم پەڕتووکەدا، ڕاندڵ بە وردی تیشک دەخاتە سەر:
• بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە: ڕاندڵ یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر بە توندی ئیدانەی ئەم تاوانەی کرد و ڕەخنەی لە ئەمریکا و ئەوروپا گرت کە لە کاتی خۆیدا چاویان لەم تاوانە گەورەیە پۆشی، تەنها لەبەر ئەوەی عێراق لەو کاتەدا دژی ئێران دەجەنگا.
• شاڵاوەکانی ئەنفال: بە دۆکیۆمێنتکردنی قۆناغەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی خستییە بەردەم خوێنەری ڕۆژئاوایی.
• ناپاکی و خیانەتی زلهێزەکان: ڕاندڵ بە زمانێکی ڕەخنەگرانەی توند پەردەی لەسەر ئەو مێژووە لادا کە چۆن زلهێزەکان بە درێژایی مێژوو کوردیان وەک ئامرازێک بەکارهێناوە و دواتر لە نیوەی ڕێگادا جێیان هێشتوون.

## ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دووڕوویی ڕۆژئاوا

ئەوەی جۆناسان ڕاندڵ لە زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و چاودێرانی دیکەی ڕۆژئاوایی جیادەکاتەوە، بوێرییەکەیەتی لە ڕەخنەگرتن لە خودی سیستەمی ڕۆژئاوا. دیدی ئەو بۆ جینۆسایدی کورد تەنها تۆمەتبارکردنی ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو، بەڵکو هاوبەشکردنی تاوانەکە بوو لەگەڵ ئەوانەی کە چەک و تەکنەلۆژیایان بەو ڕژێمانە فرۆشت یان لە ئاست تاوانەکانیاندا بێدەنگ بوون.
ئەو لە نووسینەکانیدا هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە کە کێشەی کورد کێشەی تیرۆریزم یان جیاخوازیی ڕووت نییە (وەک

ئەوەی زۆرجار میدیای فەرمیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وێنای دەکەن)، بەڵکو خەباتی نەتەوەیەکە بۆ مانەوە لە ژیان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤانەی خۆی لە بەرامبەر پرۆسەی سڕینەوە و جینۆسایددا.

لێرەدا بە وردتر دەچینە ناو بابەتەکە و ئاماژە بە چەند زانیاری و سەرچاوەیەکی ناو کتێبەکە دەکەین (ئاماژەی لاپەڕەکان بۆ چاپی ئینگلیزیی کتێبەکەن بەناوی: After Such Knowledge, What Forgiveness?):

١. ئەنفال؛ سڕینەوەیەکی سیستماتیک، نەک شەڕی ناوخۆ

ڕاندڵ لە کتێبەکەیدا بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێت کە پرۆسەی ئەنفال تەنها سەرکوتکردنی پێشمەرگە یان یاخیبوونێکی چەکداری نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی وردی خاپوورکردنی جوگرافیا و سڕینەوەی کۆمەڵگەی کوردی بووە. ئەو تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ڕژێمی بەعس تەواوی ناوچە کوردییەکانی کردبووە «ناوچەی قەدەغەکراو» (Free-fire zones) و هەر بوونەوەرێک لەوێ بووایە، بەبێ پرسیار لەناودەبرا. ڕاندڵ ئەمە وەک نموونەی باڵای تاوانی جینۆساید دەناسێنێت کە ڕژێم هەموو ئامرازەکانی دەوڵەتی بۆ تەرخان کردبوو.

٢. کارەساتی دۆڵی بالیسان و بێسەروشوێنکردنی پیاوان

یەکێک لەو بەڵگە بەهێزانەی ڕاندڵ ئاماژەی پێدەدات بۆ سەلماندنی تاوانی جینۆساید، شێوازی مامەڵەکردنی ڕژێمە لەگەڵ خەڵکی مەدەنی و جیاکردنەوەی پیاوان و ژنانە. بۆ نموونە لە لاپەڕە ٢٣٠ی کتێبەکەدا، کاتێک باسی هێرشە کیمیاییەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٧ دەکات بۆ سەر دۆڵی بالیسان (کە وەک سەرەتایەک بۆ قۆناغەکانی تری ئەنفال دادەنرێت)، ڕاندڵ دەنووسێت:

«نزیکەی حەفتا پیاو خرانە ناو پاسەوە و بران، وە هاوشێوەی بارزانییەکان، قەت جارێکی تر نەبینرانەوە. ئەو ژن و منداڵانەشی کە لە ژیاندا مابوونەوە، لە دەشتی دەرەوەی هەولێر فڕێدران بۆ ئەوەی خۆیان ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆیان ببنەوە.»

ئەمە پیشانی دەدات کە ڕاندڵ چۆن دیۆکیۆمێنتی پرۆسەی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی (Enforced Disappearance) قوربانییەکانی کردووە، کە یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی پرۆسەی ئەنفال و زیندوو بەچاڵکردنی کورد.

٣. فرۆشتنی چەک بە سەدام و بێدەنگیی مەرگهێنەر







وێنەی پەرتوکەکە بە هەردووزمانی کوردیو ئینگلیزی :

لە بەشەکانی تایبەت بە کۆتاییەکانی هەشتاکان، ڕاندڵ بە تووڕەییەکی زۆرەوە باسی ئەو قۆناغە دەکات کە عەلی حەسەن مەجید دەسەڵاتی ڕەهای پێدرا بۆ جێبەجێکردنی هەشت قۆناغەکەی ئەنفال (لەنێوان شوباتی ١٩٨٨ بۆ ئەیلولی ١٩٨٨). ئەو ڕەخنەیەکی مێژوویی و توند لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەگرێت کە بە ئاشکرا دەیانزانی چی ڕوودەدات، بەڵام چاویان پۆشی.

ڕاندڵ بە بەڵگەوە باس لەوە دەکات کە چۆن کۆمپانیا ئەوروپییەکان و ئەمریکییەکان تەکنەلۆژیای سەربازی و کەرەستەی کیمیایی دووفاقی (Dual-use)یان بە ڕژێمی سەدام دەفرۆشت. پاساوی ڕۆژئاوا لەو کاتەدا ئەوە بوو کە دەبێت عێراق بەهێز بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێک لەبەردەم مەترسییەکانی ئێراندا، لەم هاوکێشەیەشدا، گیانی سەدان هەزار کوردی ئەنفالکراو بووە قوربانیی ئەو ڕێککەوتنە نەگوتراوەی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕژێمی بەعس.

٤. «متمانەی کوێرانە»؛ ڕەخنە لە سیاسەتی کورد

یەکێکی تر لە خاڵە ناوازەکانی کتێبەکە ئەوەیە کە ڕاندڵ، وێڕای هاوسۆزییە قووڵەکەی بۆ ئازارەکانی کورد، ڕەخنەیەکی ڕاشکاوانە لە خودی کوردیش دەگرێت (بۆ نموونە لە لاپەڕە ٢٥٥ و بەشەکانی تری پێداچوونەوەیدا بە مێژووی کورد).

ڕاندڵ پێی وایە کورد بە درێژایی سەدەی بیستەم خاوەنی جۆرێک لە «متمانەی کوێرانە» (Blind trust) بووە بە زلهێزەکان، بەتایبەتی ئەمریکا. ئەو دەڵێت کوردەکان زۆرجار وەک کارتی فشار لەلایەن وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانەوە بەکارهێنراون، بەڵام سەرکردایەتیی کورد نەیانتوانیوە پێشبینی ئەو خیانەتە نێودەوڵەتییانە بکەن. لە دیدی ڕاندڵەوە، جینۆسایدی کورد و ئەنفال تەنها بەرهەمی دڕندەیی دوژمن نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی ئەو باوەڕە سادەیەی کوردیش بوو کە وایان دەزانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی تەنگانەدا فریایان دەکەون.

پوختەی پەیامەکە لەسەر ئەنفال

کاتێک جۆناسان ڕاندڵ لە ڕێگەی دیدارەکانییەوە لەگەڵ ڕزگاربووانی ئەنفال و شایەتحاڵەکان مێژووەکە دەنووسێتەوە، مەبەستیەتی بە خوێنەری ڕۆژئاوایی بڵێت: ئەنفال لە بۆشاییدا ڕووی نەدا. کاتێک گوندەکانی کوردستان دەسوتێنران و خەڵکەکەی بەرەو بیابانەکانی خوارووی عێراق دەگوازرانەوە، مانگ دەستکردەکانی ڕۆژئاوا و دەزگا هەواڵگرییەکانیان



ئاگاداری وردەکارییەکان بوون. پرسیارە گەورەکەی ناو ناونیشانی کتێبەکەی (لە دوای ئەو زانیارییە، چ لێخۆشبوونێک؟) زللـەیەکە لە ویژدانی ڕۆژئاوا و پێیان دەڵێت: ئێوە زانیاریتان هەبوو کە جینۆساید دەکرێت، بۆیە مێژوو لێتان خۆش نابێت!

## دەرەنجام

جۆناسان ڕاندڵ نموونەی باڵای ئەو بەشە لە ڕۆشنبیر و ئازادیخوازانی ڕۆژئاوایە کە ویژدانیان نەختە خزمەت بەرژەوەندییە بازرگانی و سیاسییەکانی وڵاتەکانیانەوە. لە ڕێگەی پێنووسەکەی ڕاندڵ و هاوشێوەکانییەوە، دۆزی جینۆسایدی کورد لە لاپەڕە شاراوەکانی مێژوو و ڕاپۆرتە نهێنییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانەوە، گواسترایەوە بۆ ناو کتێبخانەکان، زانکۆکان و ڕای گشتیی جیهانی.

ئەمڕۆ، کاتێک ئێمە باسی دیدی ڕۆژئاوا بۆ جینۆسایدی کورد دەکەین، نابێت تەنها سەیری سیاسەتی ساردی حکومەتەکان بکەین، بەڵکو دەبێت ئەو پێنووسە مەزنانەش بەبیر بهێنینەوە کە بوونە شایەتحاڵی ئازارەکانمان و بە جیهانیان گوت: مرۆڤایەتی لە شاخەکانی کوردستان کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە.

# مێژوو لەسەر پەردەی سینەما
## بۆچی سینەمای کوردی نەبووەتە دەنگی جینۆساید لە ئاستی جیهانیدا؟

هۆمەر محەمەد
٨ای نیسان ٢٠٢٦ – سلێمانی

### پێشەکی
### هێزی نەرمی سینەما

سینەما چەندە ئامرازو هۆیەکە بۆ کات بەسەربردن، دوو هێندە هۆیە بۆ نەمریی نەتەوە لەبەرئەوەی یەکێکە لە کاریگەرترین هێزە نەرمەکان کە بە چیرۆک بەوێنە دەگێڕێتەوە، گرنگترین ئامرازە بۆ ئەوەی یادەوەری بەکۆمەڵ بەزیندوویی بهێڵێتەوە و ئامارو ژمارەی قوربانییەکان بکاتەوە بەمرۆڤ ئەگەر داتاکان و توێژینەوەکان شەهیدەکان و وونبووەکان دەکەنە ژمارە ئەوا هونەری سینەما دەتوانێت بیانکاتەوە بە مرۆڤ ئەو ژمارانەی رۆژگارێک هەست و نەست و زەوق و جوڵەی مرۆڤێک بوون. بۆیە هەمیشە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان سانسۆر دەخەنە سەر سینەمای نەتەوە بن دەست و داگیرکراوەکان بۆ ئەوەی دەنگیان نەگاتە هیچ کوێی جیهان.

لە سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمدا، سینەما توانیویەتی تراژیدیا گەورەکان و تاوانە نێودەوڵەتیەکان بگەیەننە هەموو شوێنێک لاپەڕەی ڕۆمانەکان و وتەی شایەتحاڵەکان بەهۆی وێنەی سینەماییەوە بجولێنن و لە ناو مێژووەوە بیگوێزێتەوە بۆ ئێستا و بۆ ناو هەست و هۆشی مرۆڤایەتی.

جێنۆسایدی کورد وەک ئەنفال، کیمیاباران و شەنگال، یەکێکە لە قورسترین و تراژیدیترین ڕووداوەکانی سەدەی رابردوو، بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدایە: بۆچی تا ئێستا سینەمای کوردی نەیتوانیوە وەک سینەمای هۆڵۆکۆست یان فیلمەکانی پەیوەست بە جێنۆسایدی ئەرمەن و ڕواندا، ئەم تراژیدیایە بکاتە پرسێکی جیهانی؟

یەکەم: بەراوردکارییەک لەگەڵ ئەزموونی گەلانی تر

کاتێک سەیری مێژووی سینەما دەکەین، دەبینین فیلمی

وەک لیستی شیندلر یان پیانۆژەنەکە چۆن هۆلۆکۆستیان لە بیرەوەری مرۆڤایەتیدا چەسپاند. یان فیلمی بەڵێن و ئارارات چۆن برینی ئەرمەنییەکانیان بە زیندوویی هێشتەوە. ئەو گەلانە توانیان ئازارەکەیان لە چوارچێوەی نەتەوەیی دەربهێنن و بیکەنە پرسێکی مرۆیی گشتگیر. هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و بودجەی خەیاڵی وای لێکردن بینەری بیانی ناچار بکەن سەیری بەرهەمەکانیان بکات. لە زۆربەی ئەو فیلمانەدا سودیان لە ئەکتەر و دەرهێنەری ناوداری جیهانی بینیوە بۆ راکێشانی سەرنج. لە بەرامبەردا، فیلمی کوردی زۆربەی کات لەناو بازنەیەکی ناوخۆییدا ماوەتەوە و زیاتر بۆ خۆمان قسە دەکەین نەک بۆ ئەوانی تر.

دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەم سینەمای جینۆسایدی کورد

چەند هۆکارێکی سەرەکی هەن کە وایان کردووە سینەمای ئێمە نەگاتە ئەو ئاستە جیهانییە:

نەبوونی ستراتیژی دەوڵەتی: گەلانی تر دەوڵەتیان هەبووە کە ساڵانە ملیۆنان دۆلاری بۆ لۆبی و بەرهەمهێنانی فیلمی گەورە تەرخان کردووە. لە کوردستاندا، سینەما زیاتر پشت بە هەوڵی تاکەکەسی دەرهێنەرەکان دەبەستێت نەک پلانێکی نەتەوەیی و دامەزراوەیی.

کێشەی گێڕانەوە: زۆربەی فیلمە کوردییەکان دەربارەی جینۆساید، دەکەونە ناو داوی نیشاندانی تەنیا دیمەنی کوشتن و برین و گریان. بینەری جیهانی ئەمڕۆ بەدوای چیرۆکی مرۆیی و وردەکارییەکاندا دەگەڕێت. ئەوان بەدوای پاڵەوانێکدا دەگەڕێن کە لەناو کارەساتەکەدا ململانێ دەکات و هیوا دەخوڵقێنێت، نەک تەنیا نیشاندانی قوربانییەکی بێدەسەڵات کە چاوەڕێی مردنە.

کەمی بودجە و تەکنیک : دروستکردنی فیلمێکی مێژوویی دەربارەی ئەنفال پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە بۆ دیکۆر، جلوبەرگ و وێنەگرتنی سینەمایی سەردەمیانە. کاتێک کوالیتی وێنە و دەنگ نزم بێت، فێستیڤاڵە جیهانییەکان و سەکۆکانی وەک نێتفلێکس وەری ناگرن.

دابەشکردن و مارکێتینگ: فیلمی کوردی کێشەی گەورەی بازاڕکردنی هەیە. ئێمە فیلم دروست دەکەین، بەڵام نازانین چۆن بیگەیەنینە سینەماکانی پاریس، لەندەن و نیویۆرک یان چۆن گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی دابەشکردن بکەین.

یەکێک لە گرفتە هەرە بنەڕەتی و ناوخۆییەکانی بەردەم پەرەسەندنی سینەمای جینۆساید لە کوردستان، ئەو فشارە کۆمەڵایەتی و دەروونییە بوو کە لە لایەن هەندێک لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالەوە دروست دەبوو. زۆرجار، بە هاندانی هەندێک تاقمی خاوەن بەرژەوەندی یان بەهۆی ئیرەیی هونەرییەوە، کەمپەینی توند دژی فیلمەکان ڕێکدەخرا و هەوڵی وەستاندنی پرۆژەکان دەدرا، بە پاساوی ئەوەی هونەر ناتوانێت گوزارشت لە پیرۆزیی ئازارەکانیان بکات یان شێواندن لە مێژووەکەدا دەکات. ئەم ڕەفتارانە، کە تێکەڵەیەک بوون لە دەمارگیری و دەستوەردانی نەخوازراو لەکاری داهێنەرانە، نەک هەر بوونە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچەوانی ئەو کەسانەی ڕێگرییان لە گەشەی هونەری نەتەوەیی کرد، بەڵکو کەشێکی ترس و گومانیشیان لای هونەرمەندان دروست کرد. بەهۆی ئەو ئەزموونە تاڵانەوە، ئێستا دەرهێنەر و سیناریۆنووسانی کورد بە ترس و دوودڵییەوە دەست بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئەنفال دەبەن، چونکە دەترسن لەبری دەستخۆشی، ڕووبەڕووی هێرشی ناڕەوا و شکاندنی کەسایەتی ببنەوە، ئەمەش وای کردووە گەورەترین برینی نەتەوەیی لە ناو بازنەی بێدەنگی و ترسی هونەریدا بمێنێتەوە. نموونەی بەرچاوی ئەم ڕێگری کردنانە درامای گەرمیان و کوێستان و فیلمەکانی تەهاکەریمی بوون.

لەگەڵ ئەوەی فیلمی دانسقەو ناوازەن بەڵام هەندێک کەس کە بەرژەوەندییان لە پێش خستنی دۆسێی ئەنفال و گەشەکردنی کەسوکاریاندا نییە، دەبوونە کۆسپ لەبەردەم ئەم هەوڵانەداو کەسوکاریی ئەنفالیشیان بەجۆرێک وێنا دەکرد کە دواکەوتوون و دژی هونەرن لەکاتێکدا ئەمە رێک بەپێچەوانەوە بوو چونکە کارەکتەرەکانی فیلمەکانی تەهاکەریمی جوانەمەرگ کەسوکاری ئەنفال و رزگاربووانی گۆڕی بەکۆمەڵ بوون، تەنانەت یەکێک لەکارەکتەرە سەرەکییەکانی بەکرێگیراوێکی دەوڵەت (موستەشارێکی جاش) بوو. دەرهێنەر لەو فیلمەدا شایەتحاڵێکی ناباوی هێناوە چیرۆکی خۆی لەئەنفالدا دەگێڕێتەوە.

سێیەم: هەوڵەکان و نیوەی پەرداخە پڕەکە

ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە هەوڵی گرنگ دراون. فیلمەکانی وەک هەزار و یەک سێو و من بەکرێگیراوی سپیم لە دەرهێنانی هونەرمەندی جوانەمەرگ تەها کەریمی، چیرۆکەکانی سەر بەرد لە دەرهێنانی شەوکت ئەمین کۆرکی، ڕەشەبا لە دەرهێنانی حسێن حەسەن دەربارەی شەنگال، و

فیلمی هەموو دایکانی من لەدەرهێنانی ئیبراهیمی سەعیدی و زەهاوی سەنجاوی و فیلمی وێنە نەبینراوەکانی ئەنفال لەدەرهێنانی هەوراز محەمەد و فیلمی زەڕ لە دەرهێنانی کازم ئۆز و چواردەی تەمموز لە دەرهێنانی هاشم ئایدەمیر، هەنگاوی گرنگ بوون. ئەم فیلمانە توانیویانە لە فێستیڤاڵەکاندا خەڵات بەدەست بهێنن، بەڵام هێشتا وەک شاکارێکی جیهانی کە هەموو جیهان بیناسێیت، نەناسراون. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم فیلمانە زیاتر هونەرین و بۆ بینەرێکی دیاریکراون، نەک بۆ جەماوەری گشتی جیهان.

چوارەم: سینەما و جینۆسایدی شەنگال، دەرفەتێکی نوێ

جێنۆسایدی شەنگال و داعش بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی سۆشیاڵ میدیادا روویدا، سەرنجی جیهانی زیاتر راکێشا. چەندین فیلم و دۆکیۆمێنتاری نێودەوڵەتی لەسەر دروستکرا وەک فیلمی خوشکانی جەنگ یان کچانی خۆر. بەڵام لێرەشدا دەرهێنەری بیانی چیرۆکەکەی گێڕایەوە. پێویستە دەرهێنەری کورد لە ناوەوەی ئازارەکە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە بە زمانێک کە جیهان تێی بگات و هەستی پێ بکات.

پێنجەم: چۆن سینەمای کوردی دەبێتە جیهانی؟

بۆ ئەوەی فیلمی کوردی بتوانێت رۆڵی خۆی لە ناساندنی جێنۆسایددا بگێڕێت، پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێت:

تێپەڕاندنی زمانی قوربانی: دەبێت لە فیلمەکانماندا کورد وەک پاڵەوان و بەرگریکار نیشان بدرێن، نەک تەنیا وەک قوربانییەکی پەتی و بێدەسەلات. بینەر حەزی لەو کارەکتەرانەیە کە لە ناو مەترسیدا دەجەنگن و خاوەن ئیرادەن.

هاوبەشی نێودەوڵەتی: پێویستە دەرهێنەرانی کورد لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهانیەکانی وەک فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئەمریکا کار بکەن. ئەمە هەم بودجە دابین دەکات و هەم رێگەی گەیشتن بە سینەماکانی جیهان ئاسان دەکات.

گرنگیدان بە سیناریۆی بەهێز: گەورەترین کێشەی فیلمی کوردی سیناریۆیە. دەبێت چیرۆکی بچووک و وردی ناو خێزانەکان، چیرۆکی عەشق لە سەردەمی ئەنفال، و پاراستنی شوناس وەک دەنگ و رەنگ و داب ونەریتی جوانی کوردی بکرێنە تەوەری سەرەکی چیرۆکەکان نەک تەنیا دروشمی سیاسی.

پشتیوانی حکومەت: پێویستە ناوەندێکی نیشتمانی بۆ سینەما هەبێت کە تەنیا کارەکەی پشتگیری دارایی ئەو پرۆژانە بێت کە رەهەندی نەتەوەیی و جیهانییان هەیە. نەک حکومەت خۆی رێگربێت لەبەرهەمهێنانی فیلم وەک ئەوەی لەگەڵ تەهاکەریمی کردیان و بووە جۆرێک لەشەرمەزاری بۆ وەزارەتی رۆشنبیری کە خەریک بوو فیلمەکە رابگرن لەکاتێکدا کەهێشتا تەواو نەبووبوو لەقۆناغی مۆنتاژدا بوو.

سیناریۆنوس (screenplay) کاتێک دەنوسێت ئەرکێتی ئەو شەهید و ئەنفالکراوانەی بوون "بە ژمارە و ژمارەکان بوون بە ئامار، بیانکاتەوە بەمرۆڤ چونکە لە پرۆسەی جێنۆسایددا مرۆڤ دەبێت بە شت. بەڵام کاتێک سینەما چیرۆک بە وێنە دەگێڕێتەوە، نوسەرو دەرهێنەر ژمارەکان و شتەکان دێننەوە ناو بوون. دەیان ژێننەوە لە فەلسەفەی بەلەنگازدا، شتەکان تەنیا ماددە نین." بازنێکی دەستی کیژێکی ئەنفالکراو، یان گوارەی گوێی شەهیدێکی کیمیابارانی هەڵەبجە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا تەنیا پارچە کانزای زەرد وسوور نین؛ بەڵکو یادەوەری ژمارەیەکی ناو ئەو گۆڕانەن کە پێش جێنۆساید مرۆڤ بوون. وەک میران ئەبراهام دەڵێت : ئەوە ترسی بووکێکە لە شەوی گواستنەوەدا. ئەوە دەستی دایکێکە کە دەلەرزی. ئەوە بێدەسەلاتی ژنێکە لە بیاباندا." سینەما ئەرکی ئەوەیە ئەم بوونە و ئەم وردەکارییە مرۆییانە بدۆزێتەوە و لە چوارچێوەی ئامارە وشکەکان دەریانبهێنێت و بیداتەوە بە هەستی مرۆڤایەتی.

## ئەرکێک بۆ داهاتوو

هەڵەی گەورە دەکەین کە جێنۆسایدی کورد وەک چیرۆکی رابردوو تەماشا بکەین، لەبەرئەوەی ئەگەر وامان کرد کەواتە ئامادەین لەیادی بکەین، جێنۆسایدیش ئەگەر یادەوەریی دروست نەکرد کەواتە قابیلی دووبارە بوونەوەیە بۆیە باشترین کەرەستەی دروستکردنی یادەوەری وێنەیە بەتایبەتیش وێنەی جوڵاو. ئەگەر جووەکان بە سینەما توانییان هاوسۆزی جیهانی بۆخۆیان دروست بەکەن و کارێک بکەن کە هەرگیز هۆڵۆکۆست دووبارە نەبێتەوە هەر ئەوەش بکەنە دروشمی جیهانی، ئەوا ئێمەی کوردیش دەتوانین سینەما بکەینە قەڵغانێک بۆ ئەوەی رێگری لە جێنۆسایدی داهاتوو بکەین. سینەمای کوردی کەرەستەی خاوی زۆری لەبەر دەستە، تەنیا پێویستی بە دیدگایەکی نوێ و زمانێکی سەردەمیانە هەیە بۆ ئەوەی لە ژوورە داخراوەکان بێتە دەرێ و روو بکاتە شاشە گەورەکانی جیهان. دەبێت ئەوە بزانین کە تا چیرۆکی خۆمان بە سینەما نەگێڕینەوە، مێژووەکەمان بە ناتەواوی دەمێنێتەوە.

# گرنگی میدیا لە نوسینەوەی مێژووی تاوانی ئەنفال

**سمکۆ سابیر**

بۆ میللەتێکی جینۆسایدکراوی وەک گەلی کوردستان، بەتایبەتی گەلی کورد، لە باشووری کوردستان، زۆر گرنگە هەمیشە بە دوای سەرچاوەکانی مانەوەی خۆیدا بگەڕێت. بەسادەیی ؛ دەکرێ یەکێک لەسەرچاوەکانی مانەوەی ئەم نەتەوەیە. میدیا بێت، بێگوومان بە هەموو ژانرە جیاوازەکانی کە لەبەردەستیدان وخاوەنداریێتیان لێدەکات..

. میدیای ئێمە؛ لە کلاسیکەوە بۆ میدیای نوێ، دەکرێ بەشێک لەو هەوڵانەبن بۆ درووستکردنی شورای مانەوە لە پاڵ هەموو هەوڵەکانی تری بزاڤی هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی سەر گۆی زەوی.

سەردەمی میدیای کلاسیک، ژانرەکان بە فۆرمێکی سادەوە ، هەوڵێکی سادە و روونیان هەبوو لە مانەوەی ئەم شوناسەی کورد کاتێک مەترسی لەناوچوونی لەسەربوو، داگیرکەر تاکە وێنای بۆ ئەم گەلە، سڕینەوەی بوو لە نێو شوناسە جیاوازەکانی دونیادا، لەو سەردەمەشدا میدیایەکی تەواو سەرەتایی و سادە هەبوو، بەڵام قوڵ بوو بۆ پاراستنی شوناس و کولتور و فاکتەرەکانی تر بۆ مانەوەو بەرگری ، بەڵام ئەمڕۆ رەوش و بارودۆخ تەواوجیاوازن، دەکرێ زیاتر لەچەند فۆڕم و ژانری جیاوازدا کاربکەن ،

ئەمڕۆ میدیای نوێ زۆر ئەرکی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئاسانکردووە ئەگەر تۆ ئەجێندایەکی روون و دیاریکراوت هەبێت و ئامانجێکت هەبێ لەوەی کە دەتەوێت بەجیهان بڵێیت: ئاگاداربن رووداوێکی ناسرووشتی لێرە روودەدات و ئێوەش وەک خۆی ببینن ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە" تاچەند ئەم خەمخۆرییە لەجێگەی خۆیدا، بەشێوەیەکی تەندرووست بەرێوەچووە؟ .

مێژووی جینۆسایدەکان لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، بەشێکی زۆر گرنگی یادەوەریی نەتەوەی ئێمەیە و هاوکات ئەرک و بەرپرسیارێتی بۆ سەرجەم نەتەوەکان و مرۆڤایەتییە. چونکە ئەنفال و تەواوی دۆسییەکانی تری جینۆساید لە کوردستان تاوانی نێودەولەتی و رەهەندی یاسایی و جینۆسایدیان هەیە. بۆیە دەبێت بە تاوانێکی نێودەوڵەتی و مێژووی مرۆڤایەتی و شکۆی دەخاتە ژێر پرسیارێکی مۆراڵی و مێژوویی .

ئەنفال وەک مێژوو، بۆ کورد ، تەنها باسکردنی رابردوو نییە، بۆ ئێمە، بەڵکوو وەک زەنگی ئاگادارکردنەوەیە بۆ داهاتوو بۆ ئەوەی تاوان و جینۆساید دووبارە نەبێتەوە. لەم نێوانەدا، میدیا ڕۆڵێکی بنچینەیی و بەرچاو دەبینێت لە پاراستن و گواستنەوەی ئەم ڕاستییانەدا. هەروەک لە پرسی پاراستنی بیرەوەری و مێژوو بەهۆی میدیاوە.بایەخێکی گەورەی دوولایەنەی تێدا بەرجەستەدەبێت.

ساڵی پار ئەم ئامارەم لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەرگرت کە دەڵێت: نزیکەی هەشت هەزار ئەندامی تۆمارکراوی سەندیکای رۆژنامەنووسان هەیە:

بەگشتی زیاتر لە هەزار کەناڵی ئەلیکترۆنی ناوی تۆمارکردووە.

وێب سایتە تۆمارکراوەکان ۱۷۰-۲۰۰

۳۰ کەناڵی سەتەلایت

زیاترلە ۳۰۰ رادیۆ

زیاتر لە ۲۵۰ کەناڵی ناوەخۆ( لۆکاڵی) /

۹۲ رۆژنامەی ئەلیکترۆنی

۱۰۰۰ رۆژنامەی کاغەزیی

کۆی گشتی دەکاتە ( ۲۸۷۲ کەناڵ و دامەرزاوەی میدیایی.

ئەوەی سەرنجمان بۆ درووست دەکات؛ کۆ مە ڵگە یە ک ژمارەیەکی ئاوای دەزگاو دامەزراوەکانی میدیایی لەبەردەستدابێت، لە ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی میدیا و راگەیاندن، چۆن دەبێ بێئاگایی لە دۆسییەکانی جینۆساید بوونی هەبێت و میدیا و رۆژنامەنووسان ، ئاوا بێئاگابن و وەک خۆی ناوو مێژووی دۆسییەکان نەزانن بەتایبەتیش ، مێژووی تاوانی ئەنفال .کەمێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ۱۹۸۷- ۱۹۸۹. جگە لە لێکەوتەکانی تاوانەکە کە دیسان میدیای کوردی بەگشتی ئەم پرسە گرنگ و هەستیارەی تارادەیەک پشتگوێ خستووە ، هەرچەندە باسی لێکەوتەکان دەکات بەڵام بەقوڵی کاری لەسەر نەکردووە و نەچووەتە دۆخێکی بنکۆڵکاری و بەشێوەیەکی بابەتی هەنگاوی نەناوە و نەبووە بەستراتیژی بەردەوامی خۆی لەکارکردندا،

لەکتێبی ( جینۆساید لەعێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ئەم کتێبە لەلایەن (Human Rights Watch) بە تایبەتی بە هەوڵی توێژەرێکی ناسراوی ئەمریکی بە ناوی ( Joost Hiltermann.) نوسراوە، کە ئەوەمان بۆ دەردەخات مێژووی ئەنفال لە بریاری ٤٠٠٨وەوە دەستپێدەکات کە لە٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ بەواژۆی عەلی حەسەن مەجید سکرتێری نوسینگەی رێکخستنی باکوردی حزبی بەعسی ئیشتراکی کە بارەگاکەی لە شاری کەرکوک بوو. رادەگەیەندرێت. بریارەکە دەبێ لە ٢٢ی حوزەیرانی هەمان ساڵ واتە تەنها دوای دوو رۆژ جێبەجێ بکرێت. ئەم تاوانبارە بەهۆی بریارەکەوە سەرەتای شەڕی ئەنفال دژ بەکورد دەستپێدەکات و لەو مێژووەوە دەبێ وەک دەستپێکی ئەنفال ئەژماربکرێت.

گومانی تێدانییە هەشت شاڵاوەکەی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨ دەستپێدەکات و لە ٩/٦/ هەمان ساڵ کۆتایی دێت



بەڵام بڕیارەکە تادوای ئەم شاڵاوەش کارپێکراو دەبێت و لە سەردەستی  تاوانباری ناوبراو بەردەوام دەبێت تاکۆتا ساتەکانی مانەوەی لەو پۆستەدا.

دوای سی و هەشت ساڵ تێپەڕبوون بەسەر تاوانی ئەنفال و سی وچوار ساڵ لەدەسەڵاتی خۆماڵیی کوردیی، هێشتا ئەم راستییە گرنگ و مێژووییە بەئاگاییانە بێت یان بێئاگایی بێ ، گرنگی پێویستی پێنەدراوە، میدیا لەبری پیشەیی بوونی خۆی زۆرینەی  ژەهرمان پێشکەش دەکات، بۆیە  هیشتا مێژووەکە راستنەکراوەتەوە، بەتایبەتیش لەبوارە زانستییەکە، دەیان و سەدان توێژینەوە بەو شێوەیە نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە و دەرخواردی کۆمەڵگە و جیهانی دەرەوە دراوە.

لە مانگی پێنجی ١٩٩٢ نزیکەی چواردە تۆن بەڵگەنامە لەناو ٨٤٧ سندوقدا کە بەزمانی عەرەبی بوون ،  لەلایەن رێکخراوی میدڵ ئیست وۆچ و نوسەری عێراقی کەنعان مەکیە برا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

دوای هەژدە مانگ کارکردن و پشکنینی و دۆکیۆمێنت کردنی بەڵگەنامەکان کتێبی جینۆساید لە عێراق ، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد. دەرکەوتنی نەخشە و ئامانجەکانی بەعس لە ئەنفال لەگەڵ سەدان زانیاری لەبارەی ئەنجامدانی تاوانەکەو ئەو بڕیارانەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە ئەنجامدراوە. لە دوای ٢٩ی سێ ی ١٩٨٧ بۆ ٢٣ی نیسانی ١٩٨٩دەسەڵاتی عەلی حەسەن مەجید وەک یەکەم رۆژی دەسەتبەکاربوونی بووە. بۆیە مێژووی تاوانی ئەنفال شایانی راستکردنەوە و بەدۆکیۆمێنتکردنێکی نوێیە بۆ هەموو کارێک ئەگەر زانستی بێ یان هەرکارێکی تری دۆکیۆمێنت یاهونەری و ئەدەبی بێت. ناکرێ مێژووی قوربانییەکانمان وەک خۆی نەنوسرێتەوە ، ناکرێ بەئاگایانە و بێئاگایانە ئەم دۆسییە گرنگە ، لەسەردەستی میدیا و بەپاڵپشتی نوخبەیەکی سیاسیی- میدیایی پەراوێزبخرێت بەئاراستەیەکی ترسناک. بەڵگەش بۆ ئەم راستییە پەلامارو لەشکرکێشی بۆ سەرناوچە ئەنفالکراوەکان بەردووەوامی هەیەو پارتیزانەکانی کوردستان بەتایبەتی گەرمیان وەک نموونە وەربگرین . کە لەسێ قۆناغدا ١٩٨٨-١٩٩١هەڵمەتی دەسگیرکردن بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەردەوام بووە ، هاوکات لەسێدارەدانی دڵشاد مەریوانی مامۆستای زمانی کوردی بە بیانووی پیتی لاتینییەوە لەدوای کۆتایی هاتنی هەشت شاڵاوەکەی ئەنفال. نائارامی لەکۆی شارەکان وراوەدوونان درێژەی هەبووە. چەوساندنەوەی خەڵک لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان تاگرتن و شوێنبزرکردن بەدواداچوون لەو کەسانەی کە لەدوای ئەنفال بەرگرییان هەڵبژاردووە .

ناوچە کوردستانییەکان رادەستی هێزەکانی موجاهیدین کران . بەتایبەتی لەگەرمیان .تەعریب و سڕینەوەی شوناسی راستەقینەی ناوچە کوردییەکان کەوتە مەترسییەکی گەورەوە . کەهەتائێستاش بارودۆخی ناوچە ئەنفالکراوەکان کە لەئێستادا بووە بەناوچە دابڕاوەکان دووچاری جینۆسایدێکی قوڵ و سەختی کولتوریی و ئابوریی و سیاسی بوەتەوە و هیچ چارەسەرێکیش ئەگەرچی بچوکیش بێت، هەستی پێناکرێت.

بۆیە میدیا بەو فۆڕمەی کارکردنی نەیتوانیوە وەک خۆی مێژووی ئەنفال بنوسێتەوە و گوزارشتی راستەقینەی لێبکات ، ساڵانە دۆخی زەلیلکردنی  کەسوکاری قوربانی ، دووبارە و چەند بارە کردوەتەوە . فۆکەس لەسەر فرمێسک و پشتکردن لە قارەمانەکان .میدیا نەیتوانیوە سنوری ناوچەگەرێتی تێپەڕێنێت لاوازی لەبارەی فەرهەنگی جینۆساید و بەستنەوەی بەمێژوو و ژمارەی قوربانی هەژار لەزانیاری و بێسەلیقەیی و بێتوانایی رۆژنامەنووس و میدیاکاران . تێکەڵکردنی دۆسییەکانی جینۆساید لەرووی زەمەنەوە .لاوازی و درکپێنەکردنی میدیا لەبەرامبەر کارلێک و لێکەوتەکانی ئەنفال و ئەو دۆخانەی بەردەوامن وەک سترێس و لایەنی دەروونی .بەتایبەتی لە ئۆردوگاکانی سەردەمی ئەنفال، کەهێشتا کاریگەریی نەرێنی ماوە و نکۆڵی لێناکرێت.

بۆیە زۆر گرنگە گرووپی میدیایی لەو میداکارانە درووستبێت کە لەخەمی نیشتمان و خاک و خەڵکەکەدان و دەیانەوێ ئاراستەی مێژووی کارکردن لەدۆسییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لەباشوری کوردستان بگۆڕن و بەرگێکی نوێتر و پیشەییانەتر و مۆڕاڵانەتری بەبەردابکەن و ڕەوتی راستییەکان بەجۆرێکی تر بۆ کۆمەڵگە و جیهانی دەرەوە وێنابکەن، رێگە لەو شاڵاوە  بەناو میدیا و میدیاکارانە بگیرێت میدیایان وەک دەزگایەکی پروپاگەندە بەکارهێناوە و چەواشەکاری لەهەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا دەکەن و ئاراستەی راستییەکان بەرەو ئاقارێکی تردا دەبەن و بردووە. دڵنیام دوای ئەم هەنگاوە بوێرە، دۆسییەکانی جینۆساید شکۆی راستەقینەی بۆ دەگەڕێتەوە و رێگا سروشتییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و لێرەوە دەتوانین شکۆی قوربانیان و کەسوکارەکانیان بپارێزین ..

# ئازیزێکی ونبوو

**هەژار هوشیار بەرزنجی**
**مامۆستای زانکۆی چەرموو**

پرۆسەی شاڵاوی تاوانی ئەنفال جینۆسایدی نەتەوەی کوردبوو لە کوردستانی باشوور لە لایەنی رژێمی پێشووبەعسی لە ناچوو لە تاواندا هەموو قوربانیکی سەرگوزشتێکی یا چیرۆکێک یا رۆمانیکی تابیەت بە خۆی هەیە، من دەمویت لیردا سەرگوزەشتی قوربانیک بەگێرمەوە بە ناوێکی خوازەوە کە تاقانەیکی پرۆسەی شاڵاوی ئەنفال قۆناغی چوارەی ئەنفال کە لە بەرواری ١٩٨٨/٥/٣ بۆ ١٩٨٨/٥/٨ بوو بەرامبەرە بە (١٧/ رەمەزان)بوو لە سنوری ناحیەی ئاغجەلەروقەلاسیوەک وشوان و شیخ بزێنی و بناری خاڵخالان بوو،دەمویت سەرگوزەشتی ئەم تاقانەی بەم شیوەی بگەرێنمەوە .

زۆر جار گەرانەوە بۆ رابردوو جگە لە ئازار هیچی تر نییە. بەڵام دەمەوێت باسی ئەو بەهارەتان بۆ بکەم کە بوو بە خەزانی تەمەن و ژیانی من. هەتا دەمرم و روح لە جەستەم دەردەچێت هەر لە پایز و خەزاندام، ژیانم پێچەوانەی ناوەکەم بوو تا ئەمرۆ کە دەگوزەرێت.

من ناوم نازدارە بەڵام باوکم هەمیشە بە نازی گیان بانگی کردەکردم. کاتێک لەدایک دەبم دوای ماوەیەکی کەم دایکم کۆچی دوایی دەکات، بۆیە باوکم بۆ من هەم باوک بوو، هەم دایک بوو. ژیانێکی سادە بەڵام سەربەرزانە. لەماڵداری و باخداری و مەروماڵات بەخێوکردن. چونکە من بۆ خۆم تەمەنم دوانزە بەهار بوو خەریکی ماڵداری بووم و هاوکاری باوکم دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بۆ هەر شوێنێک و دانیشتنێک و کارێکی رۆژانە دەچوو، من هاوسەفەر و هاورێی بووم.

هەندێک جوجەڵەم هەبوو لەگەڵ بەرخ و کاردا بۆ هەر یەکێکیان ناوی تایبەتی بەخۆی هەبوو رۆژانە پێیانەوە سەرگەرم بووم. واتێدەگەیشتم کە هەموو ژیان و دونیا بریتییە لەم گوندە نازدارە و خەڵکی هەژار و هاوکاری ئێمە لە گوندا چونکە هەموو گوندەکە پێکەوە هاوشێوەی یەک خێزان بوون لە خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بوون، لە کاری رۆژانەدا و هەرەوەزی پێکەوە دەمانکرد. بەهار هاتوو گوندەکەی ئێمە

لەو بەهەشتە دەچوو کە مامۆستای مزگەوتەکەمان باسی دەکرد.

گوندەکەمان زۆر جوان بوو، سەوزە و جوانی هەیە، چەند ڕووبار و کانی تێدایە هەموو خەریکی کارا بوون لە ناوباخ و ئاژەڵداری. ژیانێکی نوێ دەستی پێکردبوو لەگەڵ ئەوەی لە ناوەڕاستی بەهاردا بووین، بیرمە لەهەمانکاتدا لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانیشدا بووین. چونکە خەڵکی گوندەکە هەموو بەڕۆژو بوون، شەوانیش پیاوان دەچوون بۆ مزگەوتی گوندە.

منیش دەچوومە ماڵی دادە خاوەر کە هاوسێمان بوو هەتا باوکم لە مزگەوت دەگەڕایەوە.

ئەویش کچێکی هەبوو ناوی ئازیز بوو، هاوتەمەنی من بوو هاوشێوەی دوو خوشک پێکەوە بووین. کاتێک لە قوتابخانە دەگەڕاینەوە بەیانیان بۆ دوای نیوەڕۆ من و ئازیز پێکەوە دەچووینە لای دارتووەکەی سەر ڕێگای گوند. لەوێ جۆلانێمان دانابوو یاریمان دەکرد و تەماشای گوندەکەمان دەکرد. دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو بەتایبەت ئێواران. لەلایەک کوڕێکی هەرزەکار مەڕەکانی دەکردە ماڵەوە، لەلایەک کچە گەورەکان ئاویان دەهێنایەوە بۆ ماڵەوە لە کانییەکەوە، لەلایەک بۆنی ساوەر و دۆینەی کوردی لە ماڵەکان بەرز دەبۆیەوە. دواتر ئێمە پێش خۆرئاوابوون دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

لەیادمە کە شەوان لەم بەهارەدا چەندین میوان دەهاتن، خەڵکی گوند دەیانگوت: ئەمانە پێشمەرگەن.

بەڵام ئێمە زۆر ماندوو بووین بەکاری ڕۆژانەی گوند و لەگەڵ باوکم هەمیشە پێکەوە دەهاتین و دەچووین.

باوکیشم لەبەر خۆشەویستی بۆ من بڕیاریدا بوو ژیانی هاوسەرگیری پێکنەهێنێتەوە.

بەڵێ، لە ناوەڕاستی بەهاردا بوو.

بەیانی زوو باوکم زۆر خراپ شپرزە بوو، دەنگی تێکچوو بوو. نەیدەزانی چی بکات. هێشتا بەتەواوەتی دونیا ڕووناک نەبوو بۆیەوە، باوکم گوتی: نازە گیان، نازە گیان، نازە گیان هەڵسە تاقانەی باوکی.

منیش گوتم: چی بووە بابە گیان ڕوحی نازە.

هەر بە شڵەژاوی پێی گوتم: خۆت حازر بکە دەردەچین لە گوند.

لەو کاتەدا گوێم لە بڵندگۆی مزگەوتەکە بوو کە هاواری دەکرد،( وەرنە دەرەوە لە ماڵەکەتان، وەرنە خوارەوەی ئاوایی. خۆتان و منالاکانتان وەرن، وەرنە دەرەوە لە گوند)، زۆر هاواری دەکرد.

ئیدی لە گوندەکەدا بوو بە ژاوەژاو و هاوار بەو بەیانی زووە کە زۆر جیاواز تر بوو لە ڕۆژانی تر. کاتێک تەماشایی خوارووی گوندەکەمان کرد پڕ بوو لە سەرباز و ئۆتۆمبێلی سەربازی و هاواریان دەکرد.

خەڵکی گوندەکە زۆربەیان دەرچوو بوون و چوو بوونە لای ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان. ئەوەی بۆ من سەیر بوو کە سەربازەکان کوردیشیان لەگەڵدا بوو، بە زمانی کوردی هاواریان دەکرد بەڵام من و باوکم هەر لەماڵەوە ماینەوە.

باوکم گوتی: ناچین ناز گیان، ئێمە ناچین.

گوتم: باوە گیان ئەوان دەڵێن هەر کەسێک لە ماڵێکدا ببینین دەیڕوخێنین و دەیکوژین.



بەڵام باوکم ڕژێمی بەعسی دەناسی و ئاشنایی لەگەڵ پێشمەرگە بوو دەیزانی کە ئەم ڕژێمە چەند زاڵمە. ئەوەیشی بیستبوو کە ئێوارە بە چەکی کیمیایی لە گوندەکانی هاوسێمانی دابوو.

پاشان لەبەر گیانی من بوو نەیدەویست بمداتە دەستی ئەو زاڵمانە. بۆیە باوکم بەناو گوندەکەدا دەهات و دەچوو، زۆر خراپ سەری لێ تێکچوو بوو. خەڵکی هەرموو دەرچوو بوون لەماڵەوە بەرەو خوارەوەی گوندەکە دەچوون.

هەر لەو ڕۆژە دەچوو کە مامۆستای مزگەوت دەگوت: ڕۆژی دوایی دونیا کاول دەبێت.

هاوار و ناڵە، مناڵ و ژن، دایک و کۆرپە و باوک. تەنانەت ئاژەڵەکانیش ئەو بەیانییە هاواریان دەکرد و ڕوویان لە ئاسمان کرد، من تەنیا دەگریام. چونکە هەرگیز ئاوا باوکمم نەدی بوو! دادە خاوەر و ئازیزیش چوون و سواری ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان کران. شۆفڵ و ئۆتۆمبێل هاتنە ناو گوندەکە و دەستیان کرد بە کاولکردنی گوند و سەبازەکان و سەربازە کوردەکان کە جلوبەرگی کوردییان لەبەر بوو دەستیان کرد بە تاڵان کردنی ماڵەکانی نێو گوندەکە.

باوکم هات گوتی: ناز گیان وەرە تۆ بچۆ ناو ژێری خانەکە.

منیش دەنگم هەڵبڕی گوتم: ناچم بێ تۆ بابە گیان.

زۆر هاوارم کرد، بەڵام باوکم گوتی: دەبێت ئەوە جێبەجێی بکەیت. من دەڵێم تۆ نابەم بۆ لای ئەو سەربازانە.

بە زۆر منی کردە ژێرخانەکە و گوتی: بەڵێن بێت منیش دێمەوە، دەچم بۆ ئەوسەری ئاوایی. ڕادەکەم و دێمەوە.

باوکم منی کردە ژێرخانەکە و دەرگاکەی توند داخست، هەر چەند هاوارم کرد هیچ سوودی نەبوو.

پاش ماوەیەکی کەم دەستکرا بە تەقە کردن و هاوار کردن، ئەوەی مابوو لەگوندەکە تاڵانکرا و پیاوەکان ئەوانەی لەماڵەوە بوون کوژران. هاوار و تەقە کردن تێکەڵ بوو هەتا ئێوارە، خۆزگە ئاوا بوو من لەم ژێرخانەدا مامەوە کە دوو تاقی تێدا بوو بۆ هەوا گۆڕکێ و دەرگاکەی لە دار دروستکرا بوو.

دونیا بەرەو تاریکی دەچوو منیش دەستم برد چراکەم داگیرساند کە باوکم لەوێ داینا بوو.

ئەمڕۆ من هیچم نەخواردووە لەم ژێرخانەدا هەندێک خواردنمان دانابوو بۆ هەڵگرتن وەک کۆگای ماڵەوە وابوو. بۆیە دەستم برد نۆک و نیسکی لێ بوو، بەڵام هیچ نەبوو هەتا ئامادەیی بکەم. دەستم برد دۆینەی لێ بوو، چونکە باوکم زۆر حەزی لێ بوو هەمیشە لەماڵەوە هەمان بوو. منیش یەکسەر دەستم کرد بە دۆینە خواردن. بەڵام ئاویش نەبوو لە ژێرخانەکەدا نەمدەزانی چی بکەم، بەس هەندێک سرکەی ترێ هەبوو کە خۆمان دروستمان کردبوو. زۆر باش بوو لەوکاتەدا هەتا برسێتی و تونێتیم بیر بچێتەوە. سوچێکی ژێرخانیشم دیاری کرد بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە چونکە تەواو نارەحەتی کردبووم. ئەو شەوە مامەوە لەژێرخانەکەدا، شەوێکی درێژی سارد و کزومان هەتا خەوم لێکەوت.

سبەی ڕۆژهەڵهات دونیا ڕووناک بۆیەوە بەڵام گوند خامۆشە زۆر جیاوازتر لە ڕۆژانی دیکە. من ئەو شەوە هەر چاوەڕێی باوکم بووم بەڵام نەبوو!

ئەمڕۆش هەر چاوەڕێی ئەوەم باوکم بێت دەرگاکە بکاتەوە و ڕزگارمان بێت. زۆر ئارامم گرت هیچ هەواڵێکی نەبوو. لە درزی دەرگا دارەکەوە کە پارچە پارچە بوو تەماشایی دەرەوەم دەکرد هیچ نەبوو، بۆیە هاتمەوە ناوەوەی ژێرخانە نەمدەزانی چی بکەم. زۆر دڵتەنگ و بێ هێز بووم. دەگەڕام بەدوای خواردندا، بە دوای ئاودا بەڵام جگە لە خواردنی وشکە و هەڵگیراو هیچ نەبوو. لەناکاو تەماشایی پشتی نۆکەکانم کرد کتێبێکی بچووکی ئازیزی گیان بەدیاری پێشکەشی کردووم بینیم.

من و ئازیز هەردووکمان خوێندکاری پۆلی شەشی سەرەتایی بووین هاوتەمەنی یەکدی بووین. ئازیزی گیان لەسەر پەڕەی پێش بەرگەکە نووسیویەتی، (پێشکەش بە نازەنین گیان هاوڕێی تەمەنم).

لەو ڕۆژانەدا چەند جار دەنگی تەقەم دەبیست، جار جار هاوار دەکرا بەڵام هیچ نەبوو منیش لەم کون بۆ ئەو کون و دەرگا زوو زوو دەچووم تەماشایی دەرەوەم دەکرد چاوەڕێی باوکە گیانم دەکرد دەنگی نەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەم ناخۆشییە بوونی کتێبی ( ناڵەیی جودایی ) بۆ من کۆمەڵێک یادگاری خۆش بوو، چونکە بڕیار وابوو لەگەڵ ئازیز گیان هەموو شیعرەکان لەبەر بکەین. لەگەڵ ئازیز گیان جگە لە یاری و جۆلانە کردن زۆر یادگاری خۆشمان هەبوو لەناو گوند، قوتابخانە و کاری ماڵەوە، باخداری. بۆیە بڕیارمدا ئەو بەشی کە ئازیز لێی نووسی بوو ( پێشکەش بە هاوڕێی تەمەنم نازدار گیان ) لێم کردەوە و کردمە گیرفانم.

ئیدی ئێوارە داهات و هیچ نەبوو، نە باوکم گەڕایەوە، نە شتێک هەبوو بیخۆم. لەوکاتەدا هەورێکی ڕەش ئاسمانی گرت نمە

نم باران دەستی پێکرد، زۆر دڵخۆش بووم. دەستم لە کونەکە دەردەکرد و کاتێک تەڕ دەبوو دەمهێنا بە دەموچاومدا.
دەنگی تەقە دەهات جارجار بەڵام دوور بوو. منیش هەر لەنێو ژێرخانەکەدا بەدوای خواردندا دەگەڕام، دەهاتم و دەچووم. برسێتی بەتەواوەتی ماندووی کردبووم. لەناکاو گوێم لەدەنگی هاوارێک بوو لە حەوشەکەی پشتمانەوە چووم تەماشام کرد لە کونێکی بچووکی ژێرخانەکەوە بینیم پیاوێکە کە ئافرەتێکی لەگەڵدا بوو دووگیان بوو لەگەڵ دوو کچدا بەرەو حەوشەی پێشەوە دەهاتنە ماڵی ئێمە. ئافرەتەکە هەر هاواری دەکرد بەڵام هەرگیز من ئەمانەم لە گوندەکەی خۆمان نەبینیوە، دیار بوو دانیشتووی گوندەکانی دراوسێی ئێمە بوون. کاتێک گەیشت بە حەوشەی پێشەوە لەسەر سەکۆکە ئافرەتەکە ژانی مناڵبوون گرتی و خێرا پیاوەکە زوو قۆڵەکانی هەڵکرد و دەستی کرد بە مامانی کردن بۆی. دوای ماوەیەک منداڵێکی کوڕی جوان لەدایکبوو باوکی دەریهێناو خستییە سەر سینگی دایکی، گوێم لێ بوو کە گوتی: ئەوەش کاکە ئازاد.
دایکی توند نوساندی بە سینگی خۆیەوە و ماچی کرد و باوکی بە دوو کچەکەی گوت: ئادەی دوو بەردم بۆ بهێنن.
بەو دوو بەردە ناوکی منداڵەکەی بڕی من لە کونەکەوە هەر تەماشام دەکرد. چین چین ئارەقەم دەکرد.
گوتی: دەی بابڕۆین.
من کەوتمە هاوارکردن و دەمگوت: باوکی ئازاد، باوکی ئازاد.
بەڵام گوێی لێ نەبوو نازانم بۆچی ڕۆیشت! بەڵام من هەر هاوارم دەکرد و بێ سوود بوو، زۆریش لە دەرگا دارەکەمدا هەر بێ ئەنجام بوو.
دوای ماوەیەکی کەم باوکی ئازاد گەڕایەوە بۆ حەوشەکە و چووە سەر کوپە ئاوەکەی حەوشەی ئێمە. لەبەر ئەوەی ئێمە لە سوچێکی حەوشەکەدا ئێمە کوپەیەک ئاومان دانابوو، باوکم کاتێک چوو بوو بۆ شاری کەرکوک ئەوەی کڕی بوو بۆ ئاوم خواردنەوە بەکارمان دەهێنا.
باوکی ئازاد ئەمجارە گوێی لەدەنگی من بوو هاتە بەدەم دەرگای ژێرخانەکە، گوتم: چی دەکەی بیکەم، تەنیا ڕزگارم بکە و دەرگاکە بکەوە. باوکی ئازاد هەوڵی زۆریدا، لە دەرگاکەی دەدا و خۆی لێ توند دەکرد بەڵام بێ سوود بوو نەدەکرایەوە.
لەناکاو گوێمان لە دەنگی ئۆتۆمبێلی سەربازی و دەنگی سەربازەکان بوو کە هاتنە ناو کۆڵانەکەمانەوە. بۆیە باوکی ئازاد ڕایکردە ناو کۆڵانەکە وەک ئەوەی کە بتوانێت ڕابکات و دەربازی بێت.بۆ ئەوەی گیانی منداڵەکان و هاوسەرەکەی سەلامەت بێت. بەڵام نەیتوانی و من تەماشام دەکرد کە سەربازەکان هێنایانەوە بەلێدان و ئەشکەنجەدانەوە بۆ ماڵی ئێمە، هێنیان بۆ حەوشەکە پێیان گوت: چی دەکەیت لێرە؟
بەترس و لەرزەوە گوتی: ئاوم دەخوارد لێرە.
ئەوان پیاوێکیان لەگەڵ بوو کە دەموچاوی داپۆشراو بوو. بە فەرماندەکەی گوت: ئەم پیاوە دانیشتووی گوندەکەی ئێمە نییە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەکدار نییە، ئەم خانووەش چەکداری تێدا نییە.
بەڵام فەرماندە بە سەربازەکانی گوت: لێی بدەن و ئەشکەنجەی بدەن پاشان ناسنامەکەی لێ وەرگرت و هەر بەردەوام بوون لە لێدانی، تەواو هیلاکیان کرد. پێیان گوت: تۆ پێشمەرگەیت کوا چەکەکەت؟ پێمان بڵێ کوا چەکەکەت؟
لەناکاو دەنگی منداڵە تازە لەدایکبووەکە بەرز بۆیەوە کە دەگریا. دایکی ئازاد لەتاو هاوسەرەکەی خۆی نەگرت و هاتە دەرەوە بەدڵێکی پڕەوە، گوتی: بۆ وای لێدەکەن؟
فەرماندەکە بە توڕەییەکی زۆرەوە، گوتی: ئێوە پێشمەرگەن. دەی پشکنین بۆ بکەن.
دواتر هەر بە توڕەییەوە، گوتی: کوا منداڵەکەش بهێنن.
هەر هەموویانیان هێنایە حەوشەکە و زۆر ئازاری هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەیاندا بۆ ئەوەی قسە بکەن و بڵێن ئێمە پێشمەرگەین.
پاشان بردیانە بەردەم دەرگای ئێمە لەناو کۆڵانەکە دووبارە کەوتنە لێدان و ئەشکەنجەدان. پیاوە سەرداپۆشراوەکە خۆی نەگرت، گوتی: تۆ بەڵێنتدا ئازاری دانیشتوان و ژنان و منداڵ نەدەیت، تۆ بەڵێنت داوە.
ئەویش بڕیاریدا بوەستن و فیشەک بارانیان بکەن. پیاوە سەرداپۆشراوەکە زۆر هەوڵیدا بەڵام سوودی نەبوو ئەویشیان ئەشکەنجەدا. بۆیە فەرمانی کرد و گولە بارانیان کرد. منداڵەکە ( ئازاد ) لە باوەشی دایکی کەوت و دەگریا ئەوانی دیکە هەموو مردن. لەبەرچاوی خۆم هەموویان کوژران، هەر دەگریام و نەمدەزانی ڕوحی من بۆچی دەرناچێت.
لەدوای ئەوە تەواو شەکەت و بێ هێز و وێران بووم، چونکە یەکەم جارم بوو بەبەرچاوی خۆمەوە خەڵکی گوللە باران بکرێت و خێزانێک بەتەواوەتی کۆتایی بێت.

گریانی ئازادی کۆرپە کە تەمەنی تەنیا یەک ڕۆژ بوو دەچووە ئاسمان. سەربازێک ویستی بە فیشەکێک بیکوژێت. بەڵام فەرماندە، گوتی: پێویست ناکات بە فیشەک بیکوژیت، ئەمە بایی فیشەکێک نییە. بۆیە ئاماژەی بۆ سەربازێکی دیکە کرد کە بەپێ بەسەریدا بڕوات و بیکوژێت. کاتێک فەرماندە ڕۆیشت ئەو سەربازە زۆر هەوڵیدا بەڵام نەیتوانی جێبەجێی بکات بۆیە ئەویش ڕۆیشت و منداڵەکەی بەجێهێشت.

من لەمدیو دەرگاکەوە، ئازادیش لەناو کۆڵانەکەدا دەگریا. هاوار و ناڵەی کۆرپە بچووکەکە تەواو هەراسانی کردبووم. نەمدەزانی چی بکەم، هەرچەند خۆم دەکێشا بە دەرگاکەدا بۆ ئەوەی بکرێتەوە بەڵام هەر نەکرایەوە. ئەوەندە خۆم کێشا بوو بە دەرگاکەدا ئازارم پێ گەیشت. لەگەڵ ئەوەشدا تووشی سووریی مانگانە بوو، کەچی ئازاری ئەویشی هاتەسەر.

بۆیە لەتەنیشت دەرگاکەوە کەوتم لە درزی دەرگاکەوە لایلایەم بۆ ئازاد دەکرد.

دەمگوت: لای لایە کۆرپەی نازدارم ئازادی ژیانم لای لایە بنوو ڕۆڵەکەم بنوو، ڕۆڵەی شیرین ئازادی گوندەکەمان بنوو.

ئیتر من لاواندنی زۆم کرد بەدەم ئازاری خۆم ئەویش تادەنگی نەما و منیش بەدەم ئازاری خۆمەوە خەوم لێکەوت.

خەوم لێکەوت لە سەرما و ئازار، برسێتی، تینوێتی، ترس و لەرز هەمووو تێکەڵ بوو بوو. تا ڕۆژی سێهەمین دیسان تیشکی خۆر لە تاقە بچووکەکانەوە هاتنە ژێرخانەکەوە. دیسان چاوەکانم تەواو ماندوو بوون، ئازاد سەرتاپای گرتبووم و چاوەڕوانی باوکم دەکەم. چونکە باوکم هەموو جارێک بەڵێن دەدات کە دەچوو بۆ شوێنێک، دەیگوت: ناز گیان باوە دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئەمجارە پێی دەچێ نەگەڕێتەوە.

لەوکاتەدا برسێتی زۆری بۆ هێنام، هەمووو شتەکانی ژێرخانەکە گەڕام و هەڵمدایەوە. لەناو خواردنە وشکەکان تەماشام کرد پارچە پەڕۆیەکی تێدایە، کردمەوە دەمانچەیەک بوو کە تەمەنم حەوت ساڵان بوو باوکم فێرکردبووم کە چۆن تەقەی پێ بکەم. لەو کاتەوە ترسم شکا بوو لە تەقەکردن و بەکارهێنانی. بەترس و لەرزەوە ڕووم کردە دەرگاکە بۆ ئەوەی بیکەمەوە، هەر دەترسام بیتەقێنم بەڵام زۆرم لە خۆم کرد و یەکەم فیشەک دەرگاکەی کون کرد، بەڵام نەکرایەوە. بەهەمان شێوە کە دەستەکانم دەلەرزی دوای چەند فیشەکێک دەرگاکە کرایەوە. بۆیە یەکسەر پەلاماری دەرگاکەمدا و هەوڵمدا هەتا کرایەوە.

ڕام کرد بۆ سەر ئازاد بەڵام تەماشا دەکەم ڕوحی تێدا نەماوە و گیانی سپاردووە. گریام و لەدڵی خۆمدا گوتم: کاکە ئازاد گیان هەموو ڕوحیان دەردەچێت تەنیا من نەبێت.

دوای پەیداکردنی خواردنێکی کەم و خواردنەوەی ئاوێکی پێویست، وردە وردە بەدەم گریان و هاوار بەگوندا دەڕۆیشتم کەسێک نەبوو گوێم بۆ بگرێت. هەرگیز لەوە نەدەچوو کە ڕۆژانێک ژیان لێرە هەبوو بێت.

هاتمە سەر ڕێگای گوندەکەمان کە دارتووەکەی لێ بوو. هەر کەسێک بیویستایە بڕوات بۆ شار یاخود لە شارەوە بهاتیایەوە لە ژێری دارتوو چاوەڕوانی دەکرد. ئەمڕۆ من هەر خۆم بووم چووم لەسەر جۆلانەکە دانیشتم. سەیرێکی گوندەکەم کردەوە جگە لە هیچ ڕوحلەبەرێکی تێدا نەماوە.

نەمدەزانی وەکو جاران لەسەر جۆلانێکە چاوەڕوانی باوکم بکەم یان ملی ڕێگە بگرم هەتا دەگەمە ئاوەدانی.

دەستم کرد بە گیرفانمدا وەرەقەیەکی کتێبی ناڵەیی جوداییم دەرهێناوە کە ئازیز گیان لەسەری نووسی بوو، ( پێشکەش بە نازدار گیان هاوڕێی تەمەنم ). بەڵام لەو ڕۆژەوە تەمەنناي بینینی دەکەم، من هاوڕێی تەمەنی ئەو نەبووم. چونکە خەڵکی گوندەکە هەموویان کۆچیان کردووە بەس من نەبێت کە هەتا ئەمڕۆ کە دەکاتە ( ٣٨ ) ساڵ من چاوەڕوانی باوە گیانم. چونکە ئەو بەڵێنی داوە بگەڕێتەوە و ئازیز و دادە خاوەر.

من ئێستا ناوم تاقانەی ئەنفالە، بێ ناسنامە و بێ ڕەگەزنامە لەسەر خاک و ئاوی خۆم.

پاشان من چوومە ناحیەی یەکی ئیتر ژیان چۆن دەستی پێکرد؟ چۆن هات؟ چۆن دەڕوات؟ بامێنێت بۆ کاتی خۆی. چونکە باوکم و هیچ کەسێکی تر نەماوە لە ئێستادا خاوەنی ناسنامەی شەهیدان و ئەنفالیش نیم. دەڵێن: تۆ هیچت نییە.

بەڵام کە گەورە بووم ناسیاوێکی گوندێکی هاوسێمان هات، گوتی: دەمەوێت بێت کچی من و ببیت بە بووکی من، بۆ کوڕی خۆم.

ماڵیان ئاوەدان بێت ناسنامەیان بۆ دەرکرد و دوای هەموو بەسەرهاتێک. ئێستا خاوەنی سێ منداڵم. زۆر پرسیارم لێ دەکەن، بەڵام هەتا ئەمڕۆیش بەبێ وەڵامن.

هەموو پرسیار و وەڵامەکانم هەڵگرتووە بۆ ئەو ڕۆژەی کە مامۆستای گوندەکەمان هەموو هەینییەک اسی دەکرد و دەیگوت: هەموو دەچینەوە بەردەم دیداری خودا.

# وا ٣٨ ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالدا تێپەڕی

**نوسینی: بەختیار ڕەئوف/ کوڕە ئەنفال**

دوای ٣٨ ساڵ چیکرا بۆئەوەی ئەم تاوانە دووبارە نەکرێتەوە؟!...

چیکرا بۆ ئاشکرا کردنی گۆڕە بەکۆمەڵکان و هێنانەوەی ڕوفاتی ئازیزانمان؟!...

چیکرا بۆ بەسزاگەیاندنی جاش و ئەنفالچیەکان و خیانەتکاران لە نەتەوە و خاک و نیشتمان ؟!...

چیکرا کە ئەم تاوانەگەورە جیهانیە بە جیهان بناسێنین؟!...

چیکرا کە ئەم تاوانە گەورەیە بەگەورەی خۆی لە پرۆگرامی سەرجەم قۆناغەکانی خوێند لە کوردستان بکرێتە پرۆگرامێک کە گەورەی ئەوتاوانە بۆ جیهان و نەوەکانی داهاتوی کورد و کوردستان ئاشنابێ؟!...

ئایە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان و بەتایبەت زانکۆو پەیمانگاکانی گەرمیان کە لەناوجەرگەی تاوان و ئازارەکاندان چیانکردوە بۆ ناساندنی ئەم تاوانە گەورەو ئازارەکانی گەرمیان و گەرمیانیەکان؟!...

ئەمانە چەندین پرسیارن کە بەداخەوە وەڵامەکانیان لەبری ئاسودەی ئازار بەخشن!...

هەڵبەتە بەگشتی و بەگوێرەی گەورەی تاوانەکە و قوربانی دانی گەلەکەمان و ئازارەکانی ئێمە ‘کارێک نەکراوە جێگەی دڵخۆشی بێ جگە لە نیگەرانی چونکە ئەبینین ئەوەتا لە سەدەی ٢١ ولەساڵی ٢٠٢٦ دا دیسان کورد خوێنی لێدەچۆڕێت و بەردەوام ڕووبەڕوی جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران دەبێتەوەو خاکی داگیر دەکرێت و نەتەوەکەمان شەهید دەکرێت بەنمونە ئەوەی کە ڕابردوو لە شەنگال و کەرکوک و دووس و ناوچە دابڕێنراوەکاندا ڕویدا و



لە ئێستاشدا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕوو دەدات نمونەی زیندوون!...

بەداخەوە کە دوای نزیکە نیوسەدە لەتاوانی ئەنفال تائێستا گۆڕەبەکۆمەڵەکان کە هەر لەسەرەتاو کاتی جێبەجێکردنی تاوانەکەوە ئاشکراو دیاربوە لەلایەن ئەمەریکاوە چاودێری دەکراو زۆرێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئاشکرایە بەڵام بەداخەوە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە خەمی نەخواروەو هیچ هەوڵێکی جدی و باشی بۆ نەنراوە!...

سەرکردایەتی و حزبە سیاسیەکانی کورد لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە زۆرێک لە پۆستە باڵاو گرنگەکانی عێراقی بەدەستەوە بووە وەک سەرۆک کۆمار، جێگری سەرۆک وەزیران ، وەزارەتی دەرەوە ، وەزارەتی ، وەزارەتی کۆچ ، کۆچبەران و چەندین وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی و پەرلەمانتار لە عێراق دا سیاسەت دەکەن بێ ئەوەی هەوڵێکی باش بۆ ئەم کەیسە بدرێت

لە کاتێکدا بەشێک لە پەرلەمانتاران کەسوکاری ئەنفالکراوانن یاخواد لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا پروپاگەندەی زۆر باشی وایان دەکرد کە گوایە کاری زۆر باش لەو کەیسەدا دەکەن بەڵام مخابن نەمان بینی بەو جۆرەبێت کە پروو پاگەندەیان دەکرد بەڵام بینیمان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و حزبیان زۆر باشتر تێدەکۆشین !...

بەداخەوە نەک گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان ئاشکرا نەکرد و هەڵیان نەدایەوە بەڵکوو ناو بەناو لەلایەن بەرپرسێکەوە گۆڕێک هەڵبدرایەتەوە بەشێک لەو بەرپرسانەی کە کوردن و لە عێراق دا کاردەکەن و پەرلەمانتارن نەک هاوکاریان نەدەبوون بەڵکوو هەندێک جار دژیان دەوەستانەوە ، بێدەنگ دەبوون لەوەیشی کە بۆچەندین ساڵ ئێسکو پروسکی ئازیزانی هەڵدراوەی گۆڕ غەریبان لە سارد کەرەوەکان و مەیتخانەکانی عێراقدا دەمانەوە ئەو بەر پرس و پەرلەمانتارانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و حزبیان بێدەنگیان هەڵەبژارد و کاریان نەدەکرد بۆ زوو هێنانەوەیان بە پێچەوانەی بانگەشەی کاتی هەڵبژاردنیان!...

سەبارەت بە جاش و ئەنفالچی و خیانەتکاران لە گەل و خاک و نیشتمان کە ئەکرا سزای قورس بدرایەن لەلایەن کورد و سەرکردایەتی کورد و دادگاکانی کوردستانەوە بەڵام پێچەوانەکەیمان بینی کە بەرەی کوردستانی بە ناوی گەلەوە لێ خۆشبوونی بۆ جاش و ئەنفال چی و خیانەت کاران دەرکرد کە ئەمە نەک مافی بەرەی کوردستانی و هیچ کەس نییە تەنانەت مافی کەسوکاری قوربانیانیش نییە لێ خۆشبوون بۆ جاش و ئەنفال چییەکان دەربکات بە ناوی گەلەوە بەتایبەت ئەو و ٢٥٨ جاشە کوردە کەبڕیاری دادگای تاوانەکانی عێراق

یان هەیە تەسلیم بەدادگا نەکراون و پارێزراون و لەبری سزا پاداشتکران و خەڵاتکراون بە پلەوپۆست و دیوەخانانە!...

چۆنەکرێت جاش و ئەنفال چی دیوەخانانەو مووچەی چەند ملوێنی هەبێت و کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوانیش موچەیەکی ٤٥٠ هەزاریان هەبێ!...

ئەمە ئەوە بە هەموان دەڵێت کە خیانەت لە میلەت و خاک و نیشتمان بەردەوامبێت و ئەوەی خیانەت بکات و جاشبێت لەپێشترە لەوانەی کە قوربانی بۆ ئازادی میلەت و خاک و نیشتمان دەدات!...

ئەگەر ئەو جاشانە لە کات و ساتی خۆیدا سزا بدرایەن ئێتر کەس بوێری ئەوەی نەدەبوو جاشایەتی بۆ دووژمنانی کورد بکردایە کورد و کوردستان بەمرۆ نەدەگەیشت...

سەبارەت بە ناساندنی ئەم تاوانە گەورەیەی دەرهەق بەمرۆڤایەتی و گەلەکەمان و ئێمەو کەسوکارمانکراوە تا ئێستا هەنگاوێکی باش و دڵخۆشکەر نەنراوە کە ئەم تاوانە نەک لە جیهاندا بەڵکوو لە ناوخۆی کوردستان و عێراق بناسرێت

لەساڵی ٢٠١١ وەفدێک لە پەرلەمانی کوردستانەوە بەمەبەستی بەشداریکردنیان لە کۆنفرانسێکی نێو دەوڵەتی لە یەکێک لەوڵاتانی ئەوروپا سازکرابوو خۆیان ئامادە دەکرد بەشداربن داوایان لە پەرلەمان و بەشی ئەرشیفی پەرلەمانی کوردستان کردبوو بەڵگەنامەی باش و سەلمێنەر چی هەیە لە هەگبەتاناو لە ئەرشیفتاندا بمان دەنێ بەداخەوە بەڵگەی پێویست لە هەگبەیا پەرلەماندا نەبوو بیان دەنێ لە کاتێکدا ئەگەر یەک لەو بەشداربوانە نەوەیەکی ئەنفالکراوان یان ڕزگار بوانی ئەو تاوانەبوایە پێویستی بە بەڵگەنەدەبوو خۆی هەزاران دێڕ بەڵگە دەبوو هەزارانیشی پێدەبوو کەچی پەرلەمان هەگبەی خاڵی بوو لە بەڵگەی ئەوتاوانە گەورەیە ئێتر ئێمە چاوەڕێی کێ بکەین بۆ ئەوەی بەجیهانی بناسێنێت؟!...

سەبارەت بەوەی کە تائێستا بابەتیکی تێر و تەسەل نەنوسراوە بۆ ئەوەی لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغەکانی خوێندندا بخرێتە بەر دیدی فێرخوازان و نەوەکانی داهاتوو سەرەڕای ئەو هەموو زانکۆو پەیمانگایانەی کە هەن لە کوردستان و بەتایبەتیش لە گەرمیاندا کە ناوجەرگەو پایەتختی جینۆساید و ئەنفال و قوربانیدانە!...

ئەمە نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر مامۆستایان و بەرپرسانی زانکۆو پەیمانگاکانی گەرمیان و نوسەران و ڕۆشنبیران و چالاک وانانی ئەو بوارەو بگرە کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوانیش...

لە کاتێکدا لەعێراقدا بابەتێک بەناوی ،تاوانەکانی بەعس ، (جرائم حزب البعث) بوونی هەیە لە ناو پرۆگرامی خوێندنی عەرەبیدا و زۆر بەبچوکی و لاوازی باسی تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد دەکات وەک تاوانەکانی (ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و هتد...) کە چی بەرپرسانی کورد دوای ٣٨ ساڵ لەم بابەتە بێ دەنگ و بێ ئاگان!...

زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان و بەتایبەت گەرمیان زۆر لاواز و کەمتەرخەمن لەو تاوانانەی کراوە بەرامبەرمان کەهیچ نەبێ بە خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکانی خۆیانی بناسێنن

من بۆ خۆم لەزانکۆی گەرمیان بووم لەسەردەمی خوێندنی خۆمدا کە ئەوکات تەنها من و خوێندکارێکی تر لەو زانکۆیە کوڕە ئەنفال بوین واتە باوکمان ئەنفال بوو نەک نەمان بینی بۆجارێک جیاواز لە خوێندکارەکانی تر خەڵاتێکی ڕێز لێنانمان پێ ببەخشن بەڵکو زۆر بە لاوازی و بچوکی یادی تاوانەکەیان ئەکردەوەو دواتر بینیمان لەبری ئێمە خەڵاتی خەڵکانێک کرا کە کەسوکاری بەعسی و جاش بون!...

لەسەردەمی زانکۆی خۆمدا ڕۆژێک لە یادەکانی تاوانی ئەنفالدا لە کۆلێژی پەروەردە لە نهۆمی یەکەم یادێکی خنجیلانەی تاوانەکەیان ڕێکخستبوو کە چی مامۆستایانی زانکۆی ئەوکات و لە ڕۆژ و ساتی یادەکەدا لە نهۆمەکانی تری هەمان بینا تاقیکردنەوەی دانابوو خوێندکارانی ناچارکردبوو کە نەچنە یادەکەو بچنە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکانەوە!...

هەر لەو یادەدا خوێندکار لە خۆمی پرسی ئەمە چیە وتم نازانی چیە وتی نەخێر وتم یادی تاوانی ئەنفالە ئەی وت تاوانی ئەنفال چیە!... ئەمە لە ناوجەرگەی تاوانەکەدا نەزانی ئەنفال چیە خۆی بۆخۆی تاوانە!...

تاکە تروسکای لەزانکۆی گەرمیان سەنتەرێکیان کردەوە بەناوی سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان لە بینا ڕەشەکە واتە لیوا ڕەشەکە دانرا جمو جوڵێکی باشی دروستکردبوو بۆ باس و خواسی تاوانەکە لەناوەوی زانکۆ و دەرەوەیشی کە چی ئەوەشیان بەو تاوانە و کەسوکاری ئەنفالکراوان ڕەوانەبینی و بیناکەیان لێوەرگرتەوە ئێستا نازانین ئەو سەنتەرە ئاوارەی چی کوچەو کۆڵانێکەو لە کوێدا بچوککراوەتەوە یاخود هەرماوە؟!...

ئێتر چی دڵێکمان بەم زانکۆیانە خۆش بێت؟!...

# ڕەهەندە یاساییەکانی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن و هۆشداری پێشوەختە لە هەڵوەشاندنەوەی هۆکارە پێکهاتەییەکانی جینۆساید

# لێکۆڵینەوەیەک لە دەرفەت و تەحەددیاتی فیقهی و دادوەری

د.لاجان محمد ئەمین عوسمان
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی



لێرەدا هەوڵدەدەین بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن لەگەڵ میکانیزمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە لە یەکتر نزیک بکەینەوە. ئێمە دەڵێین کە پابەندبوونی یاسایی بۆ "ڕێگریکردن" لە جینۆساید، وەک لەلایەن دادگای نێودەوڵەتیی داد دووپاتکراوەتەوە، دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پابەند دەکات بە وەڵامدانەوەی نیشاندەری پێکهاتەیی دڕندەییەکان، نەک تەنها هۆکارە دەستبەجێیەکان. ئەم باسە بەو دەرفەتە یاساییانە دەکۆڵێتەوە کە بە پۆلێنکردنی پێشێلکارییە پێکهاتەییەکان وەک بەڵگەی "مەبەستی تاوانکاری تایبەت"، ئەو تەحەددایانەی کە لە پابەندبوون بە بنەمای سەروەری نیشتمانییەوە سەرهەڵدەدەن کە لە میساقی نەتەوە

یەکگرتووەکاندا هاتووە، و ئەو پرسانەی پەیوەستن بە بۆشایی نێوان پابەندبوونی یاسایی بۆ ڕێگریکردن و ئیرادەی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی. هەوڵ دەدەین ئەمانەی سەرەوە لە ڕێگەی ئەو خاڵانەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە: یەکەم :بنەمای یاسایی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و پابەندبوون بە خۆپاراستن

ڕێگریکردن لە جینۆساید تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی یان سیاسی نییە، بەڵکو پابەندبوونێکی یاسایی ئاشکرایە بەپێی مادەی یەکەمی ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨، کە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی نۆرمەکانی ئیجباری یاسای نێودەوڵەتی گشتی.

لە پێشهاتێکی چارەنووسسازدا، دادگای نێودەوڵەتی داد ، لە دۆسیەی بۆسنە و هەرزەگۆڤینا دژی سربیا و مۆنتینیگرۆ (٢٠٠٧)، ستانداردێکی یاسایی بۆ "پابەندبوون بە ڕێگریکردن" دامەزراند. دادگا دووپاتی کردەوە کە بەرپرسیارێتی دەوڵەتێک بۆ ڕێگریکردن "لەو ساتەدا سەرهەڵدەدات کە دەوڵەت دەزانێت، یان دەبوو بە شێوەیەکی ئاسایی بزانێت، مەترسییەکی جددی جینۆساید ڕوودەدات". ئەم فیقهیە سیمایەکی یاسایی پابەندکەر دەدات بە "میکانیزمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە". کۆکردنەوەی زانیاری و شیکاری پێکهاتەیی چیتر تەنها چالاکی ئەکادیمی نین، بەڵکو بنەمای ماددییە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی "زانینی مەترسییەکە" نیشان دەدات، بەم شێوەیە پابەندبوونی یاسایی بۆ دەستێوەردانی چالاکانە چالاک دەکات ئەمەش(بەپێی پایەی یەکەم و دووەمی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن).

دووەم: دەرفەتی یاسایی بۆ وێرانکردنی هۆکارە پێکهاتەییەکان وەک بەڵگە

ڕوانگەی یاسایی دەرفەتی بەرچاو دەڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنانی داتای هۆشداری پێشوەختەی پێکهاتەیی، بە تایبەتی بە بەستنەوەی بە روکنی ماددی تاوانی جینۆساید

آ؛ گونجاندنی توندوتیژی پێکهاتەیی لەگەڵ مادەی دووەم (برگەی ج)

مادەی دووەم(ج)ی ڕێککەوتننامەی جینۆساید بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "بە ئەنقەست هەلومەرجی ژیانی گروپی کە بۆ هێنانەدی لەناوچوونی فیزیکی بە تەواوی یان بەشێکی حیسابی بۆ کراوە". میکانیزمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە کە چاودێری سیاسەتە پێکهاتەییەکانی جیاکاری دەکەن- وەک لەناوبردنی سیستماتیکی ژینگە (جینۆسایدی ئیکۆلۆژی)، زەوتکردنی یاسایی زەوییە کەمینەکان و ڕەتکردنەوەی سیستماتیکی چاودێری تەندروستی- چوارچێوەی بەڵگەیی بۆ دامەزراندنی ئەم توخمە دابین دەکەن. بەم شێوەیە، هۆشداری پێشوەختەی پێکهاتەیی ڕێگە بە گۆڕینی پێشێلکارییە کەڵەکەبووەکانی مافەکانی مرۆڤ دەدات بۆ نیشاندەری






پەسەندکراوی یاسایی کە دەکەونە ژێر پۆلی "دۆخی ژیانی وێرانکەر".

ب- دامەزراندنی مەبەستی تایبەت

سەلماندنی "مەبەستی تایبەت" بۆ لەناوبردنی گرووپێکی دیاریکراو گەورەترین تەحەدایە لە فیقهی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا. میکانیزمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە کە بەدواداچوون بۆ یاسای جیاکاریی درێژخایەن و گۆڕانکارییە دیمۆگرافییە دامەزراوەییەکان دەکەن، دەرفەتێکی یاسایی دەگمەن دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی ئەم مەبەستە لە "شێوەی دووبارەبوونەوەی ڕەفتار"ی دەوڵەتێکەوە دەربخەن، نەک چاوەڕێی فەرمانی ڕوون بکەن بۆ کوشتنی ڕاستەوخۆ.

سێیەم: تەحەددا و سنووردارکردنی یاسایی و سەروەری

جێبەجێکردنی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن کە لەسەر بنەمای سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە پێکهاتەیی دامەزراوە، ڕووبەڕووی بەربەستی یاسایی و دامەزراوەیی دەبێتەوە کە ڕەگیان لە پێکهاتەی یاسای نێودەوڵەتیدا قووڵە.

آ/ ناکۆکی لەگەڵ مادەی ٢(٧)ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان (بنەمای دەستێوەردان نەکردن)

هۆکارە پێکهاتەییەکانی جینۆساید (وەک یاسا دەستوورییەکان، بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و سیاسەتەکانی پەروەردە) ناوەندی دەسەڵاتی دادوەری ناوخۆیی دەوڵەتەکانن. دەوڵەتە ناپاکەکان پەنا بۆ مادەی ٢(٧)ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەن بۆ ڕەتکردنەوەی هەر پێشنیارێک یان دەستێوەردانێکی نێودەوڵەتی کە لەسەر بنەمای سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە دامەزراوە، بە پێشێلکردنی نایاسایی سەروەری نیشتمانی دەزانن. ئەم ئارگیومێنتە یاساییە تەنیا بە بانگەشەکردن بۆ بەشی حەوتەمی میساقەکە دەتوانرێت تێپەڕێنرێت، کە پێویستی بە بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش هەیە.

کەواتە کێشەی سەروەری نیشتمانی و بە سیاسیکردنی دەستێوەردان لەبەر ئەوەی هۆکارە پێکهاتەییەکانی جینۆساید (وەک یاسای جیاکاری یان دابەشکردنی نایەکسانی سامان لە دڵی سیاسەت و حوکمڕانی ناوخۆییدایە، زۆرجار ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان هەر هەڵسەنگاندنێکی نێودەوڵەتی بۆ ئەم نیشانەدرانە وەک دەستوەردانێکی ئاشکرا لە کاروباری ناوخۆیی خۆیان و پێشێلکردنی سەروەری نیشتمانی ڕەتدەکەنەوە. جگە لەوەش، ڕژێمە تاکڕەوەکان ڕەنگە زمانی "ئاسایشی

نەتەوەیی" بەکاربهێنن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتە پێکهاتە سەرکوتکەرەکانیان، ئەمەش توانای میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان بۆ فشاری کاریگەر لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی پاراستن ئاڵۆزتر دەکات پێش ئەوەی دۆخەکان تێکبچن و ببنە ململانێی چەکداری ڕاستەوخۆ

ب- سروشتی ناپابەندکەری بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن سەرەڕای پابەندبوونی بەهێز بە ڕێککەوتننامەی جینۆساید، بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن سەرەڕای دەرئەنجامی کۆنفرانسی لوتکەی جیهانی ٢٠٠٥دا هاتووە، وەک یاسایەکی "یاسای نەرم" یان نۆرمێکی سیاسی پۆلێن کراوە نەک پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی یاسایی پابەندکەر لە مافی خۆیدا. ئەم تایبەتمەندییە یاساییە توانای دەزگا نێودەوڵەتییەکان لاواز دەکات بۆ سەپاندنی سزا یان ڕێوشوێنی زۆرەملێ کە تەنیا لەسەر بنەمای نیشاندەری پێکهاتەیی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لە غیابی توندوتیژی بەربڵاودا.

زۆرێک لە سیستەمەکانی هۆشداری پێشوەختەی نێودەوڵەتی پشت بە پێوەرە چەندایەتییە گەورەکان دەبەستن (وەک دابەزینی بەرهەمی ناوخۆیی یان ڕاپۆرتی سەقامگیری ئابووریی گەورە)، کە دەبێتە هۆی "خاڵی کوێر"ی میتۆدۆلۆژی. زۆرجار ئەم سیستێمانە شکست دەهێنن لە دەستنیشانکردنی توندوتیژی پێکهاتەیی ئاستی بچووک، وەک گۆڕانکاری وردە وردەی دیمۆگرافی لە ناوچە تایبەتەکاندا یان لەناوبردنی ژینگە کە بژێوی هەندێک کۆمەڵگەی گوندنشین دەکاتە ئامانج. ئەم کەموکوڕییە وا دەکات میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان نەتوانن پێشەنگەکانی جینۆساید لەو وڵاتانەدا بناسن کە لە ڕووی سیاسی یان ئابوورییەوە سەقامگیر دەردەکەون

ج- کێشەی دەسەڵاتی دادوەری و بۆشایی وەڵامدانەوە

لە ڕوانگەی ڕێکارەکانەوە، میکانیزمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە (وەک نووسینگەی ڕاوێژکاری تایبەت بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید) دەسەڵاتی ئەوەیان نییە کە ڕاستەوخۆ کەیسەکان ڕەوانەی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی (ICC) بکەن یان ڕێوشوێنی جێبەجێکردن بسەپێنن. گۆڕینی "هۆشداری یاسایی" بۆ "وەڵامێکی یاسایی و زۆرەملێ" هەروەها بەندە بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، یاسا نێودەوڵەتییەکان دەخاتە ژێر حیساباتی ڤیتۆی جیۆپۆلەتیکی و قووڵکردنەوەی ئەوەی پێی دەوترێت "کەلێنی هۆشداری و وەڵامدانەوە". لە ڕوانگەی یاساییەوە، هۆشداری پێشوەختە لە هۆکارە پێکهاتەییەکانی جینۆساید نابێت تەنها وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ ڕێنماییکردنی سیاسەتی دەرەوە سەیر بکرێت، بەڵکو وەک ئامرازێکی بەڵگەیی جەوهەری بۆ چالاککردنی پابەندبوونی یاسایی بۆ "ڕێگریکردن" بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ و فیقهی دادگای نێودەوڵەتی. چارەسەرکردن و هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی توندوتیژی پێش ئەوەی بەرەو کۆمەڵکوژییەکی ڕاستەوخۆ بچێتە دەرەوە، پێویستی بە تێپەڕین لە لێکدانەوەیەکی تەسک بۆ بنەمای سەروەری نیشتمانی و پەرەپێدانی میکانیزمی یاسایی هەیە کە ئەنجومەنی ئاسایش ناچار دەکات وەڵامی پێوەرە پێکهاتەیی بەڵگەدارەکان بداتەوە. ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ڕێگریکردن لە "بەرپرسیارێتی پاراستن" کە ببێتە عەقیدەیەکی یاسایی و خۆپارێزی و تەنها پاساوێک بۆ دەستێوەردانی دوای کارەسات. دووبارە چڕکردنەوەی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر چارەسەرکردن و هەڵوەشاندنەوەی هۆکارە پێکهاتەییەکانی جینۆساید هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ دڵنیابوون لە کاریگەریی بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن.

سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە تەنیا کاتێک بەهای ڕاستەقینەی خۆی بەدەست دەهێنێت کاتێک وەک ئامرازێک بۆ بنیاتنانی ئاشتی چالاکانە و ڕاستکردنەوەی ناهاوسەنگییە قووڵەکان لە پێکهاتەکانی دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێت، نەک تەنها وەک زەنگی ئاگادارکردنەوە کە لە سەرەتای کۆمەڵکوژییەکاندا لێبدرێت.

بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی ئێستا، پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ تێپەڕاندنی پێوەرە نێودەوڵەتییە ناڕوونەکان و پشتبەستنێکی زیاتر بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمی و توێژینەوە ناوچەیی و ناوخۆییەکان کە توانای دابینکردنی زەمینەیەکی شیکاری و مێژوویی توندیان هەیە بۆ توندوتیژی پێکهاتەیی. لە کۆتاییدا R2P ناتوانێت ئامانجە مرۆییەکانی خۆی بگات، مەگەر کەلێنی نێوان زانینی قووڵی ڕەگەکانی ململانێ (ئاگادارکردنەوە) و ئیرادەی سیاسی ڕاستەقینە بۆ بنیاتنانەوەی پێکهاتەکانی دەوڵەت لەسەر بناغەکانی دادپەروەری و یەکسانی (وەڵامدانەوە) پڕ نەکرێتەوە. خۆپاراستنی ڕاستەقینە ڕێوشوێنێکی کۆتایی نییە، بەڵکو سیاسەتێکی بەردەوامە کە لە ناوەڕۆکی دامەزراوەکاندا بنیات نراوە لە وواڵتاندا.

# "بڕوخێ سەدام"، ئەو وشەیەی بووە هۆی لەسێدارەدانی (44) خوێندکار

**ئا: بارام سوبحی**

کات: سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە (١٤/ئایار/١٩٨١)

شوێن: ئامادەیی کازمییە لە شاری بەغدا

بۆنە: کۆتایی هەفتەیە و خوێندکاران لە گۆڕەپانی خوێندنگاکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق وەستاون

رووداو: لەسەر تەختەڕەشی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لقی (دال) بە خەتێکی درشت نووسراوە (یسقط صدام) واتە بڕوخێ سەدام.

سەرەنجام: لەسێدارەدانی (٤٤) خوێندکار و بێسەر و شوێن کردنی (٦٣٢) کەس لە خێزان و کەسوکاریان.

وەکو هەموو رۆژانێکی پێنج شەممە، تەواوی خوێندکارانی ئامادەیی کازمییە لەناو گۆڕەپانی خوێندنگاکەیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق وەستابوون، دوای تەواوبوونی مەراسیمەکە، کاتێک خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لقی (دال) دەچنە پۆلەوە، دەبینن لەسەر تەختەڕەشەکەیان نووسراوە (یسقط صدام). بەڕێوەبەری خوێندنگاکە بە بینینی ئەو دروشمە دەهری دەبێت و یەکسەر بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدای لێ ئاگادار دەکاتەوە.

نیعمە سوهێل ساڵح دلێمی لەو دەمەدا پلەی لیوا بووە لە ئەمنی عامەی بەغدا، لە دیمانەیەکدا دەڵێت: دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێوەبەری ئامادەیی کازمییەی کوڕانەوە ئاگادار کراین کە لەسەر تەختە رەشی یەکێک لە پۆلەکان دروشمی (بڕوخێ سەدام) نووسراوە، زەنگی ئاگادارکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا لێدرا، دەستبەجێ هێزێکی گەورە لە ئەفسەر و پلەدارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمن بە فەرماندەیی (عەلی عەبدوڵا بەرع) بە پشتیوانی هێزێکی فریاکەوتن (تەواری) بەرەو خوێندنگاکە رۆیشتین. خوێندنگاکەمان گەمارۆدا، بینیمان لە پۆلی چوارەمی (دال) دروشمەکە بەزەقی نوسراوە. (٤٤) خوێندکار لەو پۆلەدا بوون، هەموویانمان دەستگیرکرد و گەڕاینەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی، بە ئامانجی دۆزینەوەی ئەو خوێندکارەی دروشمەکەی نووسیوە، لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا

دەستپێکرد و هەموو شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونیمان بەکارهێنا، سەرباری ئەو ئەشکەنجە قورسە، بەڵام هیچ دانپێدانانێکمان دەستنەکەوت.

بەوتەی دلێمی، دوای ئەوەی رووداوەکە دەگاتە سەدام حسێنی سەرۆکی ئەو کاتی عێراق و ئەفسەرانی ئەمنیش ناتوانن ئەو خوێندکارە بدۆزنەوە کە دروشمەکەی نووسیوە، سەدام تەواو تورە دەبێت و سزای ئەفسەرەکانی ئەمن دەدات، پاشان سەدام بڕیاردەدات تەواوی کەسوکاری ئەو خوێندکارانە لە: دایک، باوک، خوشک، برا و کەسی نزیک دەستگیر بکرێن و بخرێنە ژێر ئەشکەنجەوە، تاوەکو ئەو کەسە دەدۆزنەوە کە دروشمەکەی نوسیوە. بەکۆی گشتی (٦٣٢) کەس لە کەسوکاری خوێندکاران دەستگیر دەکرێن کە ژن و منداڵ و گەنج و کەسانی بەتەمەن بوون.

لەبارەی چارەنووسی خوێندکارەکانەوە، دلێمی دەڵێت: بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە سەدام حسێن و فازڵ بەڕاکی بەڕێوەبەری گشتی ئەمن لەسەری ڕێککەوتن، هەموو خوێندکارەکان بەبێ دادگاییکردن لە رۆژی (٢/ئاب/١٩٨١) لەسێدارەدان و لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا شاردرانەوە.

هەرچی کەسوکاری خوێندکارەکانە، بەوتەی دلێمی، لەماوەی ساڵانی (١٩٨١ - ١٩٨٣)، هەر جارێک کۆمەڵێکیان دەستگیردەکرا و بەهەمان شێوەی خوێندکارەکان، واتە بەبێ دادگایکردن و بە فەرمانی سەدام لەسێدارە دەدران و دەخرانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە.

دلێمی دەڵێت: پازدە ساڵ دوای رووداوەکە، واتە لە ساڵی (١٩٩٦) تەرمی خوێندکارەکان رادەستی کەسوکاریان کرایەوە. ئەوەش بە ئامانجی ئەوە بوو نەهێڵین هیچ ناڕەزایی و خرۆشانێکی جەماوەری لێ بکەوێتەوە.

تەنها رزگاربووی ئەو کۆمەڵکوژیە باوکی خوێندکار (عەبود عەبدولوەهاب حەسەن یەعقوب)ە دەڵێت: دروشمەکە لەلایەن کەسێکی سەر بە ئەمنەوە سەرلەبەیانی زوو نووسرابوو، چونکە دەیزانی ئەو رۆژە پێنج شەممەیە و خوێندکاران بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق لە گۆڕەپانی خوێندنگاکە کۆدەبنەوە، ئامانج لەو پلانگێرییەش چاندنی ترس و تۆقاندن بوو لەناو خوێندکاران و خەڵکیدا.

هەروەها دەڵێت: لەو کاتەوە تائێستا بەهیوام تۆڵەی ئەو تاوانە لە ئەفسەرانی تاوانبار بکرێتەوە. بەڵام سەرباری دانپێدانانی ئاشکرا لەلایەن کەسانی وەکو لیوا نیعمەوە، تائێستا هیچ کەسێکی بەشدار لەو تاوانە دەستگیر و دادگایی نەکراوە. بۆیە ئەو باوکە جەرگسوتاوە دەپرسێت: کوڕەکەم لەسەر نووسینی دروشمێک لەسێدارەدرا، باشە بۆچی ئەو کەسانە لەسێدارە نادرێن کە دەیان کەسی بێتاوانیان کوشت؟

سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق عەبدولکەریم عەبد فازڵ دەڵێت: جگەلە خوێندکارەکان، (٦٣٢) کەس لە کەسوکاری ئەو خوێندکارانە (دایک، باوک، خوشک، برا، خزمی نزیک) لەسێدارە دران و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژران. واتە بەکۆی گشتی (٦٧٦) کەس لە منداڵ و گەنج و پیر کوژران.

* سەرچاوە: (https://infoplusnetwork.com)



# کۆچ کردنی کەسو کاری ئەنفالکراوان لەگوندەکانەوە بۆشارەکان لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق

ئا/هیوا محمدامین جەلەمۆردی

**حەسەن رەسول جەلەمۆردی :. حکومەت ئاور لە گوندەکەمان بداتەوە خزمەتگوزاری سەرەتاییمان بۆ دابین بکات من یەکەم کەسم دەچمەوە گوندەکەم و لەوێ نیشتەجێ دەبم،لەبەر ئەوەی بەلای منەوە ژیانی گوندخۆشترە لەشار .**

لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨ وە دوای بێسەرو شوێنکردنی بەشێکی خەڵکی کوردستان وە ڕاگواستنی بۆشارو ئۆردوگا زۆرە ملیەکان خەڵکی بەئاواتەوە بوون بڕۆنەوە گوندەکانی خۆیان و تا درێژە بەژیان بدەنەوە دوای روخاندنی حکومەتی بەعس لەکوردستان خەڵك و کەس و کاری ئەنفالکراوان جارێکی تر ڕویان کردەوە گوندەکان و شوێنی خۆیان بە نەبونی دەست کورتی دەستیانکردەوە بەژیان و ئاوەدانکردنەوەی ڕەزو باغ و کانیاوەکان بەبێ یارمەتی حکومەت و هیچ کەس و لایەنێك , بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە (٢٠٠٣) لەبەر بێپلانی حکومەت و وەلایەنی پەیوەندی دار و ئاوڕلێنەدانەوەیان دیسان کەوتنەوە بەر هەڕەشەی کەم ئاوی و کارەباو نەبونی ڕێگای هاتو چۆو بنکەی تەندروستی و قوتابخانە بەناچاری ڕویان کردەوە شارەکان لەکەسی بەرهەم هێنەوە بونەوە بە کەسانی بەکار بەر.

ناسکە کاکەامین خەڵکی گوندی (جەلەمۆرد دانیشتوی چەمچەماڵ گەڕەکی ئاسودە کەلە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال زیاترلە (٢١) کەسی بەر ئەم شاڵاوە کەوتوون نزیکترینیان

هاوسەرو براو خوشك و شوبراو ئامۆزاو میمكزاو خوشكەزاو برازا, ئەو یەكێك بوە لەوانەی دوای ئەنفال گوندەكەی ئاوەدان كردۆتەوەو بەڵام ئێستا لەبەر نەبونی خزمەتگوزاری سەرەتایی لەشاری چەمچەماڵ دەژی.

بابەرووشە:.بۆچی ئێوە وەك كەس و كاری ئەنفالكروان لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە گوندەكەی خۆتان كۆچكتان كردەوە بۆ شارەكان ؟

ئێمە لەدوای ئەوەی ئەنفالكراین وە گوازراینەوە بۆ شارو ئۆردوگا زۆرە ملیەكان من (٧) مناڵی بچووكم هەبوو بەكرێكاری و نەداری بەخێویانم دەكرد بەڵام ژیان قورس بوو لەشار نەمتوانی بژێوی ژیانیان بۆ دابین بكەم پاش نەمانی بەعس لەكوردستان هاتمەوە گوندەكەی خۆم و لەوێ خانوم دروستكرد بەدەستی خۆم و كچەكەم بەبێ یارمەتی هیچ كەس و لایەنێك توانیم درێژە بەژیان بدەم , بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی ئێمە نەیانتوانی وەكەم تەرخەم بون بەرامبەر ئێمە هیچ ئاوڕێكیان لێ نەدایەنەوە, لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەبەر بێپلانی حكومەت لەگەیاندنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەكان هۆكار بوون بۆ ئەوەی دیسان ئاوارەی شار ببمەوە وەگوندەكەم بەجێ بێڵم .

(عادل مجید حمدامین) تاقانەی ئەنفال كەلەخێزانەكەیدالەكۆی (٧) كەس كەپێك هاتبوون لە دوو خوشك و دوو براو دوو دایك باوك تەنها خۆی ماوە ,لەكاتی پرۆسەی ئەنفالدا بەتەنها دەرباز دەبێت و دەكەوێتە شارۆچكەی تەق تەق بەبێكەسی و سەرگەردانی ناچار دەبێ بۆ بژێوی ژیان و هەوڵدان بۆپەیداكردنی نان ڕودەكاتە زۆرێك لەشارەكانی عێراق بەبێكەسی لەوانە (بەغداد-تكریت-ڕومادی-هەولێر-شەقڵاوە-بادووش) , لەدوای نەمانی بەعس لەكوردستان ڕودەكاتەوە گوندەكەی خۆی (گوندی سەرچناری بناری خاڵخاڵان) لەئێستادا كۆچی كردوە بۆ شارو لە شارۆچكەی چەمچەماڵ نیشتە جێیە.

بابەرووشە:. بۆ چی ئێوە گوندەكەی خۆتان جێهێشتوە ؟

دوای ئەو كارەساتەی بەسەرماندا هات لەدوای ئەنفالەوە وەك ئاماژەتان پێدا بەڵێ من لەدوای ئەنفالكردنی كەس و كارەكەم بەتەنها مامەوە و سەرم لێشێوابوو نەمدەزانی چیبكەم بۆماوەیەك چومە ماڵ خاڵێكم پاشان كەوتمە گەڕان بۆئەوەی خۆم بژێنم پاش ماوەیەك دوای نەمانی بەعس گەڕامەوە سەرچنار و دەستم كردەوە بە دروستكردنی خان و وە ئاوەدانكردنەوەی ڕەزو باغ بەبێ یارەتی هیچ كەس و لایەنێك چەند ساڵێك لەوێ بووم دەتوانم بڵێم بەپێی خۆم توانیم بوەستمەوە , بەڵام لەدوای( ٢٠٠٣) وە بێبارانی و وشكەساڵی و نەمانی ئاوو كارەباو قوتابخانەو بنكەی تەندروستی نەبونی ڕێگەو بان نەم توانی لەوێ بمێنمەوە حكومەتی هەرێم لەباتی قوتابخانەی هاوچەرخ و ڕێگەی قیرتاو كردنەوەی بنكەی چارەسەری دەروونی نەیتوانی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەكانیشمان بۆ دابین بكات بەناچاری رومكردەوە ئەو شوێنەی كاتی خۆی بەعس بەزۆرە ملێ لێی نیشتە جێ كردبووین , ئەوەتا ئێستاش لەبەر بێ پلانی و گەندەڵی ناتوانێ خزمەتگوزاری سەرەتایەكانیشمان بۆ دابین بكات,بۆیە ناچاربووین لەگوندەكانەوە كۆچ بكەین بۆ شارەكان.

(حسن رسول صالح) لەدایك بووی (١٩٨١) كەس و كاری ئەنفالكراوە و خەڵكی گوندی (جەلەمۆرد)ە ئێستا لە شارۆچكەی چەمچەماڵ نیشتە جێیە كەپێشتر لە گوندی جەلەمۆرد ژیاوە،

بابەرووشە:. كۆچكردنتان لە

گوندەكەی خۆتان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

ئێمە لەساڵی (١٩٨٨) لە شارۆچكەی تەكێ بوین تاساڵی (١٩٩٢) لەهەمان ساڵدا گوندەكەمان ئاوەدانكردەوە لەسەر ئەركی خۆمان بەبێ یارمەتی هیچ كەس و لایەن و ڕێكخراوێكی خێر خوازی توانیمان خانو دروست بكەینەوە وە باخو باخاتەكانمان ببوژێنینەوە بۆئەوەی برەو بەژیان بدەین دەستمان كرد بە فەلاحەتی و ئاژەڵداری تاساڵی (٢٠٠٣) لەناوچونی ڕژێمی بەعس لەو ساڵەوە لەبەر بێ پلانی حكومەتی خۆماڵی پەیتا پەیتا گوندەكەمان وەلەبەر بێ خزمەت گوزاری وەكو ڕێگەو بان و قوتابخانەو بنكەی تەندروستی بێ ئاوی و بێ كارەبایی دەستمانكرد بەچۆڵكردنی گوندەكەمان ,ئێستاش حكومەتی هەرێم ئەگەر بەكردار هاوڕێك لە گوندەكەمان بداتەوە خزمەتگوزاری سەرەتاییمان بۆ دابین بكات من یەكەم كەسم دەچمەوە گوندەكەم و ئاوەدانی بكەمەوە لەبەر ئەوەی بەلای منەوە ژیانی دەشتم لاخۆشترە لەشار .

# ڕۆڵی لیوای چەمچەماڵ لە پرۆسەی ئەنفالدا

عەلی مەحمود محەمەد

لە شاڵاوی ئەنفالدا, لە سێ بۆ چوار جێگاوە, بۆ کۆکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ لیواکەی چەمچەماڵ راپێچ کران, لیوای چەمچەماڵ دووەم قۆناغی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان بوو, دووای کۆکردنەوەی سەرەتایی لە شوێنی دەستگیرکردنیان, لێرە ئەنفالکراوان بە فەرمی مامەڵەی زیندانیکردنیان لە گەڵ دەکرێت رزگار بوون ئەستەم دەبێت, بۆ ئەوەی لەوێوە دەستاودەستی نێوان سوپاو بیرۆی باکوری پارتی بەعسیان پێبکرێت و بنێردرێن بۆ ئەمنی پارێزگای کەرکوك لە سەربازگەی تۆبزاوە, لێرەدا بیرۆی باکور سەرەتا کارەکەی بە جاش و سوپا ئەنجامدا کە گرتن و کۆکردنەوەی سەرەتایی بوو, جاش تا ئێرە بەکار هێنرا, , دوواتر ئاوت کران, قۆناغی دوو بۆ سێیەم سوپا ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ کە گواستنەوە بوو بۆ جێگای جێگیر و ئامن, لە قۆناغی چوارەم کارەکە کەوتە دەست ئەمن, لێرە بڕیاری ٤٠٠٨ بەسەر هاووڵاتیانی ناوچە قەدەغە کراوەکان جێبەجێکرا .

### بارەگای لیوای چەمچەماڵ

لە چەمچەماڵ مەقەڕ لیوا و لە هەندێك حاڵەتی کەمدا قایمقامیەت شوێنی ناوەندی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان بوونە, هەندێك کەم لە هاووڵاتیانی باکوری گەرمیان-سەنگاو لەوان رەوانکراون بۆ تەواری سلێمانی, دواتر لەوێوە گەڕێنراونەتەوە بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, وەلێ زۆربەیان راستەوخۆ لە لیوای چەمچەماڵەوە نێردراون بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە.

لیواکەی چەمچەماڵ دەکەوتە پشت نەخۆشخانەی شەهید پێشڕەوی ئێستای چەمچەماڵەوە, گۆڕەپانێکی فراوانی قیرکراوی تێدا بووە, شوێنی نیشتنەوەو هەڵستانی کۆپتەر بووە, کە ئەوکات کۆپتەر رۆڵی سەرەکی هەبوو لە لێدانی سەربازی دژ بە هاووڵاتیانی لادێکان و هێزی پێشمەرگە, زۆربەی تاوانەکانی بەعس بەهۆی کۆپتەرەوە ئەنجامدراون, لێرەوە جەیش و جاش

پەلاماری هەردوو دیوی چەمچەماڵیان داوە, وەك دەگێڕنەوە لە دەوری سەربازگەکە ساترێکی بەرز دروستکرابوو بە دەوریا و خاڵی چاودێری سەربازی هەبوونە بۆ پاراستنی لە پەلاماری پێشمەرگە, بە ئاراستەی ناوچەی شواندا دوو دۆشکە داندراونبوون لەسەر دوو گرد کە بە خۆڵ درووست کرابوون, لیواکە دوو ژێر زەمینی تیا بووە, ژێر زەمینەکان هەر یەکەیان دوو دەرگایان هەبووە لەم سەرو ئەو سەری, سەربازگەکە کۆمەڵێك هۆڵی تێدا بووە دەرگاکانیان بە ئاراستەی ناو شوان بوون, کۆمەڵێك خانووی ڕێك و پێك لە بەردەم هۆڵەکان هەبوون, بە ژووری ئەفسەرەکانی کردووە, بەرەو رووی بان مەقانیش هۆڵێکی گەورەی درێژی تێدا بووە چوار دەوری پەنجەرەی بچووك بچووك بوونە, لەولاتر ریزێکی بینایەی تیا بوو کە روو لە سەنگاو بوونە, نزیك ٢٠٠ مەتر دەرۆیشتی ریزێك بینایەی تری تیا بوو روو لە سەنگاو بوون شوێنی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیل بوونە, بە رووی تەکیەیا ریزێك بینایەی خۆشی تیا بووە پێی دەچوو بارەگای کارگێری بووبێتن, هەروەها سەربازگەکە کۆمەڵێك هۆڵی تێدا بووە لەسەر دیزاینی قاعەکان سەربازگەی تۆبزاوە بوونە. بەلای ناوچەی شوانا کۆمەڵێك باڵەخانەی وەك رەبایەی بچووکی تێدا بووە, پشتی لیواکە دائیرەی ئیشغال بووە, دەرگای لیواکە دەکەوتە بەرامبەر دادگای ئێستای چەمچەماڵ, سەربازگەکە وەك ئاماژەمان پێیدا چواردەوری ساتر بووە, بان سا‌ترەکەش تەلی دڕکاوی بووە, دەوروبەریشی هەموو سەربازگە بووە, ژێر زەمینەکەی شوێنی ئەشکەنجە بووە, سەربازگەکە مدەرەعەو دەبابەو تۆپ و راجیمەی تیا بووە.

ئەم بارەگای لیوایە گەورەترین مۆڵگای سەربازی بوو لە ناوچەکە, کەوتبووە گەڕەکی شەهیدانەوە, لە حەفتاکانەوە درووست کرابوو, رووپێوی زیاتر لە پەنجا دۆنم زەوی بووە. ئەمین بەشیر کاتی ئەنفالەکان ئامر لیوای چەمچەماڵ بوو, ئەویش وەك حەجاج و نزار خەزرەجی و بەرپرسانی نزارکێ و دووبزو تۆبزاوەوە دەیان تاوانبار و مستەشار و فەرماندەی مەفرەزە خاسە لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال نین. سەربازەکان لیواکە دوای کۆڕەو و هەڵاتنی خەڵك ماڵەکان چەمچەماڵیان تاڵان کردبوو, لەمەشدا هەندێك سەربازی کوردیشیان تیا بوو.

## گواستنەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ

بە پێی بەڵگەنامەکان لە ١٠ی مانگەوە کۆمەڵێك پیاوی گەنج نێردراون بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, لێ بەهۆی نەبوونی بەڵگەی زیاتر و هاوکات هیچیان رزگاریان نەبووە, چیرۆکی ئەمان دیار نییە, بەڵام لە ١١ی مانگەوە بە تایبەت رۆژی خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵ ئیتر شەپۆلی ئەنفالکراوان دەگاتە ناو لیواکەی چەمچەماڵ.

ئەنفالکراوانی بەشی باکووری گەرمیان (قادر کەرەم و سەنگاو و لەیلان) و ئەوانەی لە جوگرافیای ئەو ناوچانە دەستگیر کراون یان خۆیان داوەتە دەستەوە وبەشێك لە ئەنفالکراوانی قۆناغی ئەنفالی چوار( لە ٣-٥-١٩٨٨ بە دواوە) ...... گواسترانەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ.

((ئەو کەسانەی کە بۆ چەمچەماڵ دەگوێزرانەوە لە سەنتەرەکانی دیکەی کۆکردنەوەوە دەهێنران وەك لەیلان و قادر کەرەم و شوێنی بەندکردن بارەگای لیوای سەربازی یان بارەگاکانی جاش بوو. هەندێك لە پیاوە گیراوەکان بە پاس هێنران بۆ ئێرە و سەرباز دەچوونە ناویان بۆ ئەوەی زانیاریی تەواویان لێوەربگرن و دڵنیایان دەکردنەوە کە لێبووردنێك بەدەستەوەیە و هیچ شتێك نیە لێی بترسن. بەڵام بارودۆخەکە بۆنی خوێنی لێدەهات و مەترسییەکی بێئامان لە ئارادابوو و لە پەنجەرەی پاسەکانەوە گیراوەکان هەزاران پیاو و ژن و منداڵی برسی و شڕەڵیان دەبینی لە سەربازگەکەدا.

گەلێ لە پیاوەکانی تریش لە دۆخێکی سەخت و خراپدا لە پشتی ئیڤادا گوێزرانەوە بۆ چەمچەماڵ. یەکێك لەوانە دەیوت: "زۆر ئازارمان بە دەست گارد و یاساوڵەکانەوە چەشت و دەست و قاچمان بەسترابووەوە و چەند جارێك لە ئیڤاکە دەکەوتینە خوارەوە و سەریان دەخستینەوە. ئیڤاکان لە پشتەوە دەرگایەك و یەك تاقە پێپیلکەیان هەبوو، ئێمەش لە بەر ئەوەی بەر پێی خۆمان نەدەبینی و نەشماندەتوانی دەستمان بەکاربێنین دەکەوتینە خوارەوە. بەڕاستی بارودۆخێکی چەواشە و شپرزە بوو". پیاوێکی تر هەڵیدایەو وتی: "لە بارەگای لیوا، هەروا لە ئیڤاکان تووڕیاندراینە خوارەوە و ئەوجا ناو و ناونیشانیان لێمان وەرگرت". دوای ئەوەی کە لە بارەگای لیوا وەستاین، دەرکەوت دامودەزگای حکوومەتیی دیکەش بۆ یەکەمجار لە کارەکەدا بەشدار کراون. پاشان گیراوەکانیان بە نێو شەقامەکانی چەمچەماڵدا برد و هەندێ ئەملا و ئەولایان پێکردن و هێندەی پێنەچوو خۆیان لە بەر دەرگای ئۆفیسی ئەمندا بینییەوە: دەزگای پۆلیسی نهێنیی ترسناك. )).

ئەم پەرەگرافە هەڵە و کەموکوڕی تێدایە, جگە لەو جێگایانە

لە ئیمام شاسوار و قەرەتامووری قوڵی سەنگاوو و ناو شوان و سەرخاسەو شێخ بزێنی سەرو بەندکراوانیی ئەنفالیان گواستۆتەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, هەروەها هیچ کەسێك لە ناو چەمچەماڵ نەگواستراوەتەوە بۆ بارەگای جاش, جگە لە کۆکردنەوەی سەرەتایی لە تەلبەندەکەی عەدنان لە لەیلان و چەمی عالیاوە کە بارەگای شێخ موعتەسەم لەو ناوە بووە, تەنانەت بارەگای ئەمنیش, جگە لەوانەی بە شێوەی تاك خۆیان لە ناو چەمچەماڵ تەسلیم کردۆتەوە بە ئەمن ڕۆژانی پێشتر یان دوواتر ئەگەر گواسترابێتنەوە بۆ لیواکە, ئەوانیش بە پێی ڕێنماییەکان بیرۆی باکووری پارتی بەعس مامەڵەیان لەگەڵ کراوە کە دوواتر چەند نموونەیەك لەو دۆکۆمینتەکان و دەقی نووسراوەکان بڵاو دەکەینەوە, پێی دەچێت هەر ئەمن خۆی ئەوانی گواستبێتەوە .

## ناوەندی کۆکردنەوەی سەرەتایی دەڤەری قادر کەرەم

ئەنفالکراوانی کەرتی قادر کەرەم لە چەمەکەی ئالیواوەو مەحمو پەریزاو مجەمەعەکەی قادر کەرەمەوە هەندێك گوندی ناوچەکەوە هێنران, کە هەمووی دەکەوتە یەك ناوچەی جوگرافیاوە, تیایانا هەبووە دووای کۆکردنەوەکە هەر لەم ناوچانە ڕاستەوخۆ گواستراونەتەوە, لە شوێنی کۆکردنەوەی سەرەتایی ڕانەگیراون.

ڕاگواستن بۆ لیواکەی چەمچەماڵ و ناردن بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, دەستپێك لێرەوە دەستی پێکرد و ڕاستەوخۆ بارق عەبدوڵا سەرپەرشتی تاوانەکەی دەکرد: (( لە ڕۆژی دووەمی یان سێیەمی ڕاپێچکردنەکەدا، لیوا بارق، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ناوچەی ئەنفالی سێ، سەردانێکی شەخسیی ئەلیاوای کرد و بە ئامادەبوونی ئەو وێنەی تەلەفزیۆنیی بەندییەکان گیرا. بە پێی قسەی شایەتێکی تر، هەمان کار و ڕەنگە لە هەمان ڕۆژیشدا بێت، لە بنکەی پۆلیسی قادر کەرەم دووبارە کرایەوە، چونکە لەوێش چەند سەد کەسێکی گیراو هەبوو، لەو دەمەدا هەلیکۆپتەرێك لە تەختاییەکی ئەو نزیکانەدا نیشتەوە و سێ کەسی لێهاتەدەرەوە، لیوا بارق و فەریق ڕوکن سوڵتان هاشمی فەرماندەی فەیلەقی یەك و شەخسی عەلی حەسەن ئەلمەجیدیش. ئەمجارەشیان وێنەی ڤیدیۆیی گیرا و ئەمەیان لەدواییدا لە تەلەفزیۆنی نیشتمانییەوە پیشاندرا وەك فیلمێکی "تێکدەرە ئێرانییە گیراوەکان". ئەم فیلمە بەردەوام بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لێدەدرایەوە، تا ئەوکاتەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستی کرد بە گلەیی و گازندە کە پیشاندانی زیانبەخشە و بە پێچەوانەوە خەڵکی وایدەبینێ کە ئەمانە گوندنشینی ئاسایین و پێشمەرگە نین. )).

هەر یەکێك لەوانەی هێنراون بۆ شوێنی کۆکردنەوەی سەرەتایی چیرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە, بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەوە, مێژووی دەستگیرکردنیان ئەو ڕووداوانەی بەسەریاندا هاتووە,


مدیر امن البلدة
العدد ٢٧٨١
التاريخ ١٧/٤/١٩٨٨

١) مجيئاً المخربين الذين يسلمون انفسهم مع اسلحتهم من القواطع غير المشمولة بعمليات الانفال الاولى والثانية والثالثة لدى الجهة التي يسلمون انفسهم اليها في معسكرات ... حتى اشعار اخر علماً الذين سلموا انفسهم الى افواج الدفاع الوطني يحجزون لدى الجهات العسكرية حتماً

٢) يشمل هذا التوجيه المخربين العائدين من القواطع التي يوجد فيها قتال مع زمرة التخريب ... المخربون العائدون من عمليات الانفال الاولى في حوض سرگلو وبرگلو يشملهم هذا التوجيه يسلمون انفسهم اليكم وانما يسري عليهم توجيهنا السابق ... مع التقدير

مدير امن البلدة

1780890


102 0827 2004

105

IST.A1895.009.015

دەبێتە نووسینەوەی مێژووی ئەم بەشە گرنگەی ئەنفال, کە بۆ دیاریکردنی پێناسی یاسایی تاوانەکە گرنگترین بڕگەی تاوانەکەیە. لە پرۆسەی ئەنفالی ١ و ٢ و رۆژە سەرەتاییەکانی دەستپێکی ئەنفالی ٣, پێی ناچێت هێشتا بڕیاری یەکلا کەرەوە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیاری ٤٠٠٨ لەسەر ئەنفالکراوان درابێت, دیار نییە کامە یەکەم بڕیارە, وەلێ بەوەندەی لە بەردەستدان بە ناردنی ئەنفالکراوان لە ١٠ی ئەپرێلەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, دوواتر بۆ تۆبزاوە نێردراون, سەرەتا بابەتەکە یەکلا کرابووەوە تەنها بۆ کۆکردنەوە, دوواتر لە سێ رۆژی یەکەم جیاکردنەوە دەستپێدەکات قۆناغ بە قۆناغ, تەنانەت بۆیان بگونجایە منداڵانیشیان بە جیا کۆدەکردەوە(بۆ ماوەی سێ کاتژمێر جیاکراونەتەوە), چونکە سەرەتا بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە تۆبزاواش ژن و پیاوو پیرو گەنج لە بەشێك لە هۆڵەکان پێکەوە بوونە, دوواتر جیاکراونەتەوەو نێرینەی پیاو لە نێوان ١٥ بۆ ٥٠ ساڵە بە پەلە نێردراون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان, ئەمان لەناو ئەنفالکراوان یەکەم گروپن چارەنوسیان بڕیاری لەسەر درا, ئەم پرۆسەیە پێش ناردن بۆ زیندانەکان دووبز و نگرە سەلمان کەوتووە, لەمەدا لادان هەبووە لە جێبەجێکردنی بڕیاری ٤٠٠٨, چونکە لانی زۆری تەمەن لە ٧٠ ساڵەوە کەمکرایەوە بۆ ٥٠ ساڵ, واتا ئەوانەی کەمتر لە ٥٠ ساڵ بوونە هەموو بڕیاری مەرگیان بۆ دەرچووە, ئەوانەی لە دووبزیش رزگاریان بووە لە ژن و منداڵ هۆکار لێبوردنە گشتییەکەی ٦-٩-١٩٨٨ بووە, بە رێکەوتیش دوو کاروان لە دووبزەوە نێردراون بۆ قەڵای نگرە سەلمان, ئەگەر پرۆسەکە بەردەوام بووایە لێبوردن نەدرایا ئەنفالکراوانی زینانی دووبز هەموویان دەنێردران بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان, زیندانی سەربازگەی دووبز بۆ خۆی لقێك بووە لە زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, سەربازگەی چاوەڕوانی بووە بۆ زیندە بەچاڵکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری ٤٠٠٨ بەسەر زیندانیان.

ئەوانی دیکەش لە زیندانی قەڵای نگرە سەلمان بە پێی کات و سەپاندنی ژیانی کارەساتبار, وردە وردە بۆخۆیان دەتوانەوە, لە گەڵ زستانی داهاتوو لەبەر بێ هێزی و نەبوونی چارەسەری پزیشکی و سەرما رزگاریان نابوو.

### بەرەو کۆکردنەوە:

تا سەرەتای دەیەی دووەمی مانگی چواری ١٩٨٨, واتا لە ١٠-٤ و رۆژانی دوواتر, وێڕای بوونی بڕیاری ٤٠٠٨, کە بڕیار لەسەر چارەنووسی هاووڵاتیانی ناوچە قەدەغەکراوەکان درابوو, کە کوشتن بوو, وەلێ لە سەرەتای دەستپێکی پرۆسەی ئەنفال هێشتا چاو روونییەك بۆ مامەڵە لە گەڵ شەپۆلی ئەنفالکراوان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکە نەبوو, ئەنفالکراوان لە ناوچەی قۆناغی ئەنفالی یەك, لە قەزای دوکان بە کەفالەت بۆ ماوەی مانگێك ئازاد کران و دوواتر بانگ کرانەوە, هەموویان بە پێی خۆیان هاتنەوە بەردەست ئەنفالچییەکان دەستگیرکرانەوە, لە گەڵ ئەنفالکراوانی قۆناغی ئەنفالی چوارەم گەیشتنە زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, ئەنفالکراوانی قۆناغی دووەمی ئەنفالیش لە گەڵ بەشی کۆتایی قوربانیانی قۆناغی ئەنفالی سێ دەگەنە زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, هەرچەندە بەڵگەنامە هەیە کە لەناو شارەکانیش بە دووای هەڵاتووەکانی ئەنفالی یەك و دوودا گەڕاون, بەڵام رزگار بوون لەو دوو قۆناغە ئاسانتر بوو, هێشتا ئەنفالکراوان راپێچ نەکرابوون بۆ سەربازگە شومەکەی تۆبزاوا.

لە قۆناغی سێیەمی ئەنفالیش سەرەتادا ئەنفالکراوان لە شوێنی سەرەتایی کۆکردنەوە راگیران, بواری دەرچوون و هەڵاتن هەبووە لە زۆر جێگا, بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی لە بەردەستدان بە تایبەت بۆ ژن و منداڵ, لە دووای ١٠ی مانگەوە بڕیاری گواستنەوەیان بۆ لیواکەی چەمچەماڵ دەدرێت, لەوێشەوە بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, دووەم گروپ ئەنفالکراوانی ئامادەیی رەشید و مەرکەز شەبابەکەی دووز بوو کە چارەنووسیان دیاریکرا کە نێردران بۆ تکریت, دووای ١٧-٤ یش ئەنفالکراوانی سەربازگەی قۆڕەتوو نێردران بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, واتا لە ماوەی هەفتەیەکدا هەموو ئەنفالکراوان پرۆسەی ئەنفالی ٣ کۆکرانەوەو رەوان کران بۆ سەربازگەی تۆبزاوە کە سێیەمین قۆناغی کۆکردنەوە بوو, لێرە لە سەربازگەی تۆبزاوەو لە ژێر بەرپرسیارێتی دەزگای ئەمن بڕیارە قورسەکان دران لە جیاکردنەوە, بەکۆمەڵ کوشتن, برسیکردن, ئەشکەنجەدان, کەرامەت شکاندن.

لە دووای دەی ئەپرێلەوە, مامەڵە لەگەڵ ئەنفالکراوان زیاتر روون بووەوە ئەویش کۆکردنەوەیانە لە یەك جێگادا, بە پێی ئەو بڕیارو رێنوێنانەی بیرۆی باکووری پارتی بەعس کە دەری کردبوون دەجوڵانەوە, دوواتر دێینە سەریان. ئەوەی لە بەردەستدان دوو لیست لە پیاوەکان کە هەموو بە پێشمەرگە دراونەتە قەڵەم و چەکدار بوونە لە رێکەوتی ١٠ی نیسان وەك یەکەم لیستی بەردەست بە ژمارە ٢٨٣ کە بریتییە لە ٦٠ پیاو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی چەمچەماڵ و بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی

سلێمانی  بابەت ناردنی کەس( نەنووسراوە تێکدەر, هەرچەندە هەموو چەکداریش بوونە), وە ژمارە ٢٨٤ بریتییە لە ٣٠ پیاو بۆ  بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی, بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی چەمچەماڵ, بابەت ناردنی تێکدەر, هەردوو لیستەکە فەرماندەی سوپای پارێزگاری نەوت بارق عەبدوڵا حاجی حنتە واژۆی کردوە, ئەمانە یەکەم گروپە نێردراوەکانی  ئەنفالکراوەکانن کە هاووڵاتی گوندەکانی نێوان سەنگاو قادر کەرەم  هەر یەك لە گوندەکانی قیرچە و تەپە سپی و کراوی و  لەك و  قەیتول و  خدر ڕێحان و بنەکە و  کربچنە و  تیلەکۆ و بینکە و شۆریجەی کەرکوك و حوریەو .....بوونە ئیتر نازانرێت ئەمانە لە قادر کەرم خۆیان داوە بە دەستەوە یان لە سەنگاو, نووسراوی ژمارە ٢٨٥ لەبەردەست نییە, بەڵام نووسراوەکانی ژمارە ٢٨٦,٢٨٧,٢٨٨  ڕۆژی ١١-٤-١٩٨٨ دەرچوونە بۆ ناردنی ئەنفالکراوان لیستێکیان ژن و منداڵی تێدایە.

## چیرۆکی ژنە ئەنفالکراوەکانی قۆڵی قادر کەرەم

لەم بەشە چیرۆکی بەشێك لە ژنە ئەنفالکراوان لەم برگەیەی پرۆسەی ئەنفالکردنیان دەخەینە ڕوو وەك بەشێك لە مێژووی ئەنفال, کە ئامارو بەڵگەنامەی فەرمی نەبن, گێڕانەوەی قوربانیان جێگای ئەوان دەگرێتەوە.

ژنان چیرۆکی خۆیان لە ڕۆژانی ڕەشی ژیانیان لە ناحیەی قادر کەرەم و دەوروبەری  بەم شێوەیەی خوارەوە دەگێڕنەوە: ڕابیعە حەسن سالم  لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٥  گوندی مشکی ناوچەی زەنگەنە دەڵێ " چووینە قادر کەرەم, پیاوەکان چوونە مەرکەزە کۆنەکە خۆیان ناو نووس کرد, دوو ڕۆژ مانەوە دوایی بردیانیان". هەرچی خاتو بەهێ غەریب عەبدول ڕەحمان هاووڵاتی گوندی گۆڕانی جەباری, لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٥ دەڵێت" لە دێی سۆران گیراین, بە مونشەئە هێنراین بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, هەمان شەو سەعات ١٢ی شەو بە قافڵە بەڕێکراین بۆ تۆبزاوە". بەڵام نەسرین مەجید کەریم لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٢ هاووڵاتی گوندی عەلی مستەفا دەڵێت" لە بەینی هەردوو گوندی  قۆجەلی و مەحمود پەرێزای خەڵکی لێ کۆکرایەوە, بارانیش لەو خەڵکەی دەدا, پیاوەکانیان بە ئیڤا برد, سەعات ٤ زیلیان هێنا ئێمەشیان بار کرد بە قۆناغە تفەنگ, بەر لە خۆر ئاوا بون گەیشتینە چەمچەماڵ, سەعات یەکی شەو گەیشتینە تۆبزاوە. عەدنان ( عەدنان جەباری) پێشتر لە گوندی گولەمەو سلّقی دەفرۆشت, حەسیبیش خەڵکی گوندی مەحمود پەرێزا بوو, عەدەو حسیب نەبونایە, زەلامەکان ئیمە ناگیران, درۆیان لەگەڵمان کرد.

وەلی نەزیرە حسێن محەمەد لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦, هاووڵاتی گوندی حەفتا چەشمەی ناوچەی قەرەحەسەن دەڵێ" دێیەکەمانیان لە پێش چاومان ڕوخاند, مەڕوماڵاتیشیان دایە پێش و بردیان, لەسەر جادەی مەحمود پەریزا کۆمانیان کردەوە, هەرچی زەلام بوو خستیانیانە ناو کۆستەرەوە, بە پاڵ لە یەکتریمانیان جیا کردەوە, مناڵ بە دوای باوکیا بەسەر خۆڵا دەخشا, شەرواڵەکەی باوکی بەرنادا, ژن و منداڵیشیان کردە ناو زیلەکانەوە نیوە شەو سوار کۆستەر کراین".

بەڵام خاتوو گوڵەباخ  هاووڵاتی گوندی بانگۆڵ دەڵێ " کاتژمێر١٢ بۆ ١ی دووا نیوەڕۆ لەسەر جادەی زەردە قادر کەرەم لە لایەن هێزەکەی بارقەوە دەستگیر کراین, بە ئیڤای سەربازی بردمانیانە لیواکەی چەمچەماڵ کەمێکی پێچوو بانگی عەسری دا, پاش مانەوەی چەند کاتژمێرێك لە لیواکەی چەمچەماڵەوە دەیان بەن بۆ سەربازگەی تۆبزاوا, خەڵك دیکەیان بردبوو پێش ئەوان, بەڵام تازە گەیشتبوون. ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵ گواسترانەوە بۆ تۆبزاوا. لیواکەی چەمچەماڵ  ساحەیەك گەورە بوو, کەمێکی بەتاڵ بوو هەموو دانیشتبووین  وێنەمانیان گرت, لەسەر جادەکە  ١٥ ئیڤا دایە تەنیشتمانا  بردیانیان, ئەو ڕۆژە گەیشتبوون, کە گەیشتینە لیواکە مونشەئە وەستابوو, خەڵکیان جەردە کرد و دەیانیان برد, بە مونشەئە بردمانیان بۆ تۆبزاوا خەڵکی تیلەکۆو سەنگاوی تیا بوو, مونشەئەکە زۆریان تێ کردبوو, ناو مەمەڕەکەشی فول بوو.

شازادە حوسێن دووا یادگاری خۆی لەو کارەساتە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پیاو و  ژن لە قادر کەرەم دەگریان, پیاو برا, شوان برا, ران بێ خاوەند بوو, مرۆڤ حەیوان تێکەڵ ببون, حەشر بوو, هاوسەرەکەم وتی کچەکە ئامانەتت بێت و  خۆت کچەکە گەورە بکە ئەویان کردە نا ئیڤاوە و برا, لە ئیبراهیم  غولام پیاوەکەمیان دابڕی, خۆمانیش بە مناڵ وردەوە هاتینە قادر کەرەم سێ چوار ڕۆژ لە مەکتەبەکە بووین, ئێوارانێك بار کراین, جاشەکان تەق و توقیان کرد, هەندێك دەرچوون, زۆربەی پێوە بوو.

وەلی ڕەسمیە نەجمەدین محێدین دەڵێت: لە قادر کەرەم ماڵی وا هەبوو ٢٠ بۆ ٣٠ ماڵی خزم و ناسیاوی تێدا بوو, پێش ئەوەی بگەینە قادر کەرەم پیاوەکانیان بە جیا برد, بە حەوت ئیڤا ئێمەیان برد, (جاشەکان برای شێخ جەعفەر تەقەیان کردبوو کاتێك ژن و منداڵیان لە قادر کەرەمەوە بردبوو, دوایی ئەو شێخ  ....ئیعدام

کرا). لە چەمچەماڵ سەعاتێك ماینەوە, یەکی سەمونێکیان دا پێمان, چەند ڕۆژبوو هەر ئەو سەمونەیان دابوو پێمان, دووای بردمانیان بۆ کەرکوك, لە بەردەم ئەمنی کەرکوك دوو سەعات ماینەوە, دوواتر بۆ تۆبزاوە).

بەڵام حمدیە محەمەد جەوهەر ئاوا چیرۆکی ئەو ڕۆژانە دەگێڕێتەوە" پیاوەکانیان گرت و بە ئیڤا بردیانیان بۆ قاعەکان, موختار لە قادر کەرەم بانگەوازی کردبوو ئەوەی ماڵ و منداڵ ئاواییەکان لە ماڵیان بێت وەك ئەوان حسابیان بۆ دەکرێت, شەوێك لە قادر کەرەم و سێ شەو لە مجەمەعەکە بووین, لە مجەمەعەکە خەڵك دەیتوانی سەردانمان بکات, کاتێك لە قادر کەرەم بارمانیان کرد بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, لە کەلەکەی ئالیاوە حەوت زیل ئیڤا بووین شێخ موعتەسەم زیلەکانی گەڕاندەوە, نیوەڕۆ گەیشتینە لیواکەی چەمچەماڵ, بە کۆپتەر وێنەمانیان گرت لە تەنیشت ئیڤاکان".

هەرچی ئاسکە عەلی حەمە ئەمین خەڵکی گوندی سپی سەرە دەڵێت" لە شەڕی تازە شار دێمان جێ هێشت بەرەو قادر کەرەم, لە ڕێکەوتی ١٢-٤ زەلامەکانمان بارکران, تەسلیم شێخ موعتەسەم بون".

بەڵام نازدار محەمەد عەلی لە دایك بوووی ساڵی ١٩٥٠, گوندی مامشە دەڵێت: باران دەباری هەموو بە دەور یەکا گرمۆڵە بووبوین, تا ئەنفالکراین لە دەوری گوندی مەحمود پەرێزا ماینەوە, جاشەکان بە سەماعە هاواریان کرد خۆتان تەسلیم بکەن عافواتە, وتیان زەلامەکان دەبەین بۆ لەیلان ٥ ڕۆژ تر دەیان هێنینەوە, نەشریان دەکەین, ئێوەش دەبەین بۆ چەمچەماڵ مجەمەعتان بۆ دەکەینەوە. پێش نیوەڕۆ پیاوەکانیان جیا کردەوە, عەسریش ئێمەیان گواستەوە بە سەیارەی عەسکەری, تا بەیانی خستمانیانە ناو مونشەئە, ڕۆژی موزاهەرەکە بوو, کۆپتەر بە ئاسمانەوە بوو ( نازدار ژمارە یەکی لیستە ١٥١ کەسییەکەی بارقە لەگەڵ زارا نەجیب مستەفا, مەناز نەجیب مستەفا, هەوراز نەجیب مستەفا, کالان نەجیب مستەفا, ئاراز نەجیب مستەفا, صەبیحە تاهیر مستەفا. نووسراوی ژمارە ٢٩٥ ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٨٨ سەرکردایەتی هێزەکانی پاراستنی نەوت -ئەرکانی گشتی هەواڵگری بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی تەئمیم بە واژۆی بارق عەبدوڵا الحاج الحنتە, فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی نەوت, چوار لیست کۆی گشتی ١٥١ کەسن.).

وەلی ئامینە نوری یوسف هاوولاتی گوندی زەردە لە دایك بووی ساڵی ١٩٦٨, ڕۆژی مزاهەرەکەی چەمچەماڵ بوو, شەوێك لە لیواکە ئێمەیان هێشتەوە , سەعات دوانزەی ڕۆژی دواتر گەیشتینە تۆبزاوە ( ئامینە ٢٦ەمین خێزانە لە گەڵ ئازاد صابر کاکا حەمەد ناونووس کراون بە بە نووسراوی ژمارە ٢٩٥ ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٨٨ سەرکردایەتی هێزەکانی پاراستنی نەوت - ئەرکانی گشتی هەواڵگری بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی تەئمیم بە واژۆی بارق عەبدوڵا الحاج الحنتە, فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی نەوت, چوار لیست کۆی گشتی ١٥١ کەسن).

بەڵام ڕەحیم نەجم الدین مەجید دەڵێ: خەڵکی ناوچەکان پێکەوە ڕەویان دەکرد بە لایەکدا دەڕۆیشتن, چەمێك هەیە لە نێوان برایم خوڵام و قادر کەرەم, تا ئەوێ هەموو پێکەوە بووین , لەوێ عەسکەر ژن و پیاویان جیاکردەوە. سەرەتا پیاوەکانیان برد, ژنەکان هەندێکیان چونە ناو قادر کەرەمەوە ماڵ خزم و کەس, دواتر لە ترسی بانگەواز چونە مجەمەعەکە لە خوار قادر کەرەمەوە. لە قادر کەرەم بانگەوازی کرد دەتانگرین ئەگەر خەڵکی لادێکان بحەوێننەوە, بۆیە چوینە مجەمەعێك قاپی و پەنجەرەی پێوە نەبوو, ژن وا هەبوو چوبوو بۆ بازاڕ, تا هاتەوە منداڵەکانی ئەنفال کران, ژن هەبوو منداڵی بەجێ مابوو, شوکریە منداڵە حەوت مانگەکەی لە ماڵ دایکی جێ مابوو, دواتر خۆی شیری منداڵی خەڵکی دەدا. بێ سەر ژمێری و ناونووسین بردیانین, لە پڕ دەورمانیان گرت نەیان هێشت بچینە ژورێك دیکەش. ئەمان بە ئیڤا بردراون بۆ چەمچەماڵ (خەڵکی بناری گل و تاڵەبانیش لە گەڵیان بوونە). بە قسەی ئەو تەنها سەعاتێك لە چەمچەماڵ ماونەتەوە , دوواتر بردراون بۆ تۆبزاوە.

نەبات فایەق ڕەحمان ساڵی لە دایك بوونی ١٩٦١, هاووڵاتی ئاوایی بانگۆل, هاوسەری نوری محەمەد عەلی کە ژمارە ٢١ لە لیستی ژمارە ٢٨٧ ڕۆژی ١١-٤-١٩٨٨ سەرۆکایەتی پارێزگاری نەوت- ئەرکانی گشتی, هەواڵگری, بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی چەمچەماڵ نێردراوە.

نەبات دەڵێت: لە راستەی قۆجەلی کۆمانیان کردەوە, شەو ڕۆژێك لەوێ بووین, ئێمە نەماندەزانی ئەمان گرن, جاشەکان جیهازیان کرد بۆ عەسکەر و لیوا, ئینجا هاتن ئێمەیان بارکرد و هەر هەمووومان هەرچی خوا لەم مەنتیقەیە دایناب‌وو, لەوێ کۆبوینەوە و ئیتر بردمانیانە چەمچەماڵ, جێ نەبووەوە , هەمووی پڕ بوو, گشتی خەڵك بوو, ئێمە لە شێخ محەمەد بووین بە بەر بارانەوە, پێنج شوبرام لە گەڵم بوون, باوکم لە گەڵ بوو, خۆم

و هەر حەوت مناڵەکەم بووین. لە "شێخ محەمەد" جاش و مستەشارەکان لەسەر دوو دەمانچە و چەکێك بوو بە شەڕیان.
مریەمەو محەمەد عەلی محێدین هاووڵاتی گوندی بانگۆل ئاوا چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە: بە چاوساغی قەومە جاشەکان خۆمان عەرەب هاتە سەرمان ئەگینا کەی دەیتوانی بێنە ئەو دەشتەو ئەو هەموو خەڵکە کۆبکەنەوە, بە چاوساغی قەومە جاشەکان خۆیا جەیشی بەعس هاتە سەریان و گشتیان کۆکردەوە لە گوندەکەی خۆیان (بانگۆلی) یەوە بەرەو قادر کەرەم.
ئەم چیرۆکانە دڵۆپێکە لە دەریای چیرۆکەکانی راپێچکردنی ژنان لە سنووری قادر کەرەمەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, لەوێوە بەرەو تراژیدیانەترین چارەنووس لە مێژووی جینۆساید کە سەربازگەی نەگریسی تۆبزاوەیە.

## چیرۆکی پیاوە ئەنفالکراوەکان قادر کەرەم

چیرۆکی بەسەرهاتی پیاوەکان قادر کەرەم بە تایبەتی گەنجەکان چیرۆکێك نهێنییە, بەشی زۆری ئەو گروپانەی برردان بۆ مردن کەسیان رزگاریان نەبوو, رۆژی ١٠ی نیسان لانی کەم ٢ گروپ لەم گەنجانە وەك یەکەم گروپ بەڕێدەکرێن کە لیستەکانیان لامانە, ئەمانە هیچیان ناگەڕێنەوە, ئەگەری زۆرە ئەمانە یەکەم گروپ بووبێتن خۆیان کردبێت بە لیواکەی چەمچەماڵ و تۆبزاوایا, لە سەرتاسەری کوردستان تەنها لە ٥ گروپ رزگار بوو هەیەو چیرۆکی خۆیان گێڕاوەتەوە دوای رزگار بوون, ئەویش یەکیان رزگاربووی ناو ژن و منداڵەکانە و گروپێکیشیان رزگاربووی کۆمەڵکوژی مەیدانین, با گوێ لە هەندێك لەم چیرۆکانە بگرین:
فەرەج محەمەد عەزیز لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٠, هاووڵاتی گوندی تۆپخانە دەڵێت: لە قادر کەرەم مەلای مزگەوت لە سەماعەوە بانگی کردووە عافواتە, ئەوەی خۆی تەسلیم نەکات حیسابی ئێرانی بۆ دەکرێت, لە قادر کەرەم خەڵك رزگاری بوو, فەرەج یەکێکە لەو ٣١٢ کەسە بەم نووسراوەی خوارەوە رەوان کراوە.
فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی نەوت، ئەرکانی گشتی، هەواڵگری
ژمارە ٣٠٤، ١٢-٤-١٩٨٨
یەکەی هەواڵگری رۆژهەڵات،
ژمارە ٧٢٠٤
١٤-٤-١٩٨٨

بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوك
لە ١١-٤-١٩٨٨ دا ئەم تێکدەرانەی ناویان لە لیستە هاوپێچکراوەکاندا هاتووە، لە گەڵ چەکەکانیان، لە ڕێگەی یەکەکانی ئێمەوە لە قادرکەرەم، گەڕانەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەوان تێکدەرن لە گروپی بەکرێگیراوی ئێران و بزووتنەوەکانی تری تێکدەر. ئەوان لە لایەن ڕاوێژکاری فەوجی ٦٤ی بەرگری نیشتمانی، موعتەسیم عەبدولکەریم بەرزنجییەوە ڕاسپێردراون کە خۆیان بە هاووڵاتی بناسێنن بۆ ئەوەی لە پێناو قازانجی دارایی خۆیدا بیانخاتە ناو فەوجەکەیەوە.
داواکارین کە بەپێی ڕێنماییەکانی بیرۆی ڕێکخستنی باکوور ڕێوشوێنی پێویست سەبارەت بەوان بگرنە بەر و لە وەرگرتنیان ئاگادارمان بکەنەوە.
هاوپێچەکان - لیستێکە کە ٣١٢ ناوی تێدایە
عەمید ق خ روکن بارق عەبدوڵلا حاج حنتە.....فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی نەوت
وێنەیەك بۆ: - قیادە فل ١( ش ا د - ا س) فەرموون کۆپیەك لە لیستەکە . بفەرمون بۆ زانیاریتان
-م أ س م الشرقیە - فەرموون کۆپییەك لە لیستەکە بۆ ئاگاداربونتان )) , کاك فەرەج ژمارە ١٣١ە لەم لیستە ٣١٢ ناوییە.
کاك فەرەج دەڵێت: چوینە چەم ئالیاوە, بارەگای فەوج لەوێ بوو, لە چەم ئالیاوە ناونووس کراین, چەکمانیان کرد و ریزکراین, دوای عەسر بە کۆستەر بردمانیان بۆ چەمچەماڵ, مستەشار وتی ئەتان بەم بۆ سلێمانی نەشرتان دەکەم, ئەوەی چەکی نییە کەفالەتی ناکەم, مەرجی شَخ معتەصەم ئەوەبوو چەك بکڕین فەوجی ٦٤, بەڵێنی دا کە ئەمان پارێزێ, فەرهاد جاش بوو, رائیدێك برادەری بوو, وتی عیلاجی خۆتان بکەن وەزعەکە خراپە زۆر پڕ مەترسییە و من هیچم پێ ناکرێ. لە بان مەقان ئەفسەرەکان ویستیان بۆ کەرکوکمان ببەن, شێخ معتەسەم نەیهێشت, بردمانیانە ناو لیواکە, شەرواڵی ژن کرابوو بە تراکتۆرا, سێ چارەك بۆ سەعاتێ لەوێ مابنەوە, ئێمە هەر لە ناو سەیارەکان بووین, سەر لە نوێ ناومانیان نوسییەوە, پێمانیان وت هەمووتان رەمی دەکەین, دوای ناونوسینەکە دێوریان بە سەیارەکان کردووە بۆ کەرکوك, دوای مەغریب کۆمەڵی سەیارەو حیمایەی تریشیان خستە ناو قافڵەکەی ئێمەوە یەکسەر بەرەو تۆبزاوا رێکەوتین.
رزگاربوویەکی دیکەی گەنجە ئەنفالکراوەکان کاك عەزیز وەهاب

محەمەد سلێمان(عوزێر)ە, لە دایك بووی ساڵی ١٩٦٣ گوندی تەرجیلی لەیلان, دەڵێت: لە مەرکەز شورتەی قادر کەرەم سجنمانیان کرد, هەموو پیاو بووین, زۆری گەنج و کەمێك پیری تێدا بوو.

لە شورتەوە بردمانیان بۆ فەوجەکەو دوای رەسم گرتن و دەست خستنە سەر سەر وەك دیل, لە فەوجەکە ئیفادەیان لە خەڵکەکە وەرگرت, ناوی چواری, دوایی هێنامانیانەوە بۆ مەرکەز شورتە, رۆژی دواتر دەست و چاومانیان بەستەوە بە پشدێن و جامانەی خۆمان و بە ئیڤا بردمانیان بۆ مەقەڕ لیواکەی چەمچەماڵ بە حەوت ئیڤا, پێشتریش خەڵك برابوو, سالار وتی لە دوێنێوە هەر خەڵك دەبەن ( سالار فاتیح محەمەد هاوڕێیەتی لە لیستەکە ژمارە سێیە لە هەمان لیست).

لە چەمچەماڵیش ئیفادەیان لێمان وەرگرتەوە, رۆژی دوواتر بە گلابە بردمانیان, چاومانیان نەبەستەوە, سەیارەی دیکەش هەبوون و منداڵی تێدا بوو, بەڵام ئێمە ئەوانەی مەرکەزەکەی قادر کەرەم پێکەوە بووین. لە چەمچەماڵ ریزکرابووین بۆ رۆیشتن تەقە دەستی پێکرد, تەقە لە کۆپتەر کراو ئێمەیان بردە ناو مەعەسکەرێك دیکەوە لای ئیشغالەکە, شەو لەوێ هێشتمانیانەوە, تا بەیانی دەنگ تەقە دەهات, سبەی بە کۆستەر بردمانیان, چێشتەنگاو گەیشتینە تۆبزاوا.

کاك عوزێر ژمارە چوارە لە لیستی ٢٨٦ ئەمەش دەقی ئەو نووسراوەیەیە کە ئەویان پێ ناردووە بۆ لیوای چەمچەمال, بە خەڵکی خدر رێحان دراوەتە قەڵەم.

(( فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی نەوت - ئەرکانی گشتی - هەواڵگری

ئاماژە ژمارە ٢٨٦، ١١-٤-١٩٨٨

یەکەی هەواڵگری ڕۆژهەڵات........ژمارە ژمارە ٧٢١٢، ١٤-٤-١٩٨٨

بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی چەمچەماڵ , بابەت : ناردنی تێکدەران

ئەم تێکدەرانەتان بۆ دەنێرین کە لە لیستی هاوپێچدا ناویان هاتووە, کە لە ١١ی نیسانی ١٩٨٨ خۆیان تەسلیمی یەکەکانی ئێمە کردووە, لەگەڵ چەکەکانیان. داواکارین کە بەپێی ڕێنمایی بیرۆی ڕێکخستنی باکوور ڕێوشوێنی پێویست سەبارەت بەوان بگرنەبەر و لە وەرگرتنیان ئاگادارمان بکەنەوە.

عەمید ق.خ. ئەرکان بارق عبداللە حاج حنتە, فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی نەوت, هاوپێچ لیستێکە کە ناوی ٤٨ تێکدەر لەخۆدەگرێت , وێنەیەك بۆ: الی قیادە فل ١( ش ا د - ا س) گیا نسخە من القائمە . یرجی التفچل بالاگلاع....... م أ س م الشرقیە - دیا نسخە من القائمە نرجوا الاگلاع)).

لێ رزگاربوویەکی دیکەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەناوی واحید محەمەد سەعید عەبدول لە دایك بووی ١-٧-١٩٦٥ گوندی کانی قادر ئاوا ئەم بەشەی چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە: لە چەم ئالیاوە خەڵکەکە لە دوورەوە رەشی دەکردەوە ئەوەندە زۆر بوو, لە ناو جەیشەکە بوو, پێشتر چەکیان لێمان وەرگرت و ناو ژمارەی چەکیان لە دەفتەرێك نووسی .

لە چەم ئالیاوە تەفتیش کراین بۆ دەمانچەو چەقۆو نینۆك بڕ دەگەڕان, دەمان پرسی وەك بزانن حکومەت چی لە خەڵکە دەکات, وتیان وەلا مەگەر خوا بزانێ جارێ هەر وا خەڵکەکە کۆدەکاتەوە ( جاشەکان وەڵامیان ئەمە بوو- چەمی ئالیاوە). وتیان ئێمە نازانین ژن و مناڵ دەبردرێتە قادر کەرەم, زەلام دەبرێتە چەم ئالیاوە. مەگەر خواو سەدام بزانن چی دەبێت (جاشەکان وایان وت). ئەمانە جاشی فەوجی شێخ موعتەسەم و رەفعەت گلی بوون. جاشەکان دەیانەویست زۆرترین خەڵك ببەن, سجلیان جیا بوو ( وەك چالاکی کۆکردنەوەی ئەو خەڵکەیان ئەنجامداوە, یان چاویان لەوە بووە بە پێی ژمارەی نەفەرەکان پاداشت کرێن, چونکە پێشتر ئەم کارەیان ئەنجام دابوو لە مقاوەلاتی گرتنی جێگاکان و مانگانە دوو دینار لە بەرامبەر نەشرکردنی هەر جاشێك- لە منەوە).

هەبوو لە قادر کەرەم جەیش گرتبویانی بردبویانی بۆ چەم ئالیاوە ... وەك بڵێی شوێنێك بوو بۆ کۆکردنەوەی نێرینەی مەنتیقە .

پێی دەچوو لە یەکەم رۆژی پەلاماردانی ناوچەکەوە ئەم شوێنەیان دانابێ بۆ کۆکردنەوەمان, بەڵام ئەو رۆژەی ئێمە براینە ئەوێ, ئەوە دوارۆژی کۆکردنەوەی خەڵك بوو لە چەم ئالیاوە, چونکە هەر ئەو رۆژە گواستمانیانەوە.

دەور ١٠ و ١١ ی مانگ بوو, هەمووی کۆستەر و مەسلەحە درێژەکان گواسترانیەوە, لە لیواکەی چەمچەماڵ هەر لە ناو سەیارەکە پرسیاریان لێمان کرد و دەرگاکەیان داخست. هەمان حیمایەی ئالیاوە بۆ لیوای چەمچەماڵ بۆ تۆبزاوا حیمایەمان بوون بەڵام بێ جاشەکان.

"ئالیاوە: خەڵکەکە لە دەرەوەی ناحیەی قادر کەرەم کۆکرانەوە لە تەختاییەك نزیك ناحیەکە, تەلبەندێکیان درووست کردووە لەوێ

کۆیانی کردەوە.".

مام سابیر جەبار عەزیز دانیشتووی ئاوایی گوڵباخ دەڵێ: گرتمانیان لە مجەمەعەکە چەند رۆژ هێشتمانیانەوە, رۆژی خۆپیشاندانەکە براین بۆ لیواکەی چەمچەماڵ.

بەڵام سالار ئەمین ئاوا چیرۆکی ئەم بەشەی خۆیان تا دەگاتە سەربازگەی تۆبزاوە دەگێڕێتەوە: بە سەماعەوە بە کۆڵانەکاندا هاواریان دەکرد: ماڵە ئەنفال مەگرنە خۆتانەوەو هەر ماڵێك خێزانی ئەنفال لە ماڵیدا بێت و حەشاری بدات, حسابی ئەوانیان بۆ دەکرێت, بۆیە دواتر بە ناچاری بۆ مجەمەعەکە رۆیشتین.

لە نێوان برایم غوڵام و قادر کەرەم تا ئەوێ هەموومان پێکەوە بووین, ئیتر عەسکەری هات بەرەو پیریمان , زەلامەکانیان لە خێزانەکان, واتا ژن و منداڵەکان جیا کردەوەو جگە لە یەك دوو پیاوی بە تەمە , یەکێك لەوانە باوکم ئەمین حاجی نەجمەدین, بەهۆی تەمەنەکەیەوە جیایان نەکردەوە.

چوینە مجەمەعێك لە خوار قادر کەرەم نە دەرگا نە پەنجەرەی پێوە نەبوو, وەك چۆڵەوانی وا بوو, بەو زستانەش کە باران بوو, سەرماش بوو, چەند شەوێك بە کولە مەرگی لەوێ ماینەوە.

دوای دوو سێ رۆژ, ئەوە نەبوو پێشوەخت خەبەر بدەن بڵێن خۆتان ئامادە بکەن فلانە کات دێین دەتان بەین, لە پڕێکدا هاتن جەیش و جاش و عەسکەری دەوریان گرتین, سەرژمێر و ناو نوسین و شتی وا نەبوو, لە پڕێکدا هاتن بردمانیان, وا بە پەلە دەورەمانیان گرت, نەیان هێشت لە ژورێکەوە بچیت بۆ ئەویتر, چوار دەورمانیان گرت, لەناو ئیڤاکان و لای کۆپتەرەکان وێنەیان گرتین و بەڕێخراین, نزیکەی سەعاتێك لە چەمچەماڵ ماینەوە و گواستمانیانەوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە.

" ئۆردوگای قادر کەرەم: لە خۆرئاوای ناحیەکەوە بوو, ئەوانەی لە پەلاماری جەیش و جاش دەستگیرکران لێرە کۆکرانەوە, پاش نانووسکردنیان رەوانەی لیواکەی چەمچەماڵ کران.".

وەلی مام فەتاح خەڵکی بناری گل لە دوو دیداری جیادا دەڵێت: ئێمە بەرەو قادر کەرەم رۆیشتین, چوینە مەجموعەیەك, لەو کاتە وتیان قادر کەرەم دەڕوخێت بچن بۆ چەمچەماڵ, قادر کەرەمییەکان خەڵکیان لە گەڵ خۆیان برد بۆ شارەکان, هەر کەسە کەسێکی برد من پیاوێك خەڵك قەیتول بوی ناوی عەریف قادر کادر بوی کاتی خۆی, حکومەت هێنابووی, بە پارە کچەکانمی برد بۆ گردە گۆزینە, من خۆم مامەوە لە قادر کەرەم, چووم تفاق تەراش بۆ کوڕەکانم بکڕم وتیان بۆ عەسکەرییە, تا تفاقم کڕی نەیانم بینییەوە, بردبویانیان.

(( قادر کەرەم خۆیشی لە دەست ئەنفال دەرنەچوو, چونکە پاش ئەوەی شارۆچکەکە وەك سەنتەرێکی کۆکردنەوەی خەڵك بەکارهات سەرباز و ئەندامانی حیزبی بەعس ماڵ بە ماڵ گەڕان بۆ ناونووس کردنی دانیشتووانی و لە هەمان کاتیشدا ئەمن بە بڵندگۆ خەڵکەکەی ئاگادار دەکردەوە کە نابێ کەس داڵدەی ئاوارەکانی ئەنفال بدات، وەك لە هەندێ شارۆچکە ڕوویدابوو. خەڵکی قادر کەرەم ماوەی پانزە ڕۆژیان پێدرا ماڵەکانیان چۆڵ بکەن و بڕۆن لە کۆمەڵگای شۆڕشی لای چەمچەماڵ خانوو بکەن و لە سەرەتای مایسدا شارۆچکەکە بەر بلدۆزەر درا. بەهەرحاڵ, ئەگەر چاو بگێڕیت بە سەرجەم ڕوخساری لۆجیکی ئەنفالدا دەبینیت کەوا خەڵکی قادر کەرەم لە چاو بارودۆخەکەدا زیانێکی ئەوتۆیان نەکردووە. تەنانەت ئەوان هەر ماڵە و بڕی ١٥٠٠ دینار قەرەبوویان وەرگرت (واتە ٤٥٠٠ دۆلار) لەبری ڕووخاندنی خانووەکانیان. ژمارەی دانیشتووانی قادر کەرەم لە سەرژمێریی ئۆکتۆبەری ١٩٨٧دا تۆمار کراوە. ئەگەرچی قادر کەرەم کەوتبووە ناوەڕاستی ناوچەی شەڕوشۆڕەوە، بەڵام تا ئەو دەمەش، بە پێی چەمکە بیروکراتییەکە، هەر لە "ڕیزی نیشتمانیدا" مابووەوە. )).

## لەیلان

بە پێی وتەی شایەدحاڵەکان و سەرچاوەکانیش بەشێك لە ئەنفالکراوان گواستراونەتەوە بۆ شارۆچکەی لەیلان, وەلێ دەستنیشانکردنی جێگایەکی دیاری کراو نییە بۆ کۆکردنەوەی ژن و منداڵ و پیرەکان لە ناحیەی لەیلان , ئەوەی هەیە تەنها سیمەکەی عەدنان جەبارییە, ئەوانیش گەنجی نێرینە بوونە.

هەژار کە لە زیندانی دووبز لە دایك بووە دەڵێت: هەموو دانیشتوانی گوندی سۆران و گوندەکانی دیکەی وەك شێخ محەمەد، قوچەلی و گوندی مەحمود پەریزە - یان گواستنەوە بۆ سنووری گوندی کانی بایز و دواتریش بەرەو ناحیەی لەیلان کە ئەوسا پێیان دەوت سیمەکەی لەیلان، دوای چەند رۆژێك لەوێوە بەرەو لیوای چەمچەماڵ رەوانە کراین.

بەڵام شادی ئیسماعیل عەلی ناسراو بە ئیڤا خەڵکی ئالیاوەی ناوچەی قادر کەرەم, کە لەناو ئیڤا لە دایك بووە وەك هەژار بۆیان گێڕاوەتەوە دەڵێت: دوو سێ رۆژ ناو سیمەکەی لەیلان دەمێننەوە دوواتر دەگوازرێنەوە بۆ تۆبزاوە. بەڵام محەمەد عەبدالڕەحمان محەمەد هاووڵاتی گوندی حوسێن ئیسلامی سەر

بە ناحیەی لەیلان دەڵێت: دێیەکەمان زۆر لە لەیلانەوە دوور نییە, جاشەکان لە دەشتییەکە گرتمانیان بردمانیان بۆ لەیلان, سەرکردەکەیان ناوی حەمە پۆخچی بوو, دوای کەمێك جەماعەتی بارق هاتن, تەسلیمی ئەو کراین. سواری ئیڤا کراین بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, دوو سەعات لەوێ ماینەوە, دوای ئەوە ڕەوانەی سلێمانیمانیان کرد دوو شەو لەوێ ماینەوە, دوای ئەوە بردمانیان بۆ تۆبزاوا.

وەلی عەلی سابیر کاکە حەمە لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٥ هاووڵاتی گوندی زەردە سەر بە ناحیەی قادر کەرەم دەڵێت: ئێمە وەکو خەڵکی سنووری جەباری بە تایبەت گوندی زەردە و محموود پەریزا لە ڕێکەوتی ٤/١١ لە نێوان کاتژمێر ١ بۆ ٢ ی دووا نیوەڕۆ لەسەر جادەی محموود پەریزا لە لایەن هێزەکانی حکومەت گەمارۆ دراین و دەستگیر کراین, یەکسەر ئۆتۆمۆبیلی سەربازییان بۆ هێناین گوازراینەوە بەرەو چەمچەماڵ, بەڵام من زانیم باوکم نەگیراوە هەرچەنێ منداڵیش بووم نەڕۆشتم سەر نەکەوتم لە گەڵیان, لەوێ مامەوە دوای دوو کاتژمێر باوکم هات بۆ لام لەوێ لەگەڵ ماڵی حاجی قادر کە خەڵکی گوندی محموود پەریزا بوون شەو لەوێ ماینەوە

من و باوکم هەندێك ئاژەڵمان پێبوو, کاتێك کات گەیشتە بەرەو نیوەڕۆ بەرەو گووندەکەی خۆمان زەردە بە ڕێکەوتین, لە ڕێگا مامێکم کە ماڵی لە کەرکووك بوو, هات بۆ لامان بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکات, تاگەیشتینە دێیەکەمان, لە دێیەکەی خۆمان مستەشارێك ڕوو بە ڕوومان بووەوە وتی ئێوە خەڵکی ئەم گووندەن خۆتان ڕادەست نەکردووە, تەسمیلی ئەفسەری ئیستخباراتی ئەو سوپایەی کردین. دوای ئیفادە وەرگردتنمان بەرەو کەرکووك بەڕێ کراین لە ڕێگای لەیلانەوە, لە نزیك گوندی مامشە دابەزێنراین, چەند بەرپرسێکی حکوومی لەوێ بوو, پرسیاری ئەو گوندەی لێ کردین کە گوندی یاریاولچە بووە, ڕۆژی پێشتر فەرماندە عەسکەر لەو شوێنە چەند کەسێکی لێ کوشتبوون, پاشان بۆ کەرکوك گوازراینەوە, بۆ مەقەڕی بارق, بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لەوێ ماینەوە, لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ بۆ چەمچەماڵ گوازراینەوە, لە چەمچەماڵ لە گەڵ خەڵکەکەیان کە نزیك ٦٠ پاس بووین گوازراینەوە بۆ تۆبزاوە, دوای ٥ ڕۆژ بۆ یەکجاری لە باوکم دابڕاین و من چووم بۆ لای دایکم و شەوەکەی گوازراینەوە بۆ دووبز.

بەڵام هیومان رایت وۆچ بەم شێوەیە باسی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان لە لەیلان دەکات لە پەرتووکی جینۆسایدی کورد: (( ئەوان هەر کە گەیشتنە لەیلان سەربازەکان لە هەر یەکەیان زانیاریی پێویستیان وەرگرت. ئافرەتەکان کەوتنە گریان و لێیانپاڕانەوە بەڵکو بەزەییان پێیاندا بێتەوە، بەڵام ئەوان بەردەوام پێیاندەوتن خەمتان نەبێت هیچ شتێك لە ئارادا نیە لێی بترسن و حکوومەت لە کۆمەڵگایەکی تازەدا زەویتان دەداتێ و ژیانێکی ئاسایی دەستپێدەکەنەوە. بەڵام ژنەکان بەوە ترسیان لێنیشتبوو کەوا بە زۆر لە مێرد و باوك و کوڕەکانیان جیاکردنەوە، کە ترنجاندبوونیانە پەچەڕانێکی تەلبەندکراودا لە دەرەوەی ماڵەکان. شایەتێك کە ئەودەمە لەوێبووە دەیوت: "ژمارەی خەڵکەکە لە ئەندازە بەدەر بوو" و بە قسەی شایەتێکی تر "زیاد لە ٢٠٠٠ پیاو و ژن و منداڵی لێبوو". هەموو شوێنێك پڕبوو لە پاسەوانی سەرباز و جاش. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمن زۆر بە وریاییەوە چاودێریی ژن و منداڵی نەدەکرد و ژمارەیەکیان توانییان لەو ئاخۆڕان و بخۆڕانەدا خۆدەرباز بکەن و پێش ئەوەی ناونووس بکرێن بە دزییەوە هەڵبێن. ژنێکیش پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵ کردنی لە لایەن ئەفسەرەکانی سوپاوە ڕێگەی پێدرابوو بڕوات، ئەوانەش کە مانەوە ماوەی هەشت نۆ ڕۆژێك لە بەر تەرزە و بارانی سەرەتای نیساندا لەو دەشتە هێشتنیانەوە و پاشان پیاوەکان بە ئیڤا ڕەوانەی چارەنووسێکی نادیار کران )).

بە پێی زانیارییەکان من ملازمی یەکەم جەماڵ , کە لە ئەمنی عامەی بەغداوە بە تایبەت هاتبوون خۆی و لێژنەیەك, لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ ڕاگیراوەکان ناو تەلبەندەکەی لەیلان کردووە کە نزیك ٧٤٦ بۆ ٧٥٦ پیاوی گەنجی تێدا بووە,

کەسێك کە هاوڕێیەکبی ناو تەلبەندەکە بووە دەگێڕێتەوە کە کۆپتەری ئەلودی بچوك کە بارق و عەدنان جەباری تێدا بووە بە بان تلبەندەکەیا سوڕاوەتەوە,

ئەوەی ڕوونە ناو تەلبەندەکە هەموو پیاوی گەنج بوونە, وە بە مونشەئەش بردراون بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, تەنانەت دەگێڕنەوە کە کەسێك هەندێك لە زیندانییەکانی بە پاڵ سەرخستووە بۆ ناو مونشەئەکان, ئێستا سەر بە پارتێکی کوردییە لە شاری کەرکووك.

ئەوەی شایانی باسە لەیلان جێگای ڕزگاربوونی زۆر لە ئەنفالکراوانیش بووە, لێرە ڕزگاربوون ساناتر بووە لە جێگاکان تر بۆ ژن و منداڵ و پیاوانیش, تەنانەت زۆر لە کەسوکاری عەدنان جەباری لەوێ ڕزگاریان بووە, ئێستا بەرپرسیارێتی باڵای

سەربازییان هەیە.

## قۆڵی سەنگاو چەمچەماڵ

لێرە لە دوو خاڵ جێگا بۆ کۆکردنەوەی هاوولاتیان دابینکراوە, یەکیان چەند کیلۆمەترێك پێش چوونە ناو سەنگاو, ئەوی دیکە چەند کیۆمەترێك پێش گەیشتن بە چەمچەماڵ.

## قەرەتامور

قەرەتامور گوندێکە لە ١٣ کیلۆمەتری قەزای چەمچەماڵ, سەر بە ناحیەی شۆڕشە, لە ساڵی ١٩٨٦ روخێنراوە. بەشێك لە هاوولاتیانی قۆڵی سەنگاو لەم گوندە کۆکرانەوە, دوواتر بردران بۆ لیواکەی چەمچەماڵ.

هەزاران کەس لێرە کۆکرانەوە, دوواتر گواسترانەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, ئەنفالکراوانی ئەم خاڵە ئاوا چیرۆکی خۆیان گێڕاوەتەوە.

ساڵح رەزا شەریف لە دایك بووی ساڵی ١٩٣١, هاوڵاتی گوندی مەملێ دەڵێت: لە قەرەتامور لەسەر جادەی سەنگاو گرتراین و کۆکراینەوە, رۆژی مزاهەرەکە گەیشتینە چەمچەماڵ, بە حیمایەو جەیشەوە بردمانیان بۆ لیواکە, دوواتر تۆبزاوە.

بەڵام جەلال محەمەد محێدین هاوولاتی گوندی قەیتول لە دایك بووی ساڵی ١٩٣٧ دەڵێت: لە دەشتی قەرەتامۆر کۆمانیان کردەوە, بە زیل و تراکتۆری خەڵك خەڵکیان هێنا, هەزاران کەس کۆکرنەوە دەیا وت ٦ بۆ ٧ هەزارین, سێ شەو لەوێ رامانیان گرت, بێ خواردن و جێگای خەو, دوو تا سێ ژن لەوێ منداڵیان بوو, بە ئیڤا, تراکتۆر, مونشەئە و کۆستەر گواسترایینەوە, کۆپتەر لە ئاسمان, سەیارەی عەسکەری لە پێش و پاش و ناوەوە, گەیشتینە ناو شۆڕش مزاهەرە بوو, بەرد لە سەیارە دەگرترا و خەڵکیان دادەگرت, ئێمە رامان نەکرد, بردمانیان بۆ لیواکە, دوای دوو سێ سەعات بارکراین, هەندێك بۆ سلێمانی, هەندێك بۆ کەرکوك, ئێمەیان بردە سلێمانی, ناومانیان نووسی و لە گەڵ خەڵکی دیکەیا بۆ کەرکوك تۆبزاوا.

وەلی سەبریە عومەر ئیسماعیل لە دایك بووی ساڵی ١٩٣٠, خەڵکی گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوك ئاوا چیرۆکی ئەنفالکردنی خۆی دەگێڕێتەوە: تا گەیشتینە قەرەتامۆر کەس قسەی نەکرد. خەڵك کۆبونەوەو چواردەوریان گیرابوو, سێ رۆژ لەوێ مابونەوە. سەیارەی زۆری مەدەنی و عەسکەریان هێنا, خەڵکەکەیان بار کرد بە زیل, گەڵابە, لۆری. کە بردمانیان بۆ کەرکوك مونشەئەم بینی لەسەری نووسرابوو عەمان.

هەرچی خاتوو بەسیرە عەلی ئەحمەد لە دایك بووی ساڵی ١٩٦٤ هاووڵاتی کەرکوك دەڵێ: ئەیان وت ٣ رۆژ عەفواتە, دەماندا بە تەك جەیش و جاشا لەسەر رێگای سەنگاو بۆ چەمچەماڵ قسەیان ناکرد, خەڵك لە قەرەتامۆر کۆبونەوە, لە دورەوە رەشیان دەکردەوە, سێ شەو و رۆژ لە قەرەتامور رامانیان گرت بێ ئاوو خۆراك, بەڵام کەلوپەلی خۆمانمان پێ بوو, تەنها پێشمان گیرابوو, دەمانتوانی بۆ دواوە بگەڕێینەوە.

دوای ٣ رۆژ بە تراکتۆرو سەیارەی خۆمان و سەیارەیەك زۆریشیان لە چەمچەماڵەوە هێنابوو گواستمانیانەوە بۆ چەمچەماڵ, ئەشیاکانیشمان تاڵان کرا, رۆژی مزاهەرەکەی چەمچەماڵ, ئەو ئێوارەیە لە ناو سەیارەکان خۆمان دامانیان گرت بۆ ناو ئەو سەیارانەی لە کەرکوکەوە هێنابوویان.

پیاوەکانیان لە چەمچەماڵ خستە ناو لۆرییەوە دەست و چاویشیانیان بەستەوە ١٢,مونشەئەم بینی بە شین و سەوز لەسەری نوسرابوو عەمان, تا گەیشتینە کەرکوك کەس پرسیاری لێما نەکرد, بەڵام تا کەرکوك کۆپتەر بەبانمانەوە بلاجکتۆری داگیرساندبووو حیمایەمان بوو.

لە چاوپێکەوتنێکی دیکە ئاوا وەڵام دەداتەوە: دەچووین بۆ سەنگاو لە دێی قەڵا چوغە ( تەنیشت یەکترن لەگەڵ قەرە تامور) دەستگیر کراین لە لایەن هێزەکەی بارقەوە , تا سێ رۆژ لەوێ بووین ژن و پیاو و مناڵ پێکەوە.

ئیتر ئەوەی لە دێوە هاتبوو لە گەڵ ئێمە هەر هەموویان داگرت و تراکتۆر و هەمووی دەستبەسەر کرا, ژن و پیاو مناڵ و هەمووی پێکەوە تا سێ رۆژ لەوێ بووین, ئەوەی هەبوو لە مەڕو ماڵات و هەر چییەك هەمووی تالان کرا و بە بەرچاوی خۆمانەوە برا. پاش سێ رۆژ وتیان دەتانبەین زەویتان دەدەینێ, براینە لیوای چەمچەماڵ, لەوێوە بە ئۆتۆمۆبیل کە لە سەریان نووسرابوو عەمان, بەرەو مەعەسکەر تۆبزاوە بەڕێکراین,....

بەڵام تەمینە حەمید خەڵکی ئاوایی قەیتول لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٥ دەڵێ, گوندەکەمان ١٥٠ ماڵ بوونە, لە قەرەتامور بارق گرتمانی , سێ شەو و سێ رۆژ لەوێ ماینەوە بێ نان و ئاو, شەست بارانە, لە بان گیا سەوزەکە, ئەوەی کەسی بوو خۆی دەرباز کرد. تۆفەی جەبار قارەمان بە رای خوا هەندێك سەمونی بۆمان هێنا, بە زیل بارمانیان کرد بۆ لیواکەی چەمچەماڵ. ئەو

بۆ کەناڵی ئاریان تیڤی دەڵێ شەش شەو شەش ڕۆژ لە تۆبزاوە پێکەوە بوین لە گەڵ زەلامەکان, زەلام لە تەک خۆمانا بوون.

ژنێك ناوەکەی داپۆشراوە لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٥ بۆ دادگای باڵای تاوانەکان دەڵێ: لە گەڵ گوندی محە بارام سوار ترێکتەر بووین بۆ چەچەماڵ, چوینە گوندی قرخ لە قەرەتامور گرتراین, بارق پیاوە گەنجەکانی جیاکردەوەو بە لێدان بردنی و ژن و منداڵ چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە, پێنجەم ڕۆژ بە گەلابە بردیانین بۆ قائمقامیەتی چەچەماڵ ئەو ڕۆژە خۆپیشاندان کرا لە چەمچەماڵ, ئەو عەسرە بردمانیان بۆ تۆبزاوە. قاعەکان بەتاڵ بوون, ئێمە یەکەم گروپ بووین بردراین بۆی, ڕۆژی دواتر پیاو گەنجەکانی سلێمانی ئەوانەی لە گەڵ ئێمە بوون هێنایانیان.

کاك ئازاد تەیب لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٩ هاووڵاتی گوندی وەستا خدر ئاوا چیرۆکی ئەو ڕۆژانەی خۆی دەگێڕێتەوە: گوندەکەمان ٥٠ ماڵ بوو, لە کەلاوە کۆمانیان کردەوە کە شوێنێکی بەرز بوو, وتیان فیشەکێك بتەقێت لەناو گوند هەمووتان دەکوژین, هەموو شتێکیان تاڵان کرد, مەزارگەی ئیمام عوسمانیان بە تی ئێن تی تەقاندەوە, ١٥٠ سەر ڕەشە ولاخ و ٥٠٠٠ سەرە مەڕیان تاڵان کرد, دواتر بردمانیانە گوندی قەرەتامور, لە دەشتاییەك دامانیان ناو و دەورمانیان بە چەکدار گرت, ڕۆژێك لەوێ ماینەوەو بۆ بەیانییەکەی ڕاپێچی ناو ئەو کۆستەرو ئیڤایانەیان کردین و گەیاندیانیانە بەردەم قایمقامیەتی چەمچەماڵ, دواتر ئێمەو خەڵکی چەند گوندێکی گەرمیانیان کۆ کردەوە و بردیانیانە لیوای چەمچەماڵ, لەو کاتە هەر هەموومانیان سواری پاسی کۆستەر و مونشەئەی گەورە کرد نەماندەزانی بۆکوێمان دەبەن.

ڕێژاوی خوشکم ئەوکاتە تەمەنی ١٤ ساڵ بوو لە گەڵ دایکم و باوکم و خوشك براکانی ترم دابوو, پریاسکەیەکی بچوك جل و بەرگی خۆی پێ بوو, ویستی بوخچەلەکەی هەڵبگرێت, یەکێك لە ئەفسەرە گەورەکان کە داڵێك و چەند ئەستێرەیەك لە سەر شانی بوو بە توندی شەقازلەیەکی لێدا, خوێنی لوتی بەربوو, بورایەوە لەو کاتەدا دایکم وتی با لە پاسەکە دایبەزێنین کە لوتی بشۆین, ئەفسەرەکە لە زمانمان تێنەدەگەیشت, هەڵچوو بە هیستریایەکەوە هەر بە عەرەبی جنێوی پێ دەداین,....لە کەرکوك خوێنەکەی گیرسایەوە.

## ئیمام شاسوارو سەرقەلا و قادراوەی سەنگاو

ئیمام شاسوار گردێکە دوو داری لە سەرە, نزیك قادراوەو سەرقەلایە ٥ بۆ ٦ کیلۆمەترێك لە سەنگاوەوە دوورە بە دیوی گەرمیانی خواروو بە ئاراستەی ڕێگای سەنگاو قادر کەرەم, ئەم دوو گوندەش نزیك کیلۆمەترێك لە یەکترەوە دوورن و بەرامبەر تەپۆلکەی ئیمام شاسوارن, چوون بۆ سەنگاو سەرەتا دەگەیتە ئیمام شاسوار, لە پرۆسەی ئەنفال لە تەختایی پاڵ ئیمام شاسوار خەڵکەکە کۆکرانەوە, بە وتەی هەندێك لە ئەنفالکراوان نزیك ٥٠٠٠ ئەنفالکراو لێرە دەستگیر گران, کاك سەعید زەندی نووسەری بواری جینۆساید و هاووڵاتی گوندی فەقێ مستەفا ئەو زەوییەی خەڵکەکەی تێدا کۆکراوەتەوە بە ٢٥ دۆنم زەوی دیاریکردووە.

ئەنفالکراوانی ئەم قۆڵە ئاوا چیرۆکی ئەنفالکردنی خۆیان دەگێڕنەوە: نەخشین محەمەد هیدایەت لە دایك بووی ساڵی ١٩٦٨ ی گوندی دەرەواری خوارو دەڵێت: شوم کردە گوندی شەلەیی سەنگاو, لە کاتی ئەنفالەکە لە سەرقەڵاو قادر ئاوا گیراین, بە کۆستەر گواستمانیانەوە بۆ قائیمقامیەتی چەمچەماڵ, شەو ڕۆژێك لەوی زیندانی بووین, پێش ئەوەی بمانگوازنەوە بۆ تۆبزاوە.

بەڵام شەریف عەزیز ئەمین خەڵکی عەینکەی سەنگاویش هەمان چیرۆکی هەیە دەڵێت: لە ئیمام شاسوار گیراین, براینە قایمقامیەت ئەو شەوە لە چەمچەماڵ ماینەوە.

وەلی جەمیل محەمەد ئەحمەد هاووڵاتی گوندی فەقێ مستەفا کە ئەوکات تەمەنی ١١ ساڵ بووە دەڵێت: گەیشتینە گوندی سەر قەڵا نزیك سەنگاو, سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە, ئەفسەرێك وتی عائیلەکان با لێرە بن, شوانەکان مەڕو ماڵات بەرن بۆ چەمچەماڵ, لە باسەرەوە ٣ ڕۆژ ڕێمان کرد بۆ چەمچەماڵ, بە درێژایی ڕێگا عەسکەر مەڕیان دەبرد, کە گەیشتینە پریادی نزیك چەمچەماڵ, قەسابەکان وتیان بارق دەتان بات, ئێمەش جوت مەڕ و بەرخمان پێیان دا بە ١٥ دینار.

کاکە ڕەزا عەبدالکەریم محەمەد سەنگاوی هاووڵاتی گوندی کچانی سەنگاو لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٨ دەڵێت: هاتینە ئیمام شاسوار, بلدۆزەر ئیشی دەکرد, خۆڵ هەڵە داتەوە وەك دیوار ساتری درووستە کرد, هەموو بە بەرچاوی یەکەوە دەستیان بە ئاو دەگەیاند, چەك و تەقەمەنی خەڵکەکە هەڵدرابووەوە, ئاژەڵ برایە خوارەوە, ئاو نەبوو, نان نەبوو, ڕاجیمە لەسەر ساترەکە بوو, لە بان سەر ئێمەوە دەیان هاویشت, بە حەوت ئیڤا بارکراین بۆ لیوای چەمچەماڵ, دوواتر براینە ناو حەوشەی قایمقامیەت, لەو

کاتە دوو گەڵابە سکانیا گەنجی گەرمیانیشیان هێنا, هەر هاواریان دەکرد ئاو ئاو, کردمانیانە ناو منشەئەی ئینزباتییە, ٣٥٢ کەسیان کردبووە منشەئەیەکەوە, لە ڕێگا لە ناو چەمچەماڵ دایکم من و جەزای فرێ دایە خوارەوە, هەر سێکمان رزگارمان بوو.

دادە فەوزیە مەحمود ئەشرەف لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٠, هاووڵاتی گوندی کارێزەی دۆلۆ دەڵێت: سێ ڕۆژ لە سەرقەڵا کۆکراینەوە لەو دەشتە, ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵ ئێمەیان بردە لیواکەو دواتر تۆبزاوا.

بەڵام ئامینە مەحمود حەمەخان , هاووڵاتی گوندی سەرقەلای سەنگاو لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ دەڵێت: لە ئیمام شاسوار لە گوندی سەرقەڵای سەنگاو, هەزاران کەس کۆکرانەوە لە ناو جێگایەك بە شۆفەڵ ساتری لە دەور دروست کرابوو.

نەجیبە فائق کەریم لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٣ ی لە ناحیەی سەنگاو، کە هاوسەری فەرەج حەمە ئەمین حسێن ی گوندی سەر قەڵایە، دەڵێت: سەعات (٦) ی ئێوارە سوپاو جاش چوار دەوری قەڵایان تەنی، هەموویان لە نزیك ئاوایەکە کۆکردەوە و گوندەکەیان بە بەرچاوی خۆیانەوە سوتاند، سەرباز وجاشەکانیان دەبینی خەریکی تاڵانی ماڵەکان بوون.

سەرەپا خەڵکی ئەو گوندانەیان لە ئیمام شاسوار کۆکردەوە، بە پاڵە پەستۆ وە خراینە ئیفایەکەوە دواتر ئێمەیان برد بۆ چەمچەماڵ، لەوێ هەموومانیان بردە قائمقامیەت، من و هەردوو جگەر گۆشەکەمیان بردە هۆڵێکی تر، مێردەکەشمیان بردە هۆڵێکی تر، شەوەکەی ( ڕۆژان ) ی کچم نەخۆش کەوت، توشی سك چونیکی توند بوو هۆڵەکەی ئیمە زیاتر لە ١٠٠ ژن و منداڵی خەڵکی ( سەرقەڵا ، تەپە عەرەب ، عەینەکە ، قەڵا ، سەنگاو) و خەڵکی گوندەکانی تری تێدابوو.

بۆ بەیانییەکەی نەجیبە فائق سەردانی نەخۆشخانەی گشتی چەمچەماڵ دەکات ، لەوێ دەرمانیان بۆ وەرگرت ، گەرانەوە بۆ هۆلەکەیان شەوێکی تریش لەوێ مانەوە، بە یانییەکەی ژن و پیاویان بە جیا جیا سواری کۆستەری (٢١) نەفەری کرد، پاسەکان ئەوەندە زۆر بوو لە ناو چەمچەماڵەوە کاروانی بەستبوو، بۆ لای بان مەقان،

لە ئیمام شاسوارەوە بۆ ئۆتۆمۆبیلی هەمە جۆر گواستراونەتەوە بۆ لیواو قایمقامیەتی چەمچەماڵ , دوای دوو ڕۆژ بە ئۆتۆمۆبیلی داخراو گواستراونەتەوە بۆ تۆبزاوە

هەندێك لە پیاوە گەنجەکان لە گوندی قادراوەی ناوچەی سەنگاوەوە گواستراونەتەوە بۆ تەواری شاری سلێمانی, لە تەوارییەکەوە بە سەیارەی سەربازی برداون بۆ تۆبزاوە.

بەلام چیرۆکی کاك حەمە سدیق سەعدون سالح هاووڵاتی گوندی کەلانی سەنگاو, لە دایك بووی ساڵی ١٩٢٧ جیایە, ئەو لە ناو سەنگاو گیراوە, براوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, پاشان لەوێوە رەوانکراوە بۆ شوقەکان قالاوە لە سلێمانی, پێنج رۆژ لەوێ ماوەتەوە, دواتر براوە بۆ تەواریەکەی شاری سلێمانی و لەوێش ناو نووس کراوە, ژن و منال بە جیا و گەنج و پیرەکانیش بە جیا, دوو رۆژ لەوێ ماونەتەوە, دواتر نێردراون بۆ تۆبزاوە.

هەرچی مریەم احمد محەمەد کە لەساڵی ١٩٦٠ لە گوندی فەقێ مستەفا لەدایکبووە دەڵێت: کاتێکیش شالاوی ئەنفالی سێ دەستپێدەکات خێزانەکەی مەریەم بەرەو سەنگاو کۆچدەکەن، سەرەتا دەچنە گوندی قادرئاوا دواتر دەتوانن بگەنە چەمچەماڵ و لە گەرەکی بێ کەس نیشتەجێ دەبن .

پاش چەند ڕۆژێك لەلایەن هێزەکانی سەربە عەمید ڕووکن (بارق)ەوە فەرمادەی لیوای ٦٦ هێزی تایبەت دەسگیردەکرێن ورەوانەی زیندانەکانی تۆپزاوە ودوبز دەکرێن.

## ئەنفالی چوار

دیارە لە ماوەی پرۆسەی ئەنفای سێ و دواتریش تا دووای ئەنفالی چواریش بەردەوام تەسلیم بوونەوە لە لیوای چەمچەماڵ هەبووە بە پێی ڕێنوێنییەکانی بیرۆی باکوری پارتی بەعس مامەڵەیان لە گەڵ کراوە, هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەی کە ئەنفال تێیدا ئەنجامدراوە, نێردراون بۆ بیرۆی ڕێکخستنی باکووری پارتی بەعس و ئەنفالکراون. لە پرۆسەی ئەنفالی چوار چەندین گروپ خەڵك نێردراون بۆ لیواکەی چەمچەماڵ لەوانە گروپێك لە مەفرەقی سەیدان گیراون, یەکێك لەوان بەڵقیس هاوارە لە دایك بووی ساڵی ١٩٢٧, هاووڵاتی گوندی گوڵمکەوەی ناوشوان وتوویەتی: لە مەفرەقەکەی سەیدان کەوتینە ناو جەیشەوە, بە تراکتۆر خۆمان و زیل گواستمانیانەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, دوایی بردمانیان بۆ سلێمانی.

هەروەها بە پێی وتەی قوربانیان لە نزیك گوندی قودرەتە لە شێخ بزێنی سەرو, نزیك ٤٠٠ کەس دەستگیر کراون, گواستراونەتەوە بۆ گوندی ئەسکەنەری بەگی, دواتر بە ئیڤای سەربازی گواستراونەتەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, لەوێوە بۆ تەوارییەکەی شاری سلێمانی, دە ڕۆژ لەوێ ماونەتەوە, یەکی دیکە دەیکاتە

دوو هەفتە, ئەوجا ڕەوانی تۆبزاوە کراون.
لەم بارەیەوە حاجی جەوهەر هاوڵاتی گوندی ئەسکەندەر بەگی قەڵاسێوکە دەڵێت: لەوێ گرتمانیان بردمانیان بۆ چەمچەماڵ دوایی بۆ سلێمانی چواردە ڕۆژ لە سلێمانی بووین.
هەروەها لە پرۆسەی ئەنفالی ٤ و بە پێی گێڕانەوەکان بۆ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی: نزیك ٢٠٠ کەس دەستگیرکراون بردراون بۆ کانی هەنجیر لەوێوە ڕۆژی دواتر ٦-٥بە ئیڤا بۆ چەمچەماڵ , ڕۆژی دواتر بە کۆستەر مێردراون بۆ تەواری سلێمانی, دە ڕۆژ لەوێ ماونەتەوە بە دەست بەستراوی, دوواتر بە کۆستەر بردراون بۆ تۆبزاوە.

## نەمانی لێبوردن

دوای بڕیاری ٤٠٠٨ و سەندنەوەی مافی یاسایی هاووڵاتیانی ناوچە قەدەغەکراوەکان و پێشمەرگە لە دادگاوە بۆ بیرۆی باکووری پارتی بەعس, وە دەرکردنی بڕیاری ئیعدامی بە کۆمەڵیان لە دەرەوەی دادگا, ب پێی ڕێنوێنییەکانی بیرۆی باکوری پارت بەعس لە ١٠-٤-١٩٨٨ بەدواوە, تاکە پەراوێز بۆ مافی ژیان بۆیان دوو ئەگەر بوو: ١- ناوچەکانی دەرەوەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال دەیانتوانی بگەڕێنەوە لە ئۆردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێ بن. ٢- پێشمەرگەو هاووڵاتیانی ناوچەکانی ئەنفال بۆ ژیان تەنها یەك ڕێگایان لە بەردەمدا بوو ئەویش ئەنجامدانی تاوانە بە پێی ڕێنوێنی دەزگاکانی هەواڵگری سەربازی و ئەمن, واتا بۆ ژیانی خۆیان سەندنەوەی ژیان و خیانەت بوو لە خەڵکی دیکە, بە پێی دیاریکراوەکانی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان " زۆر تاوان لە پرۆسەی ئەنفالی دوو, سێ و چوار ئەنجامدران", دەنا زۆر بە توندی ڕێنوێنیەکانی پارتی بەعس جێبەجێکران زۆر بە دگمەن لە هەندێك بواری زۆر دگمەندا جێبەجێ نەکراون, خاڵێك کە گرنگە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە لە ماوەی ٢٠٠ ڕۆژەی ئەنفالدا هیچ لێبوردنێکی ڕاگەیەنراو بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکانی ئەنفال نەدرا, واتا لە هەر جێگایەك پرۆسەی ئەنفال ئەنجام درابێت بڕیاری مەرگی هەموو زیندەوەرەکان دراوە, نابوایە تاکە خشتێك بە پاوە بمێنێت .
بڕیار و ڕێنوێنییەکان زۆرن, بەشێکیان نەکەوتۆتە دەستمان , بۆیە ناتوانین بەشێوەی یەك لە دوای یەك بیخەینە ڕوو, وە دیار نییە یەکەم نووسراو بڕارو ڕێنوێنی کامەیە, وەلێ هێڵی گشتی مامەڵە دیارە لەگەڵ پێشمەرگەو هاووڵاتیانی ناوچەکانی ئەنفال, لێرەدا چەند نووسراوێك بە نموونە دێنینەوە.
لە برووسکەی یەکەمدا مافی گلدانەوە ی پیاوە تەسلیمبووەکان لە فەوجە جاشەکان دەسێنێتەوە , کە بەڵێنی درۆی پێیان دابوو کە لێبووردنی گشتی لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ و ١٢ ی نیسان هەیە, وەك ناوچەی قادر کەرەم و سەنگاو:
بە پێی نووسراوێك کە خوێندنەوەیە بۆ هەڵوێست لەسەر خۆپیشاندەرانی شاری چەمچەماڵ ,لە ڕێکەوتی ٧-٦-١٩٨٨ لە لایەن نەقیبی ئەمن کراوە بۆ دەستگیرکردنی خۆپیشاندەرانی چەمچەماڵ , ئاماژە بەوە دەکات کە نووسراوی ژمارە ٩٦٨٦ لە ڕێکەوتی ١٠-٤-١٩٨٨ دەرچووە، سەبارەت بە خێزانە ئاوارەبووەکانی گوندەکان و ناوچە قەدەغەکراوەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵیان , ئەگەری هەیە ئەم نووسراوە مانفیستۆی دەستپێکردنی ناردن بووبێت بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, دەقی ئەو نوسراوە لە بەردەست نییە.
((برووسکەی نهێنی و بە پەلە، ١٢-٤-١٩٨٨
لە: لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی چالاکی دوژمنکارانە لە پارێزگای سلێمانی
بۆ: لیژنە لاوەکیەکانی بەرەنگاربوونەوەی چالاکی دوژمنکارانە لە قەزاکان
ژمارەی چاوگە ٥٩٦ - سەرکردایەتی بیرۆی ڕێکخستنی باکوور - بیرۆی سکرتاریەت لە نامەی ژمارە ٤٢٩ی خۆیدا کە لە ڕێکەوتی ١٢-٤-١٩٨٨ لە ئەمانەی خوارەوە ئاگاداری کردینەوە: بە پێی ڕێنماییەکان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی ڕێگەیان پێ نادرێت ئەو تێکدەرانە لای خۆیان بهێڵنەوە کە خۆیان بە دەستی ئەوانەوە دەدەن. لە ئەگەری خۆ بەدەستەوە دانی ئەو تێکدەرانە بە ئەوان، ئەوا پێویستە دەستبەجێ لە ڕێگەی لایەنە سەربازییەکانەوە بگوازرێنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی یە ئەمنییەکان , بۆ ئەوەی ڕێکاری گونجاو بەرامبەریان بگرێتە بەر.... لە گەڵ پێزانین.
-.- دووبارە کراوەتەوە: سەرکردایەتی بیرۆی ڕێکخستنی باکوور - نووسینگەی سکرتاریەت - برووسکەی سەرەوەتان بۆ بەڕێوەبەرایەتیە ئەمنییەکان..... لە گەڵ پێزانین.
جەعفەر عەبدولکەریم ئەلبەرزنجی، سەرۆکی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی چالاکی دوژمنکارانە لە پارێزگای سلێمانی
کۆپییەك بۆ: فەرماندەیی ف ١, ئاسایشی ناوخۆ یی- برووسکەی الکمت ڕاگەیەنراو. بۆ زانیاریتان. - بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی

پارێزگای سلێمانی.-بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی.-ناوەندی هەواڵگری سلێمانی.)).

لە هەنگاوی دووەمدا لە ڕۆژی ١٣ی ئەپرێل نای , ئەوانەی خۆیان دەدەن بە دەستەوە دابەش دەکات بە ناوچەکانی ئەنفال و ناوچەکانی دەرەوەی ئەنفال.

ئەو ناوچانەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی تێدا ئەنجام دراوە, تا کۆتایی پرۆسەکە هیچ سازشێکیان بەرامبەر ناکرێت, لە کاتی خۆ بە دەستەوەداندا چارەنووسیان تەنها ناردنە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمن , کە بەشی زۆری بۆ تۆبزاوە بوو, کەمایەتییەکی ناوچەی داودەو بناری گل بە هۆی قەرەباڵغی تۆبزاوەوە لە دووزەوە نێردران بۆ تکریت, جگە لە ئەنفالی کۆتایی کە نێردران بۆ سەربازگەی نزارکێ.

((بەناوی خودای بەخشندەو و میهرەبان -بۆ بەڕێوەبەری بەڕێز - مێژوو: ١٤-٤-١٩٨٨.

سەبارەت بە بروسکەی سەرکردایەتی بیرۆی ڕێکخستنی باکوور-بیرۆی سکرتاریەت، ژمارە ٤٣٤، لە ڕێکەوتی ١٣-٤-١٩٨٨، سەبارەت بەو تێکدەرانەی کە خۆیان و چەکەکانیان داوە بە دەستەوە لەو ناوچانەی لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی ١,٢,٣ نین ، بڕیارە لە سەربازگەی تایبەتدا ڕابگیرێن لە لایەن ئەو لایەنەی کە خۆیان ڕادەستیان کردووە تا ئاگادارکردنەوەی دیکە. ئەوانەی خۆیان ڕادەستی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی کردووە ، بڕیارە تەنها لە لای لایەنی سەربازی ڕابگیرێن.

ئەم ڕێنماییە ئەو تێکدەرانە ناگرێتەوە کە لەو کەرتانەوە گەڕاونەتەوە کە شەڕ لە گەڵ گروپەکانی تێکدەردا هەیە. بۆ نموونە ئەو تێکدەرانەی کە لە کەرتی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەك لە حەوزی سەرکەڵو دەگەڕێنەوە، کاتێك خۆیان ڕادەستی ئێوە دەکەن، ئەم ڕێنماییە نایانگرێتەوە. بە پێی ڕێنمایی پێشوومان، کە لە بروسکەی ژمارە ٤٢٩مان لە بەرواری ١٢-٤-١٩٨٨ هاتووە" ئەم بروسکەیەمان دەست نەکەوتووە" ، بگوازرێنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیە ئەمنییەکان. بۆ زانیاری و ڕەچاوکردنی ئێوە.... لەگەڵ پێزانین. بەڕێوەبەر ١٤-٤)).

لە نووسراوی خوارەوە, جاریکی دیکە تەئکید لە جێبەجێکردنی ڕێنوێنییەکان دەکاتەوە:

((نەقیبی ئاسایش.....د.ش. ٣ ...... بۆ سەرجەم بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی بەلدە..... ژمارە ٣٧٨١، ڕێکەوتی ١٧-٤-١٩٨٨. ئەمانە جێگیر دەکرێن:

١- ئەو تێکدەرانەی کە خۆیان و چەکەکانیان تەسلیم دەکەنەوە کە ناوچەکانیان بەشێك نین لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال یەکەم و دووەم و سێیەم، لە جێگای تایبەتدا لە لایەن ئەو پێکهاتەی کە خۆیان ڕادەستی دەکەن ڕادەگیرێن تا ئاگادارکردنەوەی زیاتر, جگە لە ئەوانەی خۆیان ڕادەستی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی دەکەن، لە لایەن دەسەڵاتی سەربازییەوە دەست بەسەر دەکرێن.

٢- ئەم ڕێنماییە ئەو تێکدەرانە ناگرێتەوە کە لەو کەرتانە دەگەڕێنەوە کە شەڕ لە گەڵ لایەنە تێکدەرەکان هەیە, بۆ نموونە ئەو تێکدەرانەی کە لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەك لە حەوزی سەرگەڵو و بەرگەلو دەگەڕێنەوە، ئەم ڕێنماییە نایانگرێتەوە. پێویستە خۆیان ڕادەستی ئێوە بکەن، ڕێنماییەکانی پێشوومان ئەوانیش دەگرێتەوە. تکایە ئاگاداربن. لەگەڵ ڕێزدا، ....... بەڕێوەبەری ئاسایشی بەلدە.

دەستبەجێ جێبەجێی بکە....... )).

بە پێی نووسراوی ژمارە ٢٧١٢ کە لە ٢٧ی ئەپرێل دەرچووە خاڵێك زیاد دەکرێت ئەویش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە لە ریزی پێشمەرگە, کە بووە هۆی ئەنجامدانی زۆر تاوان بە پێی ئەم ڕێنوێنییە لە ریزەکانی پێشمەرگە, تەنها لە پێناو لێخۆشبوون لە تاوانکار لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە, ئەم ڕێنوێنییە ئاو ڕشاندن بوو بۆ ئەنجامدانی خیانەت:

(( ژمارە- ٢٧١٢ ....ڕێکەوت: ٢٧-٤-١٩٨٨...... بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان - لقەکانی بارەگا......لە ئاسایشی سلێمانییەوە

- بەشی ٣......سەبارەت بەمانەی خوارەوە:

گەڕانەوەی خائینە ترسنۆکەکان پەسند دەکرێت لە دەرەوەی ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال (١-٢-٣) بۆ ڕیزی نیشتمانی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی لە خوارەوە هاتووە:

١/ ئەگەر تێکدەرەکە بە چەکەکەیەوە گەڕایەوە، لە هەموو ئەو تاوانانەی لە سەرێتی لێ خۆش بوون دەیگرێتەوە.

ب- ئەگەر تێکدەرەکە بەبێ چەك گەڕایەوە، ئەوا تەنها لەسەر تاوانی ڕاکردن لە گەڵ تێکدەران لێخۆش بوون دەیگرێتەوە.

ج- ئەگەر تێکدەر دوای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێك لە دژی تێکدەرەکان گەڕایەوە، ئەوا لە تاوانەکانی خۆش دەبێت و پارچە زەوییەکی پێدەدرێت و ڕێگەی پێدەدرێت لە ناوچەی باکوور نیشتەجێ بێت.

٢. سەبارەت بەو تێکدەرانەی کە لە ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال دەگەڕێنەوە، بەپێی ڕێنماییەکان ڕێکاریان بەرامبەر

دەکرێت، واتە ڕاگیران و ڕەوانەکردنیان بۆ بارەگاکانی بەڕێوبەرایەتی.
بفەرمون بۆ ئاگاداری و بە پێی بڕیارەکان کار بکەن و ئاگاداری کارەکانتانمان بکەنوە, لە گەڵ ڕێزدا.....عەقیدی ئەمن ، بەڕیوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی. ٢٧-٤-١٩٨٨)).
پێی دەچێت ئەمن داوای ڕاپۆرتی هەفتانەی کردبێت لە بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ ئامارکردنی ژمارەی ئەوانەی خۆیان دەدەن بە دەستەوەو جیاکردنەوەیان بە پێی ڕێنوێنی بیرۆی باکوری پارتی بەعس بەسەر دانیشتووانی ناوچەکانی ئەنفال و دەرەوەی ئەنفال و دیاریکردنی ئەرك بۆ هەندێك لە گەڕاوەکان ئەوانەی ئامادەیی خیانەتیان هەبووە, بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن , ئەگەری هەیە ئەم ئۆپەراسیۆنە یەکێك بێت لەو ئۆپەراسیۆنە قێزەونانەی لەو کاتانە لە ناوچەی جەباری و زەنگەنە ئەنجامدران:
(( ژمارە ٢٠٥٨، مێژوو ٣-٥-٩٨٨......بروسکەکەتان بە ژمارە ٢٧٣٥، لە بەرواری ٢٩-٤-١٩٨٨.....ڕێنوێنی هەفتانە تایبەت بە گەڕاوەکان
٩ کەس لە دەرەوەی ناوچەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال گەڕاونەتەوە ئەمانە بابەتی برووسکەکەتانە لە ٢-٥-١٩٨٨ , تکایە ئاگاداربن.
دەرکەوت نەقیب سەعدون ئەرکێکی لە دژی تێکدەرەکان بۆیان دیاری کردووە. داوای کردووە لە ئێستادا نەیانخەیتە ناوەوە.....
٤-٥-١٩٨٨.)).
((بۆ بەڕێوەبەری بەڕێز.....لە یاریدەدەری سیاسییەوە......سڵاو و پێزانین
یەکەم: برووسکەی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ژمارە ٦٠٦٢ ، لە ڕێکەوتی ٢٧-٤-٩٨٨، هاوپێچ لە گەڵیدایە، سەبارەت بە... پێدانی ڕاپۆرتێکی هەفتانەیان لەسەر ژمارەی ئەو کەسانەی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمانەوە دەگەڕێنەوە بۆ ڕیزەکانی نیشتیمانی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانەی کە لە لایەن هەڤاڵی تێکۆشەر عەلی حەسەن ئەلمەجید، بەرپرسی بیرۆی ڕێکخستنی باکورەوە پێمان ڕاگەیاندراوە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: -
- ئەوانەی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمانەوە گەڕاونەتەوە لە دەرەوەی ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی ژمارەیان (٦٤) گەڕاوەیە لە ڕێگەی لقی چەمچەماڵەوە.
-ئەوانەی گەڕاونەتەوە بۆ ڕیزەکانی نیشتیمانی لە ناو ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالن (١٥) کەسن ، ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە گەڕانەوەیان ئاگادارکراونەتەوە ناویان لە ڕاپۆرتی هەفتانەدا نانووسرێت بۆ ئاگاداریتان. فەرمانی ئێوەیە لە دیاریکردنی هەڵوێستتان لە ڕاپۆرتی هەفتانەی تایبەت بە (٦٤) گەڕاوەکە بۆ ڕیزەکانی نیشتمانی. لە گەڵ پێزانین......ملازمی ئەمن ش ٣. ١٠-٥-١٩٨٨.
بۆ بەڕێوەبەری بەڕێز، ...فەرموون بۆ ئاگاداربوون و فەرمان بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەبارەت بە ڕاپۆرتی سەرەوە لە گەڵ پێزانین....یاریدەدەری سیاسی، ١٠-٥-١٩٨٨.
ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەر جێبەجێ بکرێن، ١٠-٥-١٩٨٨)).
ڕاپۆرتێکی دیکە دەخەینە ڕوو سەبارەت بە گەڕانەوە:
((بۆ ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.....لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی. چ.س.ش ٣
ژمارە ١٥٠٥٤، ڕێکەوتی ١٧-٦-١٩٨٨......بە دوای بروسکەی ژمارە ١٤٣٢٨ ڕێکەوتی ٩-٦-١٩٨٨.
ڕاپۆرتی هەفتانەی ئێمە لەسەر گەڕاوەکان بە تایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال گەڕاونەتەوە ژمارە ٣ یە، تکایە ئاگاداربن.
لەگەڵ پێزانین.....عەقیدی ئەمن.....بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای سلێمانی.)).
پێی دەچێت لە ٢٤-٤ کۆبونەوەیەك ئەنجامدرابێت , ڕێنوێنی تایبەت دەرچووبێت , کە ئەمەی خوارەوەیە:
((بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی چالاکی دوژمنکارانە لە پارێزگای سلێمانی
ژمارە -١١٩٧.....مێژوو: ١١-٧-١٩٨٨
بۆ: هەموو لیژنە لاوەکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی چالاکیی دوژمنکارانە
بابەت: گەڕاوەکانی ڕیزی نیشتمانی
بە پشتبەستن بە بڕگەی یەکەمی بڕیاری ژمارە (١٦٠)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٦٠)ی ٢٩-٣-١٩٨٧ ، هاڤاڵ عەلی حەسەن ئەلمەجید، ئەندامی سەرکردایەتی نیشتمانی و بەرپرسی بیرۆی ڕێکخستنی باکور، لەو کۆبوونەوەیەی کە لە ٢٤-٤-١٩٨٨ بەڕێوەچوو، ئەمانەی خوارەوەی خستەڕوو.
١- ئەو تێکدەرانەی کە بە چەکەکانیانەوە دەگەڕێنەوە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال , کە تا ئێستا ئەنفال ناوچەکانیانی نەگرتۆتەوە، لە هەموو تاوانێك دەبەخشرێن بە هەڵاتن و نەهاتنە پێشەوە بۆ سەربازیشەوە.

٢- ئەو تێکدەرانەی دەگەڕێنەوە بەبێ چەك خۆیان ڕادەست دەکەنەوە لەو ناوچانەی کە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال نایانگرێتەوە، لە تاوانی پەیوەستبوون بە گروپە تێکدەرەکان، هەروەها لە تاوانی هەڵاتن و نەهاتنە پێشەوە بۆ سەربازیشەوە.

٣- هیچ نارەزایەتییەك نییە بۆ وەرگرتنی ئەو کەسانەی پێشتر ئاماژەیان پێکراوە لە فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی.

٤- هیچ نارەزایی نییە لە وەرگرتنی گەڕاوەی گروپە تێکدەرەکان بە چەکەکانیانەوە لە فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی.

٥- ئەو کەسانەی پێشتر ئاماژەیان پێکراوە وەك خۆبەخش وەرناگیرێن ئەگەر ناوچەی نیشتەجێبوونیان بکەوێتە ناو ئەوپەراسیۆنە پاڵەوانییەکانی ئەنفالەوە.

داواکارین ڕێکاری پێویست بگرنە بەر و ئاگادارمان بکەنەوە... لەگەڵ پێزانین.

جەعفەر عەبدولکەریم ئەلبەرزنجی، سەرۆکی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی چالاکی دوژمنکارانە لە پارێزگای سلێمانی

کۆپی بۆ:سەرکردایەتی بیرۆی ڕێکخستنی باکوور - نووسینگەی سکرتاریەت - نامەکەتان ژمارە ٣٣٠١ لە بەرواری ٥-٧-١٩٨٨، فەرموون بۆ ئاگاداریتان... لە گەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا

بەڕێوەبەری ئاسایش بۆ پارێزگای سلێمانی - فەرموون بۆ ئاگاداریتان و کردەوەی گونجاو بە پێی ناوەڕۆکەکەی....... ناوەندی هەواڵگری سلێمانی.)).

ئیتر ڕێنوێنی و بڕیارەکان تاکو ٦-٩-١٩٨٨ بڕیاری لێبوردنی ژمارە ٧٣٦ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە تا ڕێکەوتی ٨-١٠-١٩٨٨ بەردەوام دەبێت, ئەوەی چەند کاتژمێرێك دووای تەواو بوونی مۆڵەتەکە دەگەڕێنەوە کە هاووڵاتی شاری هەڵەبجە بوونەو ئاماری ١٧-١٠-١٩٨٧ یشیان ئەنجامداوەو بڕیاری ٤٠٠٨ یش نایانی گرتەوە, کەچی چارەنوسیان وەك ئەنفالکراوان بوو.

## لێبوردنی درۆینە

لە قۆناغەکانی ئەنفالی یەك و دوو و سێ و چواریش درۆیەك باو بووە کە بۆ هاولاتیانی ناوچە ئەنفالکراوەکان کراوە بوونی لێبوردنی گشتییە و ناردنی خەڵکە بۆ ئۆردوگاکان, بەهۆی ئەم درۆ خۆشباوەڕییە خەڵکی وا زۆربووە بواری ڕزگاربوونی هەبووە بەڵام نەیکردووە. هەرچەندە نزیك مانگێك بەسەر ناردن بۆ تۆبزاوە گۆڕە بە کۆمەڵەکان و دووبز و نگرە سەلمان تێپەڕی هێشتا تەنانەت بەشێك لە هاووڵاتیانی ناوچەکانی ئەنفالی چوار کەوتونەتە ئەو تەڵەیەوە, لێرەوە دەمانباتە ئەوەی بۆ پارتە سیاسییەکان نەیانتوانی خەڵکەکە وا لێبکەن نەکەونە ئەو تەڵەیەوە هەوڵی ڕزگارکردنیان بدەن نەك بە دەستەوە دانیان بەهۆی ڕێگریکردن لێیان بڕۆنە شارەکانەوە, ئەگەر ڕێگریکردن لە سێ قوناغەکەی پێشوو تاوانێك بوویێت, لەم قۆناغە بەدواوە دەیان تاوان بووە, لە کاتێك دەتوانرا هاووڵاتیان رزگار بکرێن چونکە ناوچەی دەربازکردن زۆر بوو.

بەعس لە ڕێگای جاشەکانەوە ئەم فێڵەی کردووە بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك ئەنفال بکات و لە ناویان بىات :(( هەروەها بەکارهێنانی بڵندگۆی مزگەوتەکەی قادر کەرەم لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە کە بەردەوام پەیامی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کەوا خەڵکی گوندەکان دەبێ لە ماوەی سێ ڕۆژدا خۆیان بدەن بە دەستەوە، لە یەکشەمەی ١٠ی نیسانەوە تا سێشەمەی ١٢ی نیسان )).

تەنانەت بە پێی بەڵگەنامەیەك کە کەوتۆتە دەست, بە فەرمی هەردوو دەزگای ئەمن و ئیستخبارات بە فەرمی گلاونەتە ناو تاوانی هەڵخەڵەتاندنی هاووڵاتیانەوە:

(( مۆر: بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی -لقی ڕۆژهەڵات .... ژمارە: ١١٠٢٩....مێژوو : ١٧-٤-١٩٨٨.

نهێنی و بەپەلە......لە-بنکەی هەواڵگری چەمچەماڵ.....بۆ-بەڕێوەبەرایەنی هەواڵگری ڕێکخراوەکان ڕۆژهەڵات.....ژمارە: ٦٦٥..

بروسکەکەتان نهێنی و بە پەلە ٦٤١ لە ١٤-٤-١٩٨٨ (.) لە بەر هۆیەکانی ئاماژە بۆکراو لە بروسکەی سەرەوەتان پێشنیار دەکەین(.) بە ئازادکردنی ژمارەیەك لە تێکدەرەکان و هەڵهاتووەکان لەوانەی ئێستا دەست بە سەرن لە سەربازگەکاندا لە گەڵ هەندێك لە خێزانەکان بە پێی قەناعەتی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە هەموو ناحیەکان و قەزاکان بۆ هاندانی پاشماوەی تێکدەران بۆ گەڕانەوە ئەوانەی کە ئارەزوویان هەیە (.) ئەوانەی کە لە ناو دارستانەکان ماونەتەوە و چاوەڕوانی ئەنجامی دەست بە سەر کراوەکانن(.) تکایە بۆ تێڕوانین.

نێردەر ئیبراهیم.....وەرگر مۆفەق-کات ٩٣٠ لە ئەمنی چەمچەماڵ -ئەوەی سەرەوە پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی چەمچەماڵە بۆ هاندانی تێکدەران بۆ گەڕانەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی ..تکایە ئاراستەی بکەن .... نەقیبی ئەمن ١٧-٤........ بۆ خوێندنەوە ١٨-٤ )).

## دیاریکردنی ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵ

وێڕای گرنگی خۆپیشاندانەکەی شاری چەمچەماڵ لەو ڕۆژگارەدا, هیوایەك بوو لە بێ هیوایی ئەو ڕۆژانە, بەرەو ڕوبونەووەی ئەنفالکردن بوو, لێ بۆ بابەتەکەی ئێمەو نووسینەوەی مێژووی ئەنفال گرنگییەکی دیکەشی هەیە, ئەویش ڕۆژی دەستپێکی گەورەترین شەپۆلی گواستنەوەی ژن و منداڵ و خێزانە ئەنفالکراوەکانە لە هەردوو ناوچەی قادر کەرم و سەنگاو بۆ لیواکەی چەمچەمال, دواتر بەشێك لەمانە دەبنە یەکەم کەس دەخرێنە ناو زیندانەکانی سەربازگەکانی تۆبزاوەو دووبز و نگرە سەلمان.

لە ناو ئەو ڕۆژەشدا ئەگەر ورد بین , بەراوردی کاروانی پێش خۆپیشاندانەکەو دووای خۆپیشاندانەکە گرنگە, ئەوانەی پێش خۆپیشاندانەکە, یان لە کات و ساتی خۆپیشاندانەکە لە لیواکەوە دەرچوونە بۆ تۆبزاوە, لە گەڵ ئەوانەی لە کاتی خۆپیشاندانەکە هێنراون بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, بە تایبەت ئەوانەی ڕێگای سەنگاو لە ئیمام شاسوارو قەرەتامورەوە هێنراون ڕاستەوخۆ بوونە بە هۆکاری ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە.

ئێستا مشت و مڕ هەیە لەسەر دیاریکردنی ڕێکەوتی خۆپیشاندانەکە لە نێوان ڕۆژەکانی دوو شەممە ١١-٤-١٩٨٨ و سێشەممە ١٢-٤-١٩٨٨ .

تا ئەم ساڵانەی دوایی ڕۆژی خۆپیشاندانەکە هەر بە ١١-٤-١٩٨٨ دیاریکرابوو, بەڵام لە گەڵ دۆزینەوەی نووسراوی ژمارە ١٢٣٠ کە وەك دۆکۆمێنتێك لە دادگای باڵای تاوانەکان بەکار هاتووە ئەو بۆچوونە بڵاو بوەوە کە خۆپیشاندانەکە ڕۆژی سێشەممە ١٢-٤-١٩٨٨ ئەنجامدراوە, بەڵگەیەکی دیکە کە هەستی پێ نەکراوە دەتوانن بە کاتی دەوامی قوتابخانەکە ئەو ڕۆژە دیارییکەن, چونکە وا باوبوو کە قوتابیان سێ ڕۆژ بەیانیان بن, سێ ڕۆژیش ئێواران.

بە پێی ئەم دوو نووسراوەی خوارەوەی هەواڵگری سەربازی بێت ئەوا خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٢-٤-١٩٨٨ ئەنجامدراوە:

(( لە نامەیەك بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی ناوچەی ڕۆژهەڵات بۆ هەواڵگری شوعبەی ٣ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری چەمچەماڵی ناردووە بە ژمارە ٦٨٣٩ لە ڕێکەوتی ١٣-٤-١٩٨٨ دەڵێ کاتژمێر ٦:٣٠ی ئێوارەی ڕێکەوتی ١٢-٤ ئاژاوە گێرەکان لە قەزای چەمچەماڵ (ئۆردوگای جوتیاری) , بە بەرد پەلاماری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەیان داوە کە لە سەنگاوەوە کەسوکاری تێکدەرانیان دەگواستەوە , بە بەرد و تایە سوتاندن ڕێگاوبانیان گرتووە, تا گەیشتە تەقە کردن ٩ کەس لە یەکە جیاجیاکان بە پلەی جیا بریندار بوون, بارەگای سەرکردایەتی هێزەکانی پارێزگاری نەوت هەنگاوی نا بۆ چارەسەری دۆخەکە بە هەڵسانی کۆپتەر, چەند کەسێك دەستگیرکراوە و ڕاگیراون لە سەرکردایەتی و لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا دەکرێت, ڕێوشوێنی توند لەلایەن لیژنەی ئەمنی لە قەزاکە گیراوەتەبەر. تکایە سەیری هاوپێچ بکە. پەیامی نهێنی و بەپەلەی ژمارە ١٣٧، لە ڕێکەوتی ١٢-٤ هاوپێچ کراوە. داواکارین لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەن و بە زووترین کات لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاگادارمان بکەنەوە. ئیمزا عەمیدی ڕوکن، بەڕێوەبەری هەواڵگری هەرێمی ڕۆژهەڵات .)).

هەروەها بە پێی ئەم نووسراوەی خوارەوە کە ئەمیش نووسراوی هەواڵگری سەربازییە خۆپیشاندانەکەی شاری چەمچەماڵ ڕۆژی سێشەممە ١٢-٤-١٩٨٨ ئەنجامدراوە.

((بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری چەمچەماڵ بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات لە ڕێکەوتی ١٢-٤-١٩٨٨ بە ژمارە ٦٢٧ , ئاماژە بە نووسراوی ژمارە ٦٢٠ خێراو نهێنی کە لە ڕێکەوتی ١٢-٤-١٩٨٨ کاتژمێر ١٢ ی ئەو ڕۆژە لە نزیك ئۆردوگای شۆڕش کەسانێك بە بەرد پەلاماری ئەو ئۆتۆمۆبیلانەیان داوە کە لە سەنگاوەوە خێزانی ڕاگوێزراوەکانیان گواستۆتەوە لە گوندە ڕاگوێزراوەکانەوە , بۆ ئەوەی لای کەسوکاریان بهێڵرێنەوە, هەندێکیانیان بە قاچاغ بۆ لای کەسوکاریان بردران, لە داهاتوودا بە زانیاری نوێ ئاگادارتان دەکەینەوە)).

بەڵام بە پێی ئەم نووسروانەی دەزگای ئەمن کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو, کە باسی دوو کەس دەکات لە میانی خۆپیشاندانەکە دەستگیر کراون , خۆپیشاندانەکە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١١-٤-١٩٨٨ ئەنجامدراوە, لەبەر ئەوەی ئەم نووسراوە لێکۆڵینەوەو دەستگرکردنی تێدایە ئەگەری هەیە بە دواداچوونی وردی بۆ کرابێت.

(( بە پێی نووسراوی ژمارە ٣٣٢٠ لە ٢٧-٨-١٩٨٨ لە ئەمنی چەمچەماڵەوە بۆ ئەمنی سلێمانی لە وەڵامی بروسکەی ژمارە ٥١٠ی ڕێکەوتی ١٤-٨-١٩٨٨ دا دەڵێت ناوبراو لە ڕێکەوتی ١١-٤-١٩٨٨ دەستگیر کراوە لە ئەنجامی ئەو ئاژاوانەی لە

ڕێگای سەنگاو بۆ چەمچەماڵ ئەنجامدرا لە کاتی ڕاگواستنی هاووڵاتیانی گوندەکانی سەنگاو لە ئۆپراسیۆنی ئەنفالی دوودا, کە تیایدا ژمارەیەك زۆر خەڵك ڕێگایان داخست و بەردیان فڕێدایە بەردەم ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی ڕاگوازراوەکانیان دەگواستەوە... کە دەستگیرکران لە لایەن کەرتەکانی سەربازییەوە, تکایە ئاگادر بن لە گەڵ پێزانینمان بۆتان . نەقیبی ئەمن ئەفسەری ئەمنی چەمچەماڵ )).

(( بەڕێز بەڕێوەبوەبەری .......سلاو و پێزانین.......بابەت خوێندنەوە لە ٧-٦-١٩٨٨

بە پێی نامەی نهێنی ٤١٠ لە ڕێکەوتی ٩-٥-١٩٨٨ کە لە ڕێکەوتی ١٧-٤-١٩٨٨ تاڵب کەریم ئەمین دەستگیر کراوە کار دەکات لە بەڕێوەبرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی.. بۆچوونمان سەبارەت بم بابەتە. ناوبراو پیشەی فەراشە لە پەروەردەی سلێمانی و تەمەنی ٤٨ ساڵە , هەڵوێستی درووستە بەرامبەر بە خزمەتی سەربازی.

ڕەوانکرا بۆ بەڕێز م.م.ع ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بە پشتبەستن بە نووسراوی ژمارە ٩٦٨٦ لە ڕێکەوتی ١٠-٤-١٩٨٨، سەبارەت بە خێزانە ئاوارەبووەکانی گوندەکان و ناوچە قەدەغەکراوەکان.

تکایە پێداچوونەوە بە وەڵامی پارێزگار بکەن......نەقیب الامن....ص.م. د المشات....٧-٦-١٩٨٨

وەڵام ئەوەیە کە ئەو لەو گوندە قەدەغەکراوەکان بووە..... بەڕێوەبەر ١٥-٦ )).

(( بۆ: امن السلیمانیه -ش.....لە -هۆبەی لێکۆڵینەوە-ق١ ...ژمارە-١٠٣٢....مێژوو-٢٠-٧-١٩٨٨

بروسکەکەتان بە ژمارە ٤٧٥ لە ڕێکەوتی ٢٠-٧-٩٨٨ ڕێکەوتی ٢١-٤-١٩٨٨ ئەو کەسە بە ناوی حەمەخان خەسرەو مستەفا لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٩ دەستگیرکرا. لە قوتابخانەی شەهیدانی بنەڕەتی لە چەمچەماڵ وەك دەرگاوان کاری کردووە, کە لە گەرەکی بێکەس لە چەمچەماڵ نیشتەجێیە. ناوبراو لە لایەن فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی نەوت - ئەرکانی گشتی - هەواڵگرییەوە دەستبەسەرکراوەو و بە نووسراوی ژمارە ٧١٧یان لە ڕێکەوتی ٢١-٤-١٩٨٨ بۆمان نێردراوە, بە گومانی ئەوەی کە یەکێکە لەو کەسانەیکە بەشداری ئاژاوەگێڕییەکانی چەمچەماڵی کردووە. ئەم ئاژاوەگێڕانە تاوانەکانیان بریتییە لە هێرشکردنە سەر ئۆتۆمبێلی سەربازی, حکومی و مەدەنی کە خێزانی ئەو تێکدەرانەیان هەڵگرتبوو کە لە سەنگاوەوە بەرەو شارۆچکەی چەمچەماڵ. ئەمەش لە کاتژمێر ١٨٠٠ لە ڕێکەوتی ١١-٤-١٩٨٨ رویدا, بە بەرد و تەقەکردن و گرتنی ڕێگا بە بەرد و سووتانی تایەی ئۆتۆمۆبێل بەرامبەر بە ئۆردوگای فەلاحین لە چەمچەماڵ ڕوویدا. ئەمەش بووە هۆی بریندا‌ربوونی نۆ سەرباز و جەنگاوەر. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا ناوبراو ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە. بابەتەکە خرایە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە, ئەویش بڕیاریدا دەستبەجێ ئازاد بکرێت و بە شێوەیەکی کاتی دۆسیەکە دابخرێت، بە پشتبەستن بە مادەی ١٣٠-ب لە یاسای دادگاییکردنی تاوان، بە هۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست لەسەری بۆ ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی کراوە، بەپێی ماددەی ١٩٤ی یاسای ٤٠. بڕیارەکەی دادوەری لێکۆڵینەوە جێبەجێکرا. (تکایە ئاگادار‌بن لە گەڵ ڕێزدا.).

هەروەها بە پێی نووسراوی ژمارە ٢٨٦ سەرکردایەتی هێزەکانی پاراستنی نەوت لە ڕێکەوتی ١١-٤-١٩٨٨ دەرچووە و کاك عوزێر یەکێك بووە لەو ٤٨ کەسەی گروپی دیاریکراو, ئەو ڕۆژە نوسراویان بۆ کراوەو نێردراون بۆ لیواکەی چەمچەماڵ, بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە ئەوان ئەو شەوە لە چەمچەماڵ ڕاگیراون, ڕۆژی دوواتر نێردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە.

هەروەها ئامینە نوری یوسف لە دایکبوی ساڵی ١٩٦٨, گوندی زەردەی قادر کەرەم دەڵێت: ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵ بوو بردمانیان بۆ لیواکە, بۆیە شەوێك ئێمەیان لە لیواکە هێشتەوە, سەعات دوانزەی ڕۆژی دواتر گەیشتینە تۆبزاوە, ئامینە لە ڕێکەوتس ١١-٤ دەستگیرکراوە, ژمارە ٢٦ ە لە لیستێکی ١٥١ کەسی کە ٣١ خێزان بوونە خەڵکی گوندەکانی زەردە و محی پەریزە و مەحمو پەریز (( وابزانم ئەم دوو گوندە یەکن و گوندی مەحمود پەڕێزادە)) , نووسراوەکەیان ژمارە ٢٩٥ لە ڕێکەوتی ١٢-٤ دەرچووە, ڕۆژی دووای دەستگیر کردنەکەیان.

وەلی نامەی دیکە هەیە بە مێژووی ١٢-٤ لە هەمان جێگاوە ئەنفالکراوان نێردراون کەچی قوربانیان لە وتەکانیان دەریدەخەن ئەو ڕۆژە خۆپیشاندان بووە, دەشێت ئەوانیش ڕۆژی دوواتر نوسراویان بۆ کرابێت.

هاوکات لە ڕێگای دیاریکردنی پەلامارەکانی سوپاوە ڕۆژی دەستگیرکردنی خەڵکەکە دیاری بکرێت, نموونە ڕۆژی ١١-٤-١٩٨٨ هاووڵاتیانی گوندی ئیبراهیم غوڵام ئەنفال دەکرێن, کە ٥١ کەسیان بێسەروشوێنن.

هەروەها لە ڕێکەوتی ٩-٤ لە چەمچەماڵەوە هێرش کراوە بۆ

قەیتول و ناوچەی سەنگاو، پێی دەچێت لە گەڵ هێرشەکەدا لە قەرەتامور و ئیمام شاسوار هێز دانرابێت وەك خەلفی هێرشەکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵکەکە، بە پێی وتەی قوربانیانی گەڕاوە سێ ڕۆژ لەبەر باران لەوێ ماونەتەوە، کە هێنراون بۆ چەمچەماڵ کەوتوونە بەسەر خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵا، ئەمیش لە گەڵ ئەوەی خۆپیشاندانەکە لە ڕێکەوتی ١١-٤ یەك دەگرێتەوە.

بەم هۆیانەی سەرەوە ئاماژەم پێیان دا، من پێم وایە قورسایی زیاتر بەلای ئەوەدایە ڕۆژی ١١-٤-١٩٨٨ وەك ۆژی خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵ دیاریبکرێت، بەڵام ئەگەرەکەی من یەکلا کەرەوە نییە، تا یەکلا دەبێتەوە پێویستە گومانی لەسەر هەبێت، گرنگی ئەم ڕۆژە تەنها لە دیاریکردنی ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی چەمچەماڵ نییە، بەڵکە دیاریکردنی ڕۆژی ناردنی زۆرترین شەپۆلی ئەنفالکراوانە بۆ لیواکەی چەمچەماڵ، کە دوواتر ئەم خەڵکە یەکەم گروپ دەبن دەنێردرێن بۆ سەربازگەکانی تۆبزاوەو دووبز و قەڵای نگرە سەلمان.

## ئەنجام گیری :

١- مستەشارەکان ڕایانگەیاندووە کە لێبوردنی گشتییان بۆ خەڵك وەرگرتووە، هانی خەڵکیان داوە بۆ خۆبەدەستەوەدان و چەك کڕین، ئەوان پێشبڕکێیان کردووە بۆ ئەوەی زۆرترین چەکدار وەربگرن و لای خۆیان کۆیان بکەنەوە.

٢- قادر کەرەم شوێنی ڕزگاربوونی خەڵکێکی زۆری ئەو گوندانە بووە، بەتایبەت ئەوانەی باوەڕیان بە لێبوردنی گشتی نەبووە.

٣- لەیلان شوێنی ڕزگاربوونی ژن و منداڵان بووە.

٤- خەڵکەکە متمانەیان بە وتەی جاشەکان هەبووە کە لێبوردنی گشتی هەیە.

٥- ژمارەیەك منداڵ و هەرزە بە تایبەت لەقۆڵی سەنگاوەوە بەهۆی شوانییەوە ڕزگاریان بووە.

٦- سەرەتا خەڵکەکە ڕاگیراون، بۆیان یەکلا نەبۆتەوە چییان لێ دەکەن، لە ١٠ و١١ی مانگی چوارەوە بڕیاری ناردنیان دەست پێ دەکات بۆ لیواکەی چەمچەماڵ و تەوارییەکەی سلێمانی، دوواتر لە هەردوو لاوە بۆ تۆبزاوە.

٧- خەڵکی ناوچەی قادر کەرەم و سەنگاو یەکەم گروپن دەگەنە کامپی تۆپزاوە، ئەو گروپەی لە کاتی خۆپیشاندانەکە لە لیواکەی چەمچەماڵ دەرچوون، یەکەم گروپن دەگەنە تۆبزاوە، ئەگەر سێ گروپە پیاوە گەنجەکەی ئاماژەمان پێیان کرد ڕۆژی ١٠-٤ نووسراویان بۆ کراوە پێشتر نەگەیشتبێتن، وەلێ بەهۆی ئەوەی کەسیان ڕزگاریان نەبووە زانیاری لەسەر گەیشتنیان بۆ سەربازگەی تۆبزاوە لەبەر دەست نییە.

٨- هێزە سیاسییەکان نەك نەخشەیان نەبووە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان، بگرە هۆکار بوونە بۆ زیاد بوونی زیانە مرۆییەکان بەهۆی ڕێگریکردن لە هاووڵاتیان کە خۆیان ڕزگار بکەن.

٩- ڕێکەوتی ١١-٤-١٩٨٨ ڕۆژێکە وەك ١٤-٤-١٩٨٨ زۆرترین مرۆڤی تێدا ئەنفالکراوە، ئەگەر زیاتری تێدا ئەنفال نەکرابێت شان لە شانی ١٤-٤ دەدات، بۆیە پێویستە چاوێك بە هەڵسەنگاندنەکان ڕابردوو بخشێنرێتەوە بۆ قەبارەی زیانەکان لە هەر قۆڵێکەوە.

١٠- هیچ کەسێك ڕزگاری نەبووە لە جێبەجێکردنی توندی بڕیارەکان، تەنانەت شێخە بەرزنجییەکانی نزیك شَخ جەعفەرو ناوچەکانی دیکەی باکووری گەرمیان و قەڵاسێوکا، بڕیارەکە بە یەکسانی بەسەر هەمووانداا بۆ مردن جێبەجێ کراوە.


سەرچاوەکان:

١-( کەریم باسام)ەوە تا تکریت -چیرۆکی بەشێك لەو ئەنفالکراوانەی لە دەروازەی مەرگ گەڕانەوە -دڵێر کەریم ٢٠١١.

٢-واحید محەمەد سەعید عەبدول عارف قوربانی، چاپخانەی کەماڵ٢٠١٣

٣-لە پاس بارکراین ببردرێن بۆ زیندە بە چاڵکردن سالار ئەمین کەریم باسام دلێر کەریم - گۆڤاری تۆبزاوە ژمارە ٦ و ٧ ١٤-٤-٢٠٢٥

٤-شایەد حاڵەکانی ئەنفال بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم ...... عارف قوربانی ٢٠١٤

٥-ڕەشەبای مەرگ- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

٦- دیرۆکی ئەو منداڵەی لە زینداندا لەدایکبوو- جەواد حەیدەری

١٨٨٥٤/https://knwe.org/KU/Details

٧-عەبدولا کەریم , عەرعەر ژمارە ٢

٨-بێنەواکان لە چوارچێوەی تاوانی ئەنفالدا، زەمان عەبدە ٢٠١٦

٩- ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا , سەعید ئیسماعیل حوسێن-چاپخانەی کارۆ ٢٠١٨

١٠-ئەنفالی ناوچەی جەباری ئارام ڕەزا، بەهرۆز ساڵەح

١١-ئەنفالی ناوچەی چەمچەماڵ یوسف ناسیح عەر عەر ژمارە ٤ ساڵی چوارەم ٢٠٠٩

١٢-ئازاد تەیب ١٩٧٩ گوندی وەستا خدر , عەبدولا کەریم، عەرعەر ژمارە ٢

١٣-بەسیرە عەلی لەتیف فاتیح گۆڤاری تۆبزاوە ١٤-٤-٢٠٢٢ ژمارە ٥

١٤-چیرۆکی نەبات فایەق ڕەحمان ..چیرۆکی ژنە ڕزگاربوویەکی ئەنفال گۆڤاری تۆبزاوە ١٤-٤-٢٠٢٢ ژمارە ٥

١٥-لافنەو , عەدنان ساڵەیی، عەر عەر ١٤-٤-٢٠٠٧

١٦-کاریگەری شاڵاوەکانی ئەنفال لە سەر چۆڵبوونی لادێکانی سەنگاو...توێژەران فەرهاد عەبدالڕەحمان و کرمانج شێرزاد , گۆڤاری عەر عەر ساڵی چوارم ٢٠٠٩

١٧-جینۆساید لە عێراقدا ..پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد - هیومان ڕایتس ووچ/ میدڵ ئیست ووچ

١٨-سی دی دۆسیەی ئامادەکراوی ئەنفال لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە.

١٩-محكمە الانفال اعداد ريكار مزورى بمساعدە محامى اياد كاكەیی

٢٠-دیدار لە گەڵ قاسم کازم چالاکوانی جینۆساید و کەسوکاری ئەنفالکراو

# یادو ئەزموون و مەرگی مام بەکرقادر جەلەمۆردی


ncil of Ministers
try of Martyrs & ...al Affairs
فەرمانی کارگێری

هۆمە ر محەمەد

دەمێک بوو سەرقاڵی نوسینەوەو دۆکیۆمێنتکردنی چیرۆکەکانی ئەنفال بووم، هێشتا هیچ چیرۆکێکی گوندی جەلەمۆردم بلاَو نەکردبووەوە، هۆکارەکەشی تەنیایی و کەسیش لەم ناوچەیە هاوکارم نەبوون، دەبوو زۆربەی کارەکان هەر بۆخۆم بمکردنایە، هەر بۆخۆم دیدارەکانم ئەنجام دەداو دەبوو هەرخۆشم تەفریغیان بکەم و لە دەنگەوە بیانخەمە سەر کاغەزو تاووتوێیان بکەم و بۆ ئەنفالستان ئامادەیان بکەم.

تازە مامۆستا هێمن عەبدوڵام ناسی بوو، باش بوو ئەو بووە فریادرەس داوام لێکرد ئەگەر دەتوانیت بەڵکو بچیت لەگوندی جەلەمۆرد چەند دیدارێک ئەنجامبدەیت، مامۆستا هێمن بەدەست و برد داواکەمی بەجێهێناو لە جەلەمۆرد دیداری لەگەڵ مام بەکر ئەنجامدا بەداخەوە هەمووی چەند رۆژێك

لە دوای ئەو دیدارەوە مام بەکر کۆچی دوایی کردو فریای بینینەوەی وێنەو دیدارەکەی خۆی لە گۆڤاری ئەنفالستاندا نەکەوت.

بۆیە ژمارە ٨ی گۆڤاری ئەنفالستان لەلاپەرە ١٧٢ هەم دیدارو هەم پرسەنامەکەی مام بەکر قادری پێکەوە بلاَوکردەوە. لەو ژمارەیەدا ئێمە وێرای پرسەو سەرەخۆشیمان کە بۆ کەسوکاری و ماتەمینی خۆشمان بۆ کۆچی مام بەکر راگەیاندبوو، بەڵام بووە ئەزمونێکیش کە زیاتر بەدەم ئەو کەسانەوە بچین کە تەمەنیان هەڵکشاوە بۆیە رەنگە نوسینەوەی چیرۆکی ئەم مرۆڤانە رێزێکی باش بێت بۆیان بەهیوام بەهەمووان فریای ئەو کەسانە بکەوین کە ئەنفال دیدەن و لەژیاندا ماون بەرلەوەی ماڵئاوایی یەکجاریمان لێ بکەن چیرۆکەکانیان تۆمار



بکەین، چونکە مەرگی مام بەکر پێمان دەڵێت: لەگەڵ مردنی هەرکەسێك لەم قوربانیانە زیاد لە چیرۆکێکیشمان دەچنە ژێرگڵ .

مام بەکر جەلەمۆردی پاشەوەی منداڵەکانی ئەنفالکران ماوەی دەساڵ بەتەنیا ژیا، ئینجا هاوسەرگیری کردبووەوە. جگەلە "گوڵباخ نامیق محمد "ی هاوسەری ١٠منداڵیشی ئەنفالکراون، کچەکانی ( گلاوێژ، گولزار، زارا، کوێستان، کابان، چنار، بنار، نیگار، کورەکانیشی محەمەدو ڕێباز). گیرابوون و جارێکی تر نەیبینینەوە.

مام بەکر جەلەمۆردی یەکێك بوو لەوشایەتحاڵانەی گوندی جەلەمۆرد کە چووە بۆ دادگای باڵای تاوانەکان و شایەتی لەسەر صدام و عەلی حەسەن مەجیدو داروودەستەکەی دابوو، ئەوەش تاکە سەبوری بوو بۆ ئەو پیاوە کە ئەنفال ناخی هەڵاهەلا کردبوو، هەمیشە لەداڵغەی منداڵەکانیدا بوو. لەبارەی دادگاکەو شایەتیدانەکەیەوە دەڵێت: ئەو ڕۆژەی من لەداگای ئەنفال شایتیمدا عەلی حەسەن مەجید هەستایەوەو ووتی: ئێستاش دەسەڵاتم بکەوێتەوە دەست خراپتریان بەرامبەردەکەم . ئەو ڕۆژە دوو کەس لە ئەمریکاوە هاتبوونەوە بۆ شایەتیدان کە لە عەرەبستان لەکاتی کۆمەڵکوژییەکەدا ڕایانکرد بوو، من لێرە بووم کە صدامیان لەسیدارەداو زۆرم پێخۆش بوو. بەڵام بەرانبەر جاشەکان نیگەران بوو کە دەسەڵاتیان هەیەو خوازیار بوو ئەوانیش وەک سەدام و عەلی حەسەن مەجید دادگایی بکرابانایە. لەو بارەیەوە دەڵێت : کە گوێتەپەو عەسکەر کیمیابارانکرا ٣ی مانگ بوو دوو ڕۆژ دوای ئەوە سوپا گەیشتە سەرمان، ئێمەش هەموو گیراین، سوپاکە جاشی دێیەکەی خۆشمانیان لەگەڵدا بوو.

ئەوەی هەتا ئێستاش لەیادەوەری مام بەکردا ئازار بەخشە ئەوەیە کە دەگێڕێتەوە: ڕۆژێکیان بانگیانکردین بۆ ناونوسین ووتیان وەرن خۆتان ناونوس بکەن بەرتان دەدەین، خەڵك لە خۆشیان ڕایدەکردە پێشەوە ئەفسەرەکە کێبڵی لەسەری کابرایەکداوە هەرلەوێ بەبەرچاویانەوە هەندێك لەرزیوەو و لینگە فرتەی کردووەو مردووە.

ڕۆژێك تەنکەری ئاوهاتبوو لە نوگرەسەلمان خەریکی ئاو وەرگرتن بووین دەنگو باس بڵاو بووەوە وتیان صدام عافواتی داوە هەمووتان دەچنەوە جێگاو ڕێگای خۆیان، گووتیان ماڵو منداڵەکانیشتان لە دەرەوە لە شاری سەماوە هەموویان بەربوونو بۆ ئێوە دەگرین و چاوەروانتان دەکەن، ئیمەش بۆ ئەوان دەگریاین. تومەس درۆیان کرد. هەرگیز چاوم پێیان نەکەوتەوە.

لەو دیدارەدا مام بەکر چەند خاڵێکی زۆر گرنگ باس دەکات دەڵێت کەهێنایانینەوە بۆ سلێمانی خەڵک بەفەردە سەمونیان هێنابوو قاڵبەسەهۆڵیان هێنابوو، دوایی لەسلێمانی بردیانین لە چەمچەماڵ فرێیاندایین، خەڵکی چەمچەماڵیش زۆر باش بوون بەهانامانەوە هاتن قایمقام ئەوکاتە کوردێك بوو ناوی عەزیز بوو ووتی: سبەینێ وەرنەوە وەرقەتان بۆ دەکەین. خەڵکی چەمچەماڵیش هاتن هەرکەسەو خزمو کەسی خۆی دەبردەوە ماڵی خۆیان ئەگەر نەشیان ناسیایە هەردەیانبردەوە، ئێمە بێ کەس مابووینەوە، من کوڕێك دەستی گرتم نەشم دەناسی، بردمیەوە بۆماڵی خۆیان ئێمە شەش مانگ لەبرسان مردبووین، هەتا لە نوگرەسەلمان یەکترمان نەدەناسییەوە ئاخر شەش مانگ بێ نانو بێ ئاوخۆت نەشۆردبێ هەرباش بوو مابووین، بۆبەیانی چووینەوە موختارەکە هات پارچەیەك وەرقەی داینێ ووتی: بچن بۆ تەکیە زەوی وەرگرن، مانگو نیوێك بەدوای ئەو ئەندازیارەدا گەرام نەمدۆزییەوە،کوڕێك هات بەبەرپرسێکی ووت: ئەرێ ئێمە کەی زەویمان دەدەنێ ؟ کابرا ووتی: تۆ چیت؟ کوڕەکە ووتی: ئەنفالم، ووتی بڕۆ ئەنفال زەوی شمولی ناکات، ووتی: ئەی چۆن بەچی خانوو بکەین..؟ ووتی: بڕۆ بەتەپاڵە بیکە.

ماوەتەوە بڵێم بەباشم زانی لەیادی ئەنفالی خاڵخاڵاندا هەم یادێکی مام بەکربکەمەوەو هەم وەک ئەزمونێکیش بیخەمە بەردیدەی خوێنەران . ڕۆحی مام بەکر شادبێت

# خوێندنی باڵاو لەئامێزگرتنی تاوانی جینۆساید



**د. هونەر أمین حسن**
**پسپۆڕی بواری تاوانی جینۆساید**

تاوانی جینۆساید ئەو پرسە یاساییەی کە دە بێت لەسەر ئاستی ناوخۆو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کاری هەمووان بێت و بەرپرسیاریەتیەك بێت ئاوێتە بێت لەگەڵ کارو پیشەی هەرتاکێکی نەتەوەکەمان لەهەمووکات و شوێنێکدا ، لەم ڕووانگەیەشەوە بۆ باشتر کارکردن و تێگەشتن لەوەی کە چۆن بتوانین هەنگاوەکانمان لەم بوارەدا بەرەو پێش بەرین دەبێت تێبگەین لەوەی کە ئەم جۆرە تاوانە تاوانێکی نێو دەوڵەتیە و پێویستی بە بڕیاری دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت هەیە تا سەرجەم مافەیاساییەکانی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەدەست بێت ، بەڵام ناساندنی ئەم تاوانەش بەو جۆرە ، دەبێت بەقۆناغەکانی خۆیدا تێبپەڕێت کە ئەویش سەرەتا ناساندنیەتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و تەواوکردنی سەرجەم ئەو ڕێکارانەیە کەوا دەکات بەرپرسیاریەتیەکە ببێتە ئەرکی سەرشانی تاك و کۆمەڵ و ڕێکخراو و دام و دەزگا فەرمیەکان و دواجاریش دەبێتە پرسێکی نەتەوەیی و لەسەرئاستی ناوخۆ هەنگاوەکانی بە جینۆساید ناساندنی تەواو دەبێت کە ئەمەش هەنگاوی یەکەمە لە بەنێو دەوڵەتی کردنی ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر کورد کراوە وەك تاوانی جینۆساید .

گومانی تێدانیە یەکێك لەو دەزگا گرنگانەی لە هەرێمی کوردستاندا ئەم ئەرکەی دەکەوێتەسەرشان زانکۆکانن کە دەتوانن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبێت لە سەر چۆنیەتی ئاراستەکرنی ئەم پرسە و بە جینۆساید ناساندنی لەسەر

ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ، ئەگەر چی تا ئێستا لەزانکۆکاندا ئەم پرسە نەبۆتە بابەتێکی گشتگیرو وەك و بابەتیکی سەرەکی کاری لەگەڵدا بکرێت بەڵام لەسەر ئاستی بەش و هەوڵی کەسی لەهەندێك لەزانکۆکاندا کاری بەرچاو بەدیدەکرێت و جێگای هاندان و لەهەمان کاتدا ڕێزو دەستخۆشیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاست گەورەیی ئەو پرسەدا وەك و پێویست نیە. بەڵام ئەوەی جێگای ئومێدو چاوەڕوانی بەرەوپێشبردنێکی زۆرباشی لێدەکرێت ئەو بڕیارەیە کە ئەنجومەنی وەزارەتی خویندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٦/٦ بڕیاری لەسەرداوە بەوەی کە دەبێت جینۆساید لەهەموو بەشەکانی خوێندنی زانکۆ وەك و زانست بخوێندرێت . ئەم بڕیارە ئەگەر وەك تاکێکی کورد سەیری بکەین لە ڕوانگە سادەکەیەوە تێدەگەین کە خەمێکی جدی هەیە بۆ کار کردن لەسەر ئەم تاوانانەی بەرامبەر کورد کراوە بۆ ناساندنیان وەکو تاوانی جینۆساید ، بەڵام بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خەمی سەرەکیان کارکردن بووە لە سەر بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانەی بەرامبەر کورد کراوە تێدەگەن لەگرنگی بڕیارێکی لەو جۆرەو هەست بە گەشتنە ئامانجی کارەکانیان دەکرێت و لەناخەوە پاڵنەرێکی مەعنەوی دروست دەبێت بۆ بەگەرخستنی هەرچی توانایەك کە هەیە لەو بوارەدا . ئاشکرایە کە ناتوانم ئەو مافە بەخۆم بدەم بەناوی هەموو ئەوکەسانەی کە لەو بوارەدا کاردەکەن بدوێم ، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم لەبەرامبەر بڕیارێکی لەو جۆرەدا فرمێسك دەڕێژم و ناخم دەهەژێت کە دەبیستم بۆکاری پێکەوەیی لەسەر بە جینۆساید ناساندنی ئەم تاوانە چونکە ئومێدی ساڵانێك کارکردن لەم بوارەدا و هەوڵدان بۆ بە ئەکادیمی کردنی تاوانی جینۆساید ئەمرۆ بەرەو چنینەوەی بەرهەمەکەی هەنگاو دەنێین ، بۆیە بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە دەستخۆشی ئارستەی بەرێز وەزیری خوێندنی باڵاو تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکەم بۆ ئەو بڕیارە نەتەوەییە و لەهەمان کاتدا ئەمەوێت ئەوە بە بەرێزتان ڕابگەیەنم کە ئێوە لە دوای ئەو بڕیارەوە بەرپرسیاریەتیەکی نەتەوەییتان خستە سەرشانی خۆتان کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە کارکردن بۆ بڕیارەکەتان و خستنە بواری جێبەجێکرنیەوەیەتی بەمەش دەتوانن سەروەریەك بۆ خۆتان و گەلەکەشمان تۆماربکەن .

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تێدەگەین لەوەی کە ئەم جۆرە بڕیارە ئەگەر چی تایبەت بێت بەزانکۆکانەوە بەڵام کاری پێکەوەیی و پشتگیری هەموو ئەو کەس و لایەنانەی دەوێت کە لەو بوارەدا کاریان کردووە جا بەشێوازی زانستی و یاسایی دراسەی تاوانی جینۆسایدیان کردبێت یان بەهەر شێوازێکی تر ، لە ناو ئەمانەشدا بە دیاریکراوی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان پشکی شێریان بەردەکەوێت لە پشتگیری کردنی ئەم بڕیارە گرنگەدا و ئەمەش دەبێتە هۆی لە ئامێزگرتنی ئەم پرسە نەتەوەییە بەشێوەیەکی گشتی .



# خەمی تاقانەیەکی ئەنفال
# کاتێک مەرگ دەبێتە تەنیا
# جەژنی چاوەڕوانان

ڕاپۆرت: (ادریس محمد مۆردخوادەیی)

پرۆفایلی گروپی شانۆی خاڵخاڵان

دەسپێک و مێژوو *

گروپی شانۆی خاڵخاڵان، ناوەندێکی هونەریی سەربەخۆیە لە ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن کۆمەڵێک هونەرمەند و گەنجی خاوەن هەڵوێست لە بناری خاڵخاڵان

دامەزراوە گروپەکە لە یەکەم ساڵی دامەزراندنییەوە بە چالاکی و نمایشە سەرنجڕاکێشەکانی بوونی خۆی سەلماندووە و بووەتە دەنگێکی زیندوو بۆ

گوزارشتکردن لە ئازار و مێژوو و کولتووری ناوچەکە .

## شوناس و ئامانجی گروپ :*

کارنامەی سەرەکی ئەم گروپە لەسەر "شانۆی بەرگری و یادەوەری" بونیاد نراوە گروپەکە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆیی ساڵانە لە یادی کارەساتی ئەنفالی گوندەکانی بناری خاڵخاڵان نمایشە شانۆییەکانی پێشکەش بە جەماوەر دەکات تاوەکو لە ڕێگەی هونەرەوە ڕێگری بکات لە ونبوونی ناسنامەی قوربانیانی ناوچەکە و مێژووی پڕ لە سەروەریی بناری خاڵخاڵان شوان شێخ بزێنی و قەڵاسێوکە ٠

: ستاف و پێکهاتەی هونەری گروپ *

گروپەکە لە ستافێکی شارەزا و دڵسۆز پێکدێت کە بریتین لە دەستەی نووسەران : کار دەکەن لەسەر ئامادەکردنی دەقی ڕەسەن کە گوزارشت لە واقیعی ناوچەکە دەکەن ٠

1- دلشاد حەویز

2- مامۆستا / کاروان عوسمان شوانی

دکتۆر / شێرزاد حسن ڕەزا -٣

تیمی نواندن سەرەکی بریتین لە ٦ ئەکتەر *

کۆمەڵێک ئەکتەری بەهرەمەند کە بە جۆش و خرۆشەوە گوزارش لە ئازار و هیوای ناوچەکە دەکەن .

لەگەل کۆمەڵێ کەنجی بەتوانا کە هاوکارمان دەبن .

:- ئەکتەرە سەرەکێکان بریتین لە

١- شێخ تەیب

٢- ادریس محمد

٣- شەماڵ شەهید ستار

٤- یوسف علی

٥- عبدالرحمان رەووف

٦- دیلان جواد

## * گرنگترین وێستگەکان

ساڵی دامەزراندن : ٢٠١٦

ساڵنامەی چالاکی : نمایشی ساڵانە لە یادی ئەنفالی گوندەکانی بناری خاڵخاڵان

بۆنەوەکانیداهاتوو • پەیامی گروپ : "ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی بە زمانی هونەر، مێژوو بدوێنین و برینەکانی نیشتمان بکەینە تابلۆیەکی زیندوو

* خەمی تاقانەیەکی ئەنفال : بەرهەمێکە کە گروپی شانۆی خاڵخاڵان بەرهەمی هێناوە لە کۆتای ساڵی ٢٠٢٥ •

کاتێک مەرگ دەبێتە تەنیا جەژنی چاوەڕوانان !!!!!!

ئەنفال تەنیا ژمارە و مێژوویەکی ڕابردوو نییە بەڵکو ڕووداوێکی بەردەوامە لەناو ڕۆحی ئەو کەسانەی کە بە تەنیا لەناو جەنجاڵی ژیاندا جێهێڵدراون

کورتە فیلمی (خەمی تاقانەیەکی ئەنفال) پەردە لەسەر ژیانێکی پڕ لە تەنیایی و چاوەڕوانی لادەبات

چیرۆکی مام مەحمود ئەو پیاوەی کە ٣٤ ساڵ ژیانی لەناو دیوارە ساردەکانی ماڵەکەیدا بە تەمای گەڕانەوەی ئازیزانی بەڕێ کرد •

ئەنفال . تەنیا ژمارە و مێژوویەکی ڕابردوو نییە بەڵکو ڕووداوێکی بەردەوامە لەناو ڕۆحی ئەو کەسانەی کە بە تەنیا لەناو جەنجاڵی ژیاندا جێهێڵدراون

کورتە فیلمی (خەمی تاقانەیەکی ئەنفال) پەردە لەسەر ژیانێکی پڕ لە تەنیایی و چاوەڕوانی لادەبات

چیرۆکی مام مەحمود ئەو پیاوەی کە ٣٤ ساڵ ژیانی لەناو دیوارە ساردەکانی ماڵەکەیدا بە تەمای گەڕانەوەی ئازیزانی بەڕێ کرد !!!!!!

## * لە کڕنۆشی جەژنەوە بۆ ماڵێکی سارد :

فیلمەکە بە دیمەنێکی پڕ لە مانا دەست پێ دەکات خەڵکی



گوند لەناو مزگەوتدا خەریکی نزا و نوێژی جەژنن جەژن کە لای هەمووان کاتی شادی و گەردەن ئازادییە  بۆ مام مەحمود سەرەتای دووپاتبوونەوەی برینە کۆنەکانە کاتێک یەکێک لە گوندنشینەکان هەست بە غیابی ئەو دەکات و دەڵێت: (مام مەحمود) دیار نییە؟

با بچین بۆ سەردانی لێرەوە بینەر دەچێتە ناو جیهانە تاریک و ساردەکەی تاقانەیەکی ئەنفال

ئەو دیمەنەی کە خەڵکەکە دەچنە لای وێنەیەکی تراژیدییە پیاوێکی پیر و نەخۆشی بێ کەس لەناو خانوویەکی چۆڵ و بێدەنگ و سارد و سڕدا

کە تاکە هاوڕێی تەنهاییەکەیەتی ماڵێک کە جەژنی تێدا نییە چونکە ئەو کەسانەی جەژنیان دەڕازاندەوە ٣٤ ساڵە لە ژێر خاکدا یان لە

بیابانەکاندا ونن تینوی گەرانەوەن بۆ نیشتیمان !!!!!

## * نانی جەژن یان نانی چاوەڕوانی ؟

یەکێک لە کاریگەرترین دیالۆگەکانی فیلمەکە ئەو کاتەیە کە داوای لێ دەکەن بچێت بۆ نان خواردنی جەژن وەلامەکەی مام مەحمود وەک گوللەیەک وایە بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی کاتێک دەڵێت: * نانی چی؟ من هەر چاوەڕێی منداڵەکانم * ئەو ٨ منداڵ و هاوسەرەی کە لە ساڵی ١٩٨٨ ـەوە بوونەتە تەم و مژ لای مام مەحمود هێشتا زیندوون و خەریکی گەڕانەوەن ئەو نانە ناخوات کە بێ منداڵەکانی بێت ئەو جەژنە ناناسێت کە دەنگی ئەوانی تێدا نەبێت .

## * کۆتاییەکی پڕ لە هێما :

لە ساتێکی دراماتیکی و پڕ لە ڕەمزدا  کچێکی بچووک نانی جەژنی بۆ دەهێنێت. ئەم کچە ڕەنگە نوێنەرایەتی ئەو نەوە نوێیە بێت کە دەیەوێت برینی ڕابردوو سارێژ بکات بەڵام بۆ مام مەحمود ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەو چاوەڕوانییە درێژخایەنە بهێنێت  لەو ساتەدا مام مەحمود چاوەکانی لێک دەنێت و کۆچی دوایی دەکات مەرگێک کە بۆ ئەو نەک هەر کۆتایی نییە بەڵکو گەیشتنەوەیە بەو ٩ ئازیزەی کە ٣٤ ساڵ بوو لە خەونەکانیدا دەینین.

## * ڕەهەندی هونەری و مرۆیی :

ئەم کورتە فیلمە تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکێکی سادە نییە بەڵکو پەیامێکی سیاسی و مرۆییە بۆ جیهان فیلمەکە نیشانی دەدات کە ئەنفال تەنیا لە ساڵی ١٩٨٨ کۆتایی نەهات بەڵکو ڕۆژانە لەناو ماڵی تاقانەکاندا دووپات دەبێتەوە دەرهێنەر توانیویەتی بە بەکارهێنانی دیمەنی سارد و چۆڵایی ماڵەکە هەستی تەنیایی مام مەحمود بگوازێتەوە بۆ ناو دڵی بینەر

چیرۆکی فیلمەکە لە خاڵی گەیشتنی دوو جەژنی جیاوازەوە دەست پێ دەکات جەژنی خەڵک و جەژنی مام مەحمود کاتێک دەنگی "الله اکبر" لە مزگەوتی گوندەکەوە بەرز دەبێتەوە وەک بڵێی دەنگەکە بانگی مام مەحمود دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگە بەڵام ئەو لە ئەو دیوی ژیانەوە نیشتەجێ بووە

ونبوونی مام مەحمود لە ناو مزگەوتەکەدا ئاماژەیەکی ڕەمزییە بۆ ئەوەی کە قوربانییانی ئەنفال لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا *فەرامۆشکراون* و تەنیا کاتی جەژن و بۆنەکان یادیان دەکەوێتەوە .

## * ماڵێک کە بۆنی بیابانی لێ دێت :

کاتێک هاوگوندییەکانی دەچنە سەردانی کامێرا بە وردی ساردی و چۆڵیی ماڵەکەمان نیشان دەدات لێرەدا دەرهێنەر







سەرکەوتوو بووە لەوەی "تەنیایی" بکاتە کارەکتەرێکی بینراو مام مەحمود ٣٤ ساڵە لەگەڵ سێبەری ٨ منداڵ و هاوسەرەکەیدا قسە دەکات کاتێک پێی دەڵێن *وەرە نانی جەژن بخۆ* ئەو وەڵامەی دەیداتەوە، پوختەی هەموو ئازارەکانی ئەو نەتەوە "نانی چی؟ من هەر چاوەڕێی منداڵەکانمم" ئەم ڕستەیە تەنیا ڕەتکردنەوەی خواردن نییە بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە تاڵەیە کە دەڵێت ئازیزانی ئەو ئیتر ناگەڕێنەوە ئەو نانێک ناخوات کە تامی غەریبی و بێکەسی بدات .

## * هێماناسیی کۆتایی فیلمەکە

ساتە وەختی کۆتایی فیلمەکە هاتنی کچێکی بچووک وەک "فریشتەیەک" یان وەک "هێمای بەردەوامیی ژیان" بۆ لای مام مەحمود خەمێکی گەورە دروست دەکات

کچەکە نانی جەژنی بۆ دەهێنێت، بەڵام مام مەحمود ئیتر تاقەتی ژیانی نەماوە ئەو لەو ساتەدا دەمرێت کۆچی دوایی مام مەحمود لەم کاتەدا چەند مانایەک هەڵدەگرێت :

١-کۆتایی چاوەڕوانی : ئەو تێگەیشت کە جەژنی ڕاستەقینەی ئەو لەم دنیایەدا نییە .

سپاردنی ئەمانەت : مردنی ئەو لە بەردەم نەوەیەکی نوێدا ( کچە بچوکەکە ) سپاردنی چیرۆکی ئەنفالە بەو نەوەیەی کەنانی جەژن و ئاشتی دەهێنێت .

٣- وەفـــا : مام مەحمود ٣٤ ساڵ بە تەنیا لە خانویەکی پڕ لە خەم و چاوەروانیا ژیا ئامادە نەبوو ژیانێکی نوێ هەڵبژێرێ و ژیانی هاوسەرگیری پێک بێنێ لەکاتێکا ئەیتوانی هاوسەرگیری بکات هەم لەڕوی تەمەنەوە توانای هەبو هەمیش لەڕوی مادیەوە بەڵام وەفای بەرامبەر هاوسەری ڕێی پێ نەدا

## * پەیامی فیلمەکە بۆ بینەر :

" خەمی تاقانەیەکی ئەنفال" تەنیا فیلمێکی دیکۆمێنتاری یان درامی نییە بەڵکو بانگەوازێکی ویژدانییە فیلمەکە پێمان دەڵێت کە برینی ئەنفال بە لێدوانی سیاسی و مەراسیمی ساڵانە سارێژ نابێت بەڵکو پێویستمان بە ئاوڕدانەوەیە لەو "تاقانە" ماوانەی کە هێشتا لە ناو خانووە ساردەکاندا چاوەڕێی گەڕانەوەی ئازیزانیانن .

* ناسنامەی فیلمەکە :

ناونیشانی فیلم : خەمی تاقانەیەکی ئەنفال

بابەت : تراژیدیای ئەنفال

نوسەر : دکتۆر / شیرزاد حەسەن رەز

دەرهێنەر سیناریۆ : ادریس محمد موردخوادەیی

وێنەگرتن : ظـیـدیـو خـیــام

دەنگ هەڵگر : سەهەند سەروەت حمة رەزا

مونتاژ : سەروەت حمة رەزا

ئەکتەرەکان : ادریس محمد - شەماڵ شەهید ستار - یوسف علی - سومێة جمعة - جواد رسوڵ - طۆران علی - هیوا محمد امین - عاصی علی- دیلان جواد .

# جینۆسایدکردنی کورد به چەکی کیمیاوی

## "هەڵسەنگاندنێکی یاسایی بۆ کەیسی فرانس ڤان ئانرات"

د.ئاوارە حسێن



### فرانس ڤان ئانرانت کێیە؟

فرانس ڤان ئانرات هاووڵاتییەکی هۆڵەندییە لە ساڵی (١٩٤٢) لە دایک بووە، بازرگانێکی هۆڵەندی بووە لەنێوان (١٩٨٤/٤/١٩ بۆ ١٩٨٨/٨/٢٥) بە مەبەستەوە یانزە تەن مەتری تایۆدیگلیکۆڵی کیمیاوی (گازی خەردەل) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ژاپۆن کڕیوە و کارەکەی لە ڕێگای کۆمپانیا جیاوازەکانی وڵاتانەوە بووە و چەکە کیمیاوییەکەی دابینکردووە بۆ حکومەتی عێراق. لەپاش ساڵی (١٩٨٤) تاکە دابینکەری ئەو مادده کیمیاوییە بووە بۆ حکومەتی عێراقی. لە ساڵی (٢٠٠٥) لە دادگای شاری لاهای دادگایکرا و سزادرا، ئەو تۆمەتانەشی خرایە ئەستۆی بریتی بوون لە (یارمەتیدان و هاندان بۆ جینۆساید، کە لەلایەن سەددام حسەین و عەلی حەسەن مەجید تکریتی، کە

لە دژی دانیشتوانی کورد ئەنجامدراون).

فرانس ڤان ئانرات یەکێکە لەو تاوانبارانەی، کە لە دادگای شاری لاهای هۆڵندا لەسەر بنەمای دەسەڵاتی دادوەریی کەسیی و پرەنسیپی کەسێتی ئەرێنی دادگاییکراوە و سزادراوە. "پێواژووی دادگایکردنەکە لە (٢٠٠٥/٣/١٨) لەدژی ئانرات دەستپێکرد و پاش (١٦) دانیشتنی دادگایکردن لە دادگای بابەت، دادگا لە (٢٠٠٥/١٢/٢٣) ئانراتی وەک بەشدار لە تاوانەکانی جەنگ بە (١٥) ساڵ زیندانیکردن سزادا و بڕیاریدا کە ئەو ماوەیەی لای پۆلیس ڕاگیرابوو لەگەڵ ماوەی ڕاگرتنی قۆناغی پێش دادگاییکردن لە سزاکەی کەمبکرێتەوە"

## گرنگی کەیسەکە

ئەم کەیسە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی پەیوەندیی تەواوی بە پرسی کوردەوە هەیە و بەشێکی سزاکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تاوانە ئەنجامدراوەکان، کە ئانراتی لەسەر سزا دراوە لەدژی کورد و بەتایبەتی هەردوو شاری هەڵەبجە و سەردەشت بووە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا (١٥) سکاڵاکار، کە داوای پێبژاردنەوەی زیانەکانیان کردبوو قەرەبوکرانەوە.

دادگایکردن و سزادانی تاوانبارێکی ئەورویی و خۆرئاوایی بۆ یەکەمین جار لە دادگاکانی ئەوروپا بایەخێکی قووڵی هەیە، کە ناوی کورد و شار و گوندەکانی ڕۆشتووەتە ناو قۆناغە یاساییەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن و بەجۆرێک لە جۆرەکان تاوانە نێودەوڵەتییە ئەنجامدراوەکانی دژ بە کورد بە نێودەوڵەتی بووە و تا ئاستێکی باش لە سەر ئاستی جیهان ناسراوە، کە کورد وەک گروپێکی نەتەوەیی و ڕەگەزیی بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی ڕووبەڕی تاوانی نێودەوڵەتی بووەتەوە، سزادانی ئەم بازرگانە تاوانبارە ئەو پەیامە یاساییەش دەگەیەنێت کە تۆمەتباران ناتوانن لە سزای یاسایی هەڵبێن با ماوەیەکی درێژیش هەبێت لە نێوان کاتی ئەنجامدانی تاوانەکانیان و دەستگیرکردن و ڕادەستکردنیان بۆ دادگایکردن.

ئاراستەکردنی تۆمەتەکان و چەسپاندنی تاوانەکان

وەک ئاماژەمان بۆ کردووە تۆمەتە ئاراستەکراوەکانی دژ بە ئانرات بەشداریکردن بووە لە جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ. بەڵام دادگا سەبارەت بە جینۆساید بێتاوانی دەسەلمێنێت ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە هێرشی کیمیاوی دژ بە هەڵەبجە و سەردەشت جینۆساید نین، بەڵکو دادگا بڕیاردەدات، کە "جینۆساید جیاوازە لە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تر، بەهۆی هەبونی مەبەستی تایبەت لە جینۆسایددا، کە لەسەر بنەمای لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێک خەڵک بنیادنراوە. لەبەرئەوە تاوانبارکردنی بە بەشداریکردن لە جینۆساید گونجاو دەبوو گەر تۆمەتبار زانیاری هەبوایا لەسەر مەبەستی جینۆساید لای ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە. لەبەر ئەوە ئانرات زانیاری دروستی لانەبووە سەبارەت بە هەبونی مەبەستی جینۆساید لای ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە، دادگا باوەڕی بەوەنەهێنا، کە بە یاسایی و قایلکەرانەوە ئەوە بسەلمێنێت، کە ئانرات ئەو زانیارییەی هەبووە لە کاتی دابینکردنی چەکە کیمیاوییەکاندا". ئەمەش بە مانای ئەوە دێت، کە ئانرات زانیاری دروست



و تەواوی لا نەبووە، کە سەددام حسەین ئەو چەکانە بۆ جینۆسایدکردنی کورد بەکاردەهێنێت، هەربۆیە وەک تاوانباری جینۆساید تۆمەتەکان لە دژی نەچەسپا.

دادگا لە درێژەی بڕیارەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە "بەشداریکردن لە تاوانەکانی جەنگ جیاوازە، تاوانەکانی جەنگ پێویستی بە مەبەستی تایبەتی ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە نییە. مەبەستی داواکراو یان پێویستی بەشداریکردن لە دەزگای دادپەروەریی تاوانکاریی نێودەوڵەتییدا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی جیاواز نییە لە یاسای هۆڵەندی سەبارەت بەم بابەتە". ئەمەش بە مانای ئەوە دێت گەر تۆمەتبار زانیبێتی، کە ئەنجامدەری سەرەکی مەبەستی ئەنجامدانی تاوانی جەنگە یاخود نا ئەوا بەرپرسیارێتی تاوانکاریی بۆ دروستدەبێت بەو بەشدارییەی، کە لە تاوانەکەدا کردویەتی.

## بەشداری تاوانیی ئانرات لە هێرشی عێراق دژ بە هەڵەبجە

سەبارەت بەو بەشدارییە تاوانییە کە ئانرات لەگەڵ عێراقدا هەیبووە بۆ تاوانەکانی دژ بە کورد لە ناو عێراقدا. دادگا دەگاتە ئەو بڕیارەی، کە "ئانرات بە نیاز ومەبەستەوە ماددەی تایۆدیگلیکۆڵ و کلۆریدی فۆسفۆڕ و ماددەی تری دابینکردووە بە نیازی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی (گازی خەردەل و گازی دەمارەکان) بۆ کۆماری عێراق و ڕاوێژی بە حکومەتی عێراق کردووە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی و کارەکەی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج بووە، کە بەشدارییەکی بنەڕەتیی لە پرۆگرامەکانی جەنگی کیمیاویدا کردووە لە عێراق. ئەو چەکە کیمیاویانەش لەلایەن سەددام حسەین و عەلی حەسەن مەجید تکریتی و ئەوانی تر بە مەبەستەوە لەدژی (هەڵەبجە و گوندەکانی، زێوە، گۆپتەپە و بیرجینی) بەکاریانهێناوە بە مەبەستی سڕینەوەی تەواوەتی یان بەشەکی ئەو گروپە نەتەوەییە یان ڕەگەزییە. لە ئەنجامدا بووەتەهۆی کوشتنی منداڵ، هاوسەران (پیاو ژن) و ئەندامانی خێزان و زیاندانێکی سەختی جەستەیی و هزریی ئەوانەی، کە لە مردن ڕزگاریان بووە و ڕزگاربووەکان ساڵانێکی زۆرە غەمێکی بەردەوام دەچێژن، کە تا کۆتایی ژیانیان دەمێنێتەوە. ئەو هێرشانەش سەلمێنەری ئەوەن، کە تاوانێکی زۆر مەترسیداری جەنگن".

بە تەنها لە بڕیاری کۆتایی دادگای شاری لاهای و سەرەڕای بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوەی شاری لاهای، دادگای باڵای هۆڵندا و دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، (٩٥) جار ناوی هەڵەبجە، (٣٥) جار ناوی زێوە، (٧) جار ناوی گۆپتەپە و (٤) جار ناوی بیرجینی هاتووە.

بەشداری تاوانیی ئانرات لە هێرشی عێراق دژ بە سەردەشت

سەبارەت بە بەشدارییەکەی لە هێرشی عێراق دژ بە ئێران دادگا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "کە لەناو ئێرانیشدا هێرشدەکەنە سەر کەسە سەربازیی و سڤیلەکان و دەبێتەهۆی کوشتن و ئازاردانێکی توندی جەستەییان، ئەو چەکە کیمیاویانەی، کە بەکارهاتوون دژی کەسانێکیش بووە، کە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆییان لە ململانێکاندا نییە، وەکو سڤیلەکانی (خوڕەمشەهر، ئالوت، سەردەشت، ڕەشە هەرمێ، زەردە و شنۆ)".

بە هەمان شێوە بە تەنها لە بڕیاری کۆتایی دادگای شاری لاهایدا (٥٧) جار ناوی سەردەشت، (١٣) جار ناوی شنۆ، (١٥) جار ناوی ئالوت، (١٢) جار ناوی ڕەشە هەرمێ و (١٨) جار ناوی زەردە دەهێنێت، ئەم شار و گوندانەش کوردنشین و کوردستانین کە ڕووبەڕوی هێرشی کیمیاویی حکومەتی عێراق بونەتەوە.

## چەکە کیمیاوییە دابینکراوەکان

سەبارەت بە چەکە کیمیاوییە دابینکراوەکان دادگای شاری لاهای لە درێژەی بڕیارەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە "ناوبراون بە مەبەستەوە چەکە کیماوییەکانی (گازی خەردەل و گازی دەمارەکان)یان بەکارهێناوە و یاسا و نەریتەکانی جەنگیان پێشێلکردووە و تاوانەکانیان بووەتەهۆی کوشتن و بریندارکردنی سەختی جەستەیی ئەو گروپە دیاریکراوە، کە ئەوەش پێچەوانەی یاسای نەریتی نێودەوڵەتییە، بەتایبەتی پرۆتۆکۆلی ژنێڤی ساڵی (١٩٢٥)، پێشێلکردنی ماددەی (١٤٧) (پێشێلکاری گەورە)ی پەیماننامەی چوارەمی ژنێڤ بۆ پاراستنی کەسانی سڤیل لە کاتی جەنگدا و هەروەها پێشێلکاری ماددەی سێهەمی پەیماننامەکانی ژنێڤی ساڵی (١٩٤٩)، کە عێراق وەک حکومەتێک ئەندامیانە و چەندین جار بە سیستماتیک بەشێکی گروپی دانیشتوانی کوردی تۆقاندووە لە کاتێدا ئەو چەکە کیمیاویانە لە دژی کەسانێک بەکارهاتون، کە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆییان لە ململانێکاندا نەکردووە و کیمیاوییەکە

بووەتەهۆی توشکردنی مامەڵەیەکی نامرۆیی، ستەمکارانە، شێواندنی جەستە و بەسەرهێنانی ئازارێکی مەترسیداری مەبەستداری ئەو کەسانە".

## ئامانجی دابینکردنی چەکە کیمیاوییەکان

سەبارەت بە ئامانجی دابینکردنی چەکە کیمیاوییەکان لە بڕیارەکەی دادگادا هاتووە، کە "تۆمەتبار بە لێکۆڵەرانی تاوانکاریی وتووە، کە ئامانجی دابینکردنی کیمیاوییەکە بۆ بواری پیشەسازیی چنین و پێکەوەنوساندنی ڕەنگ بووە لەسەر قوماش". بەڵام دادگا بەشێوەیەکی یاسایی و قایلکەرانە مەبەست و نیازی ئانراتی بۆ دەسەلمێت سەبارەت بەشداریکردن لە تاوانەکانی جەنگ و دەگاتە ئەو بڕیارەی، کە "هەموو ئەو کیمیاوییانەی، کە ئانرات دابینیکردووە توانراوە بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی، دادگا ئەوەشی بینی، کە پەیوەندییەکی دوانەیی ئاڵوگۆڕکراو هەیە سەبارەت بەوەی، کە ئەو کیمیاوانە لە ڕاستیدا بۆ بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بەکارهاتوون. کەسێک، کە کیماوییەکان دابین دەکات دەزانێت، کە بۆ بەکارهێنانی گازی کیمیاوی بەکاردێت لەلایەن دەوڵەتێکەوە، کە لە جەنگێکی بەردەوامی درێژدا سەرقاڵە، کە لەلایەن هەمان دەوڵەتەوە دەست بە جەنگەکە کراوە. پێکهێنەرەکانی گازی ژەهراوی، لە ڕاستیدا نەک بە تەنها پێشبینیکراوە، کە بۆ هێرشی کیمیاوی بەکاردێت، بەڵکو بە نزیکەیی لە سەدا سەدە". ئەمەش بە مانای ئەوە دێت دەوڵەتی عێراق، کە ئانرات چەکە کیماوییەکانی بۆ دابینکردووە جەنگی لەگەڵ ئێران هەڵگیرساندووە و لە جەنگدایە لەگەڵی، بۆیە هیچ پاساوێک نییە سەبارەت بەوەی، کە ئانرات بڵێت چەکەکانم بۆ بواری گەشەسەندن و پیشەسازی چنین بۆ عێراق دابینکردووە.

سەپاندنی سزاکان و هێنانەدی دادپەروەریی

سەبارەت بەو سزایەی، کە بەسەر ئانراتدا سەپاوە، دادگا لە بڕیارەکەیدا دەڵێت "بە بۆچونی دادگا و ڕاستینە سەلمێنراوەکان تەنانەت بەرزترین سزاش بسەپێنین ئەوا نابێتەهۆی دادپەروەرییەکی تەواو بۆ قوربانیان. هەروەها تۆمەتبار دەستبەجێ لەپاش بینینی وێنەی قوربانیانی هێرشەکەی سەر هەڵەبجە، ویستویەتی بەردەوامیدات بە بازرگانییە کیمیاوییەکەی و لە (١٩٨٨/٧/٢٨) یان لەو نزیکانەدا گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد و بە فەرمانبەرەکانی وتووە لە ئەوروپا بە هیچ کەسێک مەڵێن، کە لە کوێ بووە و هەروەها هیچ پەشیمانییەکی پیشاننەداوە. هەروەها دادگا هیچ جۆرە غەمخواردن، پەشیمانیی یان هاوسۆزییەکی لە تۆمەتبار نەبینی بۆ ئەو بابەتە. هەربۆیە بۆ بەشداریکردن لە تاوانی جەنگدا سزاکەی بریتییە لە (١٥) ساڵ زیندانیکردن". ئەم سزایەش بەگوێرەی بەشی پێنجەمی یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکانی هۆڵندا، گونجاوە، کە سزای تاوانەکانی جەنگی بە زیندانیکردنی هەمیشەیی یان سزایەک، کە لە (٣٠) ساڵ تێپەڕنەکات دیاریکردووە. سزای (١٥) ساڵ زیندانیکردن بۆ ئانرات لەلایەن دادگا شاری لاهایەوە لەوەوە بنەمای گرتووە، کە ئانرات بەشداربووە لە تاوانەکە نەک ئەنجامدەری سەرەکی بوبێت.

هەروەها لە ماوەی پێداچوونەوەی کەیسەکەیدا لە "دادگای پێداچوونەوەی شاری لاهای لە (٢٠٠٧/٥/٩) سزاکەی ئانرات زیادکرا بۆ (١٧) ساڵ زیندانیکردن". بڕیاری سزادانی ئانرات وەک تاوانباری جەنگ لەلایەن "دادگای باڵای هۆڵنداوە لە (٢٠٠٩/٦/٣٠) پەسەندکرایەوە، بەڵام سزاکەی بۆ (١٦) ساڵ و نیو زیندانیکردن کەمکرایەوە".

وە پاشتر ئانرات لە دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی ماددەی (٣٤)ی پەیماننامەی ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە دادگاکە سکاڵا و دادخوازی لە تاکە کەسانیش وەردەگرێت نەک بە تەنها دەوڵەت، سکاڵای پێداچوونەوەی سزاکەی کرد، "دادگاکە لە (٢٠١٠/٧/٦) داواکەی ڕەتکردەوە و ئەو سزایەی، کە بەسەریدا سەپابوو پەسەندی کردەوە".

سەرچاوەکان:

(1) Netherlands act containing rules concerning serious violations of international humanitarian law (international crimes act), 2003.

(2) Netherlands district court of The Hague, criminal law section, case no. 09/751003-04, public prosecutor v. Frans Cornelis Adrianus van Anraat, on December 23, 2005.

(3) Netherlands, court of appeal The Hague, 2200050906–2, the criminal proceedings against Van Anraat, on May 9, 2007.

(4) Netherlands, the Supreme Court of the Netherlands, 07/10742, Frans van Anraat case, on June 30, 2009.

(5) European court of human rights, third section decision as to the admissibility of application no. 65389/09 by Frans Cornelis Adrianus VAN ANRAAT against the Netherlands, on July 6, 2010.

# مام (ڕەزا حەسەن) جەلەمۆردی

ئا / بابەڕووشە

مام (ڕەزا حەسەن) جەلەمۆردی زیندانی ئازادکراوی نوگرەسەلمان و خاوەن پۆلێک لەکەسوکاری ئەنفالکراو لەوانە خێزانەکەی و (٧) منداڵی(٤) کوڕو (٣) کچ بەم جۆرە باسی ڕوداوە ناخۆشەکانی ناو زیندانی تۆپ زاواو نگرەسەلمان دەگێڕیتەوە دەڵێت:

لە ڕۆژی (١٩٨٨/٥/٥) لە گوندی جەلەمۆرد دەستگیرکراین و بردیانین بۆ تۆپزاوا لە تۆپزاوە جیایان کردینەوە ژن بە جیاو مناڵ بەجیاو جحێڵ و بەتەمەنیش بەجیا من لەوێ لە مناڵەکان جیابومەوە، هەر لەوێ گەنجەکانینا ڕووت کردبۆوەو هەردوو دەستیانیان لە پشتەوە بەستبۆوە و دەیانبردو دەیانهێنایەوە بە قامچیش لێیان ئەدان سوێند بە خوا لە گەڵ لێدانی هەرقامچیەکدا خوێنی لێدەرەپەڕی هەتا نیو سەعات بەم شێوەیە بەردەوام بوون دوای ئەوە لەبەر چاو ئێمەیان بزرکردن و نازانم بۆ کوێیان بردن، وە ئێمەشیان کردە قاعەکان و دەرگایان لەسەرمان داخست،دوای ئەوەی پیاوە گەنجەکانیان برد هەستان هەرچی کچە عازەب و جوان بوو لە شوێنێك کۆیانکردنەوە بە جیا، و لەبەر چاومان دەستدریژیان دەکردە سەریان هات و هاواریان ئاسمانی پڕکردبوو هیچ دەسەڵاتێکیشمان نەبوو بەخوا بەچاو خۆم دیومە ئافرەتیان دەگرت و دەیانکردە باوەشیان یەك بە دونیا هاواریان دەکرد  کەشەو بەسەردا هات و ئێمەیان خستبوە قاعەکانەوە ئاگامان لەو کچە عازەبانەش نەما نەمانزانی چیانلێکردن، کوڕە بچوکەکەم ناوی (ئیدریس )بوو داوای لای منی کردو منیش دەستم بۆی برد بیهێنمە لای خۆم لەوکاتە دا کێبلێکیان دا بە پشتماو نەیانهێشت مناڵەکە بگاتە لام بەوخوای ئەوە ٣٨ساڵە ئێستاش ناتوانم باڵم بەرزبکەمەوە ئازاری هەرماوە،ئێستاش ئەو قۆڵەم سڕەو دەمارەکەی مردووەو بەرزنابێتەوە،دوای ئەوە نزیك نوێژی بەیانی سەیارەی موقەپەتیان هێنا ئێمەیان تێ کردوو بەڕێکەوت  هەر ڕۆیی و هەر نەگەیشت ناوسەیارەکە تاریك  بوو نەمانەزانی شەوە ڕۆژە هیچ هەواکێشێکی نەبوو تەنها یەك کونێ بچووکی تیا بوو لای

سایەقەکەوە تەماشامان دەکرد قاقای پێکەنینیان دەهات و ئاوو خواردنیان بەسەرەوە دەنا و ئێمەش وەختا بوو شێت بین بۆ یەك قوم ئاو هاوارمان دەکرد و دەپاڕاینەوە بەڵام هیچ گوێیان پێنادایین و بەردەوام بوو لە ڕۆشتن هەتا گەیشتینە نگرەسەلمان کە گەیشتینە ئەوێ کەوتنەوە ناومان بە قامچی و بە لێدان هەتا ماندوو بوون، خزانمیانە ناو ئەو قاعە پیس و وشکانەوە جارێ دوو ڕۆژ هیچیان پێ نەدایین دوای ئەوە ژەمی سەمونێ ڕەقیان ئەدا پێمان پڕناوی سیسرك و پیسی بوو چارمان نەبوو دەمان شکاندو هەڵمانەدایە ناو دەممان لەتاو برسێتی ئاوێ چڵکاو لەناو ساحەکەبوو پیسی ئەو عەسکەرانەی ئەوێ بوو هەمووی سابوناو بوو لە تونیا دەممان تێنا بە پۆستاڵەوە هاتنە بان سەرو ملمان و نەیانهێشت ئەو چڵکاوەش بخۆینەوە، ڕۆژێ مدیر سجنەکەناوی(حەجاج) بوو کەوتەناومان بە قامچیەکەوە تاگەیشتە ئەوسەر (٧) کەسی کوشت بە قامچی، ڕۆژێک زیاترلە(٣٠٠) کەس مردن دکتۆریان هێنا وتیان نەخۆشی بڵاو بۆتەوە دکتۆرەکە وتی نەخۆشی چی هەمووی لە برسا مردون و توشی زەردووی بوونە، تەنکرێ ئاویان لە حەوشەکە ڕاگرت بەخوا بۆن بۆگەنی لێئەهات چاومان توند دەنوقانت کە دەمانخواردەوە بەشیشی ناکرد هەتا تۆزێکت بەر دەکەوت دووسێ قامچیت بەردەکەوت، ژنێ لای ئێمە ناوی (فاتم) بوو خەڵکی جەلەمۆرد بوو لەسرەی ئاوەکە ئەمنێ قامچیەکی بەدەستەوە بوو  یەك قامچی لێدا بە کوڕەکوڕ گەیشتەوە ناو قاعەکە  تا بەرە بەیان نوزایەوەو ناڵاندی بەرەبەیان عەمری خوای  کرد، بردمانە دەرەوەی قاعەکە من و یەك دوو کەس چوین بەحەلاحەلا بستێك دەبوو نابوو خۆڵەکەمان لادەو تێمان کردو بامان داو بەجێمان هێشت دوای ئێمە لەبەر چاومان (سەگەڕەشەکە) دەریهێناو کەوتە خواردنی،  کەللە سەرو لولاقی مردوو لەو ناوە کەوتبوو سەگەکان خواردبویان هەر کە ئێمەی ئەدی ئەکەوتە کلکە لەقێ دەیزانی مەیتمان پێیە بۆ ئەوەی دوای ئێمە بچێت بیخوا، بەدەستی خۆم زیاتر لە (٥٠) تەرم ناشت پاش چەند دەقەیەک سەگە ڕەشەکە لەبەر چاومان تەرمەکانی دەردەهێناو دەیخوارد.

ئێستاش ڕوفاتەکەی هەر لەوێیەو بەجێماوە، ڕۆژێکیان حەجاج کەوتە ناومان دوانی بە کێبڵ کوشت و دوانی دیکەی بە گوللە کوشت، بە خوا هەندێ ئافرەتی گەنجی لێبوو جاری واهەبوو حەجاج دەهات دەیانبردوو تا بەیانی لای خۆی  دەیهێشتنەو



نەماندەزانی چیان بەرامبەر دەکەن و بۆ بەیانی دەیانهێنایەوە بۆ ناو قاعەکان، ئەم کارانە ڕۆژانە دوبارەی دەکردەوە، ئاخر زەمان بوو ئاخرزەمان، کابرایەکیان هێنا بە قژەسەری ڕایان دەکێشا بەناو ئە چڵکاوەدا ئەمەندەی هەڵشەپاند تا لە هۆش خۆی چوو ناوی (حەمە خولە ) بوو، کە عەسکەرەکان نانی گەرم و فڕنیان بۆ دەهات بۆنەکەی دەهات بەسەرمانا مناڵ هەبوو دەگریاو دەیووت باوە نان دایە نان وەخت بوو ڕوحمان دەرچێت لە تاوا، کاك  نوری عبدالرحمن جەلەمۆردی وتی دەبێت ڕۆژێک بێت،ئێمەش نانێک بخۆین وەک هی دەستی ئەو عەسکەرانە؟ منیش دەمووت بە خوای زەحمەتە دەمرین و ئەمە نابینین،

نزیکەی (٧) مانگ سجن بووین لە نوگرەسەلمان یەک ڕۆژ تێر ئاومان نەخوارد و یەک جار خۆمان نەشۆری و یەک ژەم تێرمان نەخوارد،

ئەوەی(حەجاج) پێمانی کرد،فیرعەونەکان لەمەوە فێربوون بۆ ئازاردانی مرۆڤ، وەلەکە عەرەب نەڕەحم،نە بەزەیی نە ئیمان،نە شعور، نەئەخلاق،نە ڕووی هەیە، لەو بیابانە کاکی بە کاکیە و گەرمە خواردنی قومێک ئاو و تیکەیەک نان بوو بووە هەموو ئاواتمان، ئێمە لەوێ واماندەزانی ئێستا ماڵ و منداڵەکانمان ئازاد کراون،نەمانزانی زیندەبەچاڵ کراون، کە ئازاد کراین ئێمەیان بردە سەماوە چوومە مەعەسکەرێکی کۆن لەخۆمەوە وتم ژن و منداڵەکانی ئێمە لێرەبووین چیان لێهات؟ کابرایە لەوێ بوو وتی هەموویان ڕەمی کران و زیندەبەچاڵکراون،

دوای (٦) مانگ و نیو ئازادکراین و هێنامانیانەوە بۆ چەمچەماڵ، ئەوەی ئێستا ئێمە زۆر ناڕەحەت دەکات داڵدەدانی بەعسیەکانەو دەمرن لێرە تەعزیەیان بۆ دادەنێن.

# ٣٨ ساڵە هەموو ڕۆژێکمان لەدوری ئازیزان ئەنفالێکە

ئارەزو قادر
خەڵکی گوندی چوغلیجە

من خۆم ئەنفالم بیرنایەت ئەوکات تەمەنم ٢ ساڵ بوو . وەک ئەوەی گوێم لێ بووە بۆمیان گێڕاوەتەوە . لەگوندی چوخلیجە گواستیانیەوە بۆدەشتی سماقەی تەقتەق .لەوێ گوتبوویان وەرن ناونوسین تان بۆدەکرێت دەگەڕێنەوە

من خۆم بیرم نایات پورم بۆمی گێڕایەوە گوتی

ژن و پیاو لەوێ جیاکراینەوە لەباوەشی پورم بوومە ئیتر لەگەڵ دایک و باوکم و کەسوکارم یەکتریمان نەبینیەوە .

پیاوێک هاتبوو بۆلای عەسکەرەکان گوتی کاکە هەندێ لەم کچە عازەبانەم بۆدەربکە ئەگەر ئێمەیان جیاکردەوە یەکی منداڵێک بکەنە باوشیانەوە ١٢ ئافرەت بووین . ئیڤایەکیان هێنا لای ئێمەشەوە حەیوانەکانیان بارکرد پێمانی گوت ئەگەر گەیشتینە سەیتەرەکە نابێت بهێڵن منداڵەکان بگرێن دەست بخەنە سەردەمیان تا لەسەیتەرەکە دەرەچین

ئەگەر بگرێن منیش و ئێوەش ڕەمی دەکرێین تیادەچین .

گەیشتینە ناو تەقتەق سەبر دەڕۆیشت خۆمان فرێدایە خوارەوە هەرکەسەوە بەکۆڵانێک ڕۆیشتین . بەوحاڵە ڕزگارمان بوو لەئەنفال

مامێکم و پوورم ڕزگاری بوو لەئەنفال .

باپیرم و دایکم و باوکم لەنگرە سەلمان بوونە

لەدوای نگرەسەلمان کەسوکارم نەبینیەوە

دوابینینمان تەقتەق بوو

لەدوای ٣٨ ساڵ یادی ئەنفال دەکرێتەوە حەزدەکەم ساڵانە



یادی ئەنفال بکرێتەوە

بۆئەوەی نەوەکانمان بزانن چیمان بەسەر هاتوە ئەوکەسەی خۆی بەسەر نەهاتبێت نازانێت ئازاری ئەنفال چیە

هەمووساڵێک لەیادی ئەنفال بەشداری دەکەم

لەدوای ئەنفال ژیانم بەبێ دایک و باوک وخوشک و برا دەژیاین لەگەڵ ماڵی مامم چوینەوە گوندی چوخلیجە .

تاقانەی ئەنفالم کەسم دەرنەچووە .

داواکارم ساڵانە یادی ئەنفال بکرێتەوە چاوەڕوانی حکومەت نەبین خۆمان یادی خۆمان بکەینەوە .

تا دڵنەوایی بێت بۆدڵ و دەروماں . هیوادارم لەیادی ئەنفالدا ناوی گوندەکەم بهێنن ئەنفالکراومان زۆر هەیە بەداخەوەکە چەندین خانەوادەی وەک من تاقانەی تێدایە چیرۆکی زۆر تراژیدایامان هەبووە

لەوانە پوورە بەدری تەوای منداڵەکانی ئەنفالکراون تامردن هەموو ڕۆژێک دەگریا لەتاوی منداڵەکانی تا چاوەکانی لەدەست دا

ئەنفال خەمێکی زۆر گەورەیە هیوادارم کەیسی ئەنفال هەربەگەورەی بمێنێتەوە.

# بەرپرسیارێتی یاسایی و نێودەوڵەتی لە تاوانەکانی ئەنفال

## وتارێکی شیکاری لەژێر ڕۆشنایی یاسای تاوانکاریی عێراق و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان

تانیا طاهر

### پێشەکی:

تاوانی قێزەونی جینۆسایدی ئەنفال کە لە ساڵی ١٩٨٨دا دژ بە گەلی کورد لە عێراق ئەنجامدرا، تەنها برینێکی قووڵ نییە لە جەستەی مرۆڤایەتیدا، بەڵکو یەکێکە لە ئاڵۆزترین و فرە ڕەهەند ترین  دۆسیە یاساییەکان لە مێژووی هاوچەرخی یاسای نێودەوڵەتی و دەستووریدا. ئەم تاوانە کە بە پلانێکی سیستماتیک و بە مەبەستی لەناوبردنی نەتەوەیەکی دیاریکراو جێبەجێ کرا، زنجیرەیەک پێشێلکاری گەورەی وەک کوشتنی بەکۆمەڵ، ئەشکەنجەدان، برسیکردن، و سڕینەوەی ناسنامەی تیادا بەرجەستەکرا. لەم وتارە شێکاریەدا هەوڵ دەدەین لە دەرەوەی گێڕانەوە مێژووییەکان، ڕەهەندە یاساییەکانی ئەم دۆسیەیە بپشکنین چونکە کێشەی سەرەکی لەوەدا کورت دەبێتەوە کە ئایا دوای گۆڕانی ڕژێمی سیاسی لە عێراقدا، بەرپرسیارێتی یاسایی و پابەندبوون بە قەرەبووکردنەوەی



قوربانیان دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟ و تا چەند دەقە دەستوورییەکانی عێراق و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ڕێگا خۆشکەرن بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و قەرەبوی ماددی و مەعنەوی زیانلێکەوتوان و قوربانیانی دەستی ئەم تاوانە؟

بۆوەڵامی ئەم پرسیارانە تیشک دەخەینە سەر چەمکی "بەرپرسیارێتی دەوڵەت" وەک کەسایەتییەکی مەعنەوی یاسایی بەردەوام، کە بە گۆڕانی دەسەڵاتەکان کۆتایی نایەت. هەروەها شیکاری بۆ ئەو ڕێگرییە یاساییانە دەکەین کەڕێگرن لەبەردەم دادگاییکردنی ئەنجامدەران لەناوەندە نێودەوڵەتییەکانی وەک دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC).وە میکانیزمی جێگرەوە چیە لەبەردەم گەلی کورد بۆ بەدەست هێنانی ئەم مافانە؟

به پشتبەستن به میتۆدی شیکاریی بەراوردکاری لە نێوان یاسای سزادانی عێراقی، دەستووری ٢٠٠٥، و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، هەوڵ دەدەین نەخشەڕێگایەکی یاسایی بۆ چەسپاندنی مافی قەرەبوکردنەوەی مادی و مەعنەوی قوربانیان دابڕێژێت، بە ئامانجی ئەوەی کە ئەنفال تەنها وەک یادەوەرییەکی تاڵ نەمێنێتەوە، بەڵکو ببێتە بنەمایەک بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا و ڕێگری لە دوبارەبونەوەی تاوانی هاوشێوە. بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی زانستی و یاسایی ورد و ڕاست بابەتی شیکاریەکەمان دابەشی سێ تەوەری سەرەکی کردووە .

تەوەری یەکەم: چوارچێوەی یاسایی چەمکی تاوانی ئەنفال

یەکەم؛ پێناسی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا:

تاوانی جینۆساید (کۆمەڵکوژی) وەک "تاوانی تاوانەکان" لە یاسای نێودەوڵەتی دەناسرێت. لە ڕووی مێژوویی و یاساییەوە، ئەم چەمکە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم گەشەی کرد؛ بەپێی ماددەی (٢) لە پەیماننامەی ڕێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید ساڵی ١٩٤٨ ، جینۆساید بریتییە لە ئەنجامدانی هەر کارێک بە مەبەستی لەناوبردنی تەواوەتی یان بەشێکی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، ئەتنی، ڕەگەزی یان ئایینی. بە لێکۆڵینەوە لەم تاوانە دەبینین "ڕەگەزی مەبەست" بە نییەتی لەناوبردن بوو لەتوانی ئەنفال بەتەواوی بونی هەیە . ئەوەی ئەنفال لە تاوانەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە پرۆسەی ئەنفال تەنها هێرشێکی سەربازی نەبووە، بەڵکو پلانێکی داڕێژراوی مەبەستدار بووە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد.

دوەم ؛ ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال لە یاسای ناوخۆیی عێراقدا:

پرۆسەی ئەنفال تەنها یەک جۆر لەڕەفتاری تاوانکاری نەبوو، بەڵکو زنجیرەیەک تاوانی جۆراوجۆر بوو کە هەریەکەیان بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ وەک تاوانێکی سەربەخۆ ناسێنراون. لێرەدا پۆلێنی ئەو تاوانانە دەکەین؛ لێرەدا ئەم تاوانانە لە ژێر ڕۆشنایی یاسای سزادانی عێراقی و پەیوەندییان بە جینۆسایدەوە دەخەمە ڕوو:



یەکەم: فۆرمەکانی تاوان لە پرۆسەی ئەنفالدا و پۆلێنکردنیان لە یاسای سزادانی عێراقیدا.

١. تاوانەکانی دژ بە ژیان و سەلامەتی جەستە: ئەو کوشتارە بەکۆمەڵەی لە ئەنفالدا ئەنجامدرا، لەوانە کوشتنی منداڵان، ژنان و بە زیندوویی خستنە ژێر خاک، لە ژێر رۆشنایی ماددەی (٤٠٦) لە یاسای سزادانی عێراقی وەک "کوشتنی بەدەست ئەنقەست" (القتل العمد) پۆلێن دەکرێت. هەروەها بریندارکردن و لێدان و سوکایەتی جەستەیی بەپێی ماددەکانی (٤١٢ و ٤١٣) تاوانی سزادراون.

٢. تاوانەکانی دژ بە ئازادی و کەرامەت: برسیکردن، دەستبەسەرکردنی زۆرەملێ لە کەمپەکانی (تۆپزاوا و نوگرەسەلمان) و گواستنەوەی زۆرەملێ، پێشێلکاری روونی (ماددەی (٤٢١)) ن کە تایبەتە بە "بێبەشکردن لە ئازادی". ئەم کارانە وەک ئامرازێک بۆ سڕینەوەی کەرامەتی مرۆڤی کورد بەکارهێنراون.

٣. تاوانەکانی دژ بە ئەخلاق و شەرەف: ئەو دەستدرێژییە سێکسیانەی کە لە کاتی شاڵاوەکاندا روویاندا، بەپێی ماددەی (٣٩٣) لە یاسای سزادانی عێراقی، لە قورسترین جۆری تاوانەکانن. بەکارهێنانی ئەم رەفتارە وەک چەکێکی جەنگ، رەهەندێکی دڕندانەی بە تاوانەکە بەخشیوە.

٤. سوکایەتی بە تەرم و پیرۆزییەکان: سوکایەتی بە تەرمی قوربانیان و فڕێدانیان بۆ خواردنی ئاژەڵەدڕندەکانی پاسەوانی سوپا یان ئاژەڵی دڕندەی بەرەڵا بەپێی ماددەی (٣٧٤) تاوانە. ئەمە نیشانەی نیەتی رژێم بوو بۆ سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی بوونی مرۆڤی کورد تەنانەت دوای مردنیشیان.

دووەم: چۆن ئەم تاوانانە دەبن بە "جینۆساید"؟

لە یاسای نێودەوڵەتی و یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا (ساڵی ٢٠٠٥)، ئەم تاوانانە لە "تاوانی ئاسایی" دەردەچن و دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی جینۆساید ئەگەر ئەم دوو مەرجەیان تێدا بێت:

•مەبەستی لەناوبردن، کاتێک کوشتنی منداڵ وژن و پیاوی مەدەنی و دەستدرێژی سێکسی و برسیکردن بە شێوەیەکی سیستماتیک ئەنجام دەدرێت تاوەکو "کورد" وەک نەتەوە لاواز بکرێت یان لەناو ببرێت، ئیتر تەنها "کوشتن" نییە، بەڵکو دەبێتە رۆکنێکی مادی بۆ جینۆساید.

•بەرفراوانی و سیستماتیک بوون و سنوری جوگرافی، ئەنجامدانی ئەم تاوانانە لە یەک کاتدا لە گەرمیانەوە تا بادینان، نیشانەی ئەوەیە کە بڕیارێکی سیاسی و سەربازی لە پشتی بووە و هیچ سنور و ناوچەیەکی نەناسیوە کە کورد لێی نیشتە جێ بوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ئەم تاوانانە پەرش و بڵاوان بەڵام لە یەک چوارچێوەدا کۆدەبنەوە. ئەمانە لە یاسای ناوخۆیدا وەک تاوانی سەربەخۆ دەبینرێن، بەڵام کاتێک بە مەبەستێکی دیاریکراو (القصد الجنائي الخاص) کە بریتییە لە "لەناوبردنی نەتەوەی کورد" ئەنجام دراون، وە بەپێی پێناسەی جینۆساید لە ماددەی (١١،١٢،١٣) لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق(ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥) ، دەبنە رۆکنە پێکهێنەرەکانی تاوانی جینۆساید، هەربۆیە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە درا بە دادگاکە کە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی جینۆساید، تاوانی دژە مرۆڤایەتی، و تاوانی جەنگ بکات.

تەوەری دووەم: بەرپرسیارێتی یاسایی لە قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانی تاوانی ئەنفال

یەکەم؛ بەرپرسیارێتی دەوڵەتی عێراق لە دەستووری ٢٠٠٥دا .

بەپێی بنەما دەستوورییەکان، دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی مافی هاووڵاتیان و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەهۆی سیستەمە حوکمڕانییەکانەوە پێیان گەیشتووە: لە ماددەی (١٣٢)ی دەستوری ٢٠٠٥ ی دەوڵەتی عێراق بە روونی دەڵێت: "دەوڵەت گەرەنتی قەرەبوکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و زیانلێکەوتووانی کردارە نارەواکانی رژێمی پێشوو دەکات". ئەمە گەورەترین بەڵگەی دەستوورییە کە بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی "حکومەتی فیدراڵ" وەک جێنشینی یاسایی دەوڵەتی عێراق. هەروەها دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە بڕیارە مێژووییەکەی خۆیدا لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، بە فەرمی پرۆسەی ئەنفالی وەک "جینۆساید" ناساند. ئەم ناساندنە تەنها لایەنێکی مێژوویی نییە، بەڵکو بنەمایەکی یاساییە بۆ داواکردنی قەرەبوو. وە لە یاسای گشتیدا، گۆڕانکاری لە رژێمی حوکمڕانیدا (لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی) نابێتە هۆی سڕینەوەی پابەندییە دارایی و یاساییەکانی دەوڵەت. لە کەیسی ئەنفالیشدا، چونکە دادگای باڵا بڕیاری کۆتایی داوە، ئیتر قەرەبوکردنەوە بوەتە مافێکی "وەدەستهاتوو" کە بە تێپەڕبوونی کات بەسەر ناچێت.

دوەم: میکانیزمەکانی قەرەبوکردنەوە لەسەر ئاستی نێو

دەوڵەتی و ئاستەنگەکانی.

• هەرچەندە ئەنفال لە ڕووی مادییەوە هەموو مەرجەکانی جینۆسایدی تێدایە، لەسەر نێودەوڵەتی چەند ڕێگرییەکی یاسایی تەکنیکی هەن کەڕێگرن لەوەی ئێستا بتوانرێت لەدادگای تاوانی نێودەوڵەتی (International Criminal Court – ICC) لە "لاهاي" سکاڵا بکرێت:

١. ڕێگری کاتی (الاختصاص الزماني)

ئەمە گەورەترین کۆسپە چونکە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC)بەپێی "پەیڕەوی کۆمەڵەی ڕۆما" دامەزراوە و لە ١ی تەمموزی ٢٠٠٢ دەستی بە کارەکانی کردووە.بەپێی ماددەی (١١) لە پەیڕەوی ڕۆما، دادگاکە تەنها دەسەڵاتی بینینی ئەو تاوانانەی هەیە کە دوای ئەو مێژووە ئەنجامدراون. بەڵام تاوانەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ ئەنجامدراون (واتە ١٤ ساڵ پێش دامەزراندنی دادگاکە)، بۆیە دادگاکە لە ڕووی کاتییەوە دەسەڵاتی نییە سەیری ئەم دۆسیەیە بکات.

٢. ڕێگری هەرێمی(الاختصاص الإقليمي)

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تەنها سەیری ئەو تاوانانە دەکات کە لەسەر خاکی دەوڵەتێکی ئەندام ئەنجامدرابێت، یان تۆمەتبارەکە هاوڵاتی دەوڵەتێکی ئەندام بێت. کێشەکە لەوەدایە عێراق تاوەکو ئێستا "پەیڕەوی کۆمەڵەی ڕۆما"ی واژۆ نەکردووە و نەبووەتە ئەندام لە دادگاکەدا. خۆ ئەگەر عێراق ئەندامیش بووایە، دیسان کێشەی "ڕێگری کاتی" کە لە خاڵی یەکەمدا باسمان کرد هەر دەمایەوە.

٣. پرەنسیپی "نەبوونی سزای پاشەکی"

لە یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا بنەمایەک هەیە دەڵێت: "هیچ تاوان و سزایەک نییە بەبێ دەقێکی یاسایی پێشوەختە". بۆیە ناتوانرێت دادگایەک کە لە ٢٠٠٢ دروست بووە، دادوەریی بەسەر کەسانێکدا بکات کە لە ١٩٨٨ کارێکیان کردووە، مەگەر لە ڕێگەی دادگایەکی تایبەتەوە بێت (وەک دادگای نورنبێرگ یان دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق) نەک دادگایەکی هەمیشەیی وەک ICC.

٤. ڕێگری لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە

ڕێگەیەکی تر هەیە کە دادگای ICC سەیری تاوانی وڵاتانی نائەندام بکات، ئەویش لە ڕێگەی "سپاردن" لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە (وەک ئەوەی لە سودان و لیبیا ڕوویدا). ئەمە پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی نێودەوڵەتی هەیە و زۆرجار وڵاتە خاوەن ڤیتۆکان (بەتایبەت ئەوانەی بەرژەوەندییان لەگەڵ عێراق هەبووە لەو سەردەمەدا) ڕێگری لە دەرچوونی بڕیاری وا دەکەن.

کەواتە چارەسەری یاسایی بەدیل چییە بۆ هەنگاوی نێودەوڵەتی تا فشار بکرێت بۆ قەرەبوی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال ؟

باشترین بژاردە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕوکردنە دادگای دادی نێودەوڵەتی (International Court of Justice - ICJ) ئەم دادگایە بە "دادگای جیهانی" ناسراوە و باڵاترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

ئەم دادگایە جیاوازە لە ICC، لێرەدا تەنها دەوڵەتەکان دەتوانن سکاڵا لەسەر یەکدی بکەن و ببنە لایەن لەم دادگایەدا ئەرکی یەکلاکردنەوەی ململانێ یاساییەکانی نێوان دەوڵەتان (وەک سنوور، ئاو، یان پێشێلکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان). وە عێراق وەک ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەندامی ئەم دادگایەیە. بەو پێیەی عێراق لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩دا واژۆی لەسەر "پەیماننامەی ڕێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید" کردووە.پێویستە پابەندی تەواوی هەبێت بەم پەیماننامەیەوە. بۆیە لە ڕێگای هەر دەوڵەتێکی تری ئەندام (بۆ نموونە ئەرمینیا یان ئەڵمانیا - (وەک پارێزەری گەلی کورد)) دەتوانێت لە ICJ سکاڵا لەسەر عێراق بکات بە تۆمەتی پێشێلکردنی ئەم پەیماننامەیە لە کەیسی ئەنفالدا.

ئەم ڕێگرییانە نیشانی دەدەن کە دۆسیەی ئەنفال زیاتر پێویستی بە "فشاری دیپلۆماسی و دەستووری" هەیە، وەک "نەخشەڕێگایەکی یاسایی" ئەگەر بمانەوێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم دۆسیەیە بجوڵێنین، دەبێت ڕووبکەینە ICJ دادگای دادی نێودەوڵەتی نەک ICC دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

تەوەری سێیەم: ڕۆڵی یاسای نێودەوڵەتی و میکانیزمەکانی قەرەبوکردنەوە

لەم تەوەرەدا باس لەوە دەکەین کە چۆن یاسای نێودەوڵەتی فشار دەخاتە سەر دەوڵەتەکان بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی تاوانەکانی ڕابردوو بگرنە ئەستۆ، و جۆرەکانی قەرەبووکردنەوە کامانەن.

یەکەم: بە پشت بەستن بە بنەمای "جێنشینیی دەوڵەتەکان" و گواستنەوەی پابەندییەکان.

یەکێک لە کێشە یاساییەکان ئەوەیە کە حکومەتی ئێستا

دەڵێت: "من ئەو تاوانەم ئەنجام نەداوە". بەڵام لە ڕاستیدا یاسای نێودەوڵەتی ئەمە ڕەت دەکاتەوە: بەپێی "پەیماننامەی ڤیێنا بۆ جێنشینیی دەوڵەتەکان (١٩٧٨)"، کاتێک دەوڵەتێک دەمێنێت بەڵام ڕژێمەکەی دەگۆڕێت، هەموو پابەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگوازرێنەوە بۆ دەوڵەتە نوێیەکە و پێویستە دەوڵەتی نوێ پابەند بێت پێوەی. هەروەها لەڕووی بەرپرسیارێتی مێژووییشەوە چونکە عێراق لە ساڵی ١٩٥٩وە ئەندامی پەیماننامەی جینۆسایدە، بۆیە هەر حکومەتێک لەبەغدا بێت، بەرپرسیارە لەو تاوانانەی لەژێر ئاڵای ئەو دەوڵەتەدا ئەنجامدراون.

دووەم: جۆرەکانی قەرەبووکردنەوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی تاوانەکانی جینۆساید تەنها پێدانی بڕێک پارە نییە، بەڵکو یاسای نێودەوڵەتی (بەپێی بڕیارەکانی دادگای ICJ) بەم شێوەیە پۆلێنی دەکات:

•قەرەبوی مادی: پێدانی پارە بە قوربانیان و کەسوکاریان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە داراییانەی بەهۆی لەدەستدانی سەرۆک خێزان، خانووبەرە، و سامانی ئاژەڵ بەریان کەوتووە.

•گەڕانەوەی دۆخی جاران:ئاوەدانکردنەوەی ئەوگوندانەی وێرانکراون و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان تاوەکو ژیان بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە.

•ڕازیبوون و گەڕانەوەی شکۆ : ئەمە لایەنە مەعنەوییەکەیە؛ وەک داوای لێبوردنی فەرمی حکومەت، دروستکردنی مۆنۆمێنت، و ناساندنی ئەنفال لەپڕۆگرامی خوێندندا بۆ ئەوەی ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی بکرێت.

•تەمێکردن: دەرکردنی یاسای نوێ کە ڕێگری بکات لە بەکارهێنانی سوپا و هێزی سەربازی دژ بە مەدەنییەکان لە داهاتوودا.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم؛ تاوانی ئەنفال بەپێی هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان (پەیماننامەی ١٩٤٨) و ناوخۆییەکان (یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥)، تاوانی جینۆسایدە، چونکە "نییەتی لەناوبردن" دژ بە پێکهاتەی نەتەوەیی کورد تێیدا جێگیرە. بەپێی بنەمای "جێنشینیی دەوڵەتەکان" لە یاسای نێودەوڵەتیدا، حکومەتی ئێستای عێراق وەک کەسایەتی یاسایی، بەرپرسیارێتی تەواوی دەکەوێتە ئەستۆ بۆ قەرەبوکردنەوەی شوێنەوارەکانی ئەو تاوانانەی کە ڕژێمی پێشوو ئەنجامی داون. هەروەها بە پێی ماددەی (١٣٢) لە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق ئیلتزامێکی یاسایی ڕوونە کە حکومەتی فیدراڵ پابەندە بە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئەنفال.

بۆیە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و گەیشتن بە مافە یاساییەکانی گەلی کورد لە دۆسیەی تاوانی ئەنفالدا ، ئەم پێشنیازانە دەخەینە ڕوو:

١.دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی ئینکاری جینۆساید لە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان کە تێیدا "ئینکاری تاوانی ئەنفال" یان "سوکایەتی بە قوربانیان" بە تاوان دابنرێت و سزای یاسایی بۆ دیاری بکرێت. (وەک ئەوەی لە ئەڵمانیا بۆ هۆلۆکۆست هەیە)، ئەمە وەک قەرەبووی مەعنەوی.

٢.پێویستە لە ڕێگەی فشارە یاساییەکان و دادگای فیدراڵییەوە، حکومەتی فیدراڵ ناچار بکرێت بە جێبەجێکردنی کردەیی ماددەی ١٣٢ی دەستوور و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ قەرەبووی مادی و مەعنەوی. کە باشترین گرەنتی بۆ ئەم مەبەستەش دروستکردنی "سندوقێکی نیشتمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەنفال"ە ، سندوقەکە لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا بێت.

٣.لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی دەوڵەتێکی دۆست و ئەندام لە "دادگای دادی نێودەوڵەتی" (وەک ئەرمینیا یان ئەڵمانیا)، سکاڵا دژ بە دەوڵەتی عێراق تۆمار بکەن لە( ICJ) لەسەر بنەمای پێشێلکردنی پەیماننامەی جینۆسایدی ١٩٤٩.

٤. کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی هەموو بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و وەرگێڕانیان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان، تاوەکو وەک بەڵگەی یاسایی بڕاوە لە ناوەندە ئەکادیمی و نێودەوڵەتییەکاندا بمێننەوە.


سەرچاوەکان:

بەڵگەنامە و یاسا فەرمییەکان و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان

١.دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥): بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (الوقائع العراقية)، ژمارە ٤٠١٢، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٢/٢٨.

٢.یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩: هەمواركراو.

٣.یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥: بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقية)، ژمارە ٤٠٠٦، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٨.

٤.بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق (کەیسی ئەنفال): بڕیاری ژمارە (١/ج٢٠٠٦/١) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٥.پەیماننامەی ڕێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید (١٩٤٨): نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵەی گشتی، بڕیاری ژمارە ٢٦٠.

٦.Rules of Court of the International Court of Justice (adopted ١٤ April ١٩٧٨, entered into force ١ July ١٩٧٨).

ICC Rules of Procedure and Evidence (adopted ٩ September ٢٠٠٢).

# کاریگەری جەنگ لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد بە نموونە

**مەعروف مەجید**
**سەرۆکی ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە**



وێرانکردنی زیاد لە (٥ هەزار) گوند لە باشووری کوردستان، کە بەلایەنی کەمەوە ئەم گوندنشینانە سەرقاڵی کاری ئاژەڵداری و باخ و باخداری بوون، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوی ڕێژەی سەوزایی و لە دەستدانی دارستانەکان.

- ئەگەر هەر گوندەی تەنها یەک کانی و سەرچاوەی ئاوی هەبوبێت، ئەوا لەو تاوانکارییەدا هەموویان وێرانکران و لەناوبران.
- ئەگەر هەر خێزانێک باخێک یا چەند بنەدارێکی بەری یا سێبەریان هەبوبێت، ئەوا لەو تاوانکارییەدا لەناوبران، یا ووشک کران یا سوتێران یا بە شۆفڵ هەڵتەکێندران.

کاریگەری ئەم وێرانکردنە تەنها بۆ مرۆڤ و دانیشتوانی گوندەکان نەبوو، بگرە لە دوای خۆی کاریگەری درووست کرد لەسەر تەنانەت ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکانیش، کە بەهۆی ئەو

کانی و سەرچاوە ئاوییانەوە ژیانیان بەردەوام بوو، لایەنی کەم ئەوانەشی ڕزگاریان بوو، بونە پارووی هێزە سەربازییەکانی ئەو ناوچانە و لەناوبران.

یەکێکی تر لە کاریگەرییە خراپەکانی جەنگ لەسەر ژینگەی باشووری کوردستان تا ئێستا کاریگەری ماوە، بوونی پاشماوەی جەنگی و تەقەمەنییە، کە ئەوەی تەقێنرا بووە بووە هۆی پیسکردنی ژینگە، ئەوەی مایەوە تا ئێستا بۆتە هۆی شێواندنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک کەم ناوچەی هەرێمی کوردستان هەیە پاشماوەی تەقەمەنی لێ نەبێت.

## کاریگەری مین لەسەر ژینگەی هەرێم.

هەرێمی کوردستان یەکێک لەو ناوچانەیە کە بە هۆی شەڕ و ململانێکان، ژینگەکەی بەردەوام لە ژێر هەڕەشەدا بووە، لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردووەوە کە کوردستان پێیدا تێپەڕیوە، وەکو بۆردوومانکردن، مینڕێژکردن، سووتاندن و تەنانەت کیمیابارانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، هەموو ئەوانە بوون کە بەشێکی زۆری ژینگەکەی ڕووبەڕووی شێواندن و پیسبوون بووەتەوە.

"بەپێی ئامارەکان و ئەنجامی ڕووپێوییەکان، (٧٧٦ هەزار کیلۆمەتر دووجا لە ژینگەی هەرێمی کوردستان پیسبووە، هەم وەکو ژینگە هەم مەترسییەکی ترسناکە لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ئاژەڵان، لەم ژمارەیەش نزیکەی (٥١١ هەزار کیلۆمەتر دووجا پاککراوەتەوە و (٢٦٠ هەزار) کیلۆمەتر دووجا ماوەتەوە".

"لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (٣ هەزار) هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە (١٠ هەزار و ٢٥٥) کەسی



دیکەش بریندار و کەمئەندام بوون، هەر لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە کە کاری پاککردنەوە لە زەوییە مینڕێژکراوەکان دەستی پێکردووە، (٣٩) کارمەندی سەر بە دەزگای مین و ڕێکخراوەکانی بواری مین گیانیان لەدەستداوە و (١٠٦) کەسیشیان کەمئەندام بوون. لە ئێستاشدا چەندین تیمی گیانفیدا لە کوردستان کار دەکەن بۆ بنبڕکردنی پاشماوە جەنگییەکان کە بەیەکێک لە گەورەترین مەترسییەکانی سەدە هەژمار دەکرێ لەسەر ژینگە و ژیانی هاوڵاتیان.

## ژینگەی عێراق و مەترسی مین

لە ئەنجامی ململانێیە بەردەوامەکان، مین بەرێژەیەکی بەرچاو لە عێراقدا بڵاوبووتەوە، بەتایبەت لە سەرەتای شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە، دواتر ڕژێمی عێراقی بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن پەلاماری کوێتی دا لە ساڵی ١٩٩١، پاشان لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، دواتر ململانێی تائیفییەکان، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی (داعش)، و کۆنترۆڵکردنی یەک لەسەر سێی ناوچەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤، تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٩، عێراق ڕاپۆرتی پیسبوونی ڕووبەری (ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار) کیلۆمەتر چوارگۆشەی بە مینی دژە مرۆیی ڕاگەیاند.

بەپێی خەمڵاندنەکان لە ساڵی ٢٠١٩، زیاتر لە ١١٠ ملیۆن مین لەسەر زەوی دانراون، تا مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، ٦٠ وڵات و ناوچە بە مینی دژە مرۆیی پیس کراون، لە کۆی ٦٠ وڵاتەکە ٣٣ وڵاتیان لایەنی ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی مینن.

لابردنی هەموو مینەکان لە جیهاندا، ٥٠ بۆ ١٠٠ ملیار دۆلاری تێدەچێت و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی زیانلێکەوتوو هەژارترینن، تێچووی پاککردنەوەی مین بارگرانییەکی زۆر دەبێت لەسەر ئابورییان

## گرفتە بەرچاوەکانی جەنگ لەسەر ژینگە

١.گرفتێکی بەرچاوی شەڕ و ئاڵۆزییەکان، گۆڕینی دیموگرافیای دانیشتوانە، کە زۆر جار ئەمەیان دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی ژینگەی سرووشتی و بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان و ناوچە دارستانەکان و بەکارهێنانیان وەکو شوێنی خۆحەشاردان و نیشتەجێ بوونی کاتی و دوور مەودا لەلایەن هاوڵاتیانی نیشتەجێی شارەکان. ئەم زیانانە دوای کۆتایی هاتنی ململانێ

و شەڕەکانیش بۆ دەیان ساڵ بەردەوام دەبن.
٢.کاریگەرییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانی شەڕ قووڵ و درێژخایەنن، بەشێکی زۆریان وەکو پیسبوونی ژینگە زۆر دوای وەستانی شەڕەکە بەردەوام دەبێت و دەبێتە هۆی زیانی گەورەی ژینگەیی بۆ ناوچەکە.
٣.ژینگە لە کاتی شەڕە چەکدارییەکان تووشی کاریگەریی وێرانکەر دەبێت، لە سەرو هەموو کاریگەرییە ژینگەییەکان پیسبوونە کە لە ئەنجامی شەڕەکانەوە دروست دەبێت، لێکەوتەی کارەساتبار بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
٤.لە ساڵی ١٩٩٠ەوە جیهان بەهۆی شەڕەوە (ملیۆنێک و ٢٢٠ هەزار) کیلۆمەتر چوارگۆشە لە دارستانەکانی لەدەستداوە، ئەمەش قەبارەی گەورەی لەناوچوونی ژینگە دەخاتە ڕوو.
٥.لەدەستدانی جۆراوجۆری زیندوو؛ جیهان بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤەوە ٨٣٪ی شیردەرەکانی کێوی و ٥٠٪ی ڕووەکەکانی لەدەستداوە، شەڕەکان ڕێژەی لەناوچوونی جۆرەکان خێراتر دەکەن، ئەمەش مەترسییەکی جددی لەسەر هاوسەنگی ئیکۆلۆژی جیهانی دروست دەکات.
٦.کاریگەری شەڕ لەسەر لەناوبردنی ژینگە؛ شەڕەکان هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ژینگەی جیهانی، دەردانی گازی گەرمخانەیی زیاد دەکەن و ئیکۆسیستەمەکان لەناو دەبەن، سوپا و ململانێکان بەرپرسیارن لە (٥,٥٪)ی دەردانی گازی گەرمخانەیی جیهانی.
٧.بۆمب و تەقەمەنی زیانێکی زۆر بە خاک و ئاو دەگەیەنێت، ئەم پیسبوونە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت.
٨.دارستانبڕین و بیابانبوون؛ لەکاتی شەڕ و ئاڵۆزییەکان بە مەبەست دارستانەکان دەسوتێنرێن بۆ ئەوەی ڕێگری لە نەیاران بکەن، وەک لە جەنگی ڤێتنامدا کە ملیۆنان دۆنم دارستانی لەناوبرد.
٩.ململانێکان گیانلەبەرە کێوییەکان کەم دەکەنەوە: بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزییەکانەوە ڕەنگە تا (٩٠٪)ی گیانلەبەرە کێوییەکانی گەورە لە ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا لەنابچن.
١٠.پیسبوونی ئاو و خاک؛ بە ئامانجگرتنی بەنداو و ڕووبارەکان لە ململانێکاندا (بۆ نموونە ڕووباری فورات لە سوریا) دەبێتە هۆی قەیرانی ئاو و پیسبوونی ژینگە.
١١.پاشماوەی جەنگ و تەقەمەنی پیسبوو، وەکو یۆرانیۆمی کەمبووەوە، دەبنە هۆی پیسبوونی درێژخایەنی خاک و ئاوی ژێر زەوی.
١٢.پیسبوونی کیمیایی و تیشکدەر تەقەمەنی تیشکدەر و کیمیایی دەبێتە هۆی نەخۆشی درێژخایەن و شێرپەنجە و شێواوی.
١٣.بەکارهێنانی چەکی سووتێنەر (فسفۆری سپی) لە لوبنان و غەززە زەوی کشتوکاڵی لەناو دەبات و شوێنەواری نەسڕاوە بەجێدەهێڵێت.
١٤دەردانی کاربۆن و گۆڕانی کەشوهەوا. بۆ نموونە شەڕی ئۆکرانیا لە ساڵی یەکەمیدا ١٢٠ ملیۆن تۆن هاوتای $CO_2$ بەرهەم هێنا، کە زیاترە لە خودی کۆماری چیک.
١٥.چالاکییەکانی ئاوەدانکردنەوە، وەک پیشەسازی چیمەنتۆ و لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری بڕێکی زۆر کاربۆن زیاد دەکەن.

## تێچووی ژینگە دوای جەنگ

بۆ نموونە خەمڵاندنەکان بۆ تێچووی زیانەکانی ژینگە لە ئۆکرانیا تەنها تا مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ دەگاتە (٥٦ ملیار) دۆلار. دروستکردنی دارستان و پاککردنەوەی خاک و ئاو پرۆژەیەکی درێژخایەن و گرانبەهایە کە پێویستی بە دەیان ساڵە هەیە بۆ چاکبوونەوە.
شەڕەکان نەک تەنها زیان بە مرۆڤەکان دەگەیەنن؛ هەروەها زیانێکی قووڵ و درێژخایەنی ژینگەیی دەگەیەنن: لە ناوبردنی دارستان و ئاژەڵەکانەوە، تا پیسکردنی ئاو و خاک، بەرزکردنەوەی دەردانی کاربۆن و شێواندنی کەشوهەوا، تێچووی ژینگەییمان لە زیانێکی زۆری تەندروستی و جوگرافی و ئابوورییەوە دەست پێدەکات و پێویستی بە دەیان ساڵ و سەرچاوەیەکی زۆر هەیە بۆ چاککردنەوە.

## جەنگەکان بەرپرسیارن لە ٥,٥٪ی دەردانی گازی گەرمخانەیی جیهانی

شەڕ و ململانێکان نەک هەر کاریگەریی وێرانکەریان لەسەر ژیانی خەڵک هەیە، بەڵکو کاریگەری نەرێنیشیان لەسەر ژینگە هەیە و بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لە گۆڕانی کەشوهەوادا. لە کاتی شەڕ و ململانێ چەکدارییەکاندا زۆرجار پاراستنی ژینگە لەبەرچاو ناگیرێت، لەو ململانێیانەی کە ڕۆژانە خەڵکی مەدەنی بێتاوان دەمرن، بە شێوەیەکی تێگەیشتوو گرنگی بە ڕزگارکردنی ژیان و پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی دەدرێت،

بەڵام نابێت کاریگەرییە کارەساتبارەکانی ململانێ سەربازییەکان لەسەر ئیکۆسیستەمەکان لەبیر بکەین

کەرتی سەربازی چۆن بەشداری لە گۆڕانی کەشوهەوادا دەکات؟

سوپاکان بڕێکی زۆر لە سووتەمەنی بەردینی بەکاردەهێنن، کە دەردانی کاربۆنی زۆریان هەیە. ڕێژەی دەردانی کاربۆنی سەربازی لە جیهاندا لە پلەی چوارەمدایە، دوای ئەمریکا، چین و هیندستان. ئەگەر سوپای ئەمریکا بەتەنها وەک نەتەوەیەکی جیا لە قەڵەم بدەین، ئەوا لەنێو گەورەترین پیسکەرەکانی هەسارەکەدا دەبێت.

مەرج نییە هەندێک لە دەردانی گازی ژەهراوی سەربازی تەنها لە کاتی جەنگدا سنووردار بێت، بەڵکو لە کاتی شەڕدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیاد دەکات، لە گەورەترین سەرچاوەکاندا سووتەمەنی بۆ تانک و کەشتییە دەریاییەکان گەورەترین هەڕەشەن بۆ سەر ژینگە.

سەرچاوەکانی تر بریتین لە بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی، یان جێگیرکردنی سەرباز، بێگومان ئەو وێرانکارییەی کە بەهۆی بۆردومانەکانەوە دروست دەبێت، وەک ئاگر و دوکەڵ، هەروەها زیادبوونی بەرچاو لە کەرەستەی ڕووخاندن و داروپەردوودا هەیە کە لە ئەنجامی دارمانی بیناکان لە کاتی ململانێکاندا دروست دەبێت، بینا وێرانبووەکان پێکهێنەری بڕێکی زۆر پاشماوەی بیناسازی دەکەن کە ڕیسایکلکردنی ئەستەمە.

## جەنگ و لەناوچوونی ئاژەڵ و باڵندەکان

شەڕەکان گیانلەبەرە کێوییەکان و جۆراوجۆری زیندوو لەناو دەبەن، زیانەکان بەهۆی ململانێکانەوە دەتوانن تا لەسەدا ٩٠ی ئاژەڵە گەورەکان لە ناوچەیەکدا بکوژن، لە زۆر شوێن جۆرە ڕەسەنەکانی مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، جگە لەوەش شەڕەکان ئاو و خاک و هەوا پیس دەکەن و ژیان بۆ مرۆڤەکان ناپارێزراو دەکات.

سوپای جیهان ٥,٥٪ی دەردانی گازی گەرمخانەیی جیهانی بەرپرسیارە، بەڵام زۆرێک لە حکومەتەکان داتای دەردانی گازی ژەهراوی لە چالاکییە سەربازییەکان ڕاپۆرت ناکەن، بۆیە ڕەنگە ئەو ڕێژەیە زۆر زیاتر بێت، لەڕاستیدا ململانێ سەربازییەکان ساڵانە زیاتر دەردانی گازی گەرمخانەیی بەرهەم دەهێنن لە چاو پیشەسازییەکانی فڕۆکەوانی و کەشتیوانی بەیەکەوە، بەڵام بەڵگەنامەکردنی دەردانی گازی ژەهراوی سەربازی لە مێژە چاوپۆشی لێ کراوە. تەنها لەگەڵ دەستپێکردنی لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا یەکەم هەوڵی گشتگیر بۆ بەڵگەنامەکردن و هەڵسەنگاندنی دەردانی گازی گەرمخانەیی لە کاتی شەڕەکانی سەردەمی جەنگدا ڕوویدا.

## ئاوەدانکردنەوە و سەردەمی دوای جەنگ

کاتێک ململانێ سەربازییەکان کۆتایی هات، پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان دەبێت. دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی گازی ژەهراوی بەرچاو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش پیشەسازی چیمەنتۆ دەگرێتەوە کە بەرهەمهێنانی پێویستی بە دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی بەرچاو هەیە، هەروەها دەردانی بێکۆنترۆڵی تەقەمەنی بەکارنەهێنراو، ئەمەش دەبێتە هۆی پیسبوونی زیاتر. تەنها لە ئۆکرانیا ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی جەنگی تێکچوو بە واتای دەردانی نێوان ٢٠٠ بۆ ٤٠٠ ملیۆن تۆن دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دێت.

نەک تەنها بیناکان ئاوەدان دەکرێنەوە، بەڵکو ژینگەکە بەتایبەتی ساڵانێکی زۆری دەوێت تا نۆژەن بکرێتەوە، ئەمەش بەپێی جۆری دیاریکراو و ماوەی شەڕەکە دەبێت، کاتێک چالاکیی شەڕکردن وەستا، مەترسی بە بیابانبوونی بەرفراوان و لەدەستدانی زەوی بەهۆی کەمیی ئاوەوە هەیە.

کاریگەری شەڕ لەسەر ژینگە زۆر گەورەیە. دەردانی گازی ژەهراوی لە شەڕدا کاریگەری نەرێنی بەرچاوی لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا هەیە و هەڕەشە لە ئاسایشی کەشوهەوامان دەکات. بۆیە گرنگە وەک دەرئەنجامەکانی تری ململانێ سەربازییەکان، وەک قەیرانی مرۆیی یان زیانەکانی ئابووری، بە جددی وەریانبگرین.

## چارەسەر چییە؟

ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان: سەرەڕای ڕێککەوتننامەکانی ساڵی ١٩٧٧ بۆ پاراستنی ژینگە لە شەڕی چەکداریدا، بەڵام هێشتا بە کردەوە پابەندکەر نین بۆ هەموو لایەنێک.

سزای ژینگەیی: داوای سزا دەکرێت بەسەر ئەو لایەنانەی کە لەکاتی شەڕەکاندا زیانێکی بەرچاو بە ژینگە.

# کورد و ناسنامەی جینۆساید
# خوێندنەوەیەکی یاسایی و مێژوویی

هەژارهوشیاربەرزنجی
مامۆستا ـ زانکۆچەرموو



١. چەمکی جینۆساید و ڕێکەوتننامەی قەدەغکردنی تاوانی جینۆساید ١٩٤٨

پێش ئەوەی باس لە مێژووی خوێناوی کورد بکەین، دەبێت لەو چوارچێوە یاساییە تێبگەین کە ئەم تاوانانەی پێ دەناسرێتەوە.

ـ ڕافاییل لمکین و لەدایکبوونی چەمکەکە

تا پێش جەنگی جیهانی دووەم، زاراوەیەکی تایبەت بۆ "لەناوبردنی ڕەگەزی" نەبوو. ڕافاییل لمکین، کە یاساناسێکی جولەکەی پۆڵەندی بوو، تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان و دواتر هۆلۆکۆست. ئەو پێی وابوو کە کوشتنی ملیۆنان مرۆڤ تەنها "کوشتنی بەکۆمەڵ" نییە، بەڵکو هەوڵێکی ئەنقەستە بۆ سڕینەوەی گروپێک. داهێنانی وشەکە: لمکین لە ساڵی ١٩٤٤ وشەی (Genocide) ی داهێنا.

خەباتی یاسایی: ئەو فشارێکی زۆری خستە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئەم تاوانە وەک "تاوانی نێودەوڵەتی" بناسێنرێت، چونکە پێی وابوو بێدەنگی نێودەوڵەتی ڕێگە بۆ دیکتاتۆرەکان خۆش دەکات.وە لە ساڵی ١٩٤٦ دا پرۆژ یاسایکە پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات بە مەبەستی ڕێکەوتنامەی نیودەوڵەتی لە سەر تاوانەکە.

ـ ڕێکەوتننامەی قەدەغکردنی تاوانی جینۆساید٩/١٢/ ١٩٤٨

لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە (٢٦٠)ی دەرکرد کە بە "ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید" ناسراوە. بەپێی ماددەی دووەمی ئەم ڕێکەوتننامەیە، جینۆساید واتە ئەنجامدانی هەر یەکێک لەم کارانە بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یاخود بەشێک لە (گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنی، ڕەگەزی، یان ئایینی) ئەنجام بدەرێت بەم ڕێکارانە خوارەوە :

ـ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

ـ گەیاندنی زیانی سەختی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گروپەکە.

ـ سەپاندنی بارودۆخێکی ژیان بەسەر گروپەکەدا کە ببێتە هۆی لەناوچوونی فیزیکییان.

ـ سەپاندنی ڕێکار بۆ ڕێگری لە منداڵبوون.

ـ گواستنەوەی منداڵانی گروپێک بۆ گروپێکی تر بە زۆر.

تێبینی: ئەوەی بەسەر کورد هاتووە، نەک یەک خاڵ، بەڵکو زۆربەی ئەم خاڵانەی تێدا جێبەجێ بووە.

٢. دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و جینۆسایدی کوردانی فەیلی

عێراق لە ساڵی ١٩٢١ وەک دەوڵەتێکی دەستکرد لەسەر پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی دروستکرا. لە سەرەتاوە عەقڵییەتی دەسەڵات لە بەغدا لەسەر بنەمای "یەک نەتەوە و یەک زمان" بوو، ئەمەش کوردی کردە ئامانجی یەکەم.

ـ قۆناغەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی

کوردانی فەیلی بەهۆی ئەوەی لە ناوچە سنوورییەکان بوون و مەزهەبیان جیاواز بوو (شیعە)، دووجار بوونە قوربانی: جارێک وەک کورد و جارێک وەک شیعە.

بڕیاری ٦٦٦: ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠ بڕیارێکی دەرکرد کە ڕەگەزنامەی عێراقی لەو کەسانە بسێنرێتەوە کە "ڕەچەڵەکیان عێراقی نییە".

ڕاگواستنی زۆرەملێ: زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کوردی فەیلی بە جلی بەرگیانەوە فڕێدرانە ناو سنوورەکانی ئێران و ناو کێڵگەی مینەکان.

بێسەروشوێنکردنی گەنجان: ڕژێم زیاتر لە ١٥ هەزار گەنجی فەیلی لە خێزانەکانیان جیاکردەوە. تا ئەمڕۆش چارەنووسی زۆربەیان نادیارە. دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ ئەم تاوانەی بە جینۆساید ناساند.

٣. کۆمەڵکوژی بارزانییەکان (١٩٨٣)

کۆمەڵکوژی ٨٠٠٠ بارزانی تەنها کردەوەیەکی سەربازی نەبوو، بەڵکو تۆڵەسەندنەوەیەکی سیاسی و ڕەگەزی بوو.

پرۆسەکە: لە ٣١ی تەمموزی ١٩٨٣، هێزەکانی ڕژێم گەمارۆی ئۆردوگا زۆرەملێکانی (قوشتەپە، حەریر، دیانا و بەحرکە)یان دا.

ـ ئامانج: هەر نێرینەیەکی بارزانی لە تەمەنی ١٠ ساڵ تا ١٠٠ ساڵ دەستگیرکران.

ـ چارەنووس: ئەوان بردرانە بیابانەکانی باشووری عێراق (نوگرەسەلمان) و بە کۆمەڵ گوللەباران کران. ئەمە یەکەمین هەنگاوی کردەیی "پرۆسەی ئەنفال" بوو کە دواتر بەرفراوانتر کرا.

٤. کیمیابارانی هەڵەبجە (١٦ی ئاداری ١٩٨٨)

هەڵەبجە گەورەترین تاوانی چەکی کیمیاییە لە سەدەی بیستەمدا کە دژی دانیشتوانی مەدەنی ئەنجام درابێت.

ـ چەکەکان: تێکەڵەیەک لە گازی خەردەل و گازی دەمار (سارین و تابون) و گازی سیانید بەکار هات.

ـ شێکاری تاوانەکە: بۆردومانەکە لە کاتی نیوەڕۆدا بوو کاتێک خەڵک لە ماڵەکانیاندا بوون. نیشانەکانی خنکان و سووتانی پێست و تێکچوونی کۆئەندامی دەمار بە ڕوونی بە قوربانییەکانەوە دیار بوو.



- تایبەتمەندی: ئەم تاوانە نێودەوڵەتییە چونکە بەپێی "پرۆتۆکۆڵی جنێڤای ١٩٢٥" بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەیە. ڕژێمی بەعس بە مەبەستی سڕینەوەی شارێکی تەواو ئەم کارەی کرد.

٥. پرۆسەی شالاوی ئەنفال (١٩٨٨)

وشەی "ئەنفال" ناوێکی قورئانییە، بەڵام ڕژێم بۆ پیرۆزی بەخشین بە تاوانەکانی بەکاریهێنا. ئەم پرۆسەیە لە ٨ قۆناغی سەرەکیدا جێبەجێ کرا:

- ئەنفالی یەک (دۆڵی جافایەتی): ٢٣ی شوبات تا ١٨ی ئازاری ١٩٨٨.
- ئەنفالی دوو (قەرەداغ): ٢٢ی ئازار تا ١ی نیسانی ١٩٨٨.
- ئەنفالی سێ (گەرمیان): گەورەترین قۆناغ بوو کە تێیدا زۆرترین ژن و منداڵ بێسەروشوێن کران (٧ی نیسان تا ٢٠ی نیسان).
- ئەنفالی چوار (دۆڵی زێی بچووک): ٣ی ئایار تا ١٥ی ئایاری ١٩٨٨.
- ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت (شێخ بزێنی و دۆڵی خۆشناوەتی): ١٥ی ئایار تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٨.
- ئەنفالی هەشت (بادینان): دوا قۆناغ بوو کە تێیدا چەکی کیمیایی بەکارهات (٢٥ی ئاب تا ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨).
- ئەنجامە مرۆییەکان:
- ١٨٢ هەزار مرۆڤ بێسەروشوێن بوون.
- ٤٧٣٢ گوند کرا بە ناوچەی "قەدەغەکراو" و تەقێنرانەوە.
- ژێرخانی ئابووری و کشتوکاڵی کوردستان بە تەواوی وێران کرا.

٦. وێرانکردنی شاری سەیدسادق

سەیدسادق نموونەی ئەو شارانەیە کە ڕژێم نەک هەر خەڵکەکەی کوشت، بەڵکو هەوڵی دا شوێنەواری ژیان لەسەر زەوی بسڕێتەوە. لە ساڵی ١٩٨٨دا، سوپای عێراق بە بلدۆزەر و تەقەمەنی تەواوی خانووەکان و دامەزراوەکانی شارەکەی رووخاند.

خەڵکەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی وەک "باریکە" ڕاگوێزران. ئەمە جۆرێکە لە "جینۆسایدی ژینگەیی و شارستانی" کە ئامانج لێی بێ ئومێدکردنی کورد بوو لە گەڕانەوە بۆ سەر خاکی خۆی.

٧. دادگای باڵای تاوانەکان و بڕیارە مێژووییەکان

دوای ساڵی ٢٠٠٣، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق (IHT) پێکهێنرا. ئەم دادگایە لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتی کاری دەکرد.

بڕیارەکان:

- دۆسیەی ئەنفال (٢٠٠٧): دادگا بڕیاری دا کە ئەنفال "جینۆساید" بووە. عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی) و چەندین گەورە ئەفسەری تر سزای سێدارەیان بۆ دەرچوو.
- کوردانی فەیلی (٢٠١٠): دادگا بە فەرمی ڕایگەیاند کە ئەوەی دەرهەق بە فەیلییەکان کراوە جینۆسایدە و دەبێت قەرەبوو بکرێنەوە.
- بارزانییەکان (٢٠١١): دادگا ڕایگەیاند کە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان هەموو مەرجەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدایە.
- شیکردنەوەی کۆتایی: بۆچی کورد جینۆساید کرا؟

ڕژێمی بەعس لە چوارچێوەی "دۆکتۆرینی ئەمنی" خۆیدا وای دەبینی کە بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن خاک، هەڕەشەیە بۆ سەر "یەکێتی عەرەب". بۆیە پەنای بۆ جینۆساید برد تا:

دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕێت (عەرەباندن).

ترس و تۆقاندن بڵاو بکاتەوە تا کورد داوای مافی خۆی نەکات.

بنیاتێکی کۆمەڵایەتی نوێ دروست بکات کە تێیدا ناسنامەی کوردی بوونی نەمێنێت.

سەرچاوە فەرمی و ئەکادیمییەکان:

بە زمانی کوردی:

عەزیز، د. فایەق (٢٠١٥)، جینۆسایدی کورد لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا، چاپخانەی ڕوژهەڵات، هەولێر.

حەکیم، د. مەحمود (٢٠١٢)، ئەنفال و یاسای نێودەوڵەتی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.

گۆڤاری تەوار، ژمارە تایبەتەکان لەسەر جینۆسایدی فەیلییەکان و هەڵەبجە.

بە زمانی عەرەبی:

٤. محكمة الجنايات العراقية العليا، مدونات الأحكام الخاصة بقضية الأنفال وحلبجة، ٢٠٠٧-٢٠١٠.

٥. كمال، محمد (٢٠٠٩)، الإبادة الجماعية في القانون الدولي: دراسة حالة الكورد في العراق، دار الفكر، بيروت.

بە زمانی ئینگلیزی:

٦. Middle East Watch, Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds, Human Rights Watch, New York, ١٩٩٣.

٧. Power, Samantha, “A Problem from Hell”: America and the Age of Genocide, Basic Books, ٢٠٠٢. (Contains a significant section on the chemical attack on Halabja).

٨. Hiltermann, Joost, A Poisonous Affair: America, Iraq, and the Gassing of Halabja, Cambridge University Press, ٢٠٠٧.

٩. UN Convention (١٩٤٨), Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide.

جینوسایدی ئه نفال شایه تییه کی زاره کی له نوگره سه لمان

# مام نوری شایه تییه کی زیندوو له نوگره سه لمان و سه فه ری مه رگ

عه داله ت عومه ر
نوسه ر و لیکونه ری بواری جینوساید

## پیشەکی تو مار کردنی دەنگی قوربانیان و بەرپرسیاریی میژوویی

لەدوای رووخانی رژیمی بەعسی عیراق وەک بەشیک لەهەولەنیشتمانی و نیودەولەتییەکان بو دو کیو مینتکردن و تو مار کردنی تاوانەکانی دژی گەلی کورد پروژەیەکی هاوبەش لەنیوان سەنتەری ئەنفال و وەزارەتی مافی مروف لەکابینەی چوارەمی حکومەتی هەریمی کوردستان پیک هات مەبەست لەم هەولەدا تەنها تو مار کردنی رووداوەکان نەبوو بەلکو گەیاندنی دەنگی قوربانیان و گواستنەوەی ئەو تازارەمروییەبوو بو ناوەندەبریارەنیودەولەتییەکان

لەمانگی کانوونی یەکەمی سالی ۲۰۰۳ بەهاوئاهەنگی لەگەل کاک دیندار زیباری نوینەری حکومەتی هەریم لەسویسرا، دیداریکی فەرمی لەشاری عەممانی ولاتی ئوردن لەگەل ئەندریاس ما فروماتیس، بریاردەری تایبەتی کومسیونی مافی مروفی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجامدرا لەم دیدارەدا پینج کەس لەهەریمی کوردستان بەشدار بوون کەمنیش وەک نوینەری سەنتەری ئەنفال تیدا بەشدار بووم بەلگەنامەوینەی گورەبەکومەلەکان و شایەتیی کەسوکاری قوربانیانی جینوسایدی فەیلییەکان بارزانییەکان و جینوسایدی ئەنفال کەوەرگیرانی ئینگلیزی کرا بوون بەکاخەز و بەسیدی فلوبی خرانەبەردەستی بریادەری مافی مروف و ستافەکەی.

لەماوەی ئەو کوبوونەوەیەدا کومەلیک بەلگەو دوکیومینتی وەرگیر در او بەزمانی ئینگلیزی لەگەل سکالا و گواستنەوەی دەنگی کەسوکاری قوربانیانی جینوسایدی فەیلییەکان بارزانییەکان ئەنفال و کیمیاباران خرایەبەردەستیان و تنەکانی گورەبەکومەلەکان و بەلگەنامەکانی بەعس بەشیوەیەکی ورد

پیشان دران.

ئەم بەنگانەبەتایبەتی وتنەو دوکیو مینتەکان کاریگەرییەکی قوولیان هەبوو تا ئەو رادەیەی کەبریاردەری نیودەولەتی بەسەرسورمان و هەستیاریکی زورەوەهەستی خوی دەربری لەم دیدارەدا، پرسیار و رەخنەیەکی روونیش ناراستەکرا سەبارەت بەرا پورتی سالی ٢٠٠١ کەتیپدا بانگەشەی نەوەکرابوو کەهیچ پیشیلکارییەکی مافی مروف لەعیراق بەدی ناکرنت بانگەشەیەک کەبەینی نەو بەلگانەبەتەواوی در بەراستی بوو.

لەکوتایی کوبوونەوەکەدا داواکرا بو پشتر استکردنەوەی زیاتر چەند شایەتییەکی راستەوخو (شایەتحال) بنیر دریت لەدوای گەرانەوەنامادەکاریی پیویست کرا و چەند شایەتییەکی سەرەکی نیردران کەیەکیک لەگرنگترین و کاریگەرترینیان مام نوری بوو.

مام نوری وەک یەکیک لەئەوانەی لەسەفەری مەرگ و قەلای نوگرەسلمان رزگاری بوو شایەتییەکی زیندوو و بەهیزی ئەو تاوانەبوو کەلەدژی گەلی کورد ئەنجامدراون بەسەرهاتی ئەم پیاوەتەنها گیرانەوەیەکی تاکەکەسی نەبوو بەلکو بەلگەیەکی مرویی و میژووییەبو سەلماندنی جینوساید.

ئەمەی خوارەوەگیرانەوەی بەسەرهاتی مام نورییەوەک ئەوەی لەبەردەم بریاردەری کومسیونی مافی مروفی نەتەوەیەکگرتووەکان شایەتیی پیدا کەلەروژانی ٤-٦ ی نازاری



٢٠٠٤ لەشاری عەممان پایتەختی ولاتی نوردن ئەنجامدرا ئەم دیدارەلەدوای رووخانی حکومەتی بەعسی گور بەگور وەک یەکەم دیداری کەسوکاری قوربانیانی جینوساید لەگەل دەزگایەکی نیودەولەتی لەنەتەوەیەکگرتووەکان بوو، لەو دیدارەمام نوری چیروکی خوی و میللەتەکەی گیرایەوەشایەتی هەرسی شایەتحال لە١٦ی نیسانی سالی ٢٠٠٤ لەکوبوونەوەی ژمارە٦٠ ی کومسیونی مافی مروفی نەتەوەیەکگرتووەکان (خالی) (٩) تاماژەبەدیدارەکەو تاوانەکانی ئەنفال و هەلەبجەو گورەبەکومەلەکان دراوەکەبەسەر میلەتی کورد هاتووە

ئەوەی خوارەوەبەسەرهاتی مام نورییەکەلەدیدارەکەباسی کردەبوو و هەروەها لەروژی تومار کردنی سکالا لە٧/٥/٢٠٠٥ لەدژی حکومەتی بەعس و سەدام و دارودەستەکەی لەهوتیل خانزادی هەولیر لەبەردەم لیژنەی یاسایی و کاتب عدل و دادوەرەکانی عیراقی و ئەمریکی تو ماری کرد کەوەک نوینەری سەنتەری ئەنفال لەوی نامادەبووم و بەسەرهاتەکەم تو مار کرد.

## ناسنامەی شایەد مام نوری و تەنهایی دوای جینوساید

مام نوری نوری عبد الرحمن محمد ، لەسالی ١٩٤٢ لەگوندی جەلەموردی ناحیەی ناغجلەلەر قەزای چەمچەمال لەدایک بوو ژیانی ئەم پیاوەوەک هەزاران کەسی تری کورد لەسالی ١٩٨٨ دا لەریگەی جینوسایدی ئەنفالەوەگوردرا

لەو سالەداخوی و خیزانەکەی دەستگیر کران دوو کچ و کورەکەی لەگەل ژن و مندالەکانی هەموویان بەر شالاوی ئەنفال کەوتن کەدواتر تەنها خوی و هاوسەری لەسەفەری مەرگی قەلای نوگرەسەلمان رزگاریان بوو بەلام پاش ماویەکی کورت خیزانی کوچی دوایی دەکات

مام نوری لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولیر کاریدەکرد و هەر لەو نیش دەژیا هینديک جاریش سەردانی خزم و کەسوکاری لەهەولیر بنەسلاوەو چەمچەمال دەکرد و ئیمەش بەردەوام سەردانمان دەکرد. بەردەوام وینەی خیزانەکەی لەناو گیرفانی لەسەر سینگی خوی هەلدەگرت وەک پەیوەندییەکی هەمیشەیی و خەمیکی لەبن نەهاتوو.

گیرانەوەی بەسەرهات لەشیوی با بەرووشەبو دوزخی نوگرەسەلمان خەلکی گوندەکەی ئیمەو گوندەکانی دەوروبەر کەبەسەدان کەس دەبووین لە١٨ ی رەمەزانی سالی ١٩٨٨ ،

لەنیوان گوندی چو قلیجەو جەلەمورد لەشوتنیک بەناوی شیوی" با بەرووشەخومان شارد بووەوەبەیانی کەلەخەو هەستاین سەیرمان کرد دەورمان گیراوەناگریان لەدێ کان بەردابوو و دو کەلیکی رەش ئاسمانی داگرتبوو.

نیمەیان دایەبەر گولەو زوریان تەقەلی کردین سەرەرای ئەوەی بریارماندا خومان تەسلیم بکەین، دوو کەسیان شەهید کرد بەناوی ئەحمەد یاسین و رەشید قادر محمد کەهەردووکیان خەلکی گوندەکەی نیمەبوون هەرا و بەزمیك بوو مەگەر خوا بزانیت پاشان هەمووومان دەست بەسەر کراین یەکەم جار نیمەیان بردەوەبو گوندەکەی خومان بەلام دی کەمان و هەموو گوندەکانی تر سووتابوون. دو کەلیکی رەش بەری ئاسمانی گرتبوو دواتر زیلیان هینا، سواریان کردین و بردمانیان بو تەق تەق لەوی نزیکەی سەعات و نیوتک رایان گرتین، پاشان دیسان سواری زیل کراین و بردیانین بو سەربازگەی تو بزاوا هەوا تاریک ببوو کەگەیشتین.

تو پزاوا دابەشکردنی مروف بەپنی تەمەن و رەگەز لەسەربازگەی توپزاوا مروفایەتی بەشیوەیەکی سیستماتیک تیکشکینرا

مام نوری دەلیت کەگەیشتینەتوپزاوا هەموومان برسی و تینوو بووین گریانی مندالان دەگەیشتەئاسمان لەسەعات ٨ی شەوەوەتا ١٢ ی شەو دەرگای سەیارەیان لی نەکردینەوەکاتیک ١٢ ی شەو بوو، نەمن و ئەندامانی ئیستخبارات بەچەک و سوندەدەوری سەیارەکان گرت".

چەند کورسیان دانا بو تو مار کردن یەکەم جار سەروکی خیزان بانگ دەکرا پاشان هەموو خیزانەکەیان بانگ دەکرد و ناویان دەخویندەوەو دەبوو هەموویان بچنەبەردەستیان هەر وجبەی نیمەنزیکەی ٥٠٠ کەس بووین کەهەموومان خەلکی یەک گوند بووین تو بزاوا جەمەی دەهات، خەلکی ترتیش لێ بوو.

دواتر هەموو خەلکیان کرد بەسی بەش

. پیرەمیرد و پیرەژنەکان لەگەل ژن و مندالی بجووک

نافرەتی گەنج

کوری گەنج

ئەو شەو لەتوبزاوا ماینەوەبەیانی زوو ١٢ سەیارەیان هینا نیمەتەنها بەسالا چووەکان بووین، ناگامان لەمندال و گەنجەکان


الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
قسم الاحصاء الصحي والحياتي

شـــهادة وفـــاة

رقم الشهادة: 075540 ط/١
تاريخ التنظيم: / / ١٩٠٠

١ ـ اسم المتوفي ولقبه: ...... ٢ ـ الجنس: ...... ٣ ـ الجنسية: عراقية ٤ ـ الدين: مسلم ٥ ـ المهنة: ......
٦ ـ الحالة الزوجية: اعزب .... متزوج .... أرمل ...... مطلق .... ٧ ـ تاريخ الولادة ٨ ـ محل الولادة: قضاء ...... محافظة ......
٩ ـ اقامته الدائمة: رقم الدار ...... زقاق .... المحلة او القرية ...... ناحية ...... قضاء ...... محافظة السليمانية
١٠ ـ محل الوفاة: المحلة او القرية ........ الناحية ...... قضاء ...... محافظة ......
١١ ـ تاريخ الوفاة (كتابة): الساعة ........ يوم ...... شهر ...... سنة ١٩٨٨
١٢ ـ اسم والد المتوفي ...... ١٣ ـ اسم والدة المتوفي ......
١٤ ـ اسم المبلّغ عن الوفاة: ...... ١٥ ـ صلته بالمتوفي: ...... ١٦ ـ عنوان المبلّغ الكامل: ......
١٧ ـ شهادة الوفاة الطبية
(١) المرض او الحالة التي ادت للوفاة مباشرة (آ) ...... (تسبب عن او نتيجة لما يليه)
